# خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

## خوێندنەوەیەکی تازەی

# هەڵبەستی کوردی

خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی قوتابخانەی بابان، لە نموونەی
مستەفا بەگی کوردی، تاهیر بەگ، حەریق، سافی، ئەدەب، بێخود،
حاجی قادری کۆیی، ڕەنجووری، مەولەوی

عەبدولڕەزاق بیمار



کتێب: خوێندنەوەیەکی تازەی – هەڵبەستی کوردی
"خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی قوتابخانەی بابان، لە نموونەی
مستەفا بەگی کوردی، تاهیر بەگ، حەریق، سافی، ئەدەب، بێخود،
حاجی قادری کۆیی، ڕەنجووری، مەولەوی"
نووسینی: عەبدولڕەزاق بیمار
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٨٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیتلێدان: کارزان ئاوڕەحمان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٦١)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# سەرەتا

ئەم کتێبە کە ناوی خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردییە دیارە لە توانادا نییە هەموو هەڵبەستی کوردی بگرێتەوە، بەڵکو لە بازنەی هەڵبەستی سەدەی نۆزدەمینی ناودار بەقوتابخانەی بابان دەرنەچووە، لەو بازنەشدا تەنیا هەندێک نموونەی گەشی لە دیوانی شاعیران پێشکەش کردووە.

خوێندنەوەکەش بەدەوری ئەم تەوەرەیەدا دەخولێتەوە:

- دیاریکردنی شێوازی کوردانە لە نێوان شێوازی ئاڵۆزی هەڵبەستی یەکانە پاشبەند و کێش عەرووزیی ژێر باڵی کاریگەریی هەڵبەستی بیانیدا.

- لێکۆڵینەوەی هەندێک نموونە لە گۆشە نیگای دەروونناسی و هەندێکیش لە ڕووی (تصوف)ەوە.

- دەست نیشانکردنی نموونەی هونەرکردی هەڵبەستی کوردی و نیشانەکانی داهێنان و وردەکاری تێیاندا.

ئەگەرچی ئەم چەند وتارو لێکۆڵینەوانە هەمووی لە یەک کاتدا و بەسەریەکەوە نەنووسراون، بەڵام لە تواناداا بوو لە کۆڕێکدا کۆبکرێنەوە و ئامانجی کتێبەکە بپێکن... جگە لەوە کە کۆکردنەوەیان لێرەدا دەبێتە ئاسانکاری بۆ لێکۆڵەرەوە و کارکردووانی مەیدانی مێژووی ئەدەب و ڕەخنە. چونکە- داخەکەم- لەبەر گەلێک هۆ نووسەران دەستیان ناگاتە وتارو لێکۆڵینەوەکانی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤاران، ئەمانەش لەوانەیە زۆر نیشانەی گرنگی ڕەخنەیی و ئەدەبییان تێدا بێت کە نابێ نووسەران لێیان بێ ئاگابن، هەندێکیشیان وەکو بەڵگەنامەی ئەدەبی



بیروڕا و زانیاریی تایبەتییان تێدا تۆمارکراوە و بایەخی خۆیان هەیە.

لێرەدا لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی هەڵبەستی حاجی قادری کۆیی دەچێتە ئەم خانەیەوە... لەبەر ئەوە ئەم بەهرەدارە با لە چوارچێوەی شێوازی کۆنیشدا بێت، بەڵام نموونە گەلی داهێنەرانەی وای پێشکەش کردووە کە شایانی باس و جیاکردنەوەن، دەستنیشان کردنیشیان لە ساڵی ١٩٨٣ەوە مایەی وەبیر هێنانەوە و ئاگادارییە.

بەغدا - ٢٠٠٥

# هەڵبەستی کوردانە
# لە کەلەپووری سەدەی نۆزدەمیندا

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و چاپەمەنی... لە هەندێک ڕۆژنامەی وەکو هەتاوی کورد (ئەستەمبۆل- ١٩١٣). پاشان کە دیوانی مەحوی (١٩٢٢) و دیوانگەلی کوردی، نالی و سالم (لە لایەن کوردی و مەریوانی)یەوە لە ساڵانی ١٩٣١ بەولاوە و دیوانی ئەدەب (لە ١٩٣٦) و چەندانی دی بڵاوبوونەوە نموونەی هەڵبەستی سەدەی نۆزدەمین کەوتە بەردەستی خوێندەواران.

بەڵام ئایا ئەم بەرهەمانە چۆن پێشوازییان لێ کراوە و کاریگەرییان لە ئەدەب و لە چەژگەی خوێنەران و شیعر دۆستاندا چی بووە و تا چەند بووە؟... بۆ وەڵامدانەوە دەبێ ئەو چەند دەیان ساڵەی بەرایی سەدەی بیستەم لە لایەن پەرەسەندن و گەشەکردنی زمان و ڕۆشنبیریی کوردییەوە بێنینە بەرچاو.

خوێنەرانی کورد- دەتوانین بڵێین دوو جۆر بوون: یەکەمیان قوتابییانی مزگەوتان و شارەزایانی ئەدەبی فارسی و ڕاهاتوو لە ئەدەبێکی پڕ لە وشەی بیانی (عەرەبی و فارسی) و زاراوەگەلی سۆفییانەو زانستەکانی ئایین و زانیارییەکانی میراتی دنیای کۆن و هاوچەشنی شێوازی هەڵبەستی فارسی... هەروەها ڕاهاتووی خەتی شکستەو ڕێنووسی ئاڵۆزی (بەیاز)ەکان.

ئەمانە بەدڵنیاییەوە- لام وایە- چێژی خۆشیان لە هەڵبەستی کوردیی پێشوومان وەردەگرت.

دووەمیان: خوێندەوارانی تازە و دەرچوانی قوتابخانەکانی دەوڵەت و



خوێنەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ساڵانی بیست و سییەکان. لە کاتێکدا هەوڵێکی بەردەوام لە گۆڕێدا بوو بۆ کوردیی نووسینی پەتی و خۆلادان لە وشەو گوزارشتی قالبڕێژی زمانانی بیانی. ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر هەستیان بە لایەنە جوانەکانی ئەو بەرهەمانە نەدەکرد و لە ڕێی چێژ وەرگرتن لە چەند بەرهەمێک تووشی تەگەرەو کۆسپی وا دەبوون کە بێ تاقەتی دەکردن و ڕووی پێ وەردەگێڕان.

جوورێکیش کە بۆرە خوێندەوارییەکیان هەبوو، یان نەخوێندەوار و شیعر دۆست بوون ئەوانیش حەزیان ەبم ئەدەبە نەدەکرد، بەتەواوی تێی نەدەگەیشتن و دیمەنە جوانەکانیان بۆ جیا نەدەکراوە.

ئێمە منداڵ بووین گوێمان لە گۆرانیبێژان دەبوو دەیانخوێند: (لە مەیدانی مەلاحەتدا سوارێک هات بە چالاکی)... دەمانپرسی داخوا ئەو مەلا حەددایە یان ئەو مەلا حەدادە دەبێ چ پاڵەوان و سوار چاکێک بێت؟!

لەگەڵ دەرکەوتنی گۆڤار و ڕۆژنامە و پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی و ئاسانکردنی زمانی خوێندنی ئەدەب و ڕۆشنبیری شاعیرانی ئەو سەردەمە ئەوانیش کەوتنە خۆ بۆ نووسینی بەرهەمێک با لە قالبی کۆنیشدا بێت بەڵام با ناوەڕۆک و وشە و زاراوەی تازەبێت. زۆر کەمیان هەر لەسەر ڕێچکەی کۆن مانەوە، ئەگەر نا ئەوانی دی خۆ نوێکردنەوەیان بەپێویست زانی وەکو حەمدی، بێخود و زێوەر و نوری و کەمالی و هی دی.

لێرەدا بۆ کوردی پەتی نووسین و گەشەکردنی زمان ڕەنجی چاپەمەنی وەکو (پێشکەوتن) و (ژیانەوە) و (ژین) و (زاری کرمانجی) مایەی شادییە. ئەم ڕەنج و کۆششە بەردەوام بوو تا گۆڤاری (گەلاوێژ) و (دەنگی گێتی تازە) کە بەتەواوی ئەم ئەرکەیان وە ئەستۆ گرت. شاعیرانیش وەکو گوترا- کەم و زۆر- هاتنەوە سەر کوردانە نووسین. لەم ماوەیەدا کۆششی لاسایی ئەدەبی عوسمانی وەکو دەستەی شاعیرانی (فەجری ئاتی)ی تورک

که گوایا بەناوی نوێخوازییەوە دەکرا بەجارێ وشە و گوزارشت و ڕستەی قەبەو ناقۆڵای عەرەبی و فارسی بەکار دەهات، دەبێ وەدەر نێین! چونکە لە لایەنی زمانەوە بەئاوڕێکی پاشەوە کشان دادەنرێت، لە بەرامبەر ئەمەدا کۆششی پیرەمێرد بۆ ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور و زمانی کوردی پەتی لە بەرهەمەکانیدا شایانی تێبینییە ئەوجا جۆرە دابڕانێک لە نێوان کەلەپووری سەدەی نۆزدەمین و خوێنەر و گۆیگرانی تازەی ساڵانی دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم (بەڵکو دەتوانین بڵێین ساڵانی نێوان دوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی دەبینین... ئەوان بەدوای شیعری کوردانە– لە داڕشتن و لە زمان و لە خەیاڵدا– دەگەڕان... بۆیە گۆرانیبێژان ئەو شیعرانەیان بۆ مەقام هەڵدەبژارد و کە تا ڕادەیەک لە ڕەق و تەقی زبریی جەستەو لە وشە و زاراوەی گران بەدوور بوون... زیاتر شیعری وەفایی، حەریق، تایەر بەگ، مستەفا بەگی کوردی و صافی و چەند شاعیرێکی دی لە باوبوون... کە تا ڕادەیەک لە دانانی هەڵبەستی کوردانە نزیک بوون، ئەم حاڵە وا مایەوە و دابڕان لە کەلەپوور بەردەوام بوو، تا ساڵانی حەفتاکان کە بەکۆششی مامۆستایانی مودەڕیس و مەسعوود محەمەد دوای شەرحی دیوانی (نالی) و هەندێ شاعیران کەم کەمە ئەم دابڕانە لە نێواندا کەم بووەوە.

ئەگەر سەرنجێکی ڕەخنەگرانە بدەینە هەڵبەستی سەدەی نۆزدەمین و بەشوێن هەڵبەستی کوردانەدا بچین، هەست دەکەین هەڵبەستەکان دوو جۆریان تێدا بەدی دەکرێت، جۆرێکیان خۆ بەدوور گرتنە لە چەژگەی کوردەواری و ناوەڕۆکی ئەدەبی کوردەواریی وەکو بەیت و لاوک و حەیران و هەڵبەست، هەروەها خنکاندنی دەقە لە وشە و ڕستەی خوازراوە لە هەڵبەستی بیانی. لەبەرئەوە تەونی هەڵبەستەکە پڕە لە وشە و زاراوەی زۆری عەرەبی و فارسی زۆرجار شاعیر بۆ پێشاندانی دەست ڕۆیشتوویی خۆی لە کۆڕی ڕەوانبێژیی زمانی عەرەبیدا هاتووە زمانی شیعرەکەی بیرو خەیاڵی هەڵقوڵاوی هەستی شاعیرانەی بەژینگەی کوردەواری ڕەنگدار



هێناوە لە قالبی ڕەق و ناقۆڵای عەرەبیدا ترنجاندووە، تەنانەت هەندێک جار نیوەدێڕێک یان چەند دێڕێکی یەکسەر بەعەرەبی داڕشتووە، هەر بەم شێوەیەش شیعری فارسی... جا جگە لە زاراوەگەلی باو ناوی شوێن و ناوی کەسانی ناو چیرۆک و ئەفسانەی فارسی و ئایینی عەرەبی بەبێ سڵکردن، بەڵکو بەزۆری زۆردارەکی جەستەی هەڵبەستی کوردییان پێ داپۆشیوەو لە ئەنجامدا بەزەحمەت ئەدگار و شێوەی کوردانەی هەڵبەستە کوردییەکە دێتە بەرچاو... ئەمانەش وەکو ناوی شوێن: (مغیلان، بەدەخشان، خەتاو خوتەن و سەحرای چین، فەرخار، نەخشەب، خوللەر، کەشمەر،...) یان ناوی کەسانی ئەفسانەی ئێرانی و ئایینی: (ئەشکەبوس، تەهەمتەن، فەیلەقووس، هارووت و มارووت، بەهمەن، مەحموود و ئەیاز، لۆشا، ئاصەف و مەسیح...) ناوی چەک و سیفەتی ئەندامانی لەش: (سەهمی نیگاه، پەیکانی موژە، قەوسی ئەبرۆ، چاهی غەبغەب، سێوی ذەقەن، نیشی زەنبور،عەقرەب و ماری زولف، مەجمەر و تیرەفگەن...) و هی دی...

لەم کۆڕەشدا کێش و مۆسیقای عەرووز، پاشبەند ڕیزکردن دەورێکی کاریگەریان لە قورسکردنی تای تەرازووی نامۆکردنی هەڵبەستی کوردی گێڕوە. هەروەها خوودانە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕوون و ڕەوانبێژیی عەرەبی بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بەڕوخسارەوە هەیە. لەبەرئەوە هەڵبەست بوو بەموڵکی چینی تایبەتی خوێندەواران و لە هەست و سۆز و ڕادەی تێگەیشتنی ڕۆڵەکانی گەل دوورکەوتەوە.

جۆری دووەم ئەو هەڵبەستانەن (یان ئەو چەند دێڕانەن لە هەڵبەستاندا) کە تا ڕادەیەکی باش لە چەژگەو هەستی کوردەوارییەوە نزیکن، ئەگەرچی هەر لە قالبی عەرووزیشدا بن، بەڵام لە وشە و ڕستەو داڕشتنی ماناو گوزارەدا، زمانەکەیان پڕ گرێ و نامۆ نییە و بەهرەی هەڵقوڵانی هەستوسۆزی بەکوڵ و دەرخستنی جۆشی دڵیان پێوە دیارە.

بەنموونە زمانی مستەفا بەگی کوردی زمانێکە وەکو ئاوی ڕەوان، پڕە لە

نیشـانەی پڕشنگداری شیـرینی و توانسـتی دەربڕین و خەیاڵی خۆماڵی و ڕاز و نیازی کۆمەڵی کوردەواری... بۆیە هەڵبەستەکانی یەکسەر لە دەرکەی دڵی خوێنەر و گوێگر دەدەن.

جا لەم ڕووەوە وا چاکە مستەفا بەگ بەخاوەن قوتابخانەی هەڵبەستی کوردانە دابنێین. هەر بۆیە (حاجی قادری کۆیی) بەو شێوەیە وەسفی کردووە و ڕوونی کردوەتەوە کە (بەلاغەت) دەبێ (بەلاغەتی کوردانە) بێت... بەلاغەت: ڕەوانی و شیرینی زمانی کوردییەکەیە نەک ڕیزکردنی وشەی قاموسیی زمانانی بێگانەو دروستکردنی(مەتەڵ) و ئاڵۆزکردنی واتاکەی.

هەر بۆیە حاجی قادری کۆیی لەناو هەموو شاعیرانی کورددا مستەفا بەگی بەشاسواری ڕەوانبێژیی کوردان و یەکەمین ئەسپی پێشڕەوی فەصاحەتی بابان داناوە و پێشی (نالی) خستووە... لای وایە مستەفا بەگ هەڵبەستی خۆی کردووەتە جلوبەرگی ئاوریشمینی کچی جوانی کوردی- بەو پێیە (غەزەل) جۆرە قوماشێکە، بەواتایەکی تر غەزەل هەڵبەستی دلدارییە.- یان کردوویەتی بە (بەربوت) کە ئامرازێکی مۆسیقایە تاکو ئاوازی مۆسیقای کوردانە لێ بدات.

بە واتایەکی تریش (بەربوت) واتا بەر کچی جوان کە بەفارسی بوت مانا دلبەری جوانە، حاجی دەڵێ:

شەهسواری بەلاغەتی کوردان
یەککە تازی فەصاحەتی بابان
مصطەفایە تەخەللوصی (کوردی)
غەزەلی کردە بەربوتی کوردی
ئەو کە نۆشی شەرابێکی تاڵی
(نالی) لەم عەصرەدا بووە تاڵی

جا ئەگەر بۆ پیشاندانی شێوازی هەڵبەستی نامۆ پێویستی بەنموونە



هێنانەوە بکات ئەوا ئەو چەند دێڕە دەکەینە نموونە... ئەگەرچی بەهیوام بتوانین ئەم شێوازە لە شیعری چەند شاعیرێکی قوتابخانەی کوردانەی وەکو: حەریق، تایەر بەگ، صافی، کوردی، شێخ ڕەزا و حاجی قادر و هی تردا بەدرێژی پیشان بدەین... بەراوردێکیش لە نێوان ئەم جۆرە شێوازە و شێوازی هەڵبەستی زار زمانی گۆران بکەم... بۆ نموونەش (ڕەنجووری) هەڵبژێرم.

لە کاتێکدا (کوردی) بەڕوون و ڕەوانی دەڵێ:

شەهیدی عەشقم و مەمشۆن و کفنم بۆ مەکەن، یاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم

سالمی صاحبقران لەسەر شێوەی ئەو، هەمان بیری هۆنیوەتەوە و گوتوویەتی:

کفن پیراهەنم بێت، مەشۆن زەخمم، وەصییەت بێ
بەخوێن ئالوودە ئازادن لە مەحشەردا شەهیدانت

خۆ ئەگەر نموونەی لەم جۆرە باس بکەین ئەوا لە دیوانی (نالی) و (سالم) و (ئەدەب)دا هەڵبەستی ئاڵۆز و گرێ چن و پڕ لە وشەی بیانی زۆر دەبینین. (ئەدەب) دەڵێ:

گەر مەطلەعە بۆ ماهی موقەننەع چییە نەخشەب
ماهی مەطلوعی لە چەهی غەبغەبە هەر شەب
گولزاری جەماله موتەشەککیل بەدوو سونبل
یا بەدری درەخشندە لە مابەینی دوو عەقرەب

خۆ (نالی) گەورە لەبەر خاتری (پاشبەند) بەتایبەتی لە پیتەکانی دەنگی (ط) و (ح) و (ق) و (ث)دا چۆن چەکوشکارییەکی لە لەشی ڕەق و تەقی هەندێک دێڕی هەڵبەست کردووە!

***

دەربارەی هەڵبەستی کێشی عەرووزی و یەکانە پاشبەند لە زمانی کوردیدا ڕای جۆراوجۆر هەیە، ڕایەک لای وایە داهێنانی ئەم ڕێگایە شۆڕشێک بوو بەرپاکرا[١]، هەڵبەستی لە ئاستی فۆلکلۆری و میللییەوە بۆ ئاستی خوێندەواران و زانایان بەرزکردەوە... لایان وایە وتەی هەڵبژاردە داندراو قسەی سەر زاری خەڵک کە هەراوو بڵاوبوو بوو بە وشەی چڕوپڕ و تەرازوو بۆ کراو... هەروەها هونەرەکانی ڕەوانبێژی هاتنە ناو تەونی هەڵبەستی کوردی کە هەر هونەرەی زادەی شارەزایی و پسپۆڕیی تەواوی شاعیرە فارسی و عەرەبی زانەکانە... وە لەم بوارەدا بەرهەمێکی زۆری شاعیران تۆمارکراو بووە دەسمایەکی باشی ئەدەبی کوردمان بەپێچەوانەی بەرهەمی شێوازە کوردانەکە، کەوا یان نەنووسرانەوە یان ئەو بەشە کەمەش کە نووسرایەوە پشت گوێ دەخرا و بەچاوی ڕێزەوە سەیر نەدەکرا.

ڕایەکی تر ئەوەیە دەڵێ هەڵبەست لە ڕۆشنبیریی میللییەوە گوێزرایەوە بۆ مزگەوت و خانەقا و تەکیە. بابەتەکانی جارانی لە دەست چوو، کەوتە لاسایی کردنەوەی هەڵبەستی فارسیی بابەت غەزەل و شێوە (تصوف)... بەرە بەرە لە بەخۆوە گرتنی بابەتە میللییەکان دوورکەوتەوە و مەودای دەربڕینی تەسک بووەوە. لە لایەن زمانیشەوە بەرەبەرە وشەی بیانی لێشاوی هات و گوزارشت و وەسف و وێنەی ئامادە هاتنە بەکارهاتن... جگە لەوە مۆدەی فارسی نووسینیش داکەوت و بۆ شانازی کردن بەتوانای خۆیانەوە شاعیران کەوتنە جموجووڵ، زۆربەیان بەقەدەر کوردییەکە هەڵبەستی فارسییان هەیە!

لە پای ئەمەدا کۆمەڵێ وشەو گوزارشتی ڕەسەنی زمانیمان لە دەست چوو، هەر بۆ بەڵگە با سەیری هەڵبەستەکانی (بەردەشانی) و مەقام و گۆرانییەکان بکەین دەبینین فەرهەنگی زمانی کوردییان زۆر فراوان و

(١) بڕوانە مەسعود (محەمەد) چەپکێک لە گوڵزاری نالی- ل ٩١.



ڕەنگاوڕەنگە. لە لایەکی تریشەوە ئەدەبەکەمان لە بابەتەکانی چیرۆکی هۆنراوە و بەیت و داستان بێ بەش بوو... دیارە هەڵبەستێکی یەکانە پاشبەند و کێش درێژ و قالبە ڕەقەکان ناتوانن ئەم مرازانە، تەنانەت بابەتەکانی ئایینیش بگرنە چوارچێوەی خۆیان... بۆیە بۆ خاتری عەوام و وەکو ئاوڕدانەوەیەک لە کەلەپووری کوردەواری لە بابەتی خوداناسی و قیامەت و بەهەشت ڕێبازی سۆفییانە و ڕووداوەکانی ئیسلامی... دوور لە هەڵبەستی عەرووزی بەناچاری کۆمەڵێک هەڵبەستی شێوە میللی پەیدابوو... وەکو مەهدی نامە، بەیتی ئەووەل و ئاخر، میعراجنامە، شێخی سەنعان و بەهنەسا... ئەمانەو بابەتە شیعرییەکانی شاعیرێکی میللی وەکو (عەلی بەردەشانی) خۆیان بەسەر ناوەندی ڕۆشنبیریدا فەرزکرد و لە لایەن ڕەسەنی و نزیکییانەوە لە چەژگەی کوردەواری هەر بە نەمری مانەوە... ئەگەرچی ڕۆشنبیرانی مزگەوت بەترسەوە یان بەبێزەوە دەستیان بۆ نووسینەوەیان بردووە.

لە هەموو ئەدەبی شاعیرانی سەدەی نۆزدەمیندا وەسفێکی شایی و زەماوەند و سەیرانی کوردەواری و بەهار و دەشت و چیا و ڕاو و ژینی ڕۆژانە و باری کۆمەڵایەتی و ژیانی گوندان- مەگەر لەم لاو لەولاو لە توێی چەند دێڕێکی هەڵبەستدا- نابینین... ئەو نموونانەی لای شاعیرێکی وەکو ڕەنجووری، مەولەوی، بێسارانی و فەقێ قادری هەمەوەند دەبینین نموونەیەکی زیندووی ئەدەب و ژیانن.

خۆ عەلی بەردەشانی سەرباری داستانی مێژوویی وەکو بەیتی عەبدولڕەحمان پاشای بابان کۆمەڵێ هەڵبەستی زۆر نایابی کۆمیدی و کۆمەڵایەتی و بەستەی دیلانەی هەیە کە تا ئەمڕۆش ڕەنگیان نەچووەتەوە. لە هەڵبەستێکی داستانانەی ڕاودا چەند تەختە نیگارێکی هونەریی کوردەواریی بۆ نەخشاندووین کە وێنەیان دەگمەنە. لەم هەڵبەستەدا باسی (میر) دەکات لە ڕۆژی ڕاودا:

تەیر و قـــوش و بازان شـــەڕە
(سی)یێ پۆڕ بەش نەڕە نەڕە
(قــڕقــڕ) تەیرێکی بەدفـــەڕە
لە برنجـــارێ تێـــر دەلەوەڕا
تێکەڵ دەبوون سـوار دەگـەڕا.

*

مــیـــر چووە ڕاوێ نەگـــەڕاوە
لە خـــاک و خـــۆڵێ بەم لاوە
هەر لە گـــچکە هەتا ســـاوا
ئاوڕەحـــمـــان پاشـــا ســەر ڕاوە
لە دوورەوە دەیدین (شـــــاوە)[1]

مـەلایەکی زاناو گـەورەی وەکـو (ابن الحـاج) لە سـاڵی **١١٧٦**ک هەر بەشێوازی کوردەواری چیرۆکی پەیدابوونی مەهدی و شەڕی دەجالی بەناوی (مەهدی نامە) داناوە، با گوێ بدەینە ئەو دوو کۆپلەیەی:

دونیـا هەر بەخۆی فـیـتنەیە
ئەو عـــەدووی ئەهلی خـــوەیە
داوی دانـا لـەبـۆ مــــــــەیـە
ئینسـان تەیرە دەیکەوێتێ

*

(١) محەمەد تۆفیق وردی. هیندێ لە هەڵبەست و بەیتەکانی (عەلی بەردەشانی) چاپخانەی نەجەف. ل ١١.
- قوش، باز، سی، قرقڕ، شاوە باڵداری کێوین.
پۆڕ: پرچ، پۆینە. بەش: ناوچەوان سپی. گەڕ: خول، بازنە. برنجار: مەرەزە.



دەیکەویتێ پۆلی ئینســـــان
غـالیب دەبێ نەفس و شـەیتـان
عـــاسی دەبن لەبۆ ڕەحـــمـــان.
فـــیکرێ ناکـەن لە تاعــەتێ.

ئێستا ئێمە نموونەی شیعری کوردەواریمان (مەگەر لە هەڵبەستی گۆرانی و دیلانە و ئەو تاک تاکانەی پەڕیونەتە سەر دەم و زاران بەناوی فۆلکلۆر دەیخوێننەوە و زۆر کەمی دی نەبێ) لا نەماوە. خۆ جۆرە هەڵبەستێکی تر کە ترپەی تایبەتی و لەنگەرداری کێشەکەی هەڵدەسووڕێنێ وەکو بەیت و مەقامە کۆنەکان... کەوا ناچنە ژێر خانەی عەرووز یان کێشی هیجاییەوە و هەیە بە (پەخشانە شیعر) ناوی دەبات... ئەمە هونەرێکی خۆماڵیی حەلاڵی خۆمانەو پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە.

هەرچی کێشی هیجاشە ئەوا شاعیران دەمیان بۆ نەدەبرد، زانایەکی وەکو شێخ مارفی نۆدەیی کاتێک دوو پارچە سروودی ئایینی بە فارسی و بە عەرەبی داناوە دەستنیشانی ئەوەی کردووە کە ئەمانەی لەسەر هەوای کوردی داناوە و بەدەق نووسیویەتی: (علی قافیة من النغمات الكردية)[1] واتا ئێمە لە کێشی خۆماڵی بەهەموو چەشنەکانییەوە بێ بەش بووین.

چاکترین بەڵگەی ناڕەسەنی ئەم (شۆڕشە) ئەوەیە دوای داکەوتنی ڕۆژنامەو چاپەمەنی بەرەبەرە شاعیران دەستبەرداری شێوازەکەی بوون و گەڕانەوە سەروچاوەی ئەدەبی کوردەواری چ لە کێش و مۆسیقادا و چ لە بەکارهێنانی زمان و پوختە و بژارکردنی لە تارمایی زمانانی بێگانەدا، چ لە ناوەڕۆک و بابەتی تازەی سەردەمدا... بیست سی ساڵ دوای شەڕی یەکەمی جیهان تاک و توک نەبێ کەس بەم شێوە و شێوازە هەڵبەستی

(١) کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، بەغدا/ **١٩٩٢** ل ٢٣.

نەهۆنیوەتەوە و بووەتە کەلەپووریکی ئەدەبی و تۆماری ڕۆژانی دێرینمان.

ئێمە لێرەدا کە بەشوێن هەڵبەستی کوردانە لە سەدەی نۆزدەمیندا دەگەڕێین، بێگومان لە تواناداا نییە ئەدەبێکی سەد لە سەدی کوردانە بە ناوەڕۆک و بیر و خەیاڵ و لە قالبی هەڵبەستی عەرووزی و یەکانە پاشبەند بدۆزینەوە بەڵام دەست نیشانکردنی ڕووە گەشەکانی هەڵبەستی ئەم ماوەیە، بایەخدانە بە بەهرەو وردەکاریی شاعیرانی ڕابردوومان لە بواری تەکنیکی هەڵبەستی شێوە عەرووزیدا.

کەوا بووەتە کەلەپووریکی ئەدەبی وەها لە تای تەرازووی بەراوردی ئەدەبی گەلانی دەوروبەرمان دانەلەنگیوە و خەرمانی بیرو ڕەنجی هونەری شاعیرانمانە.

# مستەفا بەگی کوردی

مستەفا بەگی کوردی (١٨١٢- ١٨٥١)[١] بەناوبانگترین شاعیری بابان. لە سەدەی نۆزدەمیندا، لە زۆربەی دەستخەت و بەیازاندا نموونەی هەڵبەستی هەیە و هەڵبەستە پڕ جۆش و بەسۆزەکانی لەسەر زاری خەڵک و گۆیندەکان بوون... نموونەی هەرە بەرز و ئاشکرای ڕەوانبێژیی هەڵبەستی کوردی لە دیوانی ئەودا دەبینین، هەر بۆیە حاجی قادری کۆیی لە ڕیزکردن و هەڵسەنگاندنی شاعیران لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هاتووە مستەفا بەگی بەشاسواری (بەلاغەت) و یەکە ئەسپی مەیدانی (فەصاحەتی) هەڵبەستی کوردی داناوە و گەلێک پێش (نالی)ی خستووە، لای وایە دوای مردنی ئەو (نالی) بووە بەئەسپی دووەمین. لە چەند لایەکەوە شاعیران هەڵبەستی ئەویان کردووە بە پێنج خشتەکی و ئاماژەیان پێ کردووە.

خوێندەوار کە هەڵبەستی (کوردی) دەخوێنێتەوە بەهەموو هەست و هۆشییەوە تێکەڵ سۆز و بیر و هەست و نەستی شاعیر دەبێت و بێ گرێ و قۆرت تێی دەگات و وشەو زاراوەی قورس و قەبەو ڕستەی خوازراوەی بیانی و داڕشتەی زمانانی عەرەبی و فارسی ڕەق و تەق وەرس و بێزاری ناکەن و هەستی ناسکی شیعر دۆستیی گرژ ناکەن. چونکە شاعیر (کوردیی ناو و، کوردیی گیان و کوردیی زمان)ە[٢] بەڵێ بەگیانی کوردانەوە هەست و سۆزی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەی دەربڕیوە، پێویستی بەپاشبەند ڕیزکردن و هەڵچنینی هەڵبەست لەسەر بناغە و بە کەرەستەی ئەدەبی بیانی نەبووە.

ئەگەرچی هەر لە کێشی عەرووزی لای نەداوە و لای لە کێشی خۆماڵی بڕگەیی نەکردوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بۆتەی ئەو کێشانەی کە زیاتر لە هەستی کوردییەوە نزیکن وەکو زێڕی قاڵ هەستوسۆزی دڵدارییەکی بەکوڵ و بەجۆشی تێدا داڕشتوون، لەو داڕشتنەدا هەرچی دڕک و داری نامۆیی و بیانیش هەبێ هەموو نەرم و سەوز دیار دەدەن و لە ڕوونی و ڕەوانی هەڵبەستەکە کەم ناکەنەوە...

نموونەیەک بۆ ئەم قسەیە ئەم هەڵبەستەیە کە بەزنجیرەی نەپساوە تا ٣٠ ئەڵقە وەسفی یار لە شێوەی ناسینی بەئامرازی بەرهەست جەخت لەسەر ناساندنی یارو خۆیەتی وەسفەکەی یار دەکات، بەڕاستی ئەو ئامرازی(کە)یەی ناساندنەو (ی)ی نیشانی کەسی سێیەمی ناسراو ئەو هەموو وەسف کراوە کورت و پوخت و ڕەنگینانە وەکو ترپەی ساز و ئاواز مێشکی خوێنەوار دەخاتە بەر زەبری ڕاکێشانێکی خۆکردی خۆش و ناسکەوە... و هەرچی وشەی ڕەقی بیانیشە لەناو ئەو سوولاوە بەبینە نەرم دەبن و لە خوێندەوار نابن بەگرێ هەر لە مستەفا بەگ دەوەشێتەوە بڵێ:

(١) لە هەندێ سەرچاوەدا نووسراوە کە ساڵی لە دایک بوونی مستەفا بەگ (١٢٢٧)ی هیجرییە کە بەرامبەر بە (١٨١٢)ی ز دەوەستێ، بەڵام لە گۆڤاری (دیاری کوردستان)دا کە سالح زەکی بەگی برازا زای دەری کردووە باس کراوە: «مۆر مصطفی بک کردی فردیک بووە بەحساب أیحد تاریخ تولدی دنوینی، بەم مناسبتەوە مور کردی و موری باپیری لە خوارەوە عرض خوێندەواران (دیاری کردستان) کرا.»

احمدم جدّ و پدر محمود و نامم مصطفي است
عبد معبود بحق و چاکر فخر زمان
شاه ملك نامداران احمد صاحب قران. »

جا بەلێکدانەوەی پیتەکانی دێڕی یەکەم بەحسابی ئەبجەد (١٢٢٨) بەساڵی لەدایک بوون دەردەچێ.

(٢) علاء الدين سجادی- مێژووی ئەدەبی کوردی- ل ٢٩٦.

لەیلەکەی، بێ مەیلەکەی، مەحبووبەکەی، عەییارەکەم
شۆخەکەی، پڕ حەملەکەی، بێ ڕەحمەکەی، غەددارەکەم
زاڵمەی، لە خواترسەی، کافرەی بێ مروەتە
قاتیلەی، عاشق کوژەی، جەللادەکەی خونخوارەکەم
گوڵ بەدەن، سیمین زەقەن، خەت یاسەمەن، فندەق دەهەن
ئەسمەرەی، قەد عەرعەرەی ناز و نەزاکەتدارەکەم.

دابەشکردنی کێشەکە بەسەر چوار لەتدا کە لەتی یەکەمی دێڕەکان سێ بڕگە و سێ لەتەکەی تر چوار بڕگە، جۆرە مۆسیقایەکی تازەی بەکێشەکە داوە کە دەریای (ڕەمەل) قەت ئەم جۆرە هەوایەی بەخۆیەوە نەدیتووە.

هەر لەم بارەیەوە بەکارهێنانی تەفعیلەی (فەعیلاتن) کە دوو بڕگەی کورت و دوو درێژە لە جیاتی (فاعیلاتن) لە سەرەتای ئەم هەڵبەستەدا لەگەڵ پاشبەندێکی سەربار جۆرە بەزمێکی ترپەسازی بەمانا داوە... بەڵگەی سەرسامی و پرسیار و گەڕانە بەدوا هەواڵی ڕاستی... ئایا خۆشەویستەکەی سەفەر دەکات؟

خەبەرێکم بدەنێ ئەهلی خەبەر، حەشرە مەگەر هەر ئەم (خەبەرە)
ڕۆژ کەوا ئەمڕۆ لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر؟

بەچوار دێڕی دی دەکەوێتە بەردەم تۆژینەوە و پرسیار:

ئایا ڕاستە... سەفەر دەکا؟ کە سەفەربکا مانای وایە حەشر ڕابووە، ئایا (مەهدی) لە مەککە دەرکەوتووە و هێرشی ڕۆمە بۆ کوشتنی کافران؟

ئایا فرمێسک بەگرێ لە چاویا وەستاوە... یان تۆزی ئازار وەختە چاو کوێر بکات؟ ئەرێ ئەمەخەوە... یان خەیاڵە یان قەوماوە یان ڕوحی شیرینە کە دەردێ لە لەشی کلا کەوتووی؟. چونکە مانگی ئەو گەشت دەکاو جێی دەهێڵێ.

هەر نۆ دێڕی هەڵبەستەکە بەدەوری باسی گەشتکردنی دولبەر و ئاگری



دووری و جیابوونەوە دەخولێتەوە و هەڵبەستە یەک تەونی تەلیسماوی خۆماڵییە.

یەکێتی بابەت لای کوردی بەپێچەوانەی شاعیرانی تر کارێکی بەرچاو و پەسندە، بایەخێکی هونەریی گەورە بەهەڵبەستەکانی دەدات...

ئەوەتا بابەتی ساز و ئاواز و گوێندە و ناوی مەقام و گۆرانیبێژان لە هەڵبەستێکی (١٩) دێڕیدا داڕشتووە.

مبابەتی چۆنیەتی خۆشەویستی و مێژووی عیشق و ناودارانی سۆفیگەری و دڵداری لە هەڵبەستێکی ٩ دێڕیدا پوختە دەکات و بارتەقای چەندین لاپەڕەی لێدوان و شیکردنەوەی مەسەلەی عیشقە.

لە هەڵبەستێکدا بەیەکبینە (ئەگەر) دەکا بەئامرازی بەڵێن و مەرج دانان و لە هەر حەوت دێڕەکەدا ئەو وشەیە لە بەرگێکی ڕەنگاو ڕەنگدا و بەنوێنەری دادوەریی و پرسیار و پاکانە دەبینین:

(ئەگەر) مەیلت لە دڵ دەرکەم غەریبی کۆیی دڵبەربم
(ئەگەر) ساتێ لە یادم چی هیلاکی زەخمی ئەژدەربم
بەغەیرەز بۆ سەیی لێوت (ئەگەر) قەسدی ویصالت کەم
بەشوعلەی قەهری تۆ یاڕەب سەراپا میسلی ئەخگەربم
(ئەگەر) یەک لەحظە سستی کەم لە ژێر باری غەمی عیشقت
بەمیسلی پەنجەرە قوربان، بەتەن سوراخی خەنجەربم
لەسەر تەعریفی ئەگریجەت (ئەگەر)بێم وەصفی (کاکۆڵ)کەم
بەزەربی تیغی سەر پەنجەی ئەجەل مەقتوولی بێ سەربم
(ئەگەر) یەک لەمحە غامڵ بم لە شەوقی ماهی ڕوخسارت
لە حەشرا بێ نەسیبی جەننەت و هەم حەوزی کەوثەربم
گەدایی کۆیی جانانە بەشاهیی عالەمی نادەم
گەدایی خۆشترە بۆ من لە شاهی (گەر) موخەییەربم

ئەلای یاران بلا (کوردی) لە بۆتەی فیرقەتا ئەمجار
خولاسەو بێ غەش و مەقبوولی عالەم هەروەکو زەڕبم.

هەر لەم ڕێچکە هونەرییە گەلێ بابەتی هەڵبژاردە لە دیوانەکەی کوردی دەبینین... کە هەریەکە پارچە هۆنینەوەیەکی کارامەو هونەرمەندانەیە:

لەم هەڵبەستەدا کە سەرەتاکەی ئەمەیە:

ئەی دوڕی تاجی سەری شاهانی ئیقلیمی جیهان
شەمسی ئەفلاکی کەمال و شەمعی بەزمی عارفان

کە وەڵامی پرسیارێکە بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست تێیدا حاڵی خۆی و سەرگوزەشتەی دڵداری و جوانی پەرستییەکەی پیشان دەدات ماڵ و گەرەک و لەش و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی دلبەرەکەی بۆ دەکات تەنانەت ناویشی دەهێنێ.

خۆ هەڵبەستی:

عەزیزان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان
لە مەزلوومان بلا چۆل بێ وڵاتان

تابلۆی شاعیرانەی لانەوازی و دوورکەوتنەوەیە، بە ئەوپەڕی ناسکی هەستی مرۆڤێک دەردەبڕێ بەرامبەر خۆشەویستی وڵات و گەلەکەی و یادی دۆست و هەڤاڵانی... کە بەجێیان دەهێڵێ وەنەبێ ئەرکی ئەوانی لە ئەستۆ داڕنیبێت و ئیتر ئاگای لێیان ببڕێت... نەخێر بەڵکو هەتا لە غەریبیشدا خۆی دەکاتە قوربانی ئەو عەزیزانەو تکایان لێ دەکات گلەیی لێ نەکەن...

مەڵێن کەڵکی نەبوو، ڕۆیی، جەهەننەم!
سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەصاتان
منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم
دەترسم من برۆم، بشکێ سوپاتان



سەفەرمان چونکە ڕێی هات و نەهاتە
دوعامان بۆ بکەن ئێوە و خوداتان
ئەوەند ئەرجوو دەکا (کوردی) کە جار جار
بکەن یادی موحیبی بێ ریاتان...

خۆ پارچە ئاوازی ماڵاوایی (کاروانی فیرقەت) و جیابوونەوە پارچە مۆسیقایەکی وێنەگری هەستی بێکەسی و ئێشی دڵی ئازار باری دوورکەوتنەوە و غەریبییە... گوێمان لە دەنگی زەنگ و هاتوهاواری چاوەشی کاروان و تەق و تۆقی سمی ئەسپ و زرمەی دەهۆڵی دوورکەوتنەوە دەبێت:

سەدای کاروانی فیرقەت دێ دەڵێن سەرقافلەچی یارە
زڕەی پێشەنگی میحنەت دێ دەڵێن کاڵایی غەم... یارە

ئیتر ڕوو لە سەرۆکی کاروانەکە دەکات کە دڵبەرەو بەوپەڕی دڵ سووتاوی و ناڵین و دەنگی ناسکی پاڕانەوە سکاڵای خۆی پێشکەش دەکات بەڵکو پەلە نەکەن و بۆ جارێکیش بێ بووەستن و گوێ لە سکاڵاکەی بگرن... کە ئەو تەنیا بەجێ بمێنێ بێ گومان وەزگ دەدات و دەمرێت. لێرەشدا دیمەنی مردن و چۆنیەتی بەڕێکردنی تەرمی مردوو وێنە دەکێشێ بەگوزارەو وشەی سەرزاری ئەزیز مردووانی کوردەواری وێنەکە ڕەنگین دەکات:

ئەوا ئێوە دەڕۆن یەزدانە پارێزگارتان، ئەمما
بەکێی دەسپێرن ئێوە توخوداتان ئەم بریندارە
کە ڕۆیین توو خودا کێ بێتە سەر باڵین و ناڵینی
کە بمرێ کێ هەڵیگرێ و دەفنی کا ئەم موردە بێچارە

(٣) بڕوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سجادی. ل ٢٧١
مامۆستا لەجیاتی (ماڵاوایی) بە (بەرەو پیرەوە چوونی) زانیوە.

ئەگەر نایبەن لەگەڵ خۆتان بەکوشتن ساعیلاجی کەن
کە بەخوا ئەو لەپاش ئێوە لە گیانی خۆشی بێزارە
بەوەڵڵا حاجەتی قەتڵی نییە، هیجرانتان مەرگە
چ فایدە هەروەکو (کوردی) ئەویش گیان سەخت و بێ عارە

(٢) هەندێک شاعیری هاوچەرخ و دوای (کوردی) لەو باوەڕەدابوون کە زۆ وشە و گوزارشت و قسەی دەماودەمی کۆڕی کوردەواری لەو پلەو پایەدا نین کە بچنە ناو چوارچێوەی غەزەل و قەسیدەکانیان، وە لەوانەیە بەسووکایەتییان زانیبێ ئەگەر لە قەلاتی قایمەوە دابەزنە ناو خەڵکەکە... بۆیە ئەوەندە بەخەم ڕەوانیی زمان و جوانیی داڕشتن نەبوون، ئەگەر کوردانە بێت، بەڵکو هەر عەوداڵی قۆستنەوەی وشە و زاراوە و گوزارشتی خوازراوە لە زمانانی بیانی بوون، بەتایبەتی ئەوانەی کە خەڵکی (عەوام) تێیان ناگات... بۆیە ئەگەر سەیری دیوانی هەڵبەستی کوردی سەدەی نۆزدەمین بکەین چەندین وشەی بیانی دەبینین کە بەرامبەرەکەیان وشەی کوردی و هاو واتایان زۆرە... یان خۆیان لەو ئیدیەم و پەند و گوزارشتە جوانە سروشتییانە نەگەیاندووە کە لە کۆڕ و کۆمەڵانی ناو گەل گوتراون و دەگوترێن...

بەڵام لەم بوارەدا مستەفا بەگ هاتووە وەکو خەڵکەکە لە شیعردا گفتوگۆی کردووە، ناڵاندوویەتی هاواری لێ هەستاوە هەر بەشێوازی ئەوان دەردی دڵی خۆی و سۆز و هەستی دەروونی خستووەتە ڕوو... ئەمەش کردوویەتییە کارێک هەڵبەستەکانی وەکو ئاوی ڕەوان ڕوون و تاموبۆی زمانی نەژادییان پێوە دیار بێت:

بەنموونە، بێ وەفایی و بەڵێنی لەم تاکەدا بەم شێوە ئاخاوتنە خۆڕسکە نیشان داوە:

هات بە عەییاری دڵی لێ ساندم، ئێستاش پێم دەڵێ:



– من لە کوێ تۆم دیوە؟
– ئەی بێعارە!
– لاچۆ– لێرە– سا.

هەر لەم شێوە وتووێژی نێوان خۆی و دڵبەرمان بۆ دەگێڕێتەوە:

کێ دەڵێ دڵبەر بەخیلن؟ ئەمڕۆ وەڵڵا دڵبەرم
بەردی ژێر پێی خۆشی خۆ ئاوێنی حەتتا بۆ سەرم

پێم وت: ئاخر تۆ دڵی من کوێ دەبەی؟
توند بوو، وتی:
– های! بەتۆچی؟ ماڵمە، خواهیشتمە هەر کوێی بەرم!

شاعیر خۆشی لەوەدا دیوە کە دڵبەر پێی بڵێ (مچە) لە جیاتی مستەفا و میللیانەش بڵێ (مچە ڕووت) و کۆنە فێڵباز.

بەرگی ڕووتی بەهەزار خەرقەیی شادی نادەم
چونکە مەحبووبە بەناز پێم دەڵێ گاهێ مچە ڕووت
من گوتم کوشتمت ئەو پێ دەکەنی و سەبری گوتی
کۆنە کرپاچ ئەمە سالێکە بەڵەدبووم لە درۆت

هەر بەم جۆرە ئەو تووک و نەفرینانە دەگوێزێتەوە ناو خانەی هەڵبەستەکانی:

ئەی موعەللیم بۆ کزت کرد، دەک لە جەرگت چێ کزە!

هەروەها تووک لە مامۆستاکەی دەکات:

بەختی ئەو ئوستادە سووتێ دەرسی سیحری پێ گوتی
وا کە تۆی بەردایە گژ عالەم بە مەکرو ساحیری

هەر بەم جۆرەلیسی (بەدمەزەب)ی لە ناحەز گرتووە:

ئەی ڕەقیب وێڵم لە دەستت، لێرە بۆچ لێم ناگەڕێی
باوکە کوشتەت نیم ئەرێ هەی بەدمەزەب! چیت لێم دەوێ؟

لە پاڵ ئەم وشە مزرانەی زادەی توورەبوونن کۆمەڵێ قسەی ناسکەوێژی و دۆستی و تکاکاری لە تەونی هەڵبەستە خۆماڵییەکانی هەڵدەکێشێ... وەکو:

براگــیــان، گــیــان و تۆ گــیــان) ئەڵوەدایە
هەوای کـۆی تۆ دیـگەر مـەسـتـووره ئەمـشـەو

یان کە دەڵێ:

(من چیم و حەددم چییە) عاجز دەبی لێم چاوەکەم
عـەقڵ و دینم توحفـەیە گیـان و دڵیش سەرباریـیە.

هەروەها لە زۆر شوێن بانگ کردن بەچاوەکەم، عەززم:

(ئاغە گیان) تۆ خۆت دەچی بۆ شارو من لەم غوربەتە
زەحــمــەتە یاران ببێنم من لە پاش ئەم فــیــرقــەتە

هەروەها:

(هیـجری) لەبەر فـیـراقی ئەتۆ غـەرقی هیـجرەتە
ڕەحـمت (برالە) بۆ کـەی و هیـجـرت هەتا بەکـەی؟

هەر ئەو ناسکە وێژییە لەو دوعـایەی کوردەوارییەدا کە جاران باوبوو لە حزووری گەورە پیاواندا دەگوترا زیاد بکات:

ئێمە وا ڕۆیین بە مـەئیـووسی لە لات، (دەوڵەت زیادا)
دا بزانین عـەبدی وەک ئێـمـە لە کـوێ پەیدا دەکـەی؟

*

مستەفا بەگ دڵبەرەکەی بەجلوبەرگی کوردیی ڕەنگاوڕەنگەوە و بەڕەنگ و ڕوو ئەندامی تایبــەت بەخــۆی و تەنانەت جــۆری مــیــزاج و حــەز و ئارەزوویشی ورد ورد وێنە گرتووە... ئەمەش گیـانی واقـیـعـیـیـانەی وەبەر داوە و لە ژینگەی کوردەواری داینەبڕیوە:



ئەسـمـەرە، لاغـیـرتەنە، بالاّ مـیـانە، کـەچ کـولاە
(سوخمە) سەبزە، (مەیتەن) ئاڵە، چاو خومار، ئەبرۆکەمان

**

(کەوا) دارایی، زەڕ (کورتەک)، کەمەرچین، (جوبە) گوڵناری
(کلاّو) لار، چاو خومـار، شیـرین سوار، خاڵ میـشکی تاتاری.

**

بەهاری گــوڵشــەنی حــوسن و جــەمــالە
بە (سوخمە)ی سەوز و (نیمتای) سادە پۆشی.
تاڵی کاکۆڵی کە ئەفشانە لەسەر (مەیتەنی) ئاڵ
ڕشـتـەیی گیـان و دڵ و دین دەپسـێنێ بەعـەلی

(سوخـمە) و (مـەیتـەن)... کە جۆرە کـراسێکە و نیـمـتـاشی پێ گـوتراوە (کـەوا) و (کـورتەک) و (کـەمـەرچین) بەڕەنگی ئاڵ و سـەوز و زەردەوە وێنەیەکی دەم بەهاواری تێر ڕەنگ پێشان دەدەن.

(٣) ئەو ڕوون و ڕەوانیـیـەی لە هەڵبەسـتی مـسـتـەفـا بەگدا دەیبـینین وەنەبێ ئەنجـامی سـاکـاریی و تەنکاویی زانیـاریی شاعـیر بێت... دا بڵـێین وەکو شایەرێکی میللی ڕەفتـاری کردووە و نەیتـوانیـوە دەست بۆ شێوازی ئەدەبیی زمـانانی دراوسێ ببـات و لە شـێـوەی ئەوان هەڵبـەسـتی خـۆی بهـۆنێتەوە. چونکە زۆر ئاماژە و خـاڵی ڕۆشن لە توێی هەڵبەستەکانیدا هەیە کـە وا دەگـەیەنن شـاعـیـر عـەرەبی زانیـوە، لە مـێـژووی سۆفـیگەری شـارەزابووە و ئاگـاداری دیوانی شـاعـیـرانی فـارس بووە... لە پلەوپایەی شاعیریشدا هاوتای نالی و مەشوی و سالم بووە هەروەکو سالم گوتوویە:

لە ڕۆژی ئیـمـتـیـحـانا دیم بەرابەر روئیـەتی مـەعـشـوق
کـەمـەر بەسـتـەی هونەر هاتن بە تیـپی عـاشـقـبـازانا
لە لایەک (نالی و مـەشـوی)، لەلایە (سـالم و کـوردی)
لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکا جۆ بوون لە (مەولانا).

یەکێک لەو خاڵانە ئەوەیە کە باسی ئەستێران دەکات:

(مشتەری) دیدەیی ئەو (ماه) ڕووە و (زوهرە) جەبین
بەختی (مەریخە)، روخی (ڕۆژە) صیفەت وەک (زوحەلە)...

لە ناوهێنانی ناودارانی مێژووشدا ناوی سوڵتان قزل ئەرسەلان و سنجەر و روهام و شیدەی پاڵەوانانی ئەفسانەی ئیران... جەمشید و زوحاک و ئەسکەندەر و پەرویز و زانایەکی گەورەی وەکو (سەککاکی)ی عەرەب... دەبینین. وەکو:

بەئاوێنەی (ئەسکەندەر)، بەجامی دیدە جەمشیدی
بەتەختی سینە (پەرویز)ی، بەماری زولف (زوحاکی)
لە ڕەسمی قەومی ئەبرۆت سستە وا پەرگارەکەی (مانی)
لە نوسخەی (جەوهەری فەرد)ی دەمت حەیرانە سەککاکی

لە باسێکی قووڵی خۆشەویستی سۆفییانە و بار و ڕۆژگار و ناودارانی عیشقدا قووڵ تێڕوانیی خۆی دەربڕیوە، جگە لەوەش کە ناوی چەندین گەورە ناودارانی مەیدانی عیشقی بە شێخی تەریقەت و شا و شاعیرانەوە هێناوە:

سامری، سەحبان و جارەڵڵاوو لوقمان و سەطیح
موخبنیری کوللی علوومێ بوون و سەرگەردانی عیشق
حافظ و سەعدی و نیظامی و قەیس و جامی و دەهلەوی
فەیض خواه و مەعریفەت جۆبوون لە شاگردانی عیشق
خوسرەوو مەحموود و فەرهاد هەرسێ شاو شەهزادە بوون
ئاخری بووشن بە عەبدو چاکیری سوڵتانی عیشق
شەمس و مەولاناو و مەنصوور کەی بەسیر مەحرەم دەبوون
تا نەیانخواردایە ریزەی نان لە سفرەی خوانی عیشق

بەڵگەیەکی تریس شاعیرێتی مستەفا بەگ، ئەو پایەیە لای شاعیرانی



هاوچەرخی خۆی و دوای خۆی کە بەشاگەشکەییەوە ڕوانیویانەتە ئەو هەست و سۆزە بەجۆشە و ئەو دەروونە بەکوڵەی کە بەزمانێکی ڕەوان و بەوپەڕی ڕەوانبێژییەوە هاتووەتە بەرهەم ئەگەر بەدیوانی هەڵبەستی کوردیدا بڕوانین و بپشکنین، بێ گومانم کاریگەریی (کوردی) لەسەر گەلێک شاعیران دەبینین...

سالمی صاحبقران لە هەڵبەستێکدا نیوە دێڕێک واتا مەصرەعێکی هەڵبەستی مستەفا بەگ تێهەڵکێشی شیعرێکی خۆی دەکا کە دەڵێ:

سالم دەلیلە مصرعی کوردی بڵێ بەیار
«ڕەحمت براله بۆ کەی؟ جەورت تا بەکەی؟»

لەسەر ئاوازی دێڕە هەڵبەستێکی کوردی:

من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەرمی خواردەوە
بۆیە گریام چەند بەچەند فرمێسکی خوێنینم نەهات

ئەویش گوتوویەتی:

لە دڵدا چونکی هەر خوێنم دەخوا غەم
بە تەدریج ئەشکی خوێنینم دەکا کەم

کوردی گوتوویەتی:

بەخت یەک، هیجرەت دوو، غوربەت سیان و دڵ چوار
من یەکم چوار تۆقی ناحەق بۆچی چۆتە گەردنم؟

قانیعی شاعیر ئەم چوار چێوارییەی زۆرجوان لە هەڵبەستێکی بەناوبانگدا وە بەرهێناوە کە لە هەموو دێڕەکاندا چوار شتی جێ کردووەتەوە، وەکو لە دێڕی یەکەمدا دەڵێ:

چوار شتن ئەمڕۆکە بوونە، نەگبەتی کوردی هەژار
جەهل یەک، بێ ئەقڵی دوو، دڵپیسی سێ، داوا چوار

هەروەها لەگەڵ سەید عەبدوڕەحیمی مەولەویشدا لە مانای بابەتی چەند دێڕە هەڵبەستێکدا بەشدارییان هەیە وەکو:

سەقفی چاوم باڕەشی غەم وای لەسەر گۆل بەستووە
خوێن بەخوڕ پێیدا دەچۆڕێ وەک تکەی وێرانە ماڵ...

یان کە دەڵێ:

سەدای سەمتوورە کەللەم گەرمە ئەمشەو
چریکەی بانگی دڵ بێ شەرمە ئەمشەو

هەر ئەوەیشە (مەولەوی) هەڵکەوتوو دەڵێ:

ئەم شەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن
زایەڵەی سەمتوور کەللەکەم گەرمەن

# تاهیربەگ و هەڵبەستی کوردانە

دیوانی گچکەی تاهیر بەگ تەنیا ٢٨ پارچە هەڵبەستی لەخۆگرتووە، زۆربەی ئەو هەڵبەستانەش هەر ئەوانەن کە لە شوێنی تردا چاپ کراون یان بەسەر زاری خەڵکەوەن... کەس لاری لەوە نابێ کە تاهیر بەگ شاعیرێکی ناسراوە، هەڵبەستەکانیشی پەسندکراو و لە بەردڵانن... هەر بۆیەشە ناوی لە ڕیزی شاعیرانی سەدەی پێشوو دایە. ئەگەر لەم دیوانە بچووکە وردبینەوە دەبینین هەڵبەستەکانی ئەو قووڵی و سەنعەتکاری و کەرەستە ڕەوانبێژییەیان تێدانییە کە لە هەڵبەستی شاعیرانی تری وەکو نالی و سالم و مەحوی و زۆریتردا بەکارهاتوون.

لەوەش ناچێ شاعیر بنەمایەکی پتەوی خوێندنی زانیاریی زمان و هونەرگەلی هۆنینەوەی کۆنی بووبێت هەروەکو ئەو شاعیرانە بوویانە، بەو پێیەش کە زۆربەیان مەلابوون، یان خوێندەوارییەکی باشیان هەبووە. لە لایەکی دی، تاهیر بەگ هەر ئەو بابەتانە، بەڵکو هەر ئەو مانایانەی، بەڵکو هەر ئەو ڕستەو داڕشتانەی لە غەزەلدا بەکارهێناوە کە شاعیرانی پێش خۆی بەکاریان هێناوە. زۆرجاریش چاولێکەری، لاسایی، جوینەوەی دەستکردی شاعیرانی تریشی لادەبینین. لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێک هەڵبەستی تاهیر بەگ گوڵی کۆڕی شیعرخواز و گۆرانیبێژان بوون، وە بەشۆخوشەنگییەوە خۆیان نوواندووە؛ ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو هەڵبەستانە کوردانەن... لەبەرئەوەی تا ڕادەیەک لە کۆت و زنجیری چاولێکەری ئەدەبی فارسی بەدوورن... لەبەرئەوەی شاعیر ڕوون و ڕەوان ئەوەی لە خەیاڵیدا بووە دەریبڕیوە، چاوەڕوانی مۆرکی ڕەوانبێژی و بیناسازی کۆنی نەکردووە!. جا کە بابەتی هەڵبەست دڵداری بێت چ پێویست بەوە دەکات



لە ژێر پەردەیەکی ئەستووردا خۆی پێ نیشانی خوێنەران بدات و بەڕاوێژێکی مەلایانە و بە وشەو ڕستەبەندیی قەبەو قورسی بیانی و بەهونەرە دەستکردەکانی لێک چوون، جیناس، گرێ چنی و ئەوانی دی باسی دڵ و خۆشەویستی بکات؟

بەڵێ چوارچێوەی هەڵبەستی تاهیر بەگ چوارچێوە کۆنەکەیەو لەسەر دەستووری پێشینان هەڵبەستی داڕشتووە، بۆیە کۆنە خوازانیش لێی لووتە لا نەبوون... بەڵام لەلایەکی ترەوە هەڵبەستەکانی بەستەی سەر زمانی لاوان بوون و وەکو ئاوی ڕەوان بەجۆگادا خوڕەیان هاتووە. چونکە هەڵبەستی شێواز- کوردانەیان لە شێوازی کۆن و باوی کۆڕی ئەدەبیاتدا زیاترە. ئەمەش دیاردەیەکی پەسند و شایانە و بەخاڵی سەرکەوتنی شاعیر دەژمێردرێت... لێرەشدا با کەمێک لەم دیاردەیە وردبینەوە کەوا ڕێچکە کوردانەکەی لەم سێ خاڵەدا ڕوون و ئاشکرا دەبێت:

١- کێش و مۆسیقا.

٢- هەڵبژاردنی پاشبەند و جۆری هەڵقوڵاوییان.

٣- تەونی سادەو هۆندنەوەی بێ گرێ و گۆڵ.

***

### ١- کێش و مۆسیقا:

تاهیر بەگ لە هەڵبژاردنی بەحرەکانی کێشی عەرووزدا هەوڵی داوە مۆسیقایەکی ڕەوان و گەرموگوڕ و ترپە بەهێز وەدەست بهێنێ، لە کێشی (هەزەج و ڕەمەل)دا کە بەکاری بردوون تێکۆشاوە دێڕەکانی هەڵبەست کورت کورت بن و بێن بەدوو کەرتی پاشبەنددارو ئاوازدار... کە هەر کەرتە (٧) یان (٨) برگە هەڵدەگرێ، بەم هۆیەوە لە کێشی خۆماڵی نزیک دەبنەوە، ئەو نزیکییەش تاموبۆیەکی کوردەواری بەهەڵبەستەکە دەدات... ئەمە جگە لەوە چەند هەڵبەستێکیشی بەکێشی خۆماڵی (پێنج بەپێنج)

گوتووە... وەکو لەم نموونەیەدا گوێگر لە لایەن مۆسیقاوە هەست بەنامۆیی ناکات:

لە هیجرانی خەزان تاکەی　　　بەئومێدی گــوڵان تاکەی
لە نەغمەی بولبولان تاکەی　　　خووا فەسڵی گوڵان بابێ

هەر لە کێشی هەزەج (٦) جار لەم لکە بەزەمزەمەو پڕ لە مۆسیقایەکی سەماگێڕی هەڵبژاردووە:

قوربانی ڕوخت بم کە شکستی بەقەمەردا
حەیرانی لەبت بم کە ڕەواجی بەشەکەردا[١]

کێشەکانی رەمەل ٩ جار، هەزەج ١٣جار (کەوا لای شاعیرانی کورد زۆر باون)، یەک جاریش کێشی (مضارع)ی بەکارهێناوە بەڵام لە مزارعیشدا ئەو لکەی لەگەڵ کێشی خۆماڵی خزمایەتی هەیە و هەر نیوە دێڕێکی کردووە بە دووکەرت هەر کەرتێکیش (٧) بڕگە:

دنیا بەڕەسمە وایە بەزمی وەکو بەڵایە.

کێشێکی وەکو (ڕەجەز) کە لای شاعیران باوە ئەو لەبەر درێژیی و زۆریی بڕگەکانی وە تەپی و گورج هەڵنەستانی مۆسیقاکەی بەکاری نەهێناوە.

## ٢- هەڵبژاردنی پاشبەند و جۆری هەڵقوڵاوییان:

دیاردەیەک لەو دیاردانەی کە مۆرکی کوردانەی بەهەڵبەستی تاهیر بەگ داوە هەڵبژاردنی پاشبەندە. زۆر لە شاعیرانمان لەم مەیدانەدا هاتوون بەپێی ئەلفوبێی عەرەبی پاشبەند بۆ هەڵبەست گەلی ناو دیوانیان دابنێن... کەوا هەندێک دەنگی ئەم ئەلفوبێیە یان لە کوردیدا نییە یان دەگمەن بەدوای

(١) دیوانی تاهیر بەگی جاف- چاپی سێیەمین، هەولێر/ ١٩٦٦ نموونەی هەڵبەستەکان لەم دیوانە وەرگیراوە.



وشەوە دێن، جا ناچار شاعیر وشەگەلی عەرەبی لە ڕستەدا ڕیزکردووە کە بە هەست و سۆزی گوێگر نامۆن.

لە لایەکی دی هەندێک شاعیر بۆ لاف و خۆ پێشاندان وشە گەلی عەرەبییان کردووەتە پاشبەند لە کاتێکدا کە وشەی لەباری کوردی دەست دەکەوت، یان هاتوون

با -پاشبەندەکانیشیان کوردی بێت- ڕیزیان کردوون و وەکو قالبێک مانایان بۆ دێڕە هەڵبەستەکە گونجاندووە. دیارە لەم کارەشدا زۆر لە خۆکردن و تەوشو تراشی پێوە دیارە.

بەڕای من پاشبەند دەورێکی گەورەی لە کوردانە کردنی هەڵبەست گێڕاوە، تەنانەت گەشتێک بەدیوانی (سالم)دا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کاتێک کە پاشبەندی هەڵبەست دەنگە دەگمەنەکانە وەکو (س، ک، ق، ش، ز، ج، ح، د) ئەمە جگە لە(ع، غ، ض، ط، ذ، ث لای هەندێ شاعیر) بەدەگمەن وشەیەکی کوردی نابینین کرابێتە پاشبەند. جگە لەوەش دێڕەکان تووشی چەکوچکاری هاتوون و زۆر لەخۆکردن. دەڵێم زەحمەتە وشەگەلی: خەروس، عەیش و بوس، کوس، ئەشکەبوس و فەیلەقوس لەم هەڵبەستەدا کە ڕوو لە کەڵەشێری بەربەیان دەکات بانگ نەدات تاکو ئەو دەست لە ملی دلبەر هەڵنەگرێ تەونێکی کوردانە وەدەست بخەن:

خامۆش ببە لە بانگ و سەدا ئەم شەو ئەی خروس
با دەست بکەم لە گەردنی دلبەر بەعەیش و بوس[٢]

بەڵام هەر سالم کە دەگاتە ئەو پاشبەندانەی بە(ان، آر، او، ین) دواییان دێت ئاووهەوای هەڵبەستەکانی دەگۆڕێت و ڕووەو کوردانە هەنگاو دەنێ، وەکو لەم هەڵبەستەدا سکاڵای غەریبی دەکات:

(٢) دیوانی سالم -چاپی یەکەم، کوردی مەریوانی، بەغدا/ ١٩٣٣.

ئەی قیبلەیی مرادم ئاخۆ بەرۆژگاران
پرسیوتە لە هیچ کەس حاڵی غەریبی تاران
بەو سوێندەکەی کە خواردم من هەر ئەوەم کە دیومت
حاشا بکەم فەرامۆش میساق و عەهدی جاران
تۆ هەر ئەوەی کە چاوت جەرگی بریم بەئیما
من هەر ئەوەم کە عیشقت کردوومی وێڵی شاران

خۆکاتێک پاشبەندەکە لە جیاتی (ناو) دەبێتە کار (فیعل)و بەناچاری لە ڕستەکان هەڵدەقوڵێن و مانا دادەسەپێنن تاڕادەیەکی باش لە قالبڕێژی دوور دەکەوێتەوە:

بەس نییە پەروانە وەک عاشق ئەبەد ناخولێتەوە
نیمە چەرخێکە دەسووتێ و حاڵەتی دەبڕێتەوە
گەر لە حەوزی کەوثەرا ئاوی حەیات بۆم دەست بدا
ژەهرە مارێکە بەبێ تۆ قەت بەمن ناخورێتەوە
تا رەقیب بێتۆ بچێ لەم رێیە تا دنیا هەیە
دەرکی غەم بۆ سالمی بێچارە دانامرێتەوە

ئەم گەشتەمان بەدیوانی (سالم)دا بۆ پشتگیریی ئەو رایە بوو کە پاشبەند لەم بابەتەدا دەورێکی گرنگ دەگێڕێ.

لای تاهیر بەگ پاشبەند یان وشەی کوردین یان ئەو وشە بیانییانەن کە لە هەست و سۆزی خەڵک بەدوور نین.. وە هەڵقوڵاوی بیر و مانای دێرە هەڵبەستەکەن. بەهرەیەکی گەشی تاهیر بەگ بەکارهێنان و داهێنانی هەندێک پاشبەندی تازەیە، لام وایە بەر لەو شاعیری تر بەکاریان نەهێناوە، بەنموونە وشەی (وەرە) کە ئاسانکاری و جوانییەکی خۆماڵییانەی بەهەڵبەستەکان داوە:

مەمکوژە جانا بەهیجران ئەی جەفاکارم وەرە
تاب و تاقەت چوو بەجارێ، یاری غەمخوارم وەرە



لە پارچەیەکی تر:

دڵ نەخۆشی دەردی هیجرە جانی جانانم وەرە
لەتلەتە جەرگ و هەناوم ماهی تابانم وەرە

هەروەها پاشبەندی (بابێ) کە وشەیەکە خۆزگە و هیوای پەلەکردن و بێ باکی پێوە دیارە:

چەمەن یەکبارە خامۆشە خرۆشی بولبولان بابێ
دڵ ئەمڕۆ مات و مەدهۆشە، خووا فەسڵی گوڵان بابێ

لە پارچەیەکی دی:

لە دەوری پیری مەیخانە سەدایی موتریبان بابێ
لە تاریکیی شەوی هیجران چرای دەفعی غەمان بابێ

پاشبەندی (لەوەم چی) ئەویش هەر تازەیە:

موقەددەر گەر نەبێ ئاخر لەمیهری مەهڕوخانم چی
لە ناڵە ناڵی نیوەی شەو، لە ئاهی بەربەیانم چی؟
شەوم وەک ڕۆژی رووناکە لە شوعلەی تەلعەتی ئاڵت
بەڵێ یەکبارە با ون بێ لە ماهی ئاسمانم چی؟

زۆربەی پیتی پاشبەندەکانی (آر)، (آن)ن کە ئەو وشانەی بەو دەنگانە کۆتاییان دێت زۆرن. هەروەها وەستایی لە دارشتنی هەندێ پاشبەندا کە لەرەو ترپەیەکی مۆسیقایی وەرگرتووە وەکو دووبارە بوونەوەی (ەوە) لە دەردە وە و هەردەوە و زەردەوە:

تابەکەی قوربان بناڵم من بە ئێش و دەردەوە
دەس بە ئەژنۆ، قوڕ بەسەر، دایم بە ڕەنگی زەردەوە

### ٣- تەونی سادە و هۆندنەوەی بێ گرێ گۆڵ:

تەونی هەڵبەستی تاهیر بەگ ئەگەرچی لە خانەی هەڵبەستی کۆن یان کلاسیکیدایە بەڵام هەر لە بەرەیەک دەکات کە نەخشی کوردەواریی پێوە دیارە، لە هەڵبەستەکاندا جگە لە دارشتە خوازراوە باوەکان کەم و زۆر دارشتەی خۆماڵی کە گوزارشت لە دەوروبەر یان نەریتی کوردەواری دەکەن تووش دەبین.

ئەوەتا لە جیاتی شیر و خەدەنگ و تەرکەش یار خەنجەری لەبەر پشتێن ناوە:

مەقصوودی لەسەر کوشتنی عوششاقی زەعیفە
وەختێ کە دەکا خەنجەری تیژی وە کەمەرەدا

لەچەند جێیەکدا ئاماژە دەکات بۆ سیروان، شارەزوور، مەریوان، بابان، خێلان.

نا حەق نییە ناوەستێ ئەگەر پردی تەحەممول
سیروانی سروشکم کە دەکا هاژە وە سەردا
دیدە مەستەی شۆخ و شەنگەی نازەنینەی شارەزوور
دڵرفێنی جەمعی عالەم، کەبکی کۆسارم وەرە
شاباز مەریوان، هەڵۆ خۆ نەدیت
نازداری خێلان، فێتنە جۆ نەدیت

لەم چەند دێڕەشدا ڕەوانبێژییەکی خۆماڵییانە دەبینین، وەکو بڵێی ڕەوانبێژیی باوی کۆنینەی ڕام کردووە. وێنە گەلی (ئازار و گرێدانی لە گەردنی شەوق -باڵای ڕاستی وەکو تیپی ئەلف و کۆماوەی وەکو نوون- لە جیهانێکی شێواودا نەک غەم و شادی بەڵکو بوون و نەبوونیشی لە لا وەکو یەکە چونکە جیهان هەر خۆی و خۆی نییە بەڵکو گشتێکە ئەویش بەشێکی نەپچڕاوی ئەوە.):



بەسراوە بە زنجیری ئەلەم گەردنی شەوقم
مەشهوورە لە ناو ئەهلی جیهان شۆری جنوونم
ئەلفی قەدەکەم ڕاست وەکو تیری خەدەنگ بوو
وا خەم بووە ئێستا کە ئەڵێی حەلقەیی نوونم
چونکوو هەموو شێواوە جیهان تەرز و ڕەوشتی
(یەکسانە) لەلام شادی و غەم، بوون و نەبوونم

هەر ئەو دوو دێڕەی خوارەوەش کە تەعبیر لە هەناسە ساردی و بێ کەسی دەکەن و ئەم دوو ڕستەیە (ئاوارە خۆم) و (بێگانە خۆم) دڵی گوێگر دەبزوێنن و پردی هاوخەمی دروست دەکەن. هەر بۆیە چەند شاعیری تر ئەم گوزارشتەیان لێ خواستوەتەوە و کردوویانە بەپاشبەندێکی تازە و شیرین:

مستەحەققی تیر و تانەی ئاشنا و بێگانە خۆم
واجبی ڕوحمم، بەسە، (یارحمة للعالمین)
ڕووت و قووتی مەحشەر و بێ سایەو و ئاوارە خۆم
بێ بەفریادم لەوێدا ئەی (دلیل المجرمین)

هەر وەکو لە پێشەوە گوتم پاشبەندی(وەرە)تازە و کوردانەیە، بۆیە لەسەر ئەم پاشبەندە پارچە هەڵبەستێکی ڕەزا سووک و سادەی تەنیوە. هەر وەکو لە هەڵبەستی میللیدا هاتووە یار خۆی پزیشکە و لوقمانە و برینی ئەو بەکەس چارە ناکرێ. هەروەها بەستنەوەی وێنەی دڵ پەرێشانی و پەرش و بڵاوی زوڵفی یار وێنەیەکی جوانە. هەر بەم جۆرە دەستنیشان کردنی چیرۆکی عیشقی لەیلا و مەجنوون ئەویش لە هەڵبەستی میللیدا باوە.

سەد حەکیم هاتن و عیلاجی ئەم برینەی خۆنەکرد
تۆ عیلاجی زەخمەکەم کە، تۆ بە لوقمانم وەرە
گەر دەزانی چەند پەشێوە حاڵەکەم بۆ دیدەنیت
سەد ئەوەندەی زولفەکانت دڵ پەرێشانم وەرە

سـوورەتی باڵات بەدایم نەقـشی قـەلبی زارمـە
هەر وەکـو مەجنوون لە عیـشقت دیدە گریانم وەرە

هەر لەم ڕشتەیەدا ژوور چووە و تەعبیری ساکاری میللییانەی گەیاندوەتە پلەی دارِشتنی شاعیرانی کلاسیکی و سۆفیگەری، ئەوەتا دەڵێ:

زەمـــانە بەزمی رەنـدانە بدە ســـاقی بە پەیمـانە
لەبەر تەعظیـمی مـەیخـانە بڵـێن پیـری مـوغـان بابێ
نەمـاوە حـاڵەتی ژینم، لە دەس چوو روحی شـیـرینم
رەفیـقان بێن بکـەن شینم، سەدای گریە و فوغـان بابێ

هەر بەم جۆرە ئەو بیر و بۆچوونانەی شـاعیـرانی پێش خـۆی نواندوویانە ئەو بەهونەری ساکاریی خۆی رازاندوونیەوە.

لە ئاهم گەر بسـووتێ ئاسمـان باوەڕ بکـەن ئیـمشـەو
ئیـتـر یاران چ باکم من لە سەردیی فەسڵی زسـتـانە(٣)
بە دەس بادی صەبا چونکە پەشێوا نەظمی زولفەینت
منی چارەســیــا بۆیە هەمــوو نەظمم پەرێشــانە

لە دواییـدا لام وایە هەڵبـەسـتی تایەر بەگ بەشـێـوەیەکی گشـتی با لە چوارچێوەی هەڵبەستی کۆنینەدا بن بەڵام مۆرکێکی کوردانەیان پێوە دیارە، ئەمــەش بووەتە پارسـەنگێـک تای تەرازووی بەهرەی ڕاست کـردوەتەوە و وەکـو مـامـۆسـتـا سـەجـادی بە تانیـدا هاتووە، لەم ڕسـتـەدا کـە پڕە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیی جاران: «شیـعری رەوان و بێ گرێ، زۆرتر کە بادە بیگرێ. سازی ئەدا بەگوێ گران، سۆزی ئەدا بەگوێی گران».(٤)

---

(٣) ئەم نیـوە دێڕەی دوایی لە چاپی یەکـەمی سلێـمـانی و سێیـەمی هەولێـر بەهەڵە بڵاوکـراوەتەوە و بەڕاسـتی بۆیان نەخـوێندراوەتەوە. بڕوانە ل ٨ پێـشـەکیی دیوانی چاپی هەولێر – گیو موکریانی.

(٤) مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی. بەغدا/ ١٩٥٢.

# خوێندنەوەیەکی تازەی دیوانی حەریق

**پێشەکی:**

هەڵبەستی مەلا ساڵحی حەریق[١] (١٨٥١-١٩٠٧) بەڕوونی و ڕەوانییەکەی ڕێبازی هەڵبەستی کوردانەی گرتوەتەبەر؛ ڕێبازی مستەفا بەگی کوردی، شێخ ڕەزا، وەفایی، تایەر بەگ، صافی و بێخود و هی دی.

شاعیر بەزمانی پاراو و پاشبەند (قافیە)ی هەڵبژاردە و جۆشی خۆشەویستی وەکو گۆرانیبێژێکی دیوانی هەڵبەستی کوردی سروودی هونەری لە چوارچێوەی شیعری باوی سەردەمدا بەرزکردۆتەوە.

مایەی دڵشادییە لە ساڵی (١٩٣٨)ەوە دیوانی هەڵبەستەکانی بەچاپ گەیشتووە و مامۆستا عەلائەدین سەجادی بەیەکێک لە شاعیرە هەڵبژاردەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی داناوە، بەشێوازێکی ئەدەبییانە لە هەڵبەستەکانی کۆڵیوەتەوە.

جگە لەمانە جاروبار چەند غەزەلێکی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە، وەکو ئاگاداریشم چەند غەزەلێکی بەگۆرانی گوتراوە.

جا هەر وەکو شاعیرێکی دیاری ئەم ڕێبازە ویستم دەربارەی هەڵبەستەکانی بدوێم، ڕووە گەشەکانی ڕوخسار و ناوەرۆکیان، بەتایبەتی ئەوەی کە چۆنیەتی ژین و دەوروبەری شاعیرمان بۆ دەنوێنن بخەمە ڕوو.

لەم باسەشدا پێویستە ئاوڕێک لە دیوانە چاپکراوەکەی حەریق بدەینەوە

(١) نازناوی تەواوی (حەریقی)یە، بەڵام لە هەندێ هەڵبەستدا بۆ سووک و ئاسانی و کێش کراوە بە(حەریق). دیارە (حەریقی) ڕاستترە.



و هەندێ لەو هەڵانە دەستنیشان بکەین کە پەیوەندییان بەم وتارەوە هەیە. بەڵام داخەکەم ماوەی ئەوەمان نییە هەڵەبژێری سەروبەری دیوانەکە بکەین.

## چەند هەڵەیەکی دیوانی حەریق

یەکێک لەو دیوانە هەڵبەستانەی کە دانە لێگرتنەوە و چاپ پەرێشانی کردوون دیوانی مەلا ساڵحی حەریقە. چاپی دووەمی ئەم دیوانە کە ساڵی (١٩٦٩) لە کەرکووک ئەنجام دراوە پڕە لە هەڵەی چاپ و هەڵەی نووسینەوە و ڕاگواستنی هەڵبەستەکانی.. چاپی یەکەمیشی کە ساڵی (١٩٣٨) لە بەغدا دەرچووە ئەویش لە هەڵە بەدەرنییە.

ئەم هەڵانەش بەهۆی دەست کورتی لە زانیاریی دەربارەی هەڵبەست و ئەدەبیاتی کۆن، بەهۆی ناشارەزایی لە زمانی فارسی و عەرەبییەوە بەسەر بڵاوکەرەوەدا تێپەڕیون.. کەوا بەجارێ دیوانەکەیان شێواندووە، خوێنەر ناتوانێ وێنەی ڕاستەقینەی هەڵبەستی ئەم شاعیرە بەدی بکات، وەبەکامی دڵ تام لەو گۆرانییە سووکەڵە و دڵ بزوێنانە بچێژێ.

نەک هەر خوێنەرانی ئاسایی بەڵکو لێکۆڵەرەوەکانیش لە گەلێک قۆرت و کەندالی ڕێی هەڵبەستەکان ساتمە دەکەن و لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەق بەو شێوە ناڕاستەی چاپکراودا تووشی شیکردنەوەی چەوت و ڕا و بڕیاری کەم هێزدەبن.

زۆر هەڵە هەیە خوێنەری هۆشیار دەتوانێ بەئاسانی هەستی پێ بکات، ئەمانە هەڵەی باو یان سووک و سانان، بەڵام هەندێک هەڵە هەن مانا دەگۆڕن، چەژگەی ئەدەبی بێ هێز دەکەن. لەبەر ئەوە دەبێ بەپارێزەوە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەڵبەستەکانی بچین.

بەنموونە ئەم دێڕە هەڵبەستە کە لە پارچە هەڵبەستێکی بەناوبانگی حەریقە و بەگۆرانی گوتراوە هەڵەیەکی وای تێ کەوتووە کە لە دیمەندا شتێکی بایەخدار نییە بەڵام لە ڕاستیدا گرنگە و بووەتە هۆی ئەوەی

مامۆستایەکی وەکو عەلائەدین سەجادی هەوڵ بدا بەدەوریدا بخولێتەوە و بەبێنە و بەرە و چەند و چوونێکی زۆری مانا ساکارەکەی دەستگیر نەبێت و ناچار بۆ گەلێک لایەنی دوور لە مەبەست تیر بهاوێژی.

ئەم دێڕە:

نەشتەری موژگانی تۆ هاتۆتە سەر سەفحەی (دڵم)
هەر خەتێ بوو غەیری خەتی سەبزی تۆ پاکی کڕاند

«ل٢٠– چاپی دووەم»

کەوا دیارە شاعیر ڕوو لە دڵدارەکەی دەکات و دەڵێ چەقۆی برژانگت لەسەر لاپەڕەی دڵم هەر خەتێکی تێدا نووسرا بوو جگە لە خەتی سەوزی سەر لێوی تۆ هەمووی کڕاند و سڕییەوە. دیاریشە (یار) کوڕێکە تازە خەتی سمێڵی داوە و هەر ئەو خەتە سەوزەش دەبێ نەسڕێتەوە و لەسەر لاپەڕەی دڵی بەچەسپاوی بمێنێتەوە.

ئەم دێڕە لە لای مامۆستا سەجادی بەم شێوەیە:

نەشتەری موژگانی تۆ هاتوتە سەر سەفحەی (روخم)
هەر خەتێ بوو غەیری خەتی سەوزی تۆ پاکی کڕاند

گۆڕینی وشەی (دڵم) بە (روخم) کردوویەتە کارێک کە مامۆستا بۆ شیکردنەوە و مانا نەگونجاوەکەی بنووسێ: (بەخەیاڵ نەشتەری برژانگەکانتم هێناوەتە سەر روومەتم بەجۆرێکی وەها کە ڕوو لەسەر رووین، مەبەستەکەشم ئەوەیە کە ئەو برژانگانە تەنها خەتی سەوزی سمێڵم نەبێ کە تازە دەرهاتووە لەیادی تۆ، بەبۆنی هەناسەی تۆ رواوە هەموو شتێکی تر بکرێنێ و لایبەرێ. ئەمەشم بۆ ئەوەکرد تاتۆ بزانی کوڕێکی شۆخوشەنگم و تازە کەوتوومەتە مەیدانی پیاوەتی و بەکەڵکی ئەوەدێم کەلام لێ بکەیتەوە)

«مێژووی ئەدەبی کوردی– ل٣٩٠»



بەڕاستی مامۆستا زۆر مێشکی خۆی گوشیوە و هونەری نواندووە تا ئەو ڕایەڵە دژانەی بەیەکەوە گرێداوە. چونکە مەلای شاعیر بەسەر و ڕیش و سمێڵەوە پێویستی بەوە نییە خۆی واپێنیشانی یار بدات کە کوڕێکی شۆخ و شەنگە و تازە کەوتوەتە مەیدانی پیاوەتی!! وەستاییەکەشی لەوەدایە کە (خەتی سەوزی تۆ)ی وا لێک داوەتەوە کە ببێ بە(خەتی سەوزی من)، تاکو ئەو شیکردنەوەیەی لەسەر هەڵبستێ.

شایانی باسە ئەو غەزەلەی حەریق کە بەزمانێکی ڕەوان و پاراو سۆزی جوانی پەرستی داڕشتوە لە بازنەی سۆفیەتی (تصوف) بەدەر نییە، جگە لەوە کە لە دیوانەکەدا چەندین هەڵبەستی بۆ شیخی بورهان و سۆفیەتی تەرخان کردووە و بەئاشکرا سۆفیەتیی خۆی دیار کردووە.. لە دوا دێڕی ئەم هەڵبەستەشدا ئەم بیرەی دەربڕیوە، بۆیە (خەتی سەوز) شایانە لە یارەکەی بێت نەک لە خۆی.. کەوا لە دوا دێڕدا دەڵێ:

هەر کەسێ مایل بەپیرێکەو تەریقێکی هەیە
تۆ بەشوعلەی غەم حەریقی وا وەجاغت هەڵگڕاند

وشەی (پیر) و (تەریق) بەڵگەی دەرگا کردنەوەیە لە بابەتی سۆفیەتییەکە.. بەڵام مامۆستامان سەجادی بەجۆرێکی دی بۆ مانا و مەبەستی ئەم دێڕە هەڵبەستە چووە کە نووسیویەتی:

(هەرکەسە بۆ خۆی پەروانەی هۆش و فیکرو ڕیگەیەکە، ئای (حەریق)ی داماوی قوڕ بەسەرا! چاک تۆیش بوویت بەپەروانەی دەوری غەم و بەبڵێسەی ئاگرینەوە چاک وەجاخت هەڵگڕاند.)

«مێژووی ئەدەبی کوردی ل– ٢٩٢»

(وەجاخ) کە بەمانا ئاگردان دێت، شاعیر شانازی بەوەوە دەکات کە ئەگەر هەر کەسە سەر بە(پیر) یان شێخێکە و تەریقەتێکی هەیە وا ئەویش بەبڵێسەی غەم ئاگری لە ئاگردانی خۆی کردەوە (هەڵگڕاند).. وەجاخەکەی

خۆیشی جگە لەوە ئاگردان بێت هێمایە بۆ شێخ و بنەماڵەی خانەدان کە بەوەجاخزادە ناودێر دەکران. شاعیر خۆی دڵنیا دەکات و پێی دەڵێ تۆش وەجاخێکت هەیە کە بەبڵێسەی غەمی خۆشەویستی ئاگرت تێدا هەڵگیرساندووە.

هەڵبەستێکی تری بەناوبانگی (حەریق) لە هەردوو چاپەکەی دیواندا هەڵەیەکی تەواو هەڵە لە پاشبەندی دێڕی یەکەمیدا ڕوویداوە کە نووسراوە:

لە خەرمانی ئەمەل مێرووی عەمەل جەزبی نەکرد (زانی)
لە زەیقەت خانەدا ترسم هەیە ئاخر سەری دانێ

بەڵام ڕاستییەکەی ئەمەیە:

لە خەرمانی ئەمەل مێژووی عەمەل جەزبی نەکرد (دانێ)
لە زەیقەتخانەدا ترسم هەیە ئاخر سەری دانێ

کەوا وشەی (دان) بەمانا دانەوێڵە بەیێی کراوە (دانێ) دەبێتە هاوڕەگەز و هاوپاشبەندی وشەی (دانێ)ی سەردانێ لەسەر دانانەوە. ماناکەشی ئەوەیە: مێژووی کردەوەی شاعیر کە گومڕایە دەنکێک لە دانەوێڵەی خەرمانی هیوا سەرنجی ڕانەکێشاوە و دەترسم لە تەنگانەدا سەری تێدا بچێ.. لێرەدا وشەی (زانی) نەبۆ پاشبەند و نەبۆ ڕاستکردنەوەی مانا دەست نادات. ئەم هەڵەیەش بەسەر مامۆستا و لێکۆڵەرەواندا تێپەڕ بووە.

## شێواز و هونەر

شاعیر ئەگەرچی لە ڕوخساردا پەیڕەوی شاعیرانی پێش خۆی بەتایبەتی (نالی) و (کوردی) و شاعیرانی فارسی زمانانی کردووە و هونەرەکانی ڕەوانبێژی کۆنی بەکارهێناوە و هانای وەبەر هەندێ وشەی بیانی بردووە، وە ڕستە ئامادەکانی دەرهەق بە(خاڵ و خەت، ڕوخ و زوڵف، باڵا و چاو و



برۆ و شیر و تیر، شەو و ڕۆژ و تاریکی و ئاگر...) بەکارهێناوە بەڵام هەڵبەستەکانی مۆرکێکی تایبەتی خۆییان پێوە دیارە و لە سێ لایەنەوە سەرنج ڕادەکێشن:

١- شێوازی هەڵبەستێکی کوردانە، لەلایەن پاکیی زمان و بەکاربردنی گوزارشتی خۆماڵی.
٢- ڕەنگ کردنی هەڵبەست بەکاریگەرییەکانی ژین و دەوروبەر و جێ و ژینگەی وەکو ژینی دەستکورتی و مەلایەتی و زستانی سارد و هەوڵی بژێوی.
٣- دڵدارییەکی ناسکی بێ زۆردانە دەم و پێ لێ هەڵبڕین و گەیاندنی بەدڵداری ڕاستەقینەی ڕێبازی سۆفیەتی.

هەر وەکو مامۆستا سەجادی نووسیویەتی هەڵبەستی حەریق (ڕەوان و سادە و مەعناشی بەهێزە) ئەو ڕەوانییە لە هەڵبەستی حەریقدا دەبینرێ و جێی بایەخدانی ڕەخنەگرانە شێوازێکی پەسندی ناوەزایە و وەکو ئاوێنە ڕووە گەشەکانی پێشان دەدات.

با بۆ پشتگیریی ئەو بۆچوونە باسی بەکارهێنانی هونەرەکانی (ڕەوانبێژی) لە هەڵبەستدا بکەین کە بێ ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر کاردەکەنە سەر ڕەوانیی زمان و دەبنە مایەی گرێچنی و خواستنەوەی وشەی ناقۆڵا و گوزارشتی بیانی و پاش و پێشکردن و تێ هەڵکێشی بەشەکانی ڕستە.

شاعیر لە بەکارهێنانی هونەرەکانی (ڕوون و ڕەوانبێژی)دا لەسەر ڕێبازی هەڵبەستی قوتابخانەی سەردەم کۆششی کردووە بەرهەمێکی دیار و پەسند پێشکەش بکات. بەڵام وەکو سەرنج دەدرێ ئەم هونەرانەی (تا ڕادەی توانا ) لە وشەی پەتیی کوردی و گوزارشتی باوی کوردەواری دروست کردووە.

لەلایەکەوە نەبووەتە مایەی قورسکردنی جەستەی هەڵبەستەکەی بەوشە و گوزارشتی قەبەی ناسازی بیانی؛ لەلایەکی تریشەوە بووەتە هۆی ڕەوانیی دەربڕین و گرێ تێ نەکەوتنی زمانی شیعری، هەروەها ڕەسەنیی زمانەوانی. با بەنموونە لەم هەڵبەستەی خوارەوە وردبینەوە کە وشە و کەرستەکانی هونەری ڕەوانبێژی زۆر کەم نەبێ لە زمانانی بیانی خوازراوە نین:

بەشی ناسینی (نامەردی) لەکەسدا (مەردی) نایبنم
لەلاییکی کە (ڕووگەرمی) نەبێ (دڵسەردی) نابینم
چ (رووسپی)یەک بە(رووسووری) لە بۆتەی ئیمتیحان دەرچوو
درۆ ناکەم بەوەجهی راستییی (روو زەردی) نابینم
لە (گەند)و (رەند)ی عالەم قەت مەپرسە گەر خیرەدمەندی
خوا هەڵناگرێ رەندەم نەدیوە (کوند)ی نابینم
لە کەس (وردی)م نەدیوە تا (درشتی) پێ نمایان بێ
کەسێ (بڕوێش) دەکاو لافی (دەقیقە) وردی نابینم

هەروەها:

مەیخەرە (ژیرپێتەوە) گەر حەزدەکەی (ژیربێتەوە)
دڵ کە منداڵە (شکر) خەندەی لەبت چارەی دەکا

هەروەها:

ماهی (تەمامە) ماهی (تەمامم) (نەدیوە) من
ئیشی تەمامە حەیفێ کە جێگەم (نەدیوە) من

هەر بەم جۆرەیە دارشتنی کوردانە و وەها رەوان و پاراو دەبێ:

بەپەرژینی زوڵفت رووی گوڵت شاردەوە
دڵم ناردە دیاربی تۆ.. بۆ چیت ناردەوە؟
تۆ وە تاریکەشەو هیجرانی چەنگ ساڵەم
تۆ وە رۆژی ڕووناک کۆچ ماڵ ئەو ماڵەم



لەسەر شانی دڵم باری غەم خوارمەکە
بۆ وەراستیی باڵات شەدەکەت لارمەکە

هەروەها:

دەڵێن جەردەی ئەجەل ڕێگا بەکاروانی نەفس دەگرێ
شەقامی سینە دەبڕێ بۆ مەتاعی دیدە دەڕوانێ
تەرازووی تاعەتت لەنگە، هەتاکەی ئەم سەرەو سەرتە
بەپارسنگی حەیا دەس هەڵبڕە، بنوارە میزانێ

وشە و گوزارشتی (جەردەی ئەجەل) (ڕێگا بەکاروان گرتن) (کاروانی نەفس) (بڕینی شەقامی سینگ) (روانینە بارگەو کاڵای دیدە).. هەروەها (لەنگیی تەرازوو) (ئەم سەرەو سەرکردن) (پارسەنگی حەیا) (دەست هەڵبڕین)... بەم زمانە ڕەوانەی نیگاری (لێک چوون) و ئیستعارە و هاوسەنگی دەنەخشێنێ.

بەڵێ زمانی ڕەوان و گوزارشتی کوردانە مۆرکی سەراپا هەڵبەستەکانی شاعیرە، ئەگەر زۆر ناچار نەبوونی حەزی بەوشەی قەبە و تەق و ڕەقی بیانی نەکردووە، بەنموونە ئەگەر لەم دێرەدا وشەی (صەعبە)ی بەکارهێنابێ لادان نییە لەو ڕێچکەیەی شیعری بەڵکو وشەگەلی (صەعبە، دەرس، موتالا، حاشیە و صەفحە) زاراوەی دەرس و دەوری مەلایەتین پێویست بەکردنە کوردی ناکەن:

موتالای حاشیەی زوڵفت لەسەر صەفحەی روخت صەعبە
بەوەی چابوو بەمنداڵی لە دەرسی عیشقی راهاتم

هەرچی لایەنی کێش و مۆسیقاشە، ئەوا شاعیر هاتووە زیاتر ئەو بەحرە عەرووزیانەی بەکاربردووە کە لە چەژگەی کوردی نێزیکترن وەکو رەجەز، رەمەل و هەزەج.. لەم بەحرانەشدا بەهۆی هەست و سۆزی ناسکی و وشەی سادە و زمانڕەوانییەوە مۆسیقایەکی هێمن و قووڵی بەرهەم هێناوە.

هەروەها خۆی پاراستووە لە خواستنەوەی نیوە دێڕی هەڵبەستی بیانی و تێهەڵکێشی هەڵبەستی فارسی، وەکو شاعیرانی تر، بەمەبەستی پاشبەند ڕیزکردن و کێشی عەرووزی زیادکردن.

## غەزەل و دڵداری

هەڵبەستی حەریق لە ناوەڕۆکدا چەند دەرگایەکی کردۆتەوە لە هەمووان زۆر و بەناوبانگتر هەڵبەستی دڵداری یان غەزەلیاتە، لەم بابەتەشدا دەرگای سۆفیەتی سەری کردووە بەسەر هەست و سۆزی مریدێکی ڕێگەی نەقشبەندی، هەر لەم دەرگایەوە مەدحی شێخ دەکات و ئایین پەروەری پیشان دەدات. با بەچەند نموونەیەک دەم بۆ باسی غەزەلیات و دڵدارییەکە ببەین.

بەناوبانگترین غەزەلی شاعیر کە لە کۆنەوە بەمەقام دەگوترێ و ڕەخنەگر و شیعر دۆستان بایەخیان پێ داوە ئەم هەڵبەستە لام وابێ هەڵبژاردەی دیوانی کلاسیکیاتی سەدەی نۆزدەمینە.. کەوا شاعیر بەشێوازێکی ناسک و جوانی پەرستیی دڵدارانە ڕوو لە یارەکەی دەکات و ئاخاوتنی لەگەڵ دەکات و بانگی دەکات:

" هۆ چاوەکەم!.

وەرە ئەوەت بۆ بگێڕمەوە کە ئەمڕۆ چوومە ناو باغی گوڵان، گوڵ بەنازەوە بەرەو ڕووم پێدەکەنی، بەڵام چونکە تۆ خۆشەویستی منی لەو جوانتری، وەفا لێ نەگەڕا بیدوێنم..

تەنانەت گوڵەکە بەتۆزی پێی تۆوە لافی لێ دەدا و وەک پۆدرە خۆی پێ ئارایشت دەدا سۆزەی شەماڵی تۆ هەڵی کرد و ئەو نازەشی لە دەست دا.

بەڵێ بەم وتووێژ و ڕاز و نیازە ناسکە و بەزمانێکی کوردیی ڕەوان مەلا ساڵحی حەریق دەڵێ:



چاوەکەم! ئەمڕۆ لە گوڵشەن، گوڵ بەعیشوە خۆی نواند
نەک نمەک گیربم بەمەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند
گوڵ بەتۆزی پێتەوە لاف و گەزافی لێ دەدا
واشوکر سۆزەی نەسیمت هات ئەویشی لێ ستاند
توخوا!. قەت غیرەتە بۆ تۆ ئەرێ سەروی ڕەوان
گوڵ بەبێ تۆ وا لە باغا خیوەتی خۆی لێ چەقاند
باوجود ئینصاف بدەم چاکە، گوڵیش موشتاقتە
هەر لە شەوقی تۆیە سەرپۆش و گریبانی دڕاند.

ئەم هەڵبەستەی حەریق یەکێکە لەو هەڵبەستانەی لەناو دیوانی هەڵبەستی کۆنی شێوە عەرووزی و قافیەداردا شایانە پێی بڵێین هەڵبەستی کوردانە ئەمەش:

یەکەم: لەلایەنی پاشبەند (قافیە)وە کە بەوشەی کوردی هەموو پاشبەندەکانی ئەم پارچەیەی داڕشتووە، بەپێچەوانەی هەڵبەستی دیکەی دیوانی شیعری کلاسیکی سەدەی نۆزدەمین، کە زۆرجار بەدەگمەن و تاک و تەرا قافیەی کوردییان تێدا دەبینرێ..

ئەوەتا وشەگەلی کوردی لە خۆیانەوە قافیەیان لێ هەڵقوڵاوە و زۆر لە خۆکردن و داتاشینیان پێوە دیار نییە هەمووشیان لە ڕستەدا کار (فعل)و تەواوکەری ڕستە زمانییەکانن.

وشەگەلی (خۆی نواند- نەم دواند- لێی ستاند- کراند- رفاند- شکاند- لێی چەقاند- دڕاند- هەڵگڕاند..) بوونەتە قافیەی شیاو و جوان.

دووەم: لەسەر ڕێبازی مستەفا بەگی کوردی دەردی دڵی خۆی بەزمانی خۆماڵی داڕشتووە و هەوڵی داوە لە جیناس بازی و چەکوشکاریی وشە بەدووربێ.. ئەو ڕستە زمانییانەی بەکارهێناوە کە لەسەر زاری خەڵکەکەن

وەکـو: (چاوەکـەم، نمەک گـیـربم، بەمـەرگی تۆ قـەسـەم، لاف لێـدان، دڵ رفـاندن، گۆی وەفا لە مەیداندا، پشتی سەد وەعدەی شکاند، توخوا قەت غیرەتە؟ ئەرێ، هەڵگراندن).

سـێـیـەم: یەکـیـەتیی بابەتی هونەری لە چوارچێـوەی هەڵبـەسـتـێکدا پاراسـتـووە کـە ئەمـەش لە هەڵبـەسـتی سـەدەی نۆزدەمـدا دیسـان کـارێکی وەستایانەیە و یەکێکە لە نموونە کەمەکان. ئەوەتا هەموو گوتاری شیعری رووکـــردنە گـــوێگرە و هەر (تۆ تۆیە)و لێی لانەداوە و لابەلا لاڕێی لە هەڵبـەسـتـەکـە هەڵنەگـرتووە. پێنج دێڕ لە نۆ دێڕ باس هەر باسی گـوڵ و چۆنیـەتیی لێک چواندن و هەڵسـەنگاندنی خۆشەویسـتە بەسەر گـوڵدا لە چەند دیمەنێکی ڕەنگاوڕەنگدا.

زۆربەی ئەم غـــەزەلانە کـــە بـەدیمەن لە دڵداری دەدوێن و بەڕایـەڵی سۆفیـەتییـەوە بەستراونەتەوە باسی لەشولاری ژن ناکەن، لەم بوارەدا تەنیا غـەزەلێکم دیوە کە لەم ڕێچکەیە لایدابێت و جگە لە خەت و خاڵ و چاو و زوڵف و باڵا و چەناگـە بێت وەسـفی ئەندامی ژنایەتی بکا... ئەویـش ئەم دێڕەی تێدایە:

مەجمەعە سینە وەفنجان مەم و شەربەت دەم[٢]
خـەلعـەتی یارە کـە زانیـویە غـەریبی وەتەنم

خۆ ئەم قسەیە ڕێ لەوە ناگرێ کە ناو ناو باسی ماچیش بکات:

کـەوتە نێـو زوڵمـاتی زوڵفی تۆ دڵی ئەسکەندەرم
خدری زیندە ماچی لێوت کـەی دێ ڕزگاری دەکا.

هەروەها:

جـەژنانەیی من رووحـە کـردوومـە بەقـوربانت
تۆش ماچێ کەرەم فەرموو لەو سێوەی زەنەخدانت

٢- مەجمەعە: خوانچە، سینی.



چونکە شاعـیـرانی ڕێگەی سـۆفـیـەتی بەتایبـەتی عـەرەب بەدەسـتـووری زەمانەوانیی مێیینە قسە لەگەڵ دڵدارەکەی خۆیان دەکەن و مەبەستیشیان (ژن) نییە و لە تەفسیردا دەردەکەوێ کە مەبەستیان خۆشەویستی ڕێچکە تایبەتییەکەی خۆیانە.

هەر بەو شێوەیە واچاکە بەچاویلکەی سۆفیەتییەوە سەیری غەزەلەکانی بکەین، چونکە دڵدارییـەکـەی ئەو هەر لە بەرگی سـۆفـیـەتیـیـەکـەدا گەشاوەتەوە و پەرەی ساندووە. ئەگەرنا ئەو گاڵتە بەعیشقی ژن و دڵداریی مـرۆیانە دەکـات و لای وایە عـیـشـقی (حـەقـیـقی) عـیـشـقی خـواییـیـە و عـیـشـقی ئارەزووی مـرۆیانە (مـەجـازی)یە... چونکە وەکـو خـۆی دەڵێ: ڕووناکیی خودا خۆی لە دروستکردنی ئادەمدا دیاری کرد و خۆشەویستییان هەموو کوڕن چ پێغەمبەری خۆمان و پێغەمبەرانی دی و چ شێخ و پیریی ڕێگەی سـۆفـیـەتی... جا کـوڕی جـوان کە جوانیی کردگـار دەنوێنێ هەر بۆ (بەزمی تەماشا) مایەی خۆش ویستنە کچیش بۆ (خەڵوەتی تەنیایی)یە.

هەر بۆیە گوتوویەتی:

عـیـشقت کە حـەقـیـقی بێ تاڵت مەبە ئیللا کوڕ
هەم حـەزرەتی لەولا کـوڕ، هەم یوسـفی دالا کـوڕ
ئەو نوورە کە مەنشەء بوو بۆ عاشقی مەبدەء بوو
تێـفکرە لە ئەو نـوورە، مـەعلووم و هوەیدا کـوڕ
بۆ خـەڵوەتی تەنیـا کچ، بۆ بەزمی تەمـاشا کـوڕ
بۆ فـاسـقی ڕسـوا کچ بۆ عـاشـقی سـەودا کـوڕ

ئەم چامەیەی شاعیر دەچێتە چوارچێوەی سۆفـیـەتییەوە و پەیڕەو کردنی ئەو ڕێگە باوانەیە کـە لە ئەدەبیـاتی فـارسی بەناوبانگ بوون و لە کـۆنەوە ماوە بەعیشقی کوڕان دراوە و لە عیشقی کچان پەسندتر دانراوە.

لە غـەزەلێکدا سـەیر دەکـەی باس هەر باسی ئومـێدی خـەیاڵی گـەردن و

زوڵفی عەترداره، بەتاسەوە چاوەڕێی سورمەی تۆز و غوباری هاتنی یارەو وەکو مەجنون عاشقی لەیلایە و بەم جۆرە تێ هەڵدەکشێ:

مەداری تووڵی ئومێدم خەیاڵی گەردەن و زوڵفە
بەڵێ سەودای سەری عاشق لەسەر هەودایەکی خاوە
هەوای نافەی غەزالەی ڕێی خوتەن تووشی خەتای کردم
بەیادی میشکی زوڵفی رووم لە چینی پەرچەمی ناوە
دەمێکە چاوەڕێی سورمەی غوباری مەقدەمی یارم
لە کۆی خوبانەوە ئەمڕۆ نەسیم تۆزێکی هێناوە

پاش ئەو سکاڵا و دەردی دڵدارییە مەبەستی ڕاستەقینەمان پێ نیشان دەدا کە یارەکەی ئەو شێخی بورهانە، هەر ئەوە کە شەرابی دیداری وەکو (ئەکسیری خاکی مەعدەنی رووحە)و دیدەنیی وەکو بەهەشتی ئادەمە و وەکو کراسی یوسف وایە کە چاوی کوێری یاقووبی باوکی پێ گەشایەوە:

لەسەر سەودای(قوماری)شاهی خووبان پیری بورهانی[٣]
بەچۆگانی ئیرادەت گۆی سەرم بۆ بازی داناوە
بەقوربانت بم ئەی پیری خەراباتی جیهان ئاباد
بەشاهید بە کەوا روحم لە رەهنی قوربی تۆ ناوە

لە کۆتاییدا دەڵێ:

وەک پەروانە بۆ شەمعی جەمالی تۆ (حەریق) ئەمڕۆ
چرای شەوقی بگیرێت و (ئەبێت؟) خۆشیی هەڵستاوە

بەڕاستیش هەڵبەستەکانی سۆز و گەرموگوڕی و فرەفڕی دڵی بەهەڵپە کەوتوویان پێوە دیارە... واتا ئەگەر هەر بەدیوی (دنیایی)یەکەش بیخوێنینەوە لە مەیدانی مەبەستی دڵداریدا هونەر دەنوێنێ و هەڵبەستی حەریق شایانی کۆڕی دڵداران دەبێ و بەهەناسەی گەرمەوە هاوار دەکا:

٣- قومار: یاری، گەمە.



ئەی تۆبە لە دەست ڕۆژی فیراق و شەوی هیجران
وەی ڕۆ! لە هەراو کەشمەکەشی ساحەتی حیرمان.

سۆز و گودازی دڵی شاعیرێکی دڵدار لە زۆر غەزەلدا خۆی دەنوێنێ خوێنەر هەست بەگەرموگوڕیی هەستی شاعیر دەکات، بەنموونە:

دڵم هەروەک رەعییەت (خۆش نشینی) موڵکی باڵاتە
لە هەرجێ دائەنیشێ لێی گەڕێ قوربانی باڵاتم
ئەگەر ڕاستت ئەوێ سەروی بڵند باڵا دڕۆناکەم
لە پاش فەوتی حەیاتیشم بەئومێدی مولاقاتم

خۆش نشین ئەو وەرزێرەیە کە دێتە گوندێک لای ئاغاکەی دادەنیشێ هەموو ئەرک و فەرمان و بێگاری بۆ بەجێ دێنێ بەڵام وەکو وەرزێرانی دی خاوەن زەوی و زار و بەرهەم هێنان نییە، جا شاعیر بەسەرتاپای ئەندامەکانی لەشی یار ڕازییە دڵی خۆش نشینی بکات و ئامادەی هەموو ئەرک و قوربانییەکە هەر لە هێلانەی لەشولاردا نیشتەجێ بێ.

## غەزەل لە ژینگەی شاعیردا:

مەلا ساڵحی حەریق هەر دەڵێی شاعیرێکی ڕیالیستە، وەکو لە پێشەکی دیوانەکەیدا هاتووە: (هەڵبەستەکانی ئاوێنەیەکن چۆنیەتیی ژیانیمان پێشان ئەدا لەو سەردەمەدا.) ئەگەر بابەتەکانی شیعری غەزەل و مەدح و ئاییندارییش بن دیسان لە ژینی دەوروبەری خۆی و سروشتی کوردستان هەڵهێنجراون و پێی ڕەنگ بوون... ژینی مەلایەکی هاونشینی حوجرە، خەریکی دەرس و دەور، بەدەرامەتێکی کەم، نەزەویوزار و نەمووچە و بەرات و دوکان و بازرگانی:

١- لە زستانێکی سەختی پڕ لە بەفر و کرێوە و ڕێبەندان کە پێویستە خەڵک لە پاییزەوە خەمی زەخیرە و تفاق خستن بۆ ڕۆژانی بێ بژێویی زستان بخۆن.

فەسڵی خەزانەو وەختی خەزانە بەسەر ڕەوان
سەرمای ساردی میهری یارم چێژیوە من
گەرچی لوتفت خەزانە بۆ وەرەقی سەبزی سەر ڕەزان
زانیم کە حوجرە ساردە تفاقم کرپیووە من.

هەر لەم ڕووەوە غەمی خۆی بەبەفر و خەفەتی بەهەور وێنەکێشاوە:

هەوری خەفەتە، بەفری غەمی داوە بەسەرما
یا سەرسەری(نوورینە)کە لێی کردمە سەرما(٤)

ئەو کەسەی باری ئەو سروشتە و ئەو ژینگەیەی شاعیر ڕەچاو بکات تێ دەگات کە (بەفر) و (سەرما) شایانە بکرێن بەنیشانەی غەمی ئەو هاوولاتەی کە زستانێکی سەخت و دوور و درێژ و بێ دەرامەت بەسەر دەبات.

بۆیە ئەو ڕەخنەیە نادروستە کە لەم دێڕە هەڵبەستە دەگیرێت گوایا:

(ئایا چۆن غەم ئەکا بەبەفر؟! بەفرێ کە سپی و غەمێ کە ڕەشە، ئەم تەشبیهە چۆن سەر دەگرێت؟ لە کوردیدا لەهەر لایە شتێک شوبهێنرا بەبەفر ئاشنایەتی لە بەینیانا یا سپییەتییە یا ساردیەتی، لێرەدا ئەو ئاشنایەتییە نییە؟)

-مێژووی ئەدەبی کوردی- ل، ٣٩٦-

ئەم ڕەخنەیە تەنانەت لەگەڵ گیانی ڕەوانبێژیی هونەرناسدا ناگونجێت...

٤- وابزانم هەڵەی چاپ لەم نیوە دێڕەدا ڕووی داوە، ئەگەر نا ئایا سەرسەری نوورین یان صەرصەری نوورین چ مانایەکی دروست بەسەرجەم مانای دێڕەکە دەدات؟... نوور یان ڕووناکی گونجانی لەگەڵ بای صەرصەردا چۆنە؟ پاشان لەو زستانەدا کە هەوری خەفەت دنیا بگرێت، ڕووناکی بەچاک دەزانرێ با وەکو بایەکی سەختیش بێت؟ لەبەرئەوە من لام وایە (صەرصەری نوورینە) نییە بەڵکو صەرصەری دووریتەیە. ئەوسا ماناکە ڕەوان دێتە دەست.



کە بنەمای لێک چواندنەکە مەرج نییە هەر ڕەنگی سپی و ساردیی بەفر بێت بەڵکو ئەو کارەساتەی بەفری زستان بۆ ژینی شاعیر و هاو وڵاتانی دروستی دەکات و لەلایەنی واتاییەوە نزیکی و بەندیواریی تەواو لە نێوان لێچوو و لەوچوودا هەیە.

هەر لەو بوارەدا شاعیر بەرچاو ڕوونانە چاوەڕێی بەهار و ڕەش بوونەوەی بەفری زستان دەکات... نەک هەر ئەو بەڵکو گوڵ و بولبول و کەژ و دەشت و دار و درەختیش، هەر بۆیە لەو وێنە و لێک چواندنانەدا کە لە سروشتی کوردەواری بەرهەمی هێناون سەرکەوتوو بووە:

چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە
بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ بولبولم با بێتەوە
وا (وەعیدی) بەفری زستانی فیراقت کەوتە دڵ
(مەر) بەبای وەعدەی ویصالت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە(٥)

هەر بۆیەش (نەورۆز) بەمەلیک دەزانێ کە خەڵات بەمرۆڤان دەدات و سەرکردەیی جەنگی نێوان بەهار و زستان دەکات کە بەم شێوەیە وێنەی دەگرێت:

خەڵاتی شاهی نەورۆزی نیشانەی ئاتەش ئەفرۆزی
(نەسیم) هێنای بەدڵسۆزی، ئەڵێ سۆزی جەفا نابێ
رەئیسی (هەور)و تۆپچی (رەعد)و تۆپ (بەرق)و نیزام (باران)
(نەسیم) پێشڕەو، تەلیعی (تەرزە)، فەڕاشی ئەبێ (با) بێ
(شەماڵ) سەرتیپ و تەرتیبی خولامانە غولامانە
(جنووبی) یاوەرو فەوجی شەدەو دەسماڵی والابێ
بەڵەک بوو کێو و سەحرا وەک دەڵەک خۆی دزییەوە (زستان)
زەییستان ئیتیفاقە چۆن بەری خست هێزی پێی نابێ

٥- وەعید: گەف و هەڕەشە. مەر: مەگەر.

٢- جا هەر وەکو شاعیر لە باسی ژینگەی خۆیدا گوتی (زانیم کە حوجرە ساردە تفاقم کرپوە من) ئەگەر خۆراکیش بەشێک بێ لە تفاق ئەوا (چا) بەشی هەرە گرنگی ئەو تفاقەیە، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە دەکاتە دوا دوای سەدەی نۆزدەمین (چا) خواردنەوەیەکی تازە داکەوتوو لە کۆڕدا پایەدار بوو... دەستخستنی شەکر و چایە و پێشکەش کردنی بەمیوان کارێکی بنەڕەتی و ئەرکی جوامێرانە بوو.

ئەم چایە بەتایبەت لای مەلا و فەقێ و چینی هەژار جێی حەز و ئارەزوو بوو، هەر بۆیە مەلا ساڵح زیاد لە شەش هەڵبەستاندا باسی قەند و چا دەکات و بۆ تەشبیهی لێو و وتەی شیرینی یار بەکاری هێناوە ئەمەش بەڵگەی کاریگەریی ژینگەیە لە هونەری شاعیر. هەندێ جار لەباتی (مەی) و (ساقی)ی سمبولّی شاعیرانی دی بەکاری دەهێنێ:[٦]

تا لێوی شیرینی زەمانە بەمەزاقت بێ
(چا) نی‌یە ساقی بدا بادەو تۆ بلێی نابێ
بە (زوخاڵی) جگەرۆ (دوودکەشی) ئاهی سینە
هەر بەجۆشێ ئەبوو (چا) بەنیو دەمی کێشابێ
ساقی جامی کەرەمی دەردی عەتای شیرینە
با بەتاڵیشی بدا رووحی لەلات بێ چابێ

لە هەڵبەستێکی تردا ئەندامانی لەشی خۆی بەچاو و هەناسەدان و سینگ و جەرگ و قسەکردنەوە بەبەزمی چالێنان و سەماوەر دادەنێ بەو هیوایە کە یاری (ساقی) بەڵکو ئارەزووی (چا) بێ یان چاک بێ.

نەفەس دەم، دیدە پڕ ئاب و سەماوەر سینە، جەرگ ئاتەش
کەلام قەندە گەر ساقی لەگەڵ من ئارەزووی چابێ

٦- حەبیب علی میرانی مەنمی هەڵبەستێکی لە هەڵنانی (چا) و بەراوردکردنی لەگەڵ وێسکیدا هەیە... لای ئەو چا گەلێک لە وێسکی خۆش و چاک و بەڕێزترە.



تەنانەت گلەیی لە مانگی ڕەمەزان هەر لەبەرئەوەیە کە چای لێ ناخورێتەوە و وەکو چا ڕووخۆش و شیرین نییە:

بێ قەزابێ ڕەمەزان هێندە بەتەکلیفە ئەدای
سووڕ و ساتێکی ئەوێ خاڵییە تاقەت بەوەفای
گەر حەکیمانە بەشیرینی نەفەرمووی چابێ
هێندە دەم تاڵە بەڕوو ترشی لە خەوفایە رەجای

٣- هەر لە ڕێچکەی کاریگەریی دەوروبەر لە هەست و سۆزی شاعیر و وێنەدانەوەی لە هەڵبەستیدا باری تووتن کێشان (چ سیغارەی دەوڵەمەندان و چ سەبیلی هەژاران)، هەروەها قاوەی قاوەخانان و چای ناو ماڵ دەسکورتیی لە ژین و سادەیی ڕابواردنی پیشان دەدەن. لێرەشدا لە نێوان شیعار و سیغار و صغار و سەبیل بەواتای ڕێ و سەبیلی تووتن کێشان (جیناس) و (تەوریە) هەیە:

تەعاروفی بەسیغارە شیعاری ئەهلی کیبار
سەبیلی عادەتی مەسدوودە بۆ رەواجی سیغار
لە قاوەی قاوەچی هەر کەس کە شوربی چابێ
بەدوودی قەنگە قەناعەت دەکا فەقیر و هەژار

لەجێیەکی تردا دەڵێ هەوڵی قوتابی و مەلا بۆ نان و شەکر و چا و پارووەکە وەکو پارووی قازی یان پارووەکی شیرین:

قوتابی نیم لە هەوڵی نان و شەکر و لوقمەیی قاضی
لە ئەهلی طالب تەحصیل و زیکر و ویرد مەئسوورم.

هەر ئەو جۆری ژینەیە کە لەبەر یارمەتی نەدانی لەلایەن خەڵکەوە پێویستی و ئاتاجی هاتوەتە سەر گوێدرێژێک:

عەزیزم تۆ دەزانی من لەبەر چاوت و ڕوگێژم
لەبەر ناپیاوی خەڵکی تێئەگەی موحتاجی گوێدرێژم

مەلایەکی زانا و شاعیر پەکی لەسەر گوێدرێژێک دەکەوێ و بۆ هارینی باراش ناچار دەبێ لەگەڵ خەڵکی چاوەڕوان بێ کەی نۆرە ئاشی بەردەکەوێ و واز لە دەرس و زانیاری و خوێندنەوەی خۆی بهێنێ و هەناسە ساردانە بڵێ:

یان وەکـــــو من بەخت و تالع یاوەر و یارم نەبوو
جـــێی مـــوتاڵاو نۆرە دەرسم بۆتە دەوری نۆبە ئاش
نان و ئاوی ئەهلی دڵ هەر غوصصەیە و خوێنی جگەر
دەســـتی بەرداوە لە عـــەرصـــە طالبی نانی بەلاش.

٤- دەرس و دەور و کتێبی مەلایەتی ئەویش لە ژینگەی خۆیەوە هەستاوە و لە هەندێ هەڵبەستیدا ڕەنگی داوەتەوە. لەلایەکەوە بۆتە نیشانەی کەسایەتیی شاعیر، لەلایەکی تریشەوە نیشانەی دەوروبەری ژین و کاردانەوەیە لە بەرهەمی هونەریدا.

لەم دێڕە هەڵبەستانەدا نموونەی ئەمە دەبینین:

لە قـــەیدی زەید و عـــەمـــرانیم، دڵم پا بەســـتـــەیی تۆیە
لە هەر وەخـــــتێ رەها بێ پێ ئەزانم رســـــتـــــەیی تۆیە
دەراهیم(صەرف)ی مەمنوع و (ئینصافە) جورمی مەقتوع و
لە بەختی ڕەش بوو کەوتم تۆ بەڕوو سوور من بەڕوو زەردی.

هەر بەم جۆرەش جوانیی یار و دڵداری بەکتێب و کاروباری دەرس و دەور و مەلایەتی دەشوبهێنێ:

بەو وەجهە دەڵێن (مصحف) و بەو (نقطە) دەڵێن دەم
بەو زوڵفە دەڵێن (قەید) و بەو (حاشیە) پەرچەم
تەفســـیـــری شـــەوی وەسڵ و غـــەمی ڕۆژی مـــەزاقـــە
مـــەشـــهـــوورە لە دونیـــا بەبەهەشت و جـــەهەننەم



لە چەند هەڵبەستێکی تردا چەند کتێبێکی بەناوبانگی زانیاری دەکاتە پێی تەرازووی لێک چواندن وەکو:

لە ڕەمزا (حکمە العین)ە ئیشـارەی چاوی بیـماری
بە (قانون)ی ئەدەب ئایەی (شفا) بۆ ئێمە ئەخوێنێ

هەروەها:

لە خزمەت (قاضی یا لاری)م نییە بۆ سەر چ جای ماڵم
چ (حیکمەت) بوو ئیشارەتی نەفەرموو بۆ (شیفا)ی حاڵم
مـــقـــصـــودی من اظهـــارە بۆ ئەمـــثلەی مـــەدحت
بۆ (توحفە)یی ئەوصاف و ئەزهاری (گوڵستان)ت
ممکن نییە (تەقسیم) و (ضەرب)ی عەدەدی ڕەحمەت
(منها) کە لە تەقسیمە ضەربی خەمی چەوگانت.

وادیارە ناوی کتێب و دەرس و بابەتی زانیاریی مەلایەتی بەبێ ئاگا دەپەڕنە ناو هەڵبەستییەوە و دەبنە مایەی جیناسکاری و تەورییە:

بەنی ئادەم خوا وای کردووە ڕۆژێکی تاماوە
سەراسەر عومری صەرفی (صەرف) و (نەحو)ی (ظرف) تیاماوە.

## ڕێچکەی هەڵبەستی سۆفیەتی:

لە پێشەوە لە باسی غەزەل و دڵداریدا گوترا کە سۆفیەتی سەری کردووە بەسەر هەست و سۆزی شاعیردا و دڵدارییەکەی لە بەرگی سۆفیەتیدا ڕەنگدار بووە و گەشاوەتەوە... حەریق وەکو لە ژیننامەیدا دیارە ڕێبواری ڕێگەی نەقشەبەندی بووە، بەڵام لە پایەی موریدی ژوورتر نەچووە، لەگەڵ ئەوەشدا مریدێکی بەڕاستی و پەروانەی دەوری گڕی پیری خۆی بووە، بەڵام هەوڵی نەداوە بە (حالات) و (مقامات)دا سەرکەوێت و لە ڕێگەی مەشقی تایبەتی ڕێگەکەوە بگاتە پلەی ژوورتر وە سۆفیەتی ببێتە خەمی

هەرە گەورەی و ببێتە عیشق و لە پێناویدا خۆی بۆ قوربانیدان تەرخان کردبێت.

بەڵێ وەکو مریدێکی دڵسۆز خۆی داوە بەدەست ڕایەڵی خۆشەویستی شێخەکەی، وەئەوەی نەک هەر بەئیمامی خۆی بەڵکو بەئامانج و دڵبەر و لەشەڕی بەردەوامی نەفسدا (کە هەردەم بەدێو و شەیتانی داناوە) بەهانا و فریاگەری خۆی زانیوە:

لە دەستی دێوی نەفسم دڵ وەکو مورعێکی بێ پەروا
وەکو پەروانە بۆ شەمعی تەلەسمی ئەو بێ پەروایە
خودا ڕەببی نەجاتم دەی لە دەس ئەو دێوی بێ ڕەحمە
کەوا وەک دوژمنی خوێنین بەدایم لێم بەداوایە

ئەم (نەجات) و ڕزگاربوونەش بەسەر ڕێژکردنی دڵ دەبێت لە خۆشەویستی:

کە خاڵی بێ دڵی عاشق لە بادە و حوببی مەعشووقی
بەخۆڕاییت نەوێ چاکە وەکو شووشەی شکاو وایە

هەر خۆشەویستی ڕابەرە و مایەی ڕزگاربوونە لە دێوی نەفس و دنیا دۆستی

نیقابی ئاستانەی مورشیدی ئەرشەد عەلی عالی
لەوێ روحت فیداکە تۆ نەجاتت هەر لەوی دایە.

جا لە چەند هەڵبەستێکدا ناوی مورشید و شوێن و هیمەت و پلەوپایەی سۆفییانەی باس دەکا پێویست بەنموونە هێنانەوە ناکات، هەروەها چەند زاراوەیەک کە لە هەڵبەستی زۆربەی شاعیرانی ڕێبازی سۆفیەتیدا ناویان هاتووە ئەویش ئاماژەیان بۆ دەکات وەکو: (مەی، بادە، مەستی، ساقی، جیلوە و ژەنگ و...هتد)



خوا عومرت بدا باقی وەرە (ساقی) بدە (راقی)
کە تۆ هەمڕازمی (مەی) بێنە بۆ دەرمانی دەردانم
هەتا (کوفر)ی سەری (زوڵفت) ببینم وا لە نێو کوفرام
کە دیتم شەمعی ڕوخسارت ئەڵێم ئۆخەی موسڵمانم

لام وابێ حەریق بەرلەوەی بەرایەڵی شێخ خۆی بەند بکات و گوایا بۆ دڵداری ڕاستەقینە سەر دەردەکات شاعیری دڵداریی دنیایی و مەجازی بووە... لەم بوارەشدا زۆر هەڵبەستی وەها دەبینین کە تێکەڵییەکی تەواو لە نێوان هەردوو ڕێچکەدا هەیە...

لەلایەکەوە لەسەر بناغەی دنیاییەکەوە چینی دیواری دڵدارییە دەروێشییەکە هەڵدەچنێ، لەلایەکی ترەوە هەموو ئەو وەسف و دیمەن و ڕاز و نیازانەی لە دڵداریی دنیاییدا بەکاردێن ئەویش بەکاریان دێنێ:

تاکەی لە تەوافی حەرەمی قیبلەیی ئەبرۆت
وەک پەرچەمی پێشانی سەر ئەفگەندە و خوارم[۷]
چت داوە لە ڕووترشی و سرکەی دەمی ئەغیار
قەندی لەبت شیرین بەدەمی تاڵی خومارم
ئەی عەرعەری بیستانی (هیدایەت) وەرە باغان
داغانی قیامەت کە قەدی سەروو چنارم
پەروانەیی شەوقت مەخەرە ئاگری میحنەت
شەمعی دڵەکەت هەڵکە لەبۆ بەزمی نیگارم

لە هەندێ هەڵبەستدا شاعیر ڕاستەوخۆ ڕووی کردۆتە شێخ و هەست و سۆزی خۆشەویستیی خۆی بەرامبەر بەپیری ڕێگەی سۆفیەتیی خۆی دەربڕیوە و ناوی شێخی (شمس الدین بورهانی) هێناوە.

---

۷- سەرئەفگەندە: بەشەرم داکەوتوو.

هەر وەکو گوتمان هەڵبەستی حەریق کەم و زۆر لە دەروونی مریدێکی سۆفییەوە ڕەنگداربوون، کەوا هەڵبەستی بەسۆز و تەڕ و پاراون، زمان و داڕشتەیان سادە و هونەرمەندانەیە و نموونەیەکی شیاو و پێشکەوتووی هەڵبەستی غەزەلیاتی کوردی سەدەی پێشوون.

جگە لەو ڕێچکەیە، هەر لە هەڵنان و مەدحی شێخی بورهاندا چەند هەڵبەستێکی هەیە کە زیاتر دەچنە خانەی مەدح تا سۆفیەتییەوە، وەکو لەم سێ دێڕەدا دیار دەبێ کەوتووەتە ژێر کاریگەریی نالی و شێخ ڕەزا و مەولەوی:

کەوتوومەتە ژێر دەستی شیاطین و نەفسم
دەستێ بدەرە دەستی شکستم بەعینایەت
قوربان بەفیدای قاپی سەگی قاپیەکەت بم
وا بزانە سەگم ڕامگرە بۆ حیفظ و حیمایەت
بێ تویشەم و هاتوومەتە دەرماڵی کەریمان
هەر جارە بەبێ توێشو دەچن ئەهلی ولایەت

لە کاتێکدا، جگە لە شێخ ڕێز و نەوازشی بۆ چەند کەسێک دەربڕیوە کە پێشاندانی دڵسۆزییەکەی دەگاتە پلەی پێ لێهەڵبڕین،... بەڵام چەند هەڵبەستێکی نموونەی شیاوی بابەتی هەڵنانن وەکو مەدحی (فخر العلما) و (قاضی) و (کاک ئەحمەدی شێخ) و سەردارێک (لەوانەیە ناوی سیف الدین بووبێ) گرنگ لەوەدایە هەڵنانەکانی بۆ داواکردنی نان و پایە نییە کە سووکی و ڕیسوایی شاعیر بنوێنن...



## هەڵبەستی تەوس و گاڵتە:

دیمەنی کەسایەتیی شاعیر تاڕادەیەک لە ژیانی مەلایەتی و قەناعەت و وێنەگرتنی ژینگەی سادەی خۆی لە حوجرە و ماڵ و مزگەوتدا (وەکو لە پێشەوە لێی دواین) دەردەکەوێ، بەڵام ڕەوشتی بەرز و دڵکرانەوەی بەسەر لایەن و دیوی تری ژیاندا کە بەرچاو ڕوونانە سەیری ژیان دەکات و لایەنی کۆمیدی لێدەخاتە ڕوو ئەمە تەواوکەری دیمەنی کەسایەتییەکەیە... واتا جگە لە دەربڕینی خەم و خەفەت و هەست و سۆزی دەروون ئاوڕێکیشی لە تەوس و گاڵتە و قسەی خۆش داوەتەوە و دیوی سەیر و خەندە و پێکەنینی ژیانی بەئێسک سووکی و ساکاری و دەمپاکی پێشان داوە... وە لە هەندێ هەڵوێستی تەوس بازیدا خۆی گرتووە و نەیگەیاندۆتە (هەجو)ی دڵتەزێن و ڕەوشت ڕووشێن... جا تۆمارکردنی دیمەنە سەیرەکانی ژیان و گرینگیدان بەلایەنی کۆمیدی لە ئەدەبدا نیشانەیەکی بەرزە دەبێ بۆ شاعیر باس بکرێت:

١- شاعیر لە هەڵبەستێکدا وێنەی شەوی پەردەی کابرایەک دەنەخشێنێ کە کابرا لەم شەوەدا بێ دەس و پل لێی کەوتووە و (ئیجازەی ماری خۆی پێنەماوە) و گوتوویەتی (سیحرم لێکراوە).

زەماوەندی شەوی زاوابەندی دیمەنێکی کۆمەڵایەتیی کوردەوارییە، ڕێوڕەسمی خۆی هەیە.

کەوا (پێخەسوو، بەربووک، پۆپ چەرمک) دەچنە لای بووک ڕێوشوێنی پێویستی شەوی بووکێنیی پێشان دەدەن. کە زاواش دەچێتە پەردەوە خەڵک لە دەرەوە دوعاگۆن و بەزم دەگێڕن، هەندێک چاوەڕوانی دیاریی مزگێنین بەڵکو سوارەکەیان بەشیر و تیرەوە لە مەیدان سەربەرزانە سەرکەوتن بەدەست بێنێ...

بەڵام دەڵێی چی ئەگەر زاوا هیوای خەڵکەکە بڕووخێنێ:

وەلێ بیستوومە خوانە نەخواستە گیرنەبووە هیچ تیرت
لە دەست کەوتووی، لەبەرپێدا دەڵێی بێ زار و بێ زوورم
لە فەتحی بابی خێر وەک (بولحسەن) بۆ قەڵای خەیبەر چووی
چ خێر بوو وا لە دەست چووی هەردەڵێی من تەرکی مەئمورم
لە دەعوادا یەدی بەیضا، عەسای مووسات لە دەستا بوو
ئیجازەی ماری خۆشت پێ نەما، فەرمووتە مەسحوورم.[8]

٢- لە هەڵبەستێکی تردا وێنەی (مونکیر) -واتا ئەو کەسەی باوەڕی بەشێخی ئەو نییە- بەگوێدرێژێک دەنەخشێنێ کە لە قوڕ چەقی بێت.

کاتێکیش کە گوێدرێژ بەباری قورسەوە لە قوڕ دەچەقێ خەڵک بۆ دەرهێنانی دەکەونەخۆ و بەماندبوونێکی زۆر هەڵیدەستێنن و دەریدەهێنن...

بەستەزمانەش چی جێی نییە پێی ڕابکێشن یان پەلی بگرن تەنیا کلکی نەبێت:

هەتا گوێی پێوە بوو (مونکیر) لە زەلکاوی حەسادەتدا
هەزاری کلکی بگری کەڵکی ناگرێ تازە خنکاوە.

٣- لەم هەڵبەستەی هاتوودا شاعیر راز و گلەیی لە (سەید ڕەشید) تێکەڵ بەتەوس و گاڵتەپێکردن دەکات و لەژێر پەردەی هەجوودا خۆی مات دەکات:

لەلام وابوو کە تۆ سەیید ڕەشید یاری لە بۆ یاری
لە موڵکی میهرەبانیدا لە یارانی وەفاداری

---

٨- بوولحەسەن: عەلی کوڕی ئەبو تالیب کە قەڵاتی خەیبەری جووەکانی مەدینەی گرت. (ب) مووسا کە دەستی لە ناو گیرفانی دەردەهێنا سپی هەڵدەگەڕا کە داردەستەکەشی هەڵدەدا دەبوو بەمار. (ج) جاران مارگر هەبوون (ودم)یان ئیجازەی مارگرتنیان بەخەڵک دەدا تا بتوانن بەبێ وەزەند ماربگرن... بەڵام هەندێک مار گوایا بێ ئیجازەن ئەمانە دەستگیر ناکرێن.



جەواری ڕەحمەت و دەسگاهو پێشگای عەدل و ئینسافی
لە دەربارەی فەقیران ڕاست ئەمین و ئەهلی دەرباری
تەلیعەی فەوجی ئەوج و یاوەری سوڵتان و سەرهەنگی
لە سەربازانی ممتازی و لەسەر عەسکەر قومانداری

ئەم سەی ڕەشیدە وادیارە خۆی واپیشان داوە کە یارمەتیدەری یاران و دادەستێنی هەژارانە و لە حکوومەت نزیکە، بەڵام دەردەکەوێ کە ئەمانە هەمووی چاو وڕاو و بێ ئەنجام بوون:

چ خێربوو دەوری بەزمت بێ سەدای شاباشی چاوەش چوو
نەوای تارت چەنێ تاربوو دەمی پیک ساز نەهات باری

وە ئەو بەڵێنەی دابووی هەموو پووچ دەرهات و کارەکەی شاعیر کە ئەو لە ئەستۆی گرتبوو- پاش چاوەڕوانییەکی زۆر کە شاعیر (لە دەس چوو و لە پێ کەوت)- جێ بەجێ نەکرا:

نەقورعەی من لە جێبی جامەخانەی مەرحەمەت دەرهات
نەروقعەی تۆ بەڕەسمی توحفە دیداری بووە دیاری[9]

جا شاعیر هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ و قسەی ڕاستی لە دەست ڕەشید دەنێ و ڕاستەقینەی خۆی پێنیشان دەدات، بەڵام بەو پێیە کە خۆیشی لەگەڵ دەدا وا دەکات کرژییەکە بەدیمەن خاو بنوێنێ:

کە تۆش هیچ بووی وەکو من بالەمەولا ڕوو لە مەولاکەم
بەخوا غەیری من و تۆ وەک من و تۆ بوون مەدەدکاری.

٤- لە شوێنێکیش شاعیر ڕەخنەیەکی پڕ لە تەوس و تیز لە (زاهید) دەگرێت، ئەوەی لەژێر پەردەی دیندا بەم لاو بەولادا پەل دەهاوێ، بەڵام بۆ ئەوەی خەستیی ڕەخنەکە نەختێ تراو و ڕوون بکات خۆیشی کردۆتە

---

٩- روقعە: کاغەز، نامە.

هاوڕێی زاهید بەڵام ئەنجامی کاری هەریەکەیان بە(سەرشار)ێک گەیشتووە، ئەو هەر لە قۆناغی سەرەتادا واتا لە دیباچەی کتێبەکەدا بووە زاهید نەک هەر دیباچە و فەسڵ و باب بەڵکو هەموو قۆناغەکانی ساختە و فێڵ و دووڕوویی بڕیوە:

هاو دەرس بووم من لەگەڵ زاهید لە دیباچەی کیتاب
من نەگەیمە فەسڵی (تەزویر) ئەو چوو بۆ بابی(ریا).

١٠- نموونەی هەڵبەستەکان لە دیوانی حەریق- چاپی دووەم. کەرکووک. بەسەرپەرشتی مەحموود خاکییەوە وەرگیراون.

# عەبدوڵلا بەگ (ئەدەب)

## پێشەکی

شاعیرێکی بەهرەداری موکریان عەبدوڵلا بەگە کە نازناوی خۆی لە هەڵبەستدا بە (ئەدەب) داناوە، دەڵێن لەلایەن شازادەی ئێرانەوە نازناوی (مصباح الدیوان) واتا چرای دیوەخانی پێدراوە. ئەم شاعیرە لە نێوان ساڵانی (١٨٥٩ - ١٩١٢)دا ژیاوە. ساڵی ١٩٣٦ لە ڕواندز لە چاپخانەی زاری کرمانجی چوارینە بەناوبانگەکە و چەند هەڵبەستێکی لە نامیلکەیەکدا لە چاپ دراوە. ساڵی (١٩٣٩)ش لە بەغدا دیوانی هەڵبەستەکانی بڵاوکراوەتەوە.

عەبدوڵلا بەگ شاعیرێکی دڵتەڕی هونەرمەندە، بەوە ناسراوە کە لە شیعرەکانیدا دڵدارییەکەی لەگەڵ ڕەگەزی مێینە ئاشکرایە و پەردەی لەسەر هەندێک دیمەنی زاینەدەیی هەڵداوەتەوە.

هەڵبەستی ئەدەب -بەشێوەیەکی گشتی- کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکی زۆر بەتاوی شیعری فارسی، لەوانەیە لە ڕێی شانازییەوە، یان پێداگرتن لەسەر ڕێبازێکی خۆیی سەربەخۆ و مل نان لە ڕێبەیەکی سەخت و کەس خۆ لێ نەداودا هاتووە تەونی هەڵبەستەکانی بەوشە و دارشتە و گوزارەی قەبەی فارسی و عەرەبی پڕ گرێ و گۆڵ کردووە. خوێندەواری کورد ئەگەر شارەزای زمانی فارسی و عەرەبی و ئاگاداری شێوازی کۆنی ئەدەبیات نەبێت زەحمەتە یەکسەر تام لەم جۆرە هەڵبەستانە وەربگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرێکی بەهرەدارە، لە زادەی خەیاڵی تەڕ و بیری تیژییەوە گەلێک وێنەی جوانی وە دەست هێناوە و تابلۆی ڕەنگینی نەخشاندووە. لە چوارچێوەی گشتیی دیوانەکەیدا لایەنێکی کەمی بۆ



شێوازی کوردانەی ڕەوان و نزیک لەسەلیقە و چەژگەی کوردەواری تەرخان کردووە. هەڵبەستەکانی غەزەل و دڵدارین، دڵدارییەکەشی -وەکو تێبینی دەکرێ- ئاسایی ڕاستەڕێی نەگرتووە، شاعیر لە ئەنجامی (نێرگزییەتەوە) تووشی دوولایەنی (ازدواجیەت) بووە... بۆیە دوولایەنی لە خۆی و لە هونەرەکەیدا دەبینین.

دەربارەی گرێ چنی و بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی و پێکهاتەی زمانی قورسی بیانی مامۆستایەک لای وایە (ئەم وشانە دەست هەڵبەستن و زۆرتر شیعرەکەی پێ ڕێک خستوون با بە کەڵکی ئەو شوێنەش نەهاتبێتن)[1] بەڵام وەکو دەردەکەوێ ئەو وشانە دەست هەڵبەست نین و مانادارن بەڵام نامۆ و دوورە شارن.

کۆمەڵێک لەو وشە و دارشتە عەرەبییانەی کە دەنگ و هەرایەکی ناساز بەمۆسیقای شیعری دەدەن... تەنانەت ڕەنگە لە هەڵبەستی عەرەبیشدا بەو شێوەیە بەکار نەبرێن. با بڕوانین (کەبکی مطەووەق- سەقفی مجەددەر- عەجز و تەخەططوء- کاشانەی موحەققەر- تەهەززوء- تەجەڕڕوع- حوققەیی مەرجان- گێووی موطەڕرا- والهو موضطەر- قەفا- تەغافول- میعجەر- موسەتتەر... هتد).

پێکهاتەی نامۆی تری فارسی و ناوی شار و شوێنی وەکو:

(لەبی بام- سیە فام- چەهی غەبغەب- نافەی مشکناب- تەیهوو- میهری فروز- ئەندوودە- پەرەنگ- نیگو نسار- مەهئاشام- چەردە- بارە- سزاوار- لرشا- ئەرژەنگ- فەرخار- خوللەر- کەشمەر... هتد).

(١) مێژووی ئەدەبی کوردی. مامۆستا سەججادی. ل ٤١٧ .

**(ئەدەب) و هونەری هەڵبەست:**

وەکو گوترا (ئەدەب) زمانزان و شارەزای ئەدەبیاتی فارسی و زمانی عەرەبی بووە و خوێندەوارێکی ئاست بەرز بووە، سەرباری ئاگاداریشی لە هەڵبەستی کوردی، گومان لەوە دانییە هەڵبەستی نالی، کوردی، تایەر بەگ، حەریق و شاعیرانی سەدەی نۆزدەمینی بەرچاو کەوتووە.

ئەوەی لێی بەجێماوە دیوانێکی غەزەلە کە بەپێی زۆربەی دەنگەکانی زمان پاشبەندی هەڵبەستەکانی داڕشتووە.

غەزەلەکانی (ئەدەب) بەسەر ئەم تەوەرانەدا دەخولێنەوە:

(١) گوێزانەوەی ڕۆشنبیریی فارسی و چاوبڕینە شێوازی داڕشتن و بیر و خەیاڵی هەڵبەستی کۆنی فارسی. لەم تەوەرەیەشدا کەم و زۆر شێوەکانی ڕەوانبێژیی باوی وەرگرتووە. بەنموونە یەکێک لەو شێوانە (تعقیدی لفظی) و (تەعقیدی مەعنەوی)یە... کە لەم هەڵبەستەی خوارەوەدا هاتووە، ئامرازەکانی ڕستەی ڕێزمانی پاش و پێش پێ کردووە و لە سەلیقەی خوێنەری ئارەزوومەندی هەڵبەستی ڕەوانی کوردانە دووری دەکاتەوە، کەوا دەڵێ:

ئەبرۆیی کەشیدەت بەکەفی خەنجەری ئەڵماس
جووتێ سەقەری مەستن دەکەن گوڵشەنی ڕوو پاس
ئومێد نییە مەحصولی ئەمەل فائیدە نادا
تا بۆ درەوی کشتی حەیاتە دوو برۆ داس

سەیر دەکەی داڕشتەی (ڕوو پاس) و (برۆداس) داخراو دێنە بەرچاو ئەنجامی پێش خستنی (کار- فیعل) لە بکەر و ناواخن کردنی نێوانیان بەوشەی دی... کەوا دەڵێ برۆی لەسەر چاو ڕاکشاوت و چاوی مەستت دوو سەقەرن گوڵشەنی ڕووی تۆ پاس دەکەن، کەوا خەنجەری وەکو ئەڵماسی تیژیان بەدەستەوەیە. هەروەها دەڵێ مادام دوو برۆکانی تۆ وەکو داس



کشتی ژیان درەو دەکەن بەرهەمی هیوای لێ نایەتە گۆڕێ.

(٢) بەدوا داچوونی ڕێچکەی غەزەلی شاعیرانی کوردی سەردەمی خۆی و ئەوەی ناوی دەنێن (قوتابخانەی بابان) بەلاسایی کردنەوە و بە(نەظیرە) و تۆمارکردنی دەنگدانەوەی دەنگ و سەدای شاعیران لە هەڵبەستی تازەی خۆیدا... بەتایبەتی نالی و مستەفا بەگی کوردی.

(٣) تێهەڵچوون لە خۆتاقیکردنەوە لە هۆنینەوەی هەڵبەستی دڵداری و هەوڵی پێشاندانی توانای شاعیرییەتی خۆی لەم بوارەدا... کەوا بەهرەی هونەری شاعیرانەی خۆی نواندووە و دەنگی خۆی سەر دەنگەکانی تر خستووە و بووەتە دەنگێکی تایبەتی و ناسراو، بەتایبەتی لە بواری دڵداریی ژن بەبێ پەردە و شەیدابوونی لەشولاری ژندا...

هەر دێرە هەڵبەستێکی هێلانەی فیکرەیەکە چۆن و بۆچی و وەسف و لێکچوون و هونەر نواندن دەترووکێنێ. سەرباری هەستێکی گەرم خەیاڵی وردی تێدا بەدیی دەکەین. لە کاتێکدا کە (ئەدەب) ڕێچکەی تەسکی زەوییەکی ڕەقەنی گرتووەتەبەر... وەکو گوترا تا ڕستە و داڕشتەی بیانی هەبێت کوردیی بەکار نەهێناوە، تا پاشبەندی قورس و دەگمەن و وشەی بیانی هەبێت بەپاشبەندی کوردانە هەڵبەستەکانی نەڕازاندووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر هەندێک جار لە کاریگەریی دەنگ و هەرای شیعری کۆن ڕزگاری دەبێت و بەسەلیقە دەکەوێتە داڕشتنی هەست و نەستی دڵی ناسکی... زۆر وێنەی جوان و گوزارشتی ناسکی نزیک بەزەوی کوردەواری بەرهەم دێنێت... تێ دەگەی کە لە شیوازدا گوێی نەداوەتە دەستکاری و پێچ و پەنای ڕەوانبێژی و زۆر لە خۆ کردن!

پاشبەندی کوردیی ڕیز کردووە و تازەگیی لێ بەدەست هێناوە. واتا چەندین نموونەی شیعری کوردانەو نزیک لە چەژگە و ژینگەی کوردەواری دەبینین.

لەوانەیە بگوترێ کە لێرەدا تووشی ناکۆکییەک بووین لە هەڵسەنگاندنی

شێواز و هونەری هەڵبەستی (ئەدەب)دا... بەڵێ ئەم ناکۆکییە دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و کەسایەتیی شاعیر، کەوا هەست دەکەین تووشی (دوولایەنی) بەواتا (ازدواجیەت)ێکی ئاشکرا هاتووە... ئەم دوولایەنییەش نیشانەیەکی نێرگزییەتە کە لە هەڵبەستە دڵدارییەکانی ناو دیوانەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

(دوولایەنی) جۆرە نەخۆشییەکی سایکۆلوجییە، هەر وەکو (گرەنبەرجێ) دەڵێ: نێرگزییەت هەمیشە ڕێبازەکەی دوولایەنییە.[1]

لەلایەکی دی (فرۆید) دەستنیشانی حاڵەتێک دەکات کە پێی دەڵێ (ئەمبرالەنس) واتا (ئارەزوو دوولایەن، کەوا لە یەک کاتدا لە بۆچوونێکدا هەست بەئازارو بەخۆشی دەکەین، وەکو پیاو ژنەکەی خۆی خۆش ناوێت و لەهەمان کاتدا خۆشیشی دەوێت.[2]

لای (ئەدەب) ئەم دوولایەنییە لە هەڵبەستەکانیدا بەم جۆرە خۆی دەنوێنێ:

- دڵداریی زایەندی دڵداریی سۆفیانە و عوزری
- دڵداری کچ دڵداری کوڕ

شادی و خۆشی ئازلر و ناڵین

شێوازی بیانی و گرێ چنی شێوازی کوردانە و ڕەوان.

جا لەم دەرکەیەوە دەتوانین لە دیوانی شاعیر وەژوورکەوین و پەلوپۆی جۆری ئەو دوولایەنییانە دەست بخەین و نموونەکان شی بکەینەوە.

(١) د. خرستو نجم. النرجسية في أدب نزار قباني. بيروت. دار الرائد العربي. ل١٤

(٢) سيغموند فرويد. ثلاثة مباحث في نظرية الجنس. ترجمة جورج طرابيشي دار الطليعة، بيروت.



## (ئەدەب) و دڵداری:

دڵداری لای ئەدەب خۆشەویستییەکی یەکپارچەی سەرتاسەری ژیان نییە، بەڵکو دڵی شاعیر (لە نێوان لەشولار و جوانی پەرستیدا، لە نێوان خۆشەویستییەکی مرۆڤانەی ڕاستەڕێ و خۆشەویستییەکی زایەندیدا) جموجوولیەتی! دوولایەنییەکەی بەتەواوی لە دڵداریدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە شاعیر لە نێوان دڵارامی و ناڕەزاییدا، وە لە نێوان مزگێنیی پێکگەیشتن و دوورکەوتنەوەدا، وە لە نێوان خۆشەویستییەکی واقیع بین و خۆشەویستییەکی خەیاڵکرددا دڵە ڕاوکێیەتی. بۆیە لە دوا دوای ژیانیدا هەرزەکارانە دەڕوانێتە مەسەلەکە. ئایا دەبێ هۆی ئەم دوولایەنییە و دڵە ڕاوکێیە چی بێ؟

وەکو زانراوە عەبدوڵلا بەگ ژنی هێناوە و شیعری بەسەر نوسرەت خانمی ژنی هەڵداوە، بەڵام وا دیارە گونجان و یەکبەرگییەکی تەواویان نەبووە، ژیانیان تۆران و دوورکەوتنەوە و ئازار و سکاڵای تێکەوتووە. وا دیارە تاقیکردنەوەی یەکەمجاری زایندەیی ژنەشی تووشی ناڕەزایی و دەردەسەری کردووە.

لەم ڕووەوە گوتوویانە:

«شیعری عەبدوڵلا بەگ بوو کە جوانیی نوسرەت خانمی بەتەواوی کوردەواری ناساند، کەچی نوسرەت خانم ئەو وەفایەی بەجێ نەهێنا، لە دەوری ئیفلیج بوونەکەیدا تەڵاقی خۆی لێ سەند و مێردی کرد بەئەمیر تومانی ئێرانی کە حاکمی سابلاخ بوو، لە پاش ئەویش مێردی کرد بەعەلی ئاغای گەورک، ئینجا بەسەیفەدین خانی سەقز»[1]

لەلایەنی سایکۆلۆجییەوە قسەیەکی (فرۆید) ڕەنگە بۆ ئەم حاڵەتە دەست بدات کە گوتوویە: «هەندێ حاڵەتی سەرنج ڕاکێش و زۆر بایەخدار

(١) علاء الدين سجادی– مێژووی ئەدەبی کوردی ل ٤٠٤ .

هەیە، ئەویش ئەوەیە کە (لبیدۆ) پاش تووشهاتێکی ناخۆش لە بابەتێکی سێکسی بێ گرێدا تووشی ناگزووری و لە ڕێ لادان دێت.»[٢]

واتا دوای ژنهێنانە سروشتییەکەی لبیدۆی تووشی لە ڕێ لادان هاتووە... یەکەم تاقیکردنەوە سێکسییەکە بۆ دڵی پڕ لە هەستی شاعیرێکی هەستەوەر ئەگەر بەدروستی نەهاتە دی دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن لە ژن و زایندەیی وە سەرهەڵدانەوەی هەرزەکاری لە پلەکانی بەرەو ژووری ژیانیدا. بۆیە لە تەمەنی کامڵیشدا هەر هەرزەکارانە دەڕوانێتە لەشولاری ژن، هەرزەکارانەش سەودا لەگەڵ خۆشەویستیی مێیینە دەکات.

سەیری چۆن ناڵە بۆ زایندەیی بەرز دەکاتەوە، لەم هەڵبەستەدا، کە نەک تاقە یارێک دەستنیشان دەکات، بەڵکو هەر کەسێک و هەر جوانێک:-

شوفتەم بۆ سەنەمێ، ماهڕوخێ، سیم تەنێ
حووریێ، لالە عوزارێ، پەرییێ، خۆش سوخەنێ

پاش ئەوەی یەک بەیەک: زوڵف، چاو، لێو، قەد، سنگ، ناوک، مەمک و ئەندامی تری ئەو سەنەمە دەخاتە ناو تەونی هەڵبەستەکەیەوە و چاو برسییانە هاواری لێ هەڵدەستێ:

مەمکی وا تورتە وەکو جووتە هەناری نەوڕەس
دەپەڕن گەر لەپڕێ دەستی بەقایم بدەنێ
چ بڵێم جوفتەیی ڕەنگینی لەنێو ڕانی سپی
وەک پەڕی لالەیی حەمرایە لەسەر نەستەرەنێ

لەمەش بەولاوە داوای جووتبوونی خۆی و ئەو سەنەمە خەیاڵییەی خۆی دەکات و بەبێ پەردە باسی ئەندامی نێرایەتی دەکات دوای ئەوە کە ئەندامی مێیەتی بەناونا بەڵکو هەر وێنەکەی نەخشاند.

(٢) فروید: ثلاثة مباحث في نظرية الجنس. ترجمة جورج طرابيشي. ل ١٤ .



لە هەڵبەستی تریشدا شاعیر هەر خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکی گەیشتنە بە ژن و تێرکردنی ئارەزووی زایندەیەتی. لە چوارچێوەیەکی ڕەنگین و خەیاڵکردا، چونکە وا نوقمی خەیاڵی نەبوونی و بێ بەشییە (واتا حیرمان) ئەوی شاعیر ئەوەتانێ داد و سکاڵا لە دەست تەنیایی و بێ ژنی دەکات:

جودایی وا قەراری لێمە هەڵگرت
بەدەستی خۆم نەماوە ئیختیارم
نەساتێ غەمرەوێنێ دێتە باوەش
نە ساتێ هەمدەمێکی غەمگوسارم

خۆزگە بەو ساتە دەخوازێ کە بەخەیاڵ بەگۆرانی و مۆسیقاوە کۆڕی دڵداری گەرم دەکرد:

دەم بەدەم، ساعید لە گەردن، لەب لەسەر لەب، ڕوو بەڕوو
دەست لەسەر سینە خەریکی گوڵچنین و بەی گوشین

خەون و خەیاڵی زایەندی لە شوێنێکی تردا چیرۆکێکمان بۆ دروست دەکات کەوا دوێنێ شەو قەزا و چارەنووس بووکێکی وەک هەتاو گەشی بۆ هێنایە ژوور:

عرووسی میهری ئەنوەری لە قەصری چاربامەوە
لە پەردەوە وەژوورکەوت بەوەجدو ئیبتیسامەوە

بە (١٣) پێنج خشتەکی بەتام و کام چیرۆکەکەی خۆی و ئەو دڵبەرە دەگێڕێتەوە و دەکەوێتە باسی جوانی و شاگەشکەیی لەو هەڵکەوتە خۆشە جادوویییەدا، بەبێ ئەوەی باسی ئەنجامی پێک گەیشتنەکە بکات.

بەڵام هەر لەو قالبە چیرۆکییەدا شاعیر هێزی نێرینەیی دێتە جۆش و پەلاماردانە ژن و ئەندامەکانی ژن دەکاتە نێچیر و ئەوەی لە کۆڕی بەزمی یەکەمدا نەیکرد ئەم جارە دەیکات، گوایا جارێک شەوی شەممە لە ماڵێکی

تاریک و پەستدا نوقمی خەیاڵات بوو لەناکاو پەردەی سەوزی ئاسمان دەڕازێتەوە و ژنە دیانێک (مەسیحی)یەک خۆی بەژوورەکەیدا دەکات... زۆر لام سەیرە هەندێ مامۆستا -نارەوا- لایان وایە شاعیر باسی زاوابەندی خۆی و نوسرەت خانم دەکات؟ ئەوەتا دەڵێ:

ناگاه وە ژوورکەوت یەکی مەهوەشی تەرسا
خۆی لوعبەتی تەرسا و بەسەر چادری تەرسا
لەو چادری تەرسایە نمایان روخی ڕەخشا[1]

دوای ئەوەی ژنە چارشەوی لادەدا و خۆی بۆ ڕووت دەکاتەوە، دەکەوێتە وێنەی نەخشاندنی هەموو لەشولاری، بەڵام شاگەشکەیی ئەو دیدەنییە و سەرسامیی لەو ڕێکەوتە ئارەزوو شکێنە زمانی ئەدەبی لاڵ دەکات... شاعیر بەناو دیوانی شاعیرانی وێنەکێشدا دەکەوێ و هەرچی وشەی وەسف و وێنەی لەم بارە بۆ لەشولاری ژن گوتراوە هەمووی کۆ دەکاتەوە و هەرچەندی دەکا ناتوانێ چیرۆکەکە بەڕەوانی بگێڕێتەوە و مەبەستی خۆی پوختە بکات... لە قافیەی ڕەق ڕەق هەڵدەچێ، دارشتەی ناقۆڵا دەخوازێتەوە، کە لە جیاتی جوانی خەم دەبەخشن. سەیری ئەم پاشبەندە لە بەرد داتاشراوانە: (تلألؤ- تەفەییۆ- تەززهەؤ- تەخەططۆ- موقششەر- موجەددەر- موحەققەر- موطەووەق- موطلەق- بەرقەع- موقەننەع-

(١) ناگاه: ناکاو.
مەهوەش: وەکو مانگ.
تەرسا: دیان (مەسیحی).
لوعبەت: بووکەڵە.
چادر: عەبا.
نمایان: دیارکەوتن.
روخ: ڕوو.
ڕەخشا: ڕووناکی دایەوە.



مولەممەع- موڕەببەع- تەوەققوع- تەواضوع- تەمەتتوع- تەجەڕڕوع.) وەسفەکەی دەگاتە پلەی لاسایییەکی بێ دەستەڵاتانەی چارە گران چ لە ڕووی مۆسیقای دەنگەوە و چ لە ڕێکخستنی وشە و ڕستەوە، وە چ لە نەخشاندنی وێنە هەستدارە تام تێدا چکاوەکان.

شاعیر لال و پاڵ لەبەرپێی کەوتووە و زمانی خۆی لەبیر چوەتەوە:

کەوتم لەبەری پێی و گوتم ئەی گوڵی ڕەعنا
هەرچی کە بفەرموویی (سمعنا وأطعنا)
(ما شئتِ فعلت والی الآن قنعنا)

کە دێتە سەر باسی زگ و ناوک و شوێنی ئارەزوو بزوێنی لەش بەزمانێکی سەیر دەدوێ:

نافە و شکەمی وەک -چ بڵێم- نافەیی قاقوم
نافەی لە میان پستەری قاقوم بەمەسەل قوم
وەک نافە کە بووبێ لە غەزال خوتەنی گوم
خۆی بێ ئەثەر و ماوە لە ئاهووی ئەثەری سم
بۆی نافە بەبێ نافە بەڕاگەندە بەکێشوەر[1]

غەزالی خوتەن: جۆرە مامزێکی دەشتی خوتەنە لە تورکستان لە ناوکییەوە بۆنی خۆشی (میسک) دەردێ.

شاعیر هەر لەسەر وێنەگرتنی ئەندامی لەشولاری ژنەکە دەڕوات و هەرزەکارانە و شاگەشکە و سەر سوڕماوی ڕووداوەکەیە، باسی ئەندامی

(١) نافە: ناوک
شکەم: زگ.
قاقوم: گیانلەبەرێکی لەش بچووکی ڕەنگ سپی نەرم و نۆڵە.
پستەر: بالیف.
قوم: لم.

ورد ورد گوایا وردەکاری و هونەرمەندیی لە وێنەکێشاندا بەکارهێناوە، بەڵام کۆششەکەی بێ هێزە و بریتییە لە دووبارە کردنەوەی مانا، پێشاندانی دوو سێ وێنە بۆ یەک شت لە یەک جاردا... نا ئارامی لە دەست و قەڵەم گرتن و نەخشاندندا، دڵنیا نەبوون بەمانا دەربڕینێک و وێچوونێک... ئەمجا وێنەی کاریکاتوری یان زۆر لەخۆکردنانە و زۆر دانە دەمی لە ڕادەبەدەر... وەکو:

ڕەنگین و خڕ و گردە لە تەرکیبی هەنارێ
یان وەک کەلەمێ زوقمی لەسەر بەرگی ببارێ
هەر جارە کە ڕێکت بگوشیبایە بەجارێ
سیرەی لە وەتاخێ دەچوو دەرکی حەسارێ
وەک خرچە شەق و درزی دەدا ئەم سەر و ئەو سەر

ئەم پێنج خشتەکییانە لەلایەنی هونەرییەوە ئەوەیە لە سنووری چاوکردنە کۆن دانە و لەوانەیە لە بازنەی شیعری (مەستوورە)ی نالی دەرنەچن.[1] لەلایەنی دەروونیشەوە شایەدیی دوولایەنیی شاعیرە لە کۆڕی دڵداریدا... هەروەها گرتنەبەری ڕێچکەی ڕەق و تەقی زمان و بێ دەم و پلی لە گوزارشت و دەربڕین بەزمانی کوردییەکی خۆماڵیدا... ئەم ڕایە ڕێ لەوە ناگرێ کە بەهۆی بابەتی ئارەزوو بزوێن و بوێریی شاعیر و پەردە دڕییەوە ناوبانگێکی زۆریان پەیدا کردووە.

(١) دیوانی وەفایی. محەمەد عەلی قەرەداغی. ل ١٩٢، قەرەداغی نووسیویەتی: (ئەدەبیش وەکو وەفایی بەپارچەیەک لاسایی نالی کردوەتەوە). هەروەها بڕوانە: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە. د. مارف خەزنەدار.



**دوولایەنی لە دڵداریدا:**

شاعیر لە دڵدارییەکەیدا لەسەر یەک ڕێباز ئارامگیر نییە، بەڵکو لە نێوان دڵارامی و ناڕەزاییدا... لە نێوان پێک گەیشتن و بەختیاری و دووری و سکاڵا و هەناسەدا... لە نێوان واقیعی خۆی و خەیاڵدا، هەر وەکو لە نێوان جوانی و دڵداریی ژن و بەزمی تەماشای سادە ڕوویاندا گەشتی هونەری تا دوا قۆناغ دەست پێ کردووە.

لە لایەکەوە لە باسی خۆشەویستییەکی گەرموگوڕ لە سایەی بەیار گەیشتن و هاتنە دیی کامی دڵیدا ئاواز گەلی شادی و دڵارامییان لێ دەتکێ:

ئەدەب ئەوڕۆ تەشەککور واجیبە بۆت
کە وەی پابەندی بووی بووە قیسمەتی تۆ

لەم بوارەدا بەخامەی هونەر نیگاری جوان جوان دەنەخشێنێ و یادگاری ئەو دڵدارییە هێمن و خۆشە لە گەلێک دێڕە هەڵبەستەکانیدا دەدرەوشێنەوە:

لە خەودا شەو خەیاڵی دەستەیی کاکۆڵی یارم کرد
دەماغم پڕ لە عەتر و بۆ و میشک و عەنبەرە ئەمشەو.

*

شیرینە ئەگەر گوفتەیی من وەک لەبی قەندت
مەوزوونە وەکو شیعری (ئەدەب) قامەت و باڵات

*

عەکسی شەفەقی سینە لەبن مەوجی ستەبرەق
هەر تاوە بەڕەنگێ بووە وەک قەسری خەوەرنەق

*

پێم دەڵێن سیحرە شیعاری، جادووە شیعری (ئەدەب)
باخەبەر نین زیکری سیحری چاوی سەحەحاری دەکا

لەلایەکی ترەوە سکاڵا لە دەست دووری و ئازاری دڵ و دەروون هەڵدەڕێژێ و وەکو شاعیرانی هاوچەرخی خۆی دەرد و ئازار دەبێ بەکەرەستەی هۆنینەوەی هەڵبەستەکانی:

شەو لەبەر سۆزی دەروون و ئەشکی دیدەم، نازەنین!
لایەکی ئاوی ڕەوان و لایەکی (نار)ە (ئەدەب)...

لەم بوارەشدا کۆمەڵێک تابلۆی جوان وێنە دەکێشێ، ئەگەرچی لە ناوەڕۆکدا ڕەنگە لەم شێوەیە ڕەسم کرابن، بەڵام وردەکاریی خۆی بەرگێکی تازەگی پێ بەخشیون:

هەتا دوورم دەڵێم دەتگرمە باوەش
کە دێمە ڕوو بە ڕووی تۆ نیمە یارا[١]

تامەزرۆیی دیداری یار وەکو تامەزرۆیی خواناسە بۆ ئاوی کانیاوی بەهەشت:

هێندە مەفتوونم بەدیدارت، بەدیدارت قەسەم
نەشئەیی سەد ساڵە وانابێ لە بۆ (مائی معین)

بە وتەی ناسک دەکەوێتە ڕاز و گلەیی:

کەی من و تۆ شەرتمان وابوو بەبێ یەک هەڵبکەین
یان دەبوو من کەی بەبێ تۆ سەرکەمە سەر بستەرم
گەر عیتابە هەر بەسە، نازە بەسە، جەورە بەسە
وەبکە ئاخر -چاوەکەم- ئەمنیش بەبارێ دەربەرم

*

(١) یارا: هێز و تاقەت.



دیاردەیەکی تری دوولایەنی و باری هەژاوی دڵداری لای شاعیر دیاردەی (سادە پەرستی) و (بەزمی تەماشا)یە، ئەگەرچی ئەم دیاردەیەش هەر تایبەت نییە بە(ئەدەب) لەلایەکەوە و لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیش، وەکو فارسی، خۆش ویستنی نێرینە و دڵداریی ئەفلاتونی باو بووە... لەلایەکی تریشەوە هەڵبەستی (تصوف) پەردەیەکی ڕێزداری بەسەر باسی خەت و خاڵ و خۆشەویستی نێرینە دادا... ئەم دیاردەیەش بۆی هەیە لە جۆرێک لە جۆرەکانیدا بە(لەڕێ لادان) لە ڕاستە شەقامی زایندەیی بژمێردرێت. لای ئەدەبیش چەند ڕێچکەیەکی گرتووە کەوا باسیان دەکەین:

١- کاتێک (نالی) ئاڵای ڕسوا کردنی کوڕ بازی هەڵدەگرێ و لە هەڵبەستە بەناوبانگە پاشبەند (چ)ە دەگمەنەکەیدا ڕێی ڕاستی دڵداری سروشت کرد دەستنیشان دەکات و دەڵێ:

(عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ)وە داوا دەکا لە سادە ڕوویان لابدەن (مەه مەه لە مەهی سادە) بۆ ئەمەش لەلایەنی ئایین و خۆڕسکیی لەشی مرۆڤ و ئەرکی ئەندام.

وە لەلایەنی ئەدەبیات و جوانی پەرستی و خوو ڕەوشتەوەش جیاوازیی کوڕ و کچ پێشان دەدات.

هەرچەند لەلایەنی (جوانی پەرستی)یەوە تاڕادەیەک ڕێ لەگەڵ سادە پەرستان دادەگرێ؛ کەوا قەیناکا بۆ جوانی کوڕیش وەکو مانگ و وەکو گوڵ وایە... وەهەتا مووی دەرنەداوە نموونەیەکە لە نموونەکانی جوانی، بەڵام وەک گوڵی ژاڵە تامی تاڵ و بێ بۆنە. وە لە ترسی بەرهەڵستیی ڕێگەی (تصوف) ملی بۆ ئەوە داوە کە قەیدی نییە بۆ (بەزمی تەماشا) ئەویش وەکو هەر شتێکی جوانی سروشت جێی تەجەڵلای جوانیی ئاسمانییە و پابەندی ڕێگەی (تصوف) بۆی هەیە -ئەگەر عیشقی حەقیقی هەبێت بەعیشقەوە سەیری جوانیی کوڕ بکات.

هەر لەم بوارەدا شاعیرێکی سۆفیی وەکو مەلا ساڵحی حەریقی وەڵامی نالی دەداتەوە و لای وایە:

(عیشقت کە حەقیقی بێ تاڵیب مەبە ئیلا کوڕ)

٢- ئەدەبیش وەکو ڕوویەک لە ڕووەکانی دوو لایەنیی خۆشەویستییەکی دروشمی (سادە پەروەری) بەرز دەکاتەوە... ئەوەتا لەم لاو ئەولای دیوانەکەیدا «کوڕی دەوێ بەزم بگێڕێ، شەرابی بۆ بهێنێ، مۆسیقای بۆ لێبدات... لە هەندێ هەڵبەستیشدا شەیدای جوانییەکەی دەبێ و هەناسەیەکی سۆفییانەی بۆ هەڵدەکێشێ.

لە هەڵبەستێکدا دەڵێ:

شێت و شەیدایی بۆنێکە دڵەکەی پڕ لە خەیاڵ
نەورەس و سادە روخ و سەروو قەد و چواردە ساڵ
ساقی و بادەخور و ڕەند و خۆش ئاواز و حەریف
سادەیە، موغ بەچەیە، سەروو قەدە، ماهی جەمال
کەبک خەت، باز ڕەووش، صەقر صەدا، پەنجە عوقاب
چاو مەرال، ئاسک نیگەه، شیرین کەمین، سمتی غەزال

ئەم هەڵبەستە بەدووری نازانم لە چوارچێوەی دەنگدانەوەی هەڵبەستی مستەفا بەگی کوردی دەرنەچێت، بەتایبەتی کە جگە لە وەسفی قەد و باڵا و جوانیی کوڕ دێتە سەر ڕەوشت و وەسفی بزووتنەوە و ڕاوو ڕووت و ئاخاوتنی، هەر وەکو دەڵێ:

ساقی و بادە خور و موئنیس و عەییار و لەطیف
زیرەک و عاقل و دانا و خوداوەندی جەمال
هەمدەمی، زوود ڕەمی، خونچە دەمی، پڕ ستەمە
نە بەسەر ڕازییە لێم و نە بەجان و نە بەماڵ



ساحیرە و شێوە زەن و پیلەوەر و جیلوەگەرە
بێ وەفا وصدق وصەفا، شەرت وبەقا وعەهدی بەتاڵ(١)

دەبا بڕوانین مستەفا بەگی کوردی چی گوتووە:

عاقل و دانا و موئەددەب، وەحش و مەغروور و عەجوول
گەه دەڵێ سندان بەعاشق، گەه دەڵێ چاوم قوبان
زوود خێز و توند ڕەوتە، مەستە دایم چاو بەخەو
گاهێ بەدخوو و زاڵمە، گەه موشفیقە و شیرین زمان
سا لە هەر کوێیە کە مەستت کرد سوئالی لێ بکەی
ڕازی پەنهانی سەراسەر بۆت دەکا -ئەڵبەت- عەیان

(ئەدەب) جاری وا هەیە لەم ڕادەیە ناوەستێ و بۆ حەز و ئارەزوویەکی بێ پەردە هەڵدەکشێ، وەکو چۆن ئەندامی ژن ئەوها باسی جوانیی لەشی کوڕیش دەکات و (شێخ ڕەزا)یانە دەڵێ:

سمتی لووسی چ بڵێم؟ نەرم و خڕ و خۆڵ و سپی
گرد و مەخرووط و مودەووەر، شەق و تورت وەک بەیی کاڵ
هەردەمێ مەرمەری سمتی بەجەفا سووڕێ بدا
طیفلی طەبعی (ئەدەب) ئەوسا دەکەوێتە گڕوگاڵ

٣- وەکو پێشتر باس کرا ئەگەر (حەریقی) لە ڕێگەی تەسەوفەوە لای وابێ عیشقی کوڕ دەرکەیەکە بۆ چوونە نا عیشقی خوایی و ناوی ناوە عیشقی حەقیقی وە لەم ڕێیەوە کەوتە بەرهەڵستیی ڕایە دروست و سروشت کردەکانی (نالی)، ئەوا (ئەدەب) لە ڕووی (دوولایەنیی) خۆشەویستییەوە جاڕی بۆ دەدا: ئایا خۆشەویستی کامەیە؟ حەقیقییە یان مەجازییە؟ خۆ هەر دوو هەر عیشقە!

(١) شێوە: ناز، فێڵ.
بەقا: بەڵێن، باوەڕ.    پیلەوەر: دەلال.

ئەو عیشقەش شەیدایی دڵە، مەحرەمی رازە، بۆ شەوی درێژ و کۆڕی بەزمگێڕان و گەرم کردنەوەی ساردیی زستانەیە و بۆ مەجازیشە و بۆ حەقیقیشە!

بۆ ئەو کەسەی عیشقی بێ فەرقی نییە کوڕ یا کچ
هەرچەندە کە مەعلوومە فەرقی چییە کوڕ و کچ
بۆ ئەو دڵە شەیدا بێ، فەرقی نییە هەر لابێ
بەڵکە لە هەموو لابێ، ئەولا کوڕ و ئەم لا کچ

(یەک نوقلە و یەک هەنگوینە. یەک قەندە و یەک حەلوایە. هەر دوو گوڵ و ئەستێرە و خەت عەنبەرن، لێوی کوڕ وەکو فووی دەمی عیسایە و ڕووی کچ وەکو لەپی مووسایە.بۆ پەرستن یەک(لاتە) ویەک (عوززایە)...)

واتا ئەگەر نالی تەنیا هەتا ڕادەی (بەزمی تەماشا) کوڕی ویستبێ، ئەوا ئەدەب لە بەزمی تەماشاوە بۆ سیفاتی لەشولار هەڵکشاوە و گەیاندوویەتییە لایەنی وەسفی هەست پێکراو. چونکە نالی دەزانێ ئەگەر لە بەزمی تەماشا تێپەڕێ ئەوا سەر دەر دەکا بۆ (گوناح) و لادان لەڕێی سروشتیی مرۆڤایەتی. ئەوەتا (نالی) گوتوویە:

کوڕ وەک گوڵی گوڵزارە، ئەمما ئەمەری خارە
وەک هەنگی چزووداره، هەنگوینی موصەففا کچ
کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مەمکی لەسەر سینە
وەک شانەیی هەنگوینە، بۆ لە ززەتی دنیا کچ

بەڵام (ئەدەب) بەپێچەوانەوە چاو لەو ڕاستییە دەنووقێنێ و دەڵێ:

کوڕ شەهدی لەبی مەعلووم، کچ وەک عەسەلی بێ موم
یەک لازمە، یەک مەلزوم، نەشئە کوڕ و صەهبا کچ

ئیتر وەکو هیچ جیاوازییەک لە نێوان شەهد و عەسەلدا نییە هەر بەم جۆرەش لای وایە (یومنا کوڕە و یوسرا کچ).



خۆ ئەگەر لەلایەنی هونەرییەوە سەیری ئەم هەڵبەستەی (ئەدەب) بکەین و بە(نەزیرە-معارض)ی هەڵبەستەکەی نالی دابنێین، هەرچەند ئەدەب ویستوویەتی بەنەخش و نیگار و خەیاڵی هەستیاری و سۆزی ئارەزوو بزوێن تابلۆکەی خۆی برازێنێتەوە، بەڵام بەبۆچوونی من نە لە هونەری دارشتن و نە لە ڕوونیی فیکر و ڕەوانیی مانا دەربڕیندا لە هەڵبەستەکەی (نالی) تێنەپەڕاندووە، با -وەکو دیارە- زۆریش خۆی بەکۆکردنەوەی کەرەستەکانی ڕەوانبێژی ماندوو کردبێ... لە خۆشەویستییە دوو لایەنییەکەشیدا پشتی بەگەنجینەی زۆر و زەوەندی ئەدەبی فارسی بەستووە و لە ئەدەبیاتی فراوانیدا وشە و زاراوە دەگوازێتەوە ناو هەڵبەستەکەی وەکو تێبیدەگەم پارسەنگی تەرازووەکەی لەو ئەدەبە لە ڕێبازی (تەسەوف)دا دەدۆزێتەوە...

بۆیە لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

صوورەت و مەعنا یەکێکە بۆ نیشاطی عاریفان
گەر مەجازە و گەر حەقیقەت بێ هەوابێ چاترە

ئەمەش -ڕەنگە بڵێین- بۆ یەکێک دەست دەدا کە لە قۆناغەکانی تەسەوفدا گەیشتبێتە پلەی (عاریفی). شاعیریش بەوە نەناسراوە کە سەرودەریی لەگەڵ ئەم بابەتە هەبووبێت.

٤- هەر لە خانەی چاوبڕینە (نالی)، هەڵبەستێکی بەناوبانگی نالی بەسەر دێڕی (ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسەیی شاهن) بووەتە مایەی سەرنجدانی (ئەدەب) کە هەڵبەستێکی لەسەر شێوە و ئەدگاری ئەو هەڵبەستێ. لە کاتێکدا نالی لە وەسفی سەربازە تایبەتییەکانی ئەحمەد پاشای بابان کە بە(خاسەی شا) ناویان دەبات دوور و درێژ وەسفی کردوون کەوا ڕوومەت گوڵ و چاو نێرگز و موو سونبول و مامزی دەشت و غیلمانی بەهەشت و ئاگر و بڵێسەن.

(ئەدەب) تابلۆیەکی هەمەڕەنگی نەخشاندووە بەڵام لای ئەو باس هەر باسی جوانی و دڵڕفێنیی تاقمی سادە و بادەگێڕانی بەزمی تەماشان و خەریکی مەشقی عیشوەبازین... لاسایی کردنەوە دیارە ئەگەرچی کاکڵی بابەتی هەردوو هەڵبەستەکە جیاوازە...

بۆیە ئەدەب لە چوارچێوەی ڕوانینی خۆیدا دەڵێ:

نیگارانی دیاری مە، شەکەرلەب گولعوزارانن
هەموو تورکی کەماندارن، هەموو عەنقا شکارانن
هەموو غیلمان بەچەن سادە، پەری نەسلن، پەریزادە
بەخەندە نەشئەیی بادە، بەغەمزە مەی گوسارانن

لە ڕاستیدا وێنەکەی نالی بەلای هەڵنانی جوانیی دەستەیەک ژن نەک پیاو -بۆی هەیە- سەر هەڵگرێ، چ جای هەڵنانی دەستەیەک غیلمان و خاسەی پاشا!.(١) بۆیە ئەدەبیش ئەم ڕێیەی گرتووە کە بڵێ:

بەدوو لەب جووتێ گوڵنارن، بەغەبغەب سێوی خونسارن
بەگێسوو دوو سیەهمارن، بەچاو ئەفسوونی مارانن
دزی دڵ، ئافەتی جانن، شکستی دین و ئیمانن
نە بەستەی عەهد و پەیمانن، نەخەستەی جان سپارانن

لاسایی کردنەوەکە ئەگەر خۆ دەرخستن و قەرە لە قەرەدانی مامۆستایەکی گەورەی وەکو نالی بێ ئەوا ئەدەب ویستوویەتی خۆی بەئەنجوومەنی ئەدەبیاتی کورد بناسێنێ و توانای هونەری و هۆنینەوەی خۆی ساغ بکاتەوە.

***

(١) بۆ تەواوی هەڵبەستەکە بڕوانە: دیوانی نالی. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و کوڕانی ل ٣٤٠- ٣٤٥ .



زۆرجار شاعیر کە لە کاریگەریی دەنگ و هەوای شیعری کۆن و فارسی ڕزگاری دەبێت و بەسەلیقە دەکەوێتە داڕشتنی هەست و نەستی دڵی ناسکی خۆی... تەوەرەی سێیەم لە شیعرەکانی دەست پێ دەکات. ئەوسا نزیک بەزەوقی کوردەواری و ڕەسەنیی زمانی کوردی، بێ پێچ و پەنا و دەستکاری هەڵبەستی شێواز خۆماڵی دەنووسێ، بەڵکو لەم بوارەدا بەهرەش دەنوێنێ.

بەنموونە نزیک لە شێواز و هەناسەی مستەفا بەگی (کوردی) کە دەڵێ:
(چەشتم ئەمڕۆ زەهری مار و یاری شیرینم نەهات)

(ئەدەب)یش بەو ڕەوانییە دەنووسێ:

عومرم گەییە ئاخر و ماچێکی جانانم نەکرد
یەک نەزەر تێرم تەماشای ماهی تابانم نەکرد
دامەنم پڕ خونچەو و فرمێسکی گریانە و قەتم
خونچەیێ لەو گوڵشەنی خەندان لە دامانم نەکرد

هەر لەسەر ئەم چێژە کوردەوارییە دەڕوات و دەڵێ:

مەشهوورە لە عالەم کە دڵ ئاگای لە دڵانە
وەڵڵاهی ئەگەر لەو دڵی مە با خەبەری تۆ

دەبینی لە ژینگەی کوردەواری نزیک دەبێتەوە، بیر و خەیاڵی لێ هەڵدەکاتەوە و پەند و قسەی نەستەقی لێ دەخاتە ناو تانوپۆی شیعرەکانی... هەروەکو لەم وێنەیەی پشکووتنی خونچە و کرانەوەی لێوی بەزەردەکەنوودا وردەکاری دەنوێنێ:

گریانی بەیانانی منە عیللەتی خەندەت
مەعلوومە کە پشکووتنی خونچە بەشەواوە
بیستوومە کە شیرینە بەری (صەبر) بەئەنجام
ئەمما بەمن ئەو دارە بەری لێ نەچناوە

کێ بـێت و بـکا جـیلوە لە لای تۆ کـە نەزاکـەت
کــــراســــێکە دەڵێن بەو قـــەد و باڵایە بڕاوە

تەمـاشـا دەکەی ڕستـە گەلی (داری صـەبر- کراسێک بەو بەژنە بڕابێ- بەری لێ نەچناوە- شـەو ئاو- بەمن) هەروەها ڕێک وەسـتـان و هـاودژیی لایەنی ڕەوانبێژیی: (گریان: خەندە. بەبان: شەو. شیرین: صەبر کە بەری تاڵە) نیشـانەی دەرگـا کردنەوەیە لە زمـانێکی ڕەوانی کـوردی... هەر بەم جۆرەش دەڵێ:

بەبێ تۆ گـوڵخـەنە گـوڵشـەن لە گـوڵشـەن بۆبە بێـزارم
بەیادت گوڵشەن و گوڵخەن لەلای من هەردوو یەکسانە
هەتا چاوگـــانی زولفی ئابەنۆســـیـــتم بەقـــەف دیون
سەرم بۆ گـۆی شـەقت حـازر، دەفـەرمـوو گـۆ لە مـەیدانە
زەکاتی حوسنی ڕوو ماچە، دەڵێن فەرمووتە دەیبەخشم
عەتای فەرمـوو بەمن قوربان... کە بۆ من خێر و ئیحسانە

لەم هەڵبەسـتـەدا وشـەگـەلی (یەکـسـان. قـەف. گـۆ) لەگـەڵ ڕسـتـەی (دەفەرموو دەی- فەرمووتە- عەتای فەرموو) کوردانەن.

هەر ئەگـەر لە چەژگـەی کـوردایەتی بگەڕێین ئەوا لە پاشـبەند ڕێزکـردندا ئەدەب وردەکاریی جوانی بەکارهێناوە... لە هەندێک لاوە سەلیقەی کوردیی پێشان داوە.

بەتایبــەتی لەو پارچە هەڵبــەســتــە بەناوبانگە و پاشــبــەندە زرینگەدارەکانیدا:

دڵ لە حەسـرەت غـەمـزەکـەی دوو نێـرگـزی پڕ خـەوتەوە
وەک خـــەمی زولفت عـــەزیزم چوو بەڕوودا کـــەوتەوە
طیـفلی دڵ چونکی گـروی قـەندی لەبی تۆی گـرتبـوو
دوێ شــــەوێ تا ڕۆژ هەدادانی نەبوو، نەســـرەوتەوە



مەسحەفی خۆش خەتتی کوڵمەت گەر ببینێ شێخی مە
کـــافـــرە، گـــەر بۆ ســـوێند بڕواتە ناو مـــزگـــەوتەوە

وشـەگـەلی (نەسـرەوتەوە، مـزگەوتەوە، نەوتەوە، دەرکـەوتەوە، لەوتەوە، شەوتەوە) کە کران بەپاشبەند وشەگەلی ترپەداری کوردین و مۆسیقایەکی سازیان بەهەڵبەستەکە داوە.

هەر لە ڕێـکی ئەمـەش هەڵبـەسـتـێکی بەناوبانگی تر مـایەی سـتـایش و شاگەشکەی خوێنەر و نووسەرانی ئەدەبە کە دەڵێ:

دوو هەنـاری نەورەسن هەریەک بەیەک گـوڵنـارەوە
یان دوو نارنجی ڕەســـیـــدەن بەو بەهاری پارەوە

پاشـبـەندەکـانی (گـوڵنار. یار. دار. بزمـار.گـوڵزار. دڵدار. ڕەفـتـار. ناڵەوزار. مار. بار) وشەگەلی کوردیی هەڵبژاردەن لەگەڵ ئامرازی ڕێزمانی (ەوە)دا ترپەیەکی بەجۆشیـان بەهەڵبەسـتەکە داوە و ئاوڕدانەوەیەکیـشـە لە شـــێـــوەزاری جـــاف و ئەردەڵان... وە ڕەنگە تایەر بەگی جـــافـــیش. خـــۆ (شەمامەی دەم تەڕ. سێوی گوڵبەدەم. بەژنی دڵدار. پیاڵەی سەر بەگژنیژە. جینگڵی مار بەسەر پشکۆوە. ئەڵقـەی گەوهەر. ڕەنگ ئاتەشی. دڵ بەر، تاڵیی شەربەت) دارشتەی زمانی پەتی و ئاستی خەیاڵ ناسکی و جوانیی بێـژە و ئاخاوتنی کـوردانە دەستنیشـان دەکەن، هەڵبـەسـتەکـەش بەگشـتی یەکپارچە تەونێکی ڕەنگینی خۆماڵییە:

دوو شـەمـامـەی دەم تەڕن هەردوو لە یەک بێـستـانەوە
یانە جـــووتێ گـــوڵبـــەدەم ســـێـــون بە بەژنی دارەوە
دوو پیـــاڵەی زەڕنیـــشـــانن ســـەر بەدوو گـــژنیـــژەوە
یانە دوو ئەڵقـــەی گـــوهەر بەندن بەدوو بزمـــارەوە
نـار و نارنج و شـــەمـــامـــە چەندە خـــۆش دێنە نەزەر
هەر لە یـەک شـاخ و لە یەک بـاغ و لە یەک گـوڵزارەوە

نەهارن. نەشەمامە. نە بەهن. نەسێوی کاڵ
جووتێ مەمکی ئاتەشی ڕەنگن بە بەر دڵدارەوە
گەر لە تاڵیی شەربەتی هیجرت دەپرسی بەوسەرەت
خۆزگە دەخوازم هەموو جارێ بەژەهری مارەوە

ئەگەر ڕەخنەیەک ئاراستەی نیوە دێڕی بەیتی یەکەم بکرێت دەربارەی مانای (دوو نارنجی پێگەیشتوو بەو بەهاری پارەوە) کەوا لەق دێتە بەرچاوم... چۆن نارنجی پێگەیشتوو لە بەهاری پارەوە بەدارەوە دەمێنێ؟. یان مەبەست لە بەهاری پار چییە؟

پاشبەندی دێڕی نۆیەمی هەڵبەستەکەش، ئەگەر هەر لەسەر ئاوازی پاشبەندی دێڕەکانی دی نەبێت دەبێ بگوترێ (بەژەهری مار) نەک (بەژەهری مارەوە).

هەر لە مەسەلەی پاشبەندی جواندا (ڕەویی) -ەند- دەگمەنە، (ئەدەب) لە پارچە غەزەلێکی هەشت دێڕیدا کۆمەڵێک پاشبەندی وەکو (بەند- چەند- سەند- خوداوەند- دەماوەند- پەیوەند- قەند)ی بەبێ زۆر لە خۆکردن کۆکردوەتەوە ئەمانە ڕەوانی و داڕشتنی ورد و کارامەی شاعیر دیار دەکەن بەتایبەتی لەو کێشە قووڵە سێ پێییەدا کە جوانییەکی هێمنانەی بەغەزەلەکە داوە:

ئەگەر زیندانە، گەر رازە، وە گەر بەند
بەسە جانا عەزابی مە هەتا چەند

هەر بەم جۆرەش گونجاندنی داڕشتەی (بەسەرچوون) واتا سەهو کردن بۆ پاشبەند لەم دێڕەدا شایەتیی دەستەڵاتی شاعیرە بەسەر زماندا..

شاعیر دەهەنی خونچەیی تۆی شوبهی بەگوڵ کرد
نەیزانی خەتای کردبوو. وەڵلاهی بەسەرچوون

لەم بوارەشدا گەلێک وێنەی جوان و گوزارشتی ناوازە دەبینین، وەکو



دانانی بریقەدانەوەی سنگ لە ژێر شەپۆلی ئاوریشمی کراسدا بەعەکسی شەفەق وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگە ئەویش بەرابەر بەڕەنگاو ڕەنگیی قەسری مێژوویینی خەوەرنەق داندراوە. وێنەیەکی هونەرکردی دڵ بزوێنە:

عەکسی شەفەقی سینە لەبن مەوجی ستەبرەق
هەر تاوە بەڕەنگێ بووە وەک قەسری خەوەرنەق

هەر لێرەشدا لە ڕەوانبیژیدا دەستەڵاتداری دەخاتە ڕوو کە دەڵێ:

بەرنە دەر شەمع و چرا بۆچی بسووتێن وەک ئەمن
ئافتابی شوعلەوەر نووری جەمالی ساقییە
نامەوێ لەو بەزمەدا بن شەهد و شەککەر بۆ مەزە
شەککەری شیرین عیتابی ترش و تاڵی ساقییە

لە بواری وێنە نەخشاندندا شاعیر لە هەڵبەستێکدا بەراوردی: بەختی، ئارامی، لەشی، چاوی، هەناسەی دەروونی خۆی یەک یەک بەزوڵف و موو و پەرچەم و ڕوومەت و بخوور و گوڵاڵە کردووە و خۆی لە ناو ئەوانەدا تواندوەتەوە و ڕەنگی داوەتەوە.

(بەختی) منی ئەی زوڵف کە هەموارە نیگونی
یا (صەبر)ی منی ئەی موو کە بێ تاب و زەبوونی
(جیسمی) منی ئەی توڕڕە مەگەر پڕ تەپ و تابی
یا (چاو)ی منی (چیهرە) کە وەک کاسەیی خوونی
هەم فەردی منە (عوود) مەگەر دوودی هەناسەت
هەم دەردی منە ڕووت مەگەر زار و زەبوونی
ئەی لالە مەگەر سۆزی فیراقت لە جگەردا
ڕوخسار بەخوێنی وەکو من داخە دەروونی[1]

(١) هەموار: هەمیشە.
نیگوون: هەڵگەڕاوە. =

**پوختەی وتار:**

عەبدوڵلا بەگی ئەدەب شاعیرێکی هونەرمەندی دوا دوای سەدەی نۆزدەمینە، یەکێکە لەو شاعیرە کەمانەی ئاڵای دڵداریی ژنی بەرز کردوەتەوە و سەر ئازادانە لە هەندێک کاروباری زایەندی دواوە... لە بەرهەمی غەزەلیاتیدا کاریگەریی شیعری فارسی و شێوازی رەق و گرێ چنی دوور لە چەژگەی کوردی دەبینین. سەرباری بەهرەی هونەرنواندن و بایەخدان بەهەڵبەستی شێواز ڕوونی لە چەژگەی زمانی کوردییەوە نێزیک.

دیوانی شیعری بەگشتی لە دڵداری دەدوێ، دڵدارییەکەی (ئەدەب) لە نێوان ڕاستی و خەیاڵدا -لە نێوان مێ و نێردا- لە نێوان ئارامی و ئاڵۆزی و شێواویدا... دڵدارییەکی ڕۆمانتیکییانەیە...

«دڵداریی رۆمانتیکیش تا ڕادەیەک نەخۆشیی دەیورووژێنێ و بەرەو ئەنجامی گرێی نەخۆشییە»[1] دڵدارییەکی ئەوەندە رێکوپێک و هوشیاری کرد و بەرێوجێ نییە، ئەمەش نابێتە خەوش، چونکە دڵداری وەکو زانایەک گوتوویە: «هەرچەندە ملکەچی ژیری نەبێت و پیاو تێنەگات ئەوەندە دڵدارییەکی ڕاستە، هەر وەکو پێشینانیش گوتوویانە دڵداری کوێرە»[2]

---

= تاب: گەرما و هێز.

تەب: تا، گەرمی.

عوود: دارێکە وەکو بخوور کە بسووتێ دووکەڵەکەی بۆنێکی خۆش دەدا.

دوود: دووکەڵ.

هەم فەرد: هاوتا.

زار: لاواز.

لالە: گوڵاڵە (کەوا پەلکەکانی سوورە و ناوەوەی ڕەشە).

(١) و(٢): اوسڤلد شڤارتس. علم النفس الجنسي. ترجمة شعبان بركات. بيروت- ١٩٧٢ ل ١٤٧ و ل ١٦٩.



ئەم جۆرە دڵدارییە کە تووشی گرێی سایکۆلوجی هاتووە کە لە هەڵبەستدا گوزارشتی لێ بکرێت، ئاڵۆزی و دوولایەنی لێ دەکەوێتەوە.

ئەو دوولایەنییە لە ڕەقی و ناسکی، داخری و ڕەوانی و لاسایی کردنەوە و داهێناندا ڕەنگی داوەتەوە.

# سافی هیرانی
# دیوانی هەڵبەستی دەروێشان

**پێشەکی:**

تا ئێستا چەند باسێک دەربارەی تەسەووف لە ئەدەبی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش کە دان بەگرنگییاندا دەنێین، بەڵام گشتیان لە بازنەی هێڵە گشتییەکانی تەسەووف دەرنەچوون؛ لەم بابەتەوە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی شیعری مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی سەردەستەی کارە پڕ لە هونەرەکانی نووسەرانمانن. لەم دواییەشدا ئەگەر باسەکان سەرەتاتێکێیەکیان کردبێت ئەوە بەلای ڕێبازێکی تایبەتی تەسەووفەکەدا بووە، بەنموونە چەندجار باسی پابەندانی ڕێگەی نەقشبەندی کراوە و هەڵبەستی شاعیرانی پابەندی ئەو تەریقەتە دەستنیشان کراوە و شی کراوەتەوە، لەم کۆڕەشدا کەڵە شاعیری پایە بەرزی وەک مەولەوی، مەحوی، فەوزی شایانی ڕێز و خۆشەویستین. بەڵام شاعیرێکی دی هەیە هێشتا بەوردی ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە کە یەکێکە لە ڕابەرانی ڕێگەی (قادری) و سەروەرانی شیعری تەسەووف.

ئەویش کاک مستەفای سافیی هیرانییە (١٨٧٣ - ١٩٤١)؛ دیوانەکەی کانییەکی پڕ لە قولەقولی هەڵبەستی شایستەی تەسەووفە...

بۆیە بەهەلم زانی بەپێی توانا ئاوڕێک لە هەڵبەستەکانی بدەمەوە و چەند ڕوویەکی شاراوەی تیا ڕوون بکەمەوە و لەسەر بناغەیەکی بەرنامەکاری نرخ و هەڵسەنگانێکی تازەی بۆ دیاری بکەم.

بۆ ئەوەش بزانرێ کە شاعیر شایانی ئەو نرخ و بەباڵادابڕینەیە من لەم وتارەدا باسی پایەی شاعیر و کەسێتی شاعیر دەکەم لە کۆڕی ڕۆشنبیری و



کۆمەڵایەتیدا، لە باسی ڕێبازی تەسەووف باسی تیووریی (قوتب) و قوتبایەتی دەکەم کە شیعری سافی ئاوێنەیەتی. پاشان باسی هەڵسوکەوتی شاعیر دەکەم لە بەردەم حاڵەتەکانی تەسەووفدا و داخوا چۆن لەگەڵ شۆڕشی دڵ دەری بردووە و لە هەڵگەڕان بەپلەکانی تەسەووفدا ڕەفتاری چۆن بووە؟

ڕوویێکی گەشی دیکەی تەصەووف لە هەڵبەستی سافی گۆرانی و مۆسیقایە، بۆیە ئەمەش لە زاراوەی (سماع) دەدوێم و بەنموونەوە باسی ئەم لایەنە گرنگە دەکەم.

پاش ئەوە کە لەلایەنی تەسەووفەوە ناوەڕۆکی هەڵبەستەکان دەخەمەڕوو سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لە ڕوخساری شیعری سافی دەدەم، لە بارەی تەون و دارشتن و زمانەوە...

بەتایبەتی لە هونەری (نەظیرە)ش دەدوێین کە هونەرێکی ڕوخساری بابەتی باوبوو لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا.

**سافی کێیە؟**

سافی (ناوی کاک مستەفایە کوڕی کاک عەوڵای کوڕی کاک عەلیی کوڕی کاک عەوڵای کوڕی کاک مستەفایە، بەحەوت پشت ئەچێتەوە سەر شێخ سلێمان، کە ئەم شێخ سلێمانە بەمیری سۆران ناوبانگی دەرکردووە و حوکمداری گوند و ناوچەی هیران بووە. شێخ سلێمان پابەندی تەریقەتی قادری بووە، ڕایەڵی ئەو تەریقەتەی لە شێخ «تەها»ی بەتلیسییەوە وەرگرت و نەتەوە بەنەتەوە هاتە خوارەوە تا گەیشتە کاک مستەفا.)[١]

ئەم بنەماڵەیە، سەیید نەبوون، پێش شێخایەتیش سەرداری ناوچەکە

(١) عەلائەدین سەجادی، پێشەکیی دیوانی سافی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٣، لاپەڕە (٧). نموونە هەڵبەستانی ئەم باسە لەو دیوانە وەرگیراوە.

بوون و لە ڕواڵەتی دنیاداری تەنیا ناوی (کاک)یان بۆ ماوەتەوە کە وشەکە بەمانا میر یان سەردار هاتووە.

لە سەردەمی کاک مستەفادا تەکیە و دەروێش و مریدێکی زۆریان لە ڕواندز، کۆیە، شەقڵاوە، هەولێر، دەشتی دزەییباتی هەبووە و مەڵبەندی ناوەندیش گوندی (هیران) بووە و (کاک) مورشیدێکی بەدەستەڵات و خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بووە.

هەرچی نازناوی (سافی)شە ئەوە وەکو ئیمزایەک کاکی شاعیر دوا دێڕی غەزەلەکانی خۆی پێ مۆر کردووە، جا ئەگەر سافی بەمانا دەروون سافیی سۆفیانە بێت، ئەوا ناوێکە پڕ بەپڕ پیاڵەی گەوهەرینی شیعرەکانی دەنوێنێ.

پایەی شیعری سافی لە سەردەمی خۆشەویستیدا ئێستاش وەکو پایەی شێخایەتییەکەی جێگەی ڕێز و بەرز ڕوانین بووە و زوو بەزوو لە سنووری ناوچە دەرچووە و بەوڵاتدا بڵاووبوەتەوە. کەوا سافی لە کۆڕی ئەدەبیاتی وڵاتدا ناسراوە و شیعرەکانی پەسند کراون و بەشیعری ڕەسەن و بەرهەمی شاعیرێکی بەهرەدار وەرگیراون.

ئەمەتا ڕۆژنامەی «ژیان»ی سلێمانی ساڵی ١٩٣١ غەزەلێکی سافی بڵاوکردووەتەوە و بەم چەند دێڕەی خوارەوە شاعیرەکە و شیعرەکەی بەجۆرێکی دیار و بایەخدار هەڵسەنگاندووە، بەڵکو بەشاگەشکەییەوە نووسیویە:

*«لەگەڵ ئەمە کە لە سلێمانیدا لە زوو هیچ مەکتەبێکی بەفائیدەی تیا (تەئسیس) نەکراوە هەر بە(زەکاوەتێکی فیطری) زۆر (ئودەباو) (فوضەلای) گەورەی تیا پێگەیشتووە، (فەقەت) ئەمانە لە گۆشەی (نیسیانا) ماونەتەوە، ئێمە هیچ نەبێ بە(ئاثاری) ئەدەبییەیان (تەشخیص) و (ئیحیا)ی ناویان ئەکەینەوە. (ئەز*



*جوملە) غەزەلێکی صافی ناومان دی کە بەچوار زوبان (نەظمی) کردووە (صورەتەکەی) ئەم جارە (دەرجمان) کرد.»*[٢]

ئەگەرچی نووسەری ڕۆژنامەکە نەیزانیوە ئەم سافییە کاک مستەفای هیرانییە، بەڵام شایەدییەکی بێ لایەن و ڕاستی داوە بۆ پەسندیی شیعرەکە، ئەم شیعرەش بەم دێڕە دەست پێ دەکات:

ئەی بادی صەبا هەڵسە لە حاڵم ببە هوشیار
شەرحی دڵی ماتەم زەدەکەی من بەرە بۆ یار

کەوا شاعیر لەم غەزەلەدا دوو دێڕی بەتورکی و دوو دێڕی بە عەرەبی و دوو دێڕی بەفارسی گوتووە و لە پەراوێزی دیوانەکەیدا نووسراوە: «ئەم غەزەلی صافییە ئەوەماڵ پێشان ئەدا کە لە هەر چوار زمانەکەدا ئەسپی خۆی تاو داوە.»[٣] سەرباری ئەمیش ڕۆژنامەکە لە ژمارە (٣٠٨)شیدا غەزەلێکی دی سافی بڵاوکردووەتەوە کە ئەویش لە دیوانەکەیدا هەیە.

گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە ژمارە (٣)یدا بەبۆنەی چوونە ڕەواندزی شێخەوە نووسیویەتی:

*«حەضرەتی مورشیدی فاضیلی کامیل کاک مستەفای ئیرانی، هیممەت و بەرەکەتی حاضر بێ، بۆ ئیرشاد و سەردانی مریدان ڕەواندزیان بەنووری قەدەمیان روناک کرد. چەند ڕۆژێکە ئەهالی لە فیوضاتی بەهرەوەرن و هەموو موشتاقانی ئەو سەرچاوەی حەیاتە لەم سەرچاوەیە سیرابی جوود و کەرەمن.»*[٤]

لە ژمارە (٤)یشدا غەزەلێکی سافیی بڵاوکردوەتەوە و بەم چەند وشەیە پێشکەشی کردووە:

(٢) ڕۆژنامەی ژیان، شاری سلێمانی، ژمارە (٣٠٥) ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٣١.
(٣) دیوانی سافی، چاپی بەغدا، ل ٢٢.
(٤) گۆڤاری زاری کرمانجی، رواندز، ساڵی ١٩٢٦، ژمارە (٣) لاپەڕە (٢٤).

*«گوتنی حەضرەتی مورشیدی کامیل کاک مستەفا ئیرانی خوا سەلامەتی کا:»*

شیعرەکەش بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

سیحری دڵی مارووتە کە شەیدایی نیگارە
فیکری دڵی هارووتە لە ڕیسوایی دیارە
تەعنەی مەدە بۆ هەستییە لەو مەستییە، زاهید!
بۆ ڕەندیی من شاهیدە ئەم چاوە خومارە.
شیرینە لە ڕوو چینە، کە خونینە هەموو دەم
بۆ لێو و دەم و پەرچەم و بۆ پەنجە نیگارە

هەروەها لە ژمارە (٥)یشدا غەزەلێکی تری سافی بڵاوکردوەتەوە. مامۆستا (سجادی) لە پێشەکیی دیوانەکەی سافیدا کە خۆی سەرپەرشتی چاپی کردووە بەچاوی ڕێزەوە سەیری سافی و شیعری سافی کردووە و بەڕاوێژێکی ناسک و ڕازاوە باسی پایەی شێخ و کەسێتی و ژین و دەوروبەر و شاعیریەتیی سافی کردووە:

*«چەند بەدڵێکی سافەوە مریدان و ئاشنای مریدان ئەیانوت (بەسەری کاکی ئیرانی!) کاکی هیران لە گۆشەی دڵی مەردما لە شای ئێران بەبایەختر بووە.»* (٥)

(لوتفی)ی شاعیریش بەم جۆرە باسی سافی دەکا:

خۆ مەدحی «صافی» قەت تەواو نابێ
هەزار دەفتەر و قەڵەمت لابێ
غەزەلی یەکجار خۆش و ڕەوانە
لای شوعەرای کورد تەواو عەیانە(٦)

(٥) دیوانی سافی چاپی بەغدا. ل ٩.

(٦) ڕۆژنامەی هاوکاری، بەغدا، ژمارە (١٢٣٤).



حاجی میرزا عەبدوڵڵای (خادم)یش گوتوویە:

تەخەللوص (صافی) بوو مستەفایە کاکی هیرانی
لەشیعری ساف و وردی عالەمێ مەبهووت و حەیرانی(٧)

## شیعری سافی و ڕێبازی تەسەووف:

شیعری سافی ئاوێنەیەکی ئەوەندە سافە وەکو ئاسمانی بەرەبەیانی هاوین بەپرشنگی زێڕین جیلوە دەستێنێ، سۆزێکی لە خۆوە داڕژاو و بێ گرێ، شوێنەواری دەستکاری و زۆر لە خۆکردنی تێدا نابینرێ. بەندو بەستی ڕەوانبێژی و زمان لە هەڵقوڵێن و ڕەوتی ڕەوانی خۆی ناخات. چونکە هەرچی گوتوویەتی وەکو چۆڕی خوێنی دڵێکی گڕگرتووی عیشق وە لە دەروونێکی پەروەردەی باوەشی جوانیی سروشت و ڕامانی جوانی پەرستانە هەڵقوڵیوە. هەر لەبەر ئەم سافی و ڕەوانییەیە، شیعری سافی بێ ئیزن چۆتە دیوەخانەی ئەدەبیات و کۆڕی بەزمی

گۆرانی بێژان. کەوا لەسەردەمێکی زووەوە چەند شیعرێکی بەبەستە و مەقام گۆیندەکان گوتوویانە.

سافیی شاعیر -لەو باوەڕەدام- شاگردێکی هێژای قوتابخانەی شیعری بابانە، ڕێچکەی مستەفا بەگی کوردی. ئەگەرچی تا ئێستا لە ڕووی لێکۆڵینەوە و دەستنیشانی ڕێچکەی (کوردی) نەکراوە. بەڵام ئەگەر سەرپێییانەش بێ، پیاو دەتوانێ هەندێ ئەدگار و تایبەتێتی ئەم ڕێچکەیە پیشان بدات و ئاشکرایە کە هەر دوو شاعیر لە گەلێک شتدا یەک دەگرنەوە، چ لە ناوەڕۆک و چ لە شێوازی دارشتن و ڕوخساردا. ئاخ و ناڵە و خەم و داگیرسان مۆرکی شیعری هەردووکیانن، هەردوو شاعیر خاوەن دڵێکی گەرمی شەیدای جوانی و خۆشەویستیی سۆفیانەن، جوانییان

(٧) دیوانی خادم، بەرگی دووەم، بەغدا ١٩٨١ ل ١٥٦.

پەرستووە و لە ڕێگەی عیشقی جوانی و دڵدارییەکی لە وزە بەدەردا بەئامانج نەگەیشتوون.

بەڵێ ڕاستە نەزانراوە مستەفا بەگی کوردی وەکو کاک مستەفای سافی شێخ یان پابەندی تەریقەتێک بوو بێت، بەڵام شیعرەکانی ئاوێنەی دەروونی کابرایەکی سۆفیی عەودالی ڕێگەی عەشق و جوانی پەرستییە. ئەدی هەر کوردی نییە بۆ پێناسە کردنی عەشق و ڕێگەی پەرستنی خۆی لەم مەیدانەدا گوتوویەتی:

بادە پەیمانانی ئیدراک و کەمالی عاریفان
لەنگ و عاجزبوون لە ڕێ تەی کردنی مەیدانی عەشق
مولتەجی نابێ بەکەس (کوردی) لە دونیا و ئاخرەت
ڕۆژی دیوانی جەزا دەستی من و دامانی عەشق.(٨)

لەلایەن ڕوخساری شیعریشەوە هەردوولا خۆیان لە گرێ و گۆڵی بەیان و بەدیع و ڕەوانبێژی بەدوورگرتووە و لە شێوازێکی کوردانەی نامۆ بۆ خۆماڵییانە نزیک بوونەتەوە، ئیتر دەبینین (سافی) لەو شێوەیەدا هەمان تەلی سازی هونەریی شیعر دەلەرێنێتەوە و چریکەی خۆی دەگەیەنێ بەباخی ساز و ئاوازی ئەدەبی کوردی، هەر وەکو لەم هەڵبەستە ناسکە بەسۆزەیدا:

ئەی نیگارا بەسییە با دەرکەی وەفا بکرێتەوە
تا بەکەی دڵ هەر لە زیندانی جەفا بکزێتەوە
سەبری ئەیبوبم لە کوێ بوو؟ عومری نووحم چۆن دەبێ؟
پێنج و دوو ڕۆژێکی ماوە، ڕوح کە چوو نایێتەوە

(٨) دیوانی کوردی، چاپی هەولێر، گیو موکریانی، چاپی سێیەم ١٩٧٣ ل ٢٨ لەم غەزەلەدا کوردی ناوی سوفی و شێخە گەورەکانی تەسەووف و دڵدارە بەناوبانگەکان دەهێنێ.



پەردەیی ڕوو هەڵگرە، جانا وەفای تۆ و صەبری من
وەک حەیایی عاشقان قەترێکە با نەتکێتەوە.
گەر لە ڕووی ڕەحمەوە وابێ یا بەعەزمی قەتلی من
ئەی موسڵمانان رجاکەن تو خودا یار بێتەوە
دڵ لە قەیدی زولفەکەی هێندی پەشێوی دیتووە
تا نەفەس ماوە مەفەرموو جاری تر ناسێتەوە.
ڕۆژی هیجران تارییە، یاخۆ شەوی بەختی منە
یا لەسەر ڕووی زولفی شێواویتی دێ و دەخولێتەوە.
(صافی) بەد میهری زەمان و قسەی ڕۆژی وەفا
لێم مەپرسە تو خودا با زامی دڵ نەکوڵێتەوە

سافی شاعیر کە شیعر دەڵێ، تەرجەمەی ئەو جۆش و کوڵە دەکات کەوا لە دڵیدا بەئاگری عەشقی دەروێشانە کڵپە دەستێنێ، هەر بۆیەش وەکو گوتمان شیعری ئەو سۆزێکی گەرم و ڕەسەنە لە چوارچێوەی هەستکردنێکی ناسک بەجوانیدا. هەر ئەم لایەنە گرنگەیە کە بایەخی سەرباری بۆ پەیداکردووە، ئەگەرنا، سافی شاعیری دوا ئەڵقەی شیعری کلاسیکیی کوردە و بەر لەو بەدەیان شۆڕەسوار لە مەیدانی شیعری کلاسیکیدا ڕمبازیان کردووە و لە سەردەمی ئەودا قوتابخانەی شیعری کلاسیکی گەیشتبووە قۆناغی خۆ خواردنەوە و تەقلید و لە بەهرەی نوێکردنەوە و داهێنان بەدوور. هەر سافی خۆیشی لە گەلێ دەرگا و پەنجەرە سەری لە شیعری ئەوان خوارکردۆتەوە و سەیری کردوون و لێی وەرگرتوون.

شیعری سافی بریتییە لە غەزەل، غەزەلەکانیشی سۆفییانەن، بەڵام سەیر دەکەین باری ئەم غەزەلە سۆفییانەی بەگەلێ ئامراز و پێداویستیی شیعری سۆفییانە قورس نەکردووە، هەندێ جار هاتووە بابەتی دڵداریی هەستدار – الغزل الحسي – هۆنیوەتەوە، وەکو شاعیرانی ڕێگەی تەسەووف ئەندامی

لەشی دولبەرەکەی لە زوڵف و خاڵ و خەت و ڕوو وەسف کردووە، لەمەش ڕا، چارنییە، خەڵکی خوێنەری شیعرەکان دێن... ئەم جۆرە غەزەلانە بەهەردوو دیوەکەوە دەبینن، دیوی وێنەگرتنی بەرچاو کە ئەندامەکانی لەشە و دیوی گوزارەیی واتایی کە کاکڵی ناوەوەی شیعرەکانە.

هەروەها لەجیاتی هەست و سۆز و هونەری هەڵبەست پڕی نەکردووە لە زاراوە گەلی عیرفانی تایبەتی تەسەووف وەکو ناوی پایە و حاڵەتەکان و ڕامان و هاتنە دیار و گەیشتن بەخۆشەویست و توانەوە لە زاتی خودادا و... تاد.

ئەم دیاردەیەش ڕەنگ بێ لە چەند هۆیەکی ڕۆشنبیری و کەسی و سۆفییانەوە هاتبێت.

لە باری ڕۆشنبیرییەوە وەکو مامۆستا (سەجادی) لە پێشەکیی دیوانەکەدا ڕوونی کردۆتەوە، سافی لە سەرەتادا لە مزگەوت خوێندوویەتی و بەفەقێیەتی ڕەواندز و هەولێر و کۆیە و لاجان گەڕاوە، بەڵام پایەی زانیاریی بەتەواوی ڕوون نەکردۆتەوە. هەر ئەوەندە گوتراوە کە لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا پاش وەفاتی باوکی بووە بەجێنشینی ئەو و شێخایەتی و ئیرشادی گرتوەتە دەست.

لە باری کەسێتییەوە، پێش ئەو مێژووە ژیانی لاوی لە کۆشی سروشتێکی جواندا بەگەشتوگوزار و سەیران و ڕاو ڕابوواردووە، خۆشەویستییەکی دنیایشی تاقی کردۆتەوە.

گوێشی پڕ بووە لە دەنگ و نەوای شیعر و گۆرانی و جوانی، هیچ دەستێک چەژگەی ژیانی لێڵ و لێخن نەکردووە و لە خەمی گوزەران بەدوور بووە. بڕوانە مەلا محەمەدی چروستانی کە بەفەقێیەتی چووەتە مەدرەسەی هیران چۆن لە یادداشتەکانی نووسیویەتی:

*«موددەیەک لەوێ (مەبەستی هیرانە) ڕامبوارد، ناخۆش نەبوو*



*چونکە مەرحوم (صافی) کاک مستەفای شاعیر گەنج بوو، لەوێ بوو، زۆر تەڕ و خۆش خولق و لەگەڵ فەقێدا تێکەڵ بوو. زۆرتر لەگەڵ ئەو ڕامان دەبوارد.»* [٩]

سەرەڕای شاعیریەتێکی هەڵقوڵیوی خۆی، کاک عەبدوڵڵای باوکیشی کە لەقەبی (ثانی)یە ئەویش شاعیر بووە و چەند غەزەلێکی تەڕی دڵداری لە پاش بەجێماوە.[١٠]

بەڵام وەنەبێ شیعری سافی سەرەڕای ڕووناکی (شفافیەت)ی بەجارێ سادەو ساویلکە بێت و لە چوارچێوەی دڵدارییەکی ڕووتدا بخولێتەوە، بەڵێ - وەکو گوتمان- با بەزاراوەکانی تەسەووف بارگران نەبووبێت و هیما و ڕەمز لە خوێنەر نەدیوی نەکردبن.

لەگەڵ ئەوەشدا شیعری سافی ئاوێنەیەکی ڕوونی دەروونی شاعیرێکە کە مورشید و شێخێکی تەریقەتێکی تەسەووفە کە ڕێگەی قادرییە و دەتوانم بڵێم شایانە بەبەرزترین نموونەکانی شیعری دەروێشی بژمێردرێت.

جا، با لە ڕوانگەی تەسەووفەوە بڕوانینە هەڵبەستی سافی بزانین داخوا شاعیر چی گوتووە و چی مەبەست بووە و تا چ ڕادەیەک لە ڕەنگدانەوەی هەست و سۆزی دەروێشانەدا لە لاپەڕەی هەڵبەستەکانیدا سەرکەوتوو بووە تا ئەنجامی هەندێ بنەڕەت و بنەماکانی ڕێگەکەی سافیمان بۆ دەربکەوێت. وە هەوڵ بدەین لە هەندێ نموونەدا کەمێک مەبەست و ڕازەکانی ڕێڕەوتی دەروێشانەی شاعیر پیشان بدەین.

لە کوردستاندا چەند ڕێبازێکی تەسەووف هەبوون وەکو:

خەلوەتی، نوربەخشی، مەلامەتی، ئیبراهیمی، سەفەوی، باجوان،

---

(٩) مەلا محەمەدی چروستانی، یادداشتەکانی منالّی و بەشێکی سەردەمی فەقێیەتی، لاپەڕە ٨٥، بڵاوکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم.
(١٠) بڕوانە: دەنگی گێتی تازە ژمارە (٥) ٣/ ١٢/ ١٩٤٥ بەغدا.

مادلی، شەبەک. بەڵام گەورەترین و بڵاوترینیان دوو ڕێبازی نەقشەبەندی و قادرییە.(١١)

لەم ڕێبازانەشدا تووشی هەندێ ڕێچکە و ڕاوو ڕەسم و زاراوە دەبین کە دوورنییە لە شیعر و ئەدەبیاتی ڕێبوارانی ئەم ڕێبازانەدا ڕەنگ بدەنەوە، بۆیە پێویستە لە شیکردنەوەی ئەدەبیاتەکەدا ئاگاداری پەلوپۆکانی ڕێبازەکانیش بین.. بەنموونە تیوریی قوتبایەتی، کە سافی هیرانی و تەریقەتەکەی لە ناو باقی ڕێبازەکانی تری تەسەووفدا دەستیان پێوەگرتووە، ڕووبەرێکی باشی لە هەڵبەستی سافیدا داگیرکردووە. دەسا دەبێ بزانین قوتب کێیە و قوتبایەتی چییە؟

### قوتب لە تەسەوفدا:

سافی وەکو بڕواداریکی تەواوی تیوری قوتبایەتی سەیر دەکەی هاواری (قوتب) دەکات و هانا و هیمداد لەو دەخوازێ. ئەم تیئورییەش بریتییە لەوە کە کابرای سۆفی عەشقی خۆی دەکاتە پەیژەیەک بۆ گەیین بەڕوخساری خۆشەویست کە پێغەمبەرە و کە قوتبی قوتبانە بۆ ئەوەی لە دواییدا بین بەیەک قاڵب.

سافی لەم ڕێڕەوەدا چاوی کردووەتە پیری روحیی خۆی کە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە و لە جەنگانی عەشقدا هانای وەبەردەبات:

غەریب و ناتەوانێکم ئەوا هاتوومە دەرگانەت
بەسەهلی ناڕوا قوربان ئەگەر خۆت نەی لە هانایێ
ئەگەر (سافی) مەرامت هاتنەوەی یارە بڵێ دائیم
مەدەد یا مستەفای شامێ، دەخیل یا شاهی بەغدایێ.

(١١) بۆ ناسینی هەندێ لەمانە بڕوانە: د. کامل مصطفى الشيبي، الطريقة الصفوية ورواسبها في العراق. بغداد/ ١٩٦٧ .



لە غەزەلێکی دی وردتر خۆشەویستەکەمان پێدەناسێنێ:

عەزیزێکم هەیە ئیسم و بەجیسما یوسفی ثانی
هەزاری وەک زولێخا حەپسی نێوچاهی زەنەخدانی
لە ناو عەجەم تاکو عەرەب، سەرحەددی ڕۆم و کورد
شەهی وا نابێ ئەسلا، ساحیبی موهری سلێمانی

... ... ...

مەتافی سالیکان و ڕەهنوماو و کەعبەیی عوششاق
دەری (بازی) خوا، کانی وەفا، سوڵتانی گەیلانی

(قوتب) کەسێکی مرۆڤ ئاسا نییە، بەڵکو چەند پلە لە پایەی مرۆڤی بەرزتر بووەتەوە و بووەتە گیانێک کە لە گیانی بڵندا تواوەتەوە و لە هەموو ئەدگار و دەستەڵاتی مرۆڤایەتیدا ڕووناکی لە خواوە بۆ سەر ڕێژ بووە کە پێی دەڵێن (فیض)و سیفەتی ئاسمانیی وەرگرتووە، ئەگەر بەرهەڵستە شەرعییە نەبوایە کە دوای محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا هیچ پێغەمبەری دی نابێت قوتب پێغەمبەر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبینیی گیانی خەڵک دەکات و بەهاواری هەموو تکاکارێکەوە دێت، نەک هەر لە ژیانی خۆیدا بەڵکو دوای مردنیشی!

جورجانی لە کتێبی (التعريفات)دا بەم جۆرە (قوتب) دەناسێنێ:

*«قوتب هەروەها غەوسیشی پێدەگوترێ چونکە پەنای پەنابەرانە، بریتییە لەو یەکەی جێی ڕوانینی خوایە لە هەموو زەمانێکدا، لە زاتی خۆیەوە تەلەسمی مەزنی داوەتێ، لە گەردوون و چاوە دیار و نادیارەکانیدا وەکو گەڕانی گیان لە قالبدا دەگەڕێ، تەرازووی کێشی سەر ڕێژی گشتیی بەدەستەوەیە، پەیڕەوی زانینی ئەو دەکات و زانینی ئەویش پەیڕەوی زانینی حەق دەکات، زانینی حەقیش پەیڕەوی ماهیاتە لە کردن نەهاتووەکان (الغير المجعولة) دەکات،*

*چۆن کەوا گیانی ژیان سەرڕێژ دەکات، بەسەر گەردوونی ژوور و ژێریدا»* [١٢] قوتبایەتیش یەکێکە لەو قۆناغە دواییانەی کە سۆفی ڕێ دەبڕێت تا بیگاتێ، بێ گومان قۆناغێک بەو پایە بەرزییە و بەو پێداویستییە گیانییەوە هەموو کەسێک ناتوانێ بیگاتێ، ئەو کەسەی بتوانێ ڕێگەی سەخت و پڕ لە کەند و کێو و گەرم و سارد و ڕێی هات و نەهات ببڕێت، ئەوە مرۆڤێکی تەواوە و سوپەرمانێکە کە مرۆڤ ئاسا نامێنێ و دەگاتە پایەیەکی ئێجگار بەرزی گیانی... کە تێکەڵ بەگیانی باڵا دەبێت.

عەفیفەدین تەلمەسانی لای وایە *«قۆناغەکانی سۆفییەتی چوارە: (یەکەم) لە زانینەوە (معرفە) دەست پێ دەکات و بەنەمانی تەواو دوایی دێت. (دووەم) ئەوسا دەست پێ دەکات کە مانەوەی دوای نەمان جێگیر دەبێت، هەرکەسێکیش بگاتە ئەم پایەیە لە حەقدا بۆ حەق کۆچ دەکات، تا خۆی دەبێ بەحەق، ئیتر کۆچەکەی بەردەوام دەبێت تا دەگاتە پایەی (قوتب) کە ئەمەش پایەی مرۆڤایەتیی تەواوە و دەبێتە ناوەندی جیهانی گیانی، هەتا هەر خاڵێک یان هەر تخووبێک مرۆڤایەتی پێبگات لە دوورییاندا لە پایەی ئەوەوە یەکسانن، چ دوور بن یان نزیک. چونکە هەموو پلە و پایەیەک بەدەوری پایەی ئەودا دەخولێنەوە. لای قوتب دووری و نزیکی فەرقی نییە، هەرکەسێک ئەم پایە بڵندەی دەستکەوت... زانستی و زانین و نەمان دەبنە ڕووبارێکی دەریای ئەو، هەرکێی بوێ دەیداتێ و دەتوانێ خەڵک بۆ ڕێی خوای خۆی هیدایەت بکات، بەبێ ئەوەی ڕاو پرسێک لە کەس وەربگرێت.*

*بەر لەوەی دەرگای پێغەمبەرایەتی دابخرێت ناوی پێغەمبەر بوو بەڵام لە ڕۆژانی ئێمەدا بە(شێخ) ناو دەبرێت.*

*ڕێبینکەری گیانانە و فریای تکاکارانە، هەموو حالەتەکانی ئاکار و خیلقەتی چەشنی بەشەری لە نەفسی ئەودا کۆبووەتەوە وەکو حوشترەوانێکە هەموویان دەئاژوا و هەر یەکەیان بۆ ماڵی خاوەنی دەباتەوە. لە پایەی (سێیەم)دا مرۆڤە تەواوە کە هەموو ئەندێشە و لێکدانەوەی بەخەلقی خوداوە خەریک دەبێت، ئەمەش یان بەو گوێرەیە کە پێغەمبەرێکە یان بەو گوێرە کە شێخە. بۆ ئەو کەسانەش کە نەیانتوانیوە لە ئەدگارە خاک و خۆڵییەکانیان خۆ ڕزگار بکەن، هەر یەکە بەپێی پلەی خۆی، خۆی نیشان دەدات، کەوا بۆ دیندار ئایین پەروەر دیارەو بۆ ئەو ڕاماوەی کە بەتەواوی ڕامان (تأمل) بەختیار نەبووە عاریف دیارە و بۆ عاریفەی لە خۆیەتی (ذاتییەتی) تووشی نەمان بووە واقیف دیارە و بۆ واقفیش قوتبە. کەوا بێت ئاسۆی هەموو پایەیەکی سۆفیانەیە و پۆپە و هەموو کۆتایی قەفەکانی زنجیری ئەو (ریاضە)تەیە کە کۆمەڵانی ڕێبوارانی تەریقەت (واتا سالیکەکان) دەیزانن... پایەی (چوارەمیش) زۆرجار بەمردنی هەستیاری (الموت الحسي)یەوە پێوەندیدار دەبێت.»* [١٣]

لە جیهانی دەروێشاندا زۆر کەم نەبێ کەس بەو پایە بەرزە نەگەیشتووە، ئەوەی لای هەمووان ڕوون و باوەڕپێکراوە شێخ عەبدلقادری گەیلانی (١٠٧٧- ١١٦٥ز) قوتبە و لە پایەکانی یان قۆناغەکانی تەسەووفدا لە هەموویان ژوورتر چووە و کەس زاتی نەکردووە وەکو ئەو لە مەیدانی پایە بەرزیی تەسەووفدا بێ پەروا و بێ باک ڕمبازی بکات، ئەوەی کتێبەکەی (الفتح الربانی) بخوێنێتەوە تێدەگا کە زۆر بەکەللە گەرمی و ڕاشکاوی و بێ پەردە ڕوو لە خەڵک دەکات و ئامۆژگارییە گیانییەکانی لە شێوەی

(١٢) نیکلسون، الصوفیة في الاسلام، ترجمة نورالدین شریبه، مکتبة الخانجي، مصر ١٩٥١، ل ١٥٤\١.

(١٣) سەرچاوەکەی پێشوو، ل ١٥٣-١٥٥.

هەڕەشە یان تووڕەیی دەچێت. ئەمەش کە بۆ عەبدولقادر سەلماوە بۆ کەسی تر نەسەلماوە، چونکە هەمـوو کـەس کـە لەو ڕێیـەدا توانسـتی خـۆی تاقی کردبێتەوە بەو قۆناغە دوورەی ئەو نەگەیشتووە، هەر بۆیە (سافی) دەڵێ:

وادیی عـەشـقت ئەوەندە دوورە بەڕۆژ تەی ناکـرێ
پەیکی دڵ بۆیە سکۆن نابێ بەنـاو شـەو ڕۆ دەکـا

بێ گومـان وشـەی قـوتب لە ناو کوردەواری و ئەدەبی کوردیشـدا نامـۆ نییـە، لە ژێر دەسـتـەڵاتی عـوسـمـانیـدا- بەتایبەتی لە دوا دوای حوکمی تاریکیـان- شـێـخایەتی بەڕادەیێک پەرەی سەندبوو دیار بوو کەوتبووە بەر قسـە نەسـتـەقـەکەی (زۆربێ و بۆربێ) زۆر شـێـخـیـان بەناڕەوا جـاڕی قـوتبـایەتی بۆ خـۆی دەدا، هەر لە هەق ئەوانە حـاجی قـادری کـۆیی فەرموویەتی:

بەڵێ شێخ قوتبە، ئەمما قوتبی ئاشە
بەئاو و نیـعـمـەتی خـەڵکە، گـەڕانی

بەڵام شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە برە شیعرێکدا پلە و پایەی خۆی دیار دەکات و دەق ئەو نیشـان و ئەدگارانەی کـە لە بۆچوونی قوتبایەتیدا هەیە لەو هەڵبەستەدا دەیانبینین و بەو پەڕی بەخۆڕاپەڕموون و دڵنیاییەوە خۆی دەناسێنێ و شانازیی بە پایەکەی خۆی دەکات و دەڵێ:

أنا من رجال لا يخاف جليسهم
ريب الزمـان ولا يرى مـا يرهب
قـوم لهم في كل مـجـد رتبـة
علوية و بكل جـيـشٍ مـوكب
انا بلبل الأفـراح أمـلأ دوحـهـا
طرباً وفي العليـاء باز أشـهب
مازلتُ أرتقي في ميادين الرضا
حـتـى وهبت مكانة لا توهب



أفلتْ شـمـوس الأولين وشمـسنا
أبداً عـلى فلك الـعـلا لا تغـرب[14]

سـافـیی هیـرانیش لە سـێـبـەری ئەو بیـروباوەڕانەدا پوختـەی ڕێگەی تەسەووفی خۆی لەم دێڕەدا دەستنیشـان دەکات کە سێ کوچکەی باوەڕ و هاوتای سێ کوچکەی -(ثالوثی) ئیمانداریییە:

ئومـێـدی زۆر هەیە (سـافی) نەجـاتی بێ لەغـەم، چونکە
دەلیل (مـەولا) و (ئەحـمـەد) یاوەر و یار (بازی گـەیلانە)

دەبا بزانین سـافی چی مـەبەسـتـە و دەیەوێ بڵێ چی؟ ئەوەی زانراوە دەروێش بەهۆی جەزبەوە دەیەوێ ئەو هۆ و ئەسپابانە ئامادە بکات کە گیان دەگـەیەنن بەخـوا و تێکەڵی دەبێت، جـەزبیش کـاکـڵی هەمـوو کـردەوە و قـۆناغـەکـانی ڕێگەی تەسـەووفـە کـە لە خـوا پەرسـتی و شـەونخـوونی و تۆبەکردن و پاککردنەوە لە گوناهان و خۆشەویستی و ناسین و زانینی زاتی خوا و هەنگاوەکانی تر پێک هاتوون.

جا لە ڕێگەی ئەو کردەوانەی پێی دەڵێن (ریازات) و ڕام کردنی نەفس و پارێزگـاری و لە گـوێ گـرتنی ئامـۆژگـاری و ڕێبـینیـیـەکـانی (مـورشـیـد)، (مـرید) وەکـو پارچە ئاسنێک مـوغناتیـسی مـورشـیـد ڕایدەکێـشێ و لە شـێـخـدا دەتوێتـەوە و دەگـاتە پلەی (نەمـانی نەفس لە شـێـخـدا)... پاش گەیشتن بەم پلەیە، شێخ بۆ پلەی هۆگریی گیـانی بە(پیـر) سەری دەخات، پیریش دامـەزرێنەری تەریقـەت و بەرزترین پۆپەیەتی، مـرید ناتوانێ (پیـر) ببـینێ بەبێ یارمـەتیی شـێـخـەکەی، ئەم حـاڵەش پێی دەڵێن (نەمـان و توانەوەی نـەفس لە پیـردا) ئەوسـا دەبێ بەبەشـێکی جیـانەکـراوە لە پیـر و وەکو ئەو دەبێتە خاوەن توانا گیانییەکانی.

پلەی سێیەم هەمدیسان بەیارمەتی شێخەکەی بەپێغەمبەر دەگات، کە

(١٤) بڕوانە کتێبی مناقب الاقطاب الاربعة، یونس السامرائي. ل ١٢١.

سەرتۆپی خۆشەویستییە و نیازی هەرە بەرزی نیاز داردانی خواپەرستییە، ئەوسا لە هەموو شتێکدا پێغەمبەر دەبینێ، ئەمەش حاڵەتی توانەوە یان نەمانە لە پێغەمبەردا.

پلەی چوارەمی  ش دەیگەیەنێ بەخوا و بەجۆرێک تێکەڵی دەبێت کە خوا لە هەموو شتێکدا دەبینێ.(١٥)

جا ئەو غەمەی کە شاعیر بەئومیدە لێی ڕزگار بێت، بێکاری و نەتوانینە لە بەرامبەر تەوژمی نەفسدا، بەڵکو بتوانێ بەسەر هەموو بەرهەڵست و کۆسپێکی مرۆڤانەدا زاڵ بێت و خەمی دنیایی بەلاوە بنێت و بەویسالی خۆشەویست شاد ببێت. جا شێخی شاعیر کە لە پلەی ئیرشاد دایە هیوای بە(پیر)ی خۆیەتی کە گەیلانییە، هەروەها پێغەمبەر یاوەر و ڕێبینی ڕێگەی سەفەریەتی و دەلیلیش خوا خۆیەتی، کە هەم بەڵگە و هەم ڕێنیشاندەرە.

سەیری کە چۆن لە خۆشەویستیی پێغەمبەردا تواوەتەوە و بە(ئەی حەبیب، ڕوحەکەم، دولبەرم) ناوی دەهێنێ و لای وایە هەموو دنیا و ئەوە دنیا و زەوی و ئاسمانا هەمووی ئاوێنەیەکن وێنەی ئەو دەدەنەوە و هەموو لەبەر خاتری خۆشەویستیی ئەو بەرهەم هاتوون، بەرهەمێک کە لە تانۆپۆی خۆشەویستی پێک هاتووە:

زینەتی غیلمان و حووری حوسنی تۆیە دولبەرم
(جنة المأوى) ئەگەر بێ -تاقی ئەیوانی تووە
وا کە مەولا وەسفی تۆی کرد وا بە(لولا) روحەکەم
عالەم و ئادەم چییە ڕایی ثەنا خوانی تووە

نەک هەر گەردوون و بوون و بوونەوەران لەبەر خاتری خۆشەویستیی ئەو دروست کراون، بەڵکو ئەمانە لە ناو خۆشیاندا پێشبڕکێ دەکەن لەسەر ڕێز

(١٥) نیکلسون، ل ١٣٢، ١٣٣.



و قەدر زانینی ئەو. لێرەدا شاعیر ئاوڕێک لە دەمەتەقێ هۆنراوەکەی (سەما و زەمین)ی میرزا عەبدولقادر دەداتەوە کە چۆن ئاسمان و زەوی لە ناو خۆیاندا لێیان دەبێتە کێشە کە ئایا کامیان لە کامیان لای خوا و خەڵک بەڕێز و شایانترن هەر یەکە چاکە و تواناکانی خۆی و خراپەی ئەوی تر باس دەکات، تا لە دواییدا بەپێی تەرازووی زەوی قورستر دەبێت کاتێ کە شانازی بەوەوە دەکات کە بۆیە لە ئاسمان بەڕێزترە چونکە گۆڕ و لاشەی پیرۆزی پێغەمبەری لایە.(١٦)

سافییش لەم مەیدانەدا دەڵێ:

ئاسمان حەسرەت لە بۆ زەوی دەکێشێ دائما
چونکی بورجی ڕۆژ و مەه چاکی گریبانی تووە
(باذل وقت مع الله) خاصی تۆیە ئەی حەبیب(*)
عاصییان بۆیە ئومێدی حەشر و میزانی تووە

چلەپۆپەی خۆشەویستی و ڕایەڵی گیانی شاعیر لەگەڵ پێغەمبەردا دەگەڕێتەوە لای ئەو تیورییە کە پێغەمبەر خاڵی ناوەندییە و هەموو (بوون) بەدەوری ئەودا دەخولێتەوە، بەڵکو هەر لە ئەنجامی خۆشەویستیی ئەودا گیانی خەڵک بەر لە لەشی دنیاییان لە سەرەتادا دروست کراون:(١٧)

خەلقی ئەرواحی هەموو عالەم نەتیجەی حوببی تۆن
ئەی هەموو ئەرواحی عالەم بێ بەقوربانی تووە

(١٦) میرزا ئەولقادر، محەمەد ئەمین هەورامانی.

(*) ئاماژەی حەدیسێکی پێغەمبەرە دەڵێ (لي مع الله وقت لا يسعني مقربٌ ولا نبيّ مرسل)

(١٧) عدنان حسين العوادي، الشعر الصوفي، دار الحرية للطباعة بغداد/ ١٩٧٩.

**شۆڕشی دڵ:**

ئیمامی عەزالی دەڵێ: «زانینی ڕاستەقینە لە ڕێگەی دڵەوە دێت، بەو بڕوایە ژێری یان عەقل لە گەیشتن بەزانینی ڕاستەقینەی خودا ناتەوانەو و لە سنوورێک دەوەستێ و پێی ڕەوتی نامینێ. یەکێک بیەوێ بەڕاستیی خودا بگات... نزیکترین ڕێگە بەرەو خودا ڕێگەی دڵە.»[١٨]

چونکە دڵ مەڵبەندی سۆز و چەژگەیە و سەرچاوەی ئەو خۆشەویستییە ئاسمانییەیە کە سۆفی بەدوایدا وێڵە.

شاعیر هەر دەستە و دامانی ئەو دڵەیە کە ئەوەندە خۆگر بێت بتوانێت پلە پلە سەری بخات و بیگەیەنێتە لوتکەی (گەیشتن). ئەو خۆشەویستییەش خۆشەویستییەکی دنیا ئاسا نییە بەڵکو «پێوەندی خۆشەویستی نیشانە ڕاستەقینەکەی نێوان خوا و مرۆڤە و هیچی دی نییە، وە هەر لەبەر خاتری خۆشەویستیش بوو خوا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی دروست کرد»[١٩]

ئیتر مادام وابێ دڵی مرۆڤ دەتوانێ شێوەی خۆشەویستەکەی کە خوایە بخاتە چوارچێوەیەکەوە و پێوەندی دڵداری بەجۆرێک لە جۆرەکان وەها لەگەڵ پتەو بکات کە یەکە و هەل لە عەشقی مرۆڤانە بکات و پاشان بەرە بەرە هەڵکشێ تا دەگاتە پلەی داواکاریی (گەیشتن)، ئەوسا ئەو دڵە پارچە گۆشتەکەی جاران نامینێ هەر وەکو سافی زۆر جوان ئەو مەبەستە دەردەبڕێ:

ئاسنی سارد بوو لە پێشدا (دڵ) بەبێ یار و کەچی
گەرچی ئێستێکە لە کوورەی عەشقە دائم جۆشییە

(١٨) هەر ئەو سەرچاوەیە: ل ٩١.
(١٩) هەر ئەو سەرچاوەیە: ل ٨١.



ئیتر دڵ کە بەو پایەیە بگات وە نەبێ مایەی ئارام و حەسانەوە بێت چونکە خۆ دڵدارییەکی دنیایی نییە لە لەشولار و جوانیی دولبەرەکەی تێر بێت و تێکەڵ بەدڵی یارەکەی بێت. بەتکو دەیەوێ تێکەڵ بەمەحاڵ بێت و وەکو (جلال الدين رۆمی) گوتوویە:

قال ما تبتغية يبدو محالا
قلت انّ المحال مأمولي

یەکێکیش دوای مەحال یان کاری نەکراو بکەوێت دیارە بەرهەمی هەر ئاخ و هەناسە و خەو بینینە:

لە بەحری عەشق ئیظهاری غەواصیم کرد و نەمزانی
هەزار غەوواصی وەک من لەو عەمیقی گێژە دا ماوە

بۆیە لە شیعری سافیدا تووشی زۆر نموونەی داماویی دڵی عاشق دەبین، داماوییەکی وا کە لە پەردەی بەرچاودا شتێکی ناشایستەیە ئەوەتا دەربارەی دڵی خۆی دەڵێ:

سەوداسەر و دێوانەو و حەیرانە هەموو دەم
بۆ یاری و ئەغیاری شەریکە لە هەموو غەم
فارغ نەبوو یەک لەحزە ئەگەر زۆر و ئەگەر کەم
ئاشفتەو و پڕ شۆرش و غەوغایە دڵی من

*

ئەم وەحشییە ئەصلا کە لە بۆ ئێمە نەبوو ڕام
هەر جەندە سەعی و کۆشش دەکەم نایەتە نێودام
ئایا لەسەر ئەم شۆڕشە یاچی ئەبێ ئەنجام؟
ئاثاری کە لەم وەحشەتە پەیدایە دڵی من

ئەم شۆرش و غەوغایی دڵە شتێکی تازە نییە لە ئەدەبی کوردی و لە ئەدەبی گەلانی موسڵماندا، وەختی خۆشەویستی شاعیری گەورە بابە

تایەری هەمەدانی هەر دادە دادی بوو لە دەست دڵ:(٢٠)

خـــودایە داد ئەزین دڵ داد، ئەزین دڵ
کە یەک دەم مو نەگەشتەم شاد ئەزین دڵ
چو فـــەردا دادخـــواهون داد خـــواهەند
بگویـەم ســـــەد هەزاران داد ئـەزین دڵ

دەبینی بابا چۆن داد و هاواربەتی؟ دڵی ئەو لە قـالبی مـرۆڤـانەدا دەروەستی خۆشەویستییەکی ئاسمانی نایەت.

باشـە ئەو دڵە چی بکات؟ یان خـاوەنەکـەی چی بکات؟ لە لایەنی دەروێشییەوە ئەم داماوی و مۆلەکەیە لە موریدێک ڕووی نەداوە، بەڵکو لە مورشیدێکی گەورەی وەکو سافی ڕووی داوە، بۆیە هەقی ئەوەمان هەیە لاپەڕەکانی تەسەووف هەڵبدەینەوە و ئەو حاڵەتە لە ڕێ و قۆناغەکانی کاروانی تەسەووفدا سەیر بکەین، یەکێک لە شاعیرە سۆفییە گەورەکانی ڕۆژهەڵات فەریدەدینی عەتتار لە هۆنراوەی (منطق الطیر)دا ڕێگەی کاروانی تەسەووفی کردووە بەحەوت دۆڵ و چیا کە ڕێبوار لە دۆڵێکەوە ڕزگاری بوو بەچیادا سەرکەوت دۆڵێکی تری دێتە بەردەم، کە ئەم حەوت دۆڵەش ئەمانەن:

داخوازی، عەشق، زانین، وازهێنان، یەک کردن، دامان، دۆڵی هەژاری و ونبوون.

ئینجا تۆ بڵێی سافیی سۆفی ئەم دۆڵانەی هەموو بڕیبێ و گەیشتبێتە دۆڵی شەشەم واتا «حیرەت» کە لەم جێیەدا «ڕێبوار تووشی زۆر حاڵەتی جیا جیا دەبێت، نازانێ چی بکات، ناتوانێ نە دڵ بداتە ئەو شکۆیەی کە دەروەستی نایەت و نە دەستبەرداری بێت، جا سەری سوڕدەمێنێ و ناتوانێ دوای مورشیدەکەی بکەوێت و ناشتوانێ بەتەنیا بەڕێدا بچێت، لە

(٢٠) دلزار، گەنجینە، ١٩٦٠، چاپخانەی الوفاء- بغداد. ل ٢٨.



خەڵک و لە خۆی وەڕز دەبێت و دڵی بەهیچ ناکرێتەوە. ئەوسا نەموسڵمانە و نە کافرە.

چونکە دینی دامـاوی و حـیـرەت بێ سنوورە، نە سـەرەتای هەیە و نە کۆتایی، نە خۆشەویستی دەزانێ و نەکینە و ڕق، نە گیانی هەیە و نە لەش، خۆیشی نە پیاو چاکە و نە بەدکار، نە پارێزگارە و نە بەرەڵڵا، نە باوەڕدارە و نە گومانبەر، نەگەورەیە و نە سووک، شتێک نییە و ناشتیش نییە و نە بەشێکە و نە هەمووە»(٢١)

ئایا دەبێ لەم مەقامەدا بێت سافی هاواری کردبێت و بەم جۆرە پەسنی دڵی خۆی بکات:

سەردەمێ مەست و خومار و خادمی مەیخانەیە
وەختێ، تەسبیحی لە دەستە سۆفییە حەی حەی دەکا
بەعـزێ جـاران عـالمی عـالی و عـابید خـۆیەتی
وەختی جەهل و فیسقی زۆرە، عالەمێ لۆمەی دەکا
دڵ نزانم شـێـتـە یا سـەرخـۆشـە یا دێوانەیە
یا ئیلاهی ئیشی وا عەکسی بەمن تاکەی دەکا

ئەو جێگە داماوییە سافی خۆیشی وەسفی دەکات و لە قەسیدەیەکی تردا یەخەی خۆی دادەدڕێ و باسی حاڵەتی شێوایی خۆی دەکات و دەق ئەوەی عەتتار گوتوویەتی وا لەودا هاتۆتەدی. قەسیدەکەش جەزبەیەکی دەروێشانەیە و تا بڵێی گەرمای دەروونی ئاگرینی لێ پەخشان دەبێ:

لۆمەم مەکەن یاران ئەم عەشقە بەڵاییکە
لەم حاڵەتە نازانن، بۆ دڵ چ جەفاییکە
گەه شادی و گەه شینە، گەه خەندەو و ناڵینە
جوملەی ڕەگ و پۆیی دڵ هەر لەحزە هەواییکە

(٢١) د. عبدالرحمن عزام، التصوف وفریدالدین عطار، ل ١٠٤.

گەھ عاقل و فەرزانە، گەھ وا لەو و حەیرانە
ئایا دڵی دێوانە جێگەی لە چ لایێکە؟

پاشان شاعیر کە دڵی خۆی بەو جۆرە پەرێشانییە دەبینێ لای وایە منداڵێکی نەفام بووە و تووشی بەڵایەک هاتووە کە دەبێ دەرمانی بۆ پەیدا بکرێت.. ئەگەرنا ئەی دڵی شەیدا! ئەم جۆرە ڕەفتارەی تۆ (خەتا)یە. ئەوسا دڵی شاعیر بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:

پەیغامی دڵم زانی، گۆتی توو موسڵمانی
لەم عەشقە کە نازانی تۆوی چ گیاییێکە
تۆ ناصیحی نادانی، بەو (عەقلە) پەرێشانی
ئەو کفر و موسوڵمانی گشتی لە هەواییێکە
ئەم سڕەیە پەنهانە، بۆ عالەمی عیرفانە
تۆ خۆت مەکە دێوانە، هەر (قالوا بلی)یێکە

لێرەدا سافی لە حاڵەتی (دڵ) و (عەقڵ) ورد دەبێتەوە و پاش قووڵبوونەوە لە فەلسەفەی ڕێگەی دەروێشی و تەسەووف دەگاتە ئەو ئەنجامە کە ئەو ئازار و پەرێشانی و داماوی و ڕاڕایی و هەموو ئەم حاڵەتە گشتی چارەنووسی خودایە لە ڕۆژی بەری -قالوا بەلا-دا.

خۆی بە(باوەڕ)و (لاساری) و (بەڵێ) و (نا)ی ئادەمیزاد نەک هەر ئاگادارە بەڵکو خۆی بۆ داناون و خۆیشی پەیمانی پەیڕەوی لێ وەرگرتوون.

ئەمەش باوەڕ بەقەزاو قەدەری ڕێگەی قادرییە کە مامۆستا (مەسعود محەمەد) ڕایدەگەیەنێ کە (نالیش مەیل و مەشرەبی لە تەسەووفدا بەرەو قادری بووە)، کەوا (نالی لە ناخی دڵدا دژی (إختیار) بووە، ئیتر هەرجارە کە بەیتێکی تەوحیدکارانەمان خوێندەوە لە دیوانی نالیدا دەر لەحزە دەسەلمێنین مەبەستی دانهێنان بووە بەیەکایەتیی کاریگەر بوونی خوا لە جیهاندا)[٢٢]

(٢٢) مەسعود محەمەد، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، ل ١٦٨.



ئەم (قالوا بەلایە)ش لە چەند شوێنێکدا لە شیعری سۆفییەکان و لە شیعری سافیدا دیارە هەر وەکو دەڵێ:

روح مەستە لە راحی تۆ لە نێو عالەمی ئەرواح
باطن لە (بلی) دایە و ظاهر لە (نعم)دا.
ئیسپاتی وجودی تووە ئەرواحی فەریقەین
تەصدیقی (ألست)ە چ (نعم) بێ چ (بلی) بێ!

ئەم ئەلەست و قالو بەلایە دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی هەرە گرنگیی تەسەووف کە یەکتایی خوایە و گیانی مرۆڤان بەر لە دروست بوونیان لە ڕۆژی بەریدا هەبوون و خۆیان بەو چارەنووسە ڕازی بوون کە خوا بۆی داناون. ئیدی با هەندێ لەو خەڵکە نەزانیش بووبن و جۆرێکی نادروست وەڵامیان دابێتەوە. ئەوانیش وەکو ئەوانی دی لە باوەڕدا هاوبەشن. سەرچاوەی ئەم باوەڕەش ئەو ئایەتەیە:

*«وإذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم وأشهدهم على أنفسهم ألست بربكم؟ قالوا بلى شهدنا. ان تقولوا يوم القيامة إنْ كنا عن هذا غافلين أو تقولوا انّما أشرك آباؤنا من قبل وكنا ذرية من بعدهم أفتهلكنا بما فعل المبطلون؟ -سوورەتی الأعراف-»*

واتا گیانی مرۆڤ بەر لە بوونی لەش و قالبیان پەیمانیان بەخوا داوە کە خوا یەکە و باوەڕیان پێ هەیە و گوێدێری دەکەن لە هەموو ئیشێکدا. خۆ ئەگەر یەکێک کارێکی ناپەسندی کرد مانای دەرچوونە لەو پەیمانە. سزادان و پاداشتی خوداش لەسەروبەری ئەو پەیمانەوەیە و مانای وایە خەڵک هەموو سەربەست بوون لەو ڕۆژەدا کە خوا لێی پرسین (ألست بربکم؟)[٢٣]

(٢٣) د. عبدالرحمن عزام، سەرچاوەی پێشوو. ل ٩٢.
- دەربارەی (ألستُ) بیروڕایەک بەناو خەڵکی پێشیندا بڵاوبۆتەوە، گوایا خوا کە فەرموویەتی (ألست بربکم) لە شێوەی پرسیارێک دایە بەپێی ڕێزمانی عەرەبی=

بەم جۆرە سافی لە حاڵەتی پەرێشانیی خۆشەویستی دایە و بەپێی ویستی خودا خۆی. جا ئەو کە مرۆڤە و لاشەیێکە وەختی بەری گیان بووە و گیانەکە بەچاوی خۆی خوای دیتووە کە پێی دەڵێن (شهود) جا چی تێدایە کە جارێکی دیکە ئەو لاشە و قاڵبە کە بەرهەڵستی ڕێگەی توانەوەن جارێکی دیکە گیانی بگاتەوە پایەی (دیتن) و پێک گەیشتن؟ ئەو پێک گەیشتنەی کە ئاواتی خۆشەویستانە؟ چی تیایە گیان وەکو پەپوولە لە ناو گڕ و ڕووناکیی چرادا خۆی بتوێنێتەوە؟

بەڵام ئایا سافی لە خۆی ڕادەبینێ کە ئەو ڕێیە ببڕێت و یەک لا بێت و خوتخوتەی شەیتان لە دڵ دەرکات و دنیا بەتەواوی بەربدات؟ ئەوەیە دوای ئەوەی لە چەند دێڕێکدا باسی چۆنیەتیی دنیا و ژیانی مرۆڤانە دەکات کەوا خەڵک هەر یەکە لە هەوایەکە و دنیا جێی بێ هۆشان و ژەهر و حیلە و ئەفسوونە، هانا دەباتە بەر (یەکەم) پێغەمبەر (دووەم) ئوستاد و پیری خۆی واتا شێخ عەبدولقادر و سێیەم شێخەکانی باپیری کە چارەی بکەن، قەسیدەکە بەدوعا کردن و پاڕانەوە لە خوا کۆتایی دێت:

ئەی صافیی هیرانی، ئەولادی عەلی و ثانی
چارەت لە پەرێشانی دەرگانەیی شاهێکە

ئەو دامانەی شاعیر قۆناغێکی بەرزە لە قۆناغەکانی تەسەووف و پاش ئەو نەمان و توانەوەیە و هیچی دی. خۆیشی لە دوولادا خۆی دەبینێ؛ جیهانی لاهووت کەوا:

ڕوح مەستە لە راحی تو لە نێو عالەمی ئەرواح

= (هەمزەی ئیستنکاری) پێ دەگوترێ. ئەوسا ئەگەر گوتی (ألست بربكم؟) دەبێ بە(بلی) وەڵام بدرێتەوە نەک (نعم). چونکە (نعم) پشتگیریی نەفییەکە دەکات. لە ڕۆژێکدا کە خوا گیانی مرۆڤایەتی کۆکردەوە، بەر لە دروست کردنی قالبیان ئەم پرسیارەی لێ کردن، ئەوانەی گوتیان (بلی) باوەڕدار و ئەوانەی گوتیان (نعم) گوناهبار دەرچوون.



لایەکی تریشی جیهانی ناسووتییە. لەو جیهانەشدا کە دنیای ماددەیە هەموو شتێک بەڕواڵەت و بەناواخنەوە تەفسیر دەکرێن.[٢٤]

واتا هەر شتی ڕووکەش نین. بۆیە دەڵێ:

باطن لە (بلی) دایە و ظاهر لە (نعم)دا

ئیدی با خۆی لە سەرەوە سروشت بەچاوی ناسووتی ببینێ بەڵام لە ناخی خۆیدا بەچاوێکی تر دەیبینێ، چونکە دەزانێ خوا وەکو فەلسەفەی هیندۆسی دەڵێ لە هەموو شتێک دایە و ماددەیە و ماددەش هەرگیز نەمان نازانێت.

خالی نییە ئەصلا لە تەجەللایی جەمالت
هەرچی لەسەرا تا سەما جلوە نوما بێ
شەئنی تووە بۆ جلوەیی مەعنا هەموو عالەم
لاهوتی و ناسووتییە گەرچی لە حیسابێ

ئەدی هەر ئەوە نەبوو (حەللاج) دەیگوت[٢٥]

وأيّ الارض تخلو منك حتى
تعالوا يطلبونك في السماء
تراهم ينظرون إليك جهراً
وهم لا يبصرون من العماء

خاڵی لە حیمایەت نییە بۆ عاشقی مەهجوور
خۆی دێتەوە هەر چەندە خەتابێ لە خەطابێ

خۆشەویستی دوو دیوی سەرەوە و ناوەوەی هەیە، سەرەوە واتا «ڕواڵەت کە پەیڕەوکردنی ڕەزامەندیی دولبەرە، ناوەکەشی ئەوەیە کە هێندە دڵگیر

(٢٤) د. عزالدين مصطفى رسول: أحمدی خانی، ل ١٤٥.
(٢٥) عدنان حسين العوادي: سەرچاوەی پێشوو.

بيت بەدولبەرەوە كە هيچ شتێكی دی نە لەبۆ ئەوە نە لەبۆ كەسی ديی تێدا نەمينێ.»(٢٦)

ئەو خۆشەويستييەی سافی مەبەستيەتی و گيانی لە ناودا دەتوێتەوە لە لاپەڕەكانی كتێب گەلی تەسەووفدا گەلێ زاراوە و قۆناغ و مانايان بۆ دەستنيشان كردووە، لەوانە:

نەمان، مان، يەكەتيی بوون و هەبوون، ديتن، بەديدار گەيشتن و هی دی... ئەنجامی ئەو خۆشەويستييە لای شاعير ئەوەيە:

لە سەفحەی عەشقەوە گەر سرِی ڕەحمەت بێتە نێو عالەم
هەتا مەحشەر چ كەس سەجدێكی نابا، شاهی غەففارم

واتا ئەگەر لە دنيادا ديتنەكە و پێك گەيشتنەكە ڕوويدا و نهێنيی ئەو ڕاز و سرِە نەزانراوەی تا هەتايە لە لاپەڕەی خۆشەويستيدا بێتە بەرچاو! ئەوا نەك هەر خەڵك خۆشحاڵ دەبن، بەڵكو لە پلەی مرۆڤييەوە بەتيشكی ئەو (سرِە) گەشە دەكەن، چونكە سرِی ڕەحمەتە ناسووتێن و بەجۆرێك دەگۆڕێن كە لە قۆناغی فرشتەش تێپەڕ دەكەن، ئەوسا نوێژ و ڕۆژوو و هەموو ڕواڵەتەكان دەبنە (تەحسيلی حاسل). چونكە ئەگەر فەرزەكان ڕێگەی گەيشتن بن ئەوا سرِی ڕەحمەتەكەی خۆشەويستی ئەو ڕێگەيەی نەهێشت. بەڵام ئەمە نەكراوە و نەهاتوەتە دی... بۆيە دوا بەدوای ئەم دێڕە، دەڵێ:

لە جيلوەی (نەفی و ئيثباتی) نەوەك سافی بەڕۆژ و شەو
دەمێ بێ هۆش و سەرمەستم، دەمێ بيدار و هۆشيارم

لەم دێڕەشدا دوو زاراوەی (نەفی ئيثبات)ی تەسەووفی دەستنيشان كرد كە هەمديسان گەڕانەوەيە بۆ (مۆلەكە) و پەريشانييەكەی پێشوو كە شۆڕشی دڵ پيشان دەدا لە لايەكەوە، لە لايەكی تريشەوە دوور نييە

(٢٦) التصوف الاسلامي الخالص/ المنوفي. ل ١٤٥.



هەڵكشان بگەيەنێت لە پلەكانی ڕێگەی تەسەووف و قۆناغەكانيدا، گوتمان لەوانەيە لە دۆڵی دامان -وادي الحيرة- دا كيرسابێتەوە، بەڵام ئەگەر تێپەڕی كردبێت و گەيشتبێتە دۆڵی هەژاری و نەمان- وادي -الفقر والفناء- وەكو فەريدەدينی عەتتار گوتوويەتی ئەوە حاڵێكی تازەی مورشيدە، ئەم ڕێبازەش لەگەڵ ڕێبازەكانی تری تەسەووفيشدا يەك دەگرێتەوە، بەنموونە ڕێبازی نەقشبەندی. بۆ زيادە ڕووناكيش دەڵێين حاڵەكان لای سەهرەوەردی ئەمانەن:(٢٧)

(خۆشويستن، تاسە، هۆگری، نزيكی، شەرم، پەيوەستی، گيری و كردنەوە -القبض والبسط-، نەمان، مان.)

بۆ ڕوون كردنەوەی برێ لايەنی نەمان و ماناكە با هەندێ لاپەڕەی كتێبەكانی تەسەووف هەبدەينەوە. شێخ ئەمين دەڵێ: «فەنا و بەقا دەرياييێكی بێ كەنار و بێ بن و بێ پايانی زانياريی تەسەووفن، ئەم دوو بەسەرهاتە مەگەر پياوە هەرە گەورەكانی تەسەووف باسيان لە بارەيەوە كردبێت، لە بەری ئەوەتە چونكە لە دوا پلەی ئەم ڕێبازەدا، جا ڕێبوار ئەم چۆنيەتەی بەسەرا دێت، لەبەر ئەوە هەموو كەسێ ناتوانێ لە بارەيانەوە باس بكات.»(٢٨)

دوای ئەوەی شێخ ئەمين ڕای ئيمامی ڕەببانی و شێخ ئەبو سەعيدی خەڕاز و بايەزيد و ئيبنی عەرەبی و هی دی لەم ڕووەوە باس دەكات، خۆی دەڵێ:

«بەو جۆرەی من خۆم بۆم ڕوون بوويەوە فەنا دوو بابەتە، بابەتێكی ئەوە كە بەدەستی بەندەيە، وە ئايا بەندە لە سلوك و خۆ پێگەياندن و خۆ وەرزاندن و نەفس كوشتنا، تا چ ڕادەيەك زاڵ دەبێ بەسەری فەنا كردن و

(٢٧) هەر ئەو سەرچاوەيە. ل ١٠١.

(٢٨) شێخ ئەمين عەلائەدين نەقشبەندی، تەسەووف چييە، ل ٢٦٢.

لەناوبردنی هەستە ناپاک و ناشایستە و ناپەسەندەکانی دەروونی خۆیا، و بەقاکەشی بریتییە لەوەی تا چ ڕادەیێک دەتوانێ هەستی چاک و پەسند و باش بکاتە جێنشینی هەستە خراپەکان... هتد» «وە دەرچوون لە خەلق وای لێکردبێت هەر نەزانێ خۆی کێیە و چییە، و جگە لە خودا هەموو شتێکی تەنانەت ناوی خۆیشی لە یاد چووبێتەوە»(٢٩)

«نموونەی دووهەمی فەنا و بەقا بریتییە لە مەقامە مەعنەوییەکەی، ئەم فەنا و بەقایە، یان خەڵاتە و خوادادەیە، نەک شتێ بێت ڕێبوار بتوانێ بەدەستی بێرێت، وەکو ئەوەی بڵێین ئەگەر ئەوەندە زیکرت کرد یان ئەوەندە ساڵ ڕیازەتت کێشا، یان گەیشتیتە فلان مەقام، ئیتر بێ گومان دەگەیتە فەنا و پاشانیش بەقا.»(٣٠)

دوای شیکردنەوەی جۆرەکانی فەنا و بەقا و سروشت و پێناسەکانیان دێتە سەر ئەوە دەفەرمووێ (قوشەیری) دەڵێ: فەنا تیاچوونی پێناسی ناپەسندە و بەقا دامەزراندنی پێناسی پەسندە.»... پاشان دەگاتە ئەو ئەنجامە کە وەکو سوفییە گەورەکان دەڵێن ئەمانە لە چوارچێوەی «فەرق و جەمع و کەسرەت و وەحدەتدا کۆبوونەتەوە.»... لە دواییدا دەڵێ: «کاکڵی ئەم فەنایە لە نەفسی خۆی لە ڕێگەی ڕەزامەندیی خوادا و ئاکامی هەمووی ئەمانە، ئەوەتە کە (لا إله الا الله) بێرنە دی.

وە ناوەڕۆکی ئەو نەفی و ئیسپاتەی لا اله الا الله ئەوە خۆی بریتییە لە فەنا و بەقا چونکە بەوشەی لا إله پەرستشی هەموو شتێکی داوەتە دواوە و نەفیی کردووە و بەوشەی (إلا الله) خوایەتیی خوای هێشتوەتەوە و بەقای خوای ناسیوە،(٣١) بەڵام ئەم دڵنیایی و بەئاوات گەیشتنە لە شاعیران و کەڵە پیاوانی مێژووی تەسەووف دوور بووە، ئەوانیش لەگەڵ سافیی شاعیری خاوەن دڵ گوتوویانە:

(٢٩) و (٣٠) و (٣١) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٧٤، ٢٧٥.



دەمێ بێ هۆش و سەرمەستم، دەمێ بیدار و هۆشیارم

بەتایبەتی بەر لەوەی سافی شێخ بێت شاعیرە، شاعیریش لە دڵی پڕ لە کوڵ و بزاوت و مۆڵەکەی خۆی دەڕوانێ، ئەو مۆڵەکەیەی کە هۆی بزواندنی سەلیقە و ئیلهامە و شیعر بەگەرموگوڕی دەهێڵێتەوە. دە تۆ سەیری ناکەی چۆن ئەم پرسیارە پڕ لەسەر سوڕمانەی دەیکات و دوولای ناکۆکیی یەکیەتی عەشقی تێدا بەدی دەکرێت؛ شۆرش و ئارام، ناڵە و هاوار و خۆشنوودی، ئازار و خۆسووتان!

دڵێک دەزانێ عەشق ئاگرە بەڵام ئەگەر پەپوولە ڕوو لە ئاگر نەکات کە پەیڕەوی ژیانیەتی ئەدی چی بکات؟ ئەمەیە ئەو پرسیارەی ڕێگەی ئایدیالزم وەڵامی پێ نەدراوەتەوە و لەگەڵ شاعیردا دەڵێین:(٣٢)

دڵی بولبول لە دەوری باغی گوڵ یاری نەکا چ بکا؟
لە تاوی غونچە هەردەم شیوەن و زاری نەکا چ بکا؟
زەمانی لەززەتی ڕۆیی و دەوری زیللەتی واهات
ئیتر یاران لەمەولا ڕوو لە دڵداری نەکا چ بکا؟
لە ئاهی گەرمەوە وا لێو بەبار و هیشکە ئێستێکە
لە عەینی چاوەکانی خوێن و ئاو جاری نەکا چ بکا؟
شەوی هیجران خەیاڵی یار دەکا ئەصلەن خەوی نایێ
بەیادی ڕۆژی وەصلی حەز لە بیداری نەکا چ بکا؟
بەکوفری زوڵفی ڕێی ئیسلامی بەستووە بۆیە دڵ ئێستێ
وەکو (صەنعانی) دائیم مەیلی زیننار نەکا چ بکا؟

(٣٢) ڕۆژنامەی (التآخی) ڕۆژی ٥/ ١/ ١٩٧٦، صافي الشاعر الصوفي العاشق/ بیمار.

لەگەڵ وتارەکەدا ئەم غەزەلەشم کردبوو بەعەرەبی، خوالێخۆش بوو (محمود العبطە) پێی ڕاگەیاندم کە لەلایەن هەندێ مامۆستای عەرەبەوە زۆر پەسند کراوە.

دڵم عەیبی نییە گەر ڕووی زەمین تەڕ کا بەخوێنی ئەشک
بەئاهی دوودناکیش ئاسمان تاری نەکا چ بکا ؟
لە لایێ فیرقەتی یار و لە سوویێ میحنەتی ئەغیار
لە هەر دوولا دڵی مسکین ڕەجاکاری نەکا چ بکا ؟
هەوای یاری لەسەر دەرناچێ ئەصلەن لەو جەفای دووری
دڵی بێ چارەکەم هەردەم وەفاداری نەکا چ بکا ؟
ئەگەرچی بێ وەفا یارم جەفای دا ئەو دڵی مسکین
وەکو صافی لە بەد بەختی فیداکاری نەکا چ بکا ؟

**سەماع لە هەڵبەستی سافیدا:**

لە نێوان مۆسیقا و تەسەووفدا پێوەندییەکی توند و تۆڵ هەیە، فەیلەسوف و زانایانی ئایین پێوەندی مۆسیقا و خۆشەویستیی خواییان بەوە دیار کردووە کە مۆسیقا بزوێنەری خۆشەویستییە، سۆفییەکانیش «سەماع بەئارامی دڵی عاشق و خۆراکی گیانی ڕێبوار دادەنێن کەوا مۆسیقا قاسیدی مزگێنی هێنی ئاسمانییە لە جیهانی قودسییەوە».[٣٣] ئەمە لەلایەنی تیورییەوە بەڵام ئەگەر بڕوانینە لایەنی ڕەفتار و پراکتیک دەبینین پێوەندییەکە لەسەر لاپەڕەی کتێب و دیوانی شیعرانەوە، لە ڕەمز و سۆز و هێماوە دەپەڕێتەوە کۆڕی زیکر و دڵدانە ساز و ئاواز و کارلێکران و شەیدا بوون و توانەوە.

پێشووتر گوتمان لە حاڵەتی (جەذب)دا دەروێش وەکو پارچە ئاسنێک موغناتیس ڕایبکێشێت ئەوها بەرەو یەکدیگیری لەگەڵ (پیر) یان (پێغەمبەر) یان (خوا) گوڕ دەستێنێت، ئەو شتانەش کە کرداری

(٣٣) د. بدرخان السندي، الموسيقى في شعر الجزيري، مختارات من الأدب الكردي، منشورات مجلة كاروان ١٩٨٦- ل ٢٥٨- ٢٦١.



ڕاکێشانەکە ئاسان و پتەو دەکەن لە چەند زاراوەیەکدا خۆ دەنوێنن کە هەموویان چ دوور و چ نزیک یەک جۆر و یەکسانن لەگەڵ جەزبەکەدا، زاراوەکانیش بریتین لە: نەمان، وەجد، سەماع، چەشتن، خواردنەوە، ونبوون، ڕاکێش کران، مەی، حاڵ...[٣٤]

هەر وەکو نیکسۆن دەڵێ: «زوو بەزوو سۆفییەکان زانییان کە دەتوانن ڕاکێش بوون (إنجذاب) بەیاریدەی دەستکرد یان سنعەت دەستگیر بکەن نەک بەچڕوگرد کردنەوەی بیر و لێکدانەوە و بەیایی و هۆیە بێ فێڵەکانی تری خۆ خەواندنی موغناتیسییانە (التنويم الذاتي المغناطيسي) (Auto hynosis) بەتەنیا، بەڵکو سەرباری ئەوانەش بەمۆسیقا و گۆرانی و سەما، کە ئەمانە هەمووی دەچنە ژێر وشەی «سەماع»ەوە.[٣٥]

لە جێیەکی تردا دەڵێ: مۆسیقا و گۆرانی و سەما لای دەروێشان چەند هۆیەکی دڵخوازن بۆ ڕاکێش کردنی حاڵەتی بێ ئاگایی کە پێی دەڵێن (نەمان) کە ئەم حاڵەتەش بەلوتکەی تەریقەت دەژمێردرێ.»[٣٦]

وەکو مامۆستا (سەجادی) لە پێشەکیی دیوانی سافیدا دەگێڕێتەوە سافی ئێجگار هۆگری ساز و ئاواز و گۆرانی بووە «کە دەیبیست گۆیندەیەکی نایاب لە شوێنێک هەیە تا نەیهێنایە ئارامی نەدەگرت. هەر لایە بچوایە دەبوا لەگەڵی بوونایە... هەموو دەم کۆڕی دیوەخانەکەی بەهۆی نەواخوانانەوە دەتوت دیوەخانی خانەدانی پەروێزە! فەقێ خدر و دەروێش مستەفا -دوو گۆیندە تایبەتییەکەی- کە بەدەنگی ناسوتی ئاوازی لاهوتییان بەرز دەکردەوە کە دەهاتنە سەر ئاوازی غەزەلەکانی کاکی، سافی شۆخ و شەنگیەکی تری تێدەکەوت و وەکو باراناوی بەهار فرمێسک

(٣٤) نیکلسون، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.
(٣٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٦٦.
(٣٦) هـ. س. ل ٥٣.

دەهاتە خوارەوە بەبەرەلەپی پێشانی خۆی دادەگرتەوە و بەدەنگی (حەبیبی من، تەبیبی من) خۆی دەلاواندەوە.»[٣٧]

چونکە گۆرانی و مۆسیقا هۆیەکە لە هۆیەکانی ساف بوونەوەی گیان و سڕکردنی هەست و بێ ئاگایی سۆفی و بەرز هەڵچوونی لە ڕێگەی گەیشتن بەخۆشەویستدا. وە لەسەر بنەڕەتی بڕواداری و خواپەرستی لینگ دەچەسپێنێ، ڕەمزێک و حاڵەتێکی پیرۆزە لە ئەدەبیات و لە ڕێڕەوتی تەسەووف، بێ گومان دەشبێ ڕەنگدانەوەیەکی دیاری لە دیوانی غەزەلی سافیی هیرانیدا هەبێت.

تەریقەتی قادری (ذکر) زیکر بەئاڵقە بەستن و بەدەنگ و سەدا و ئاوازەوە دەکەن. لە ئاڵقەی زیکردا گۆرانی و لاوانەوەی دینی و ستایشی خواو پێغەمبەر دەچڕن. حاڵ لێ هاتنەکەیان و کۆڕی (سۆز)ی دەروێشانەیان ڕاو ڕەسمێکی تەسەووفی تایبەتییە. کۆڕی زیکر کە دەنگی تەپڵ و دەف تێکەڵ بەهاواری یا حەی دەروێشان و هاوئاهەنگی ترپەی ڕێکی جوولانەوەی لەش دەبێت، حاڵەتێک بەبەشداری کۆڕەکە دەبەخشێ کە زاراوەی (سۆز) جوان وەسفی دەکات. لەم کاتانەدا هەستی مرۆڤ لە ناو جۆش و خرۆشانێکی ئاسمانانەدا ئەوەندە ناسک دەبێت دەگاتە ئەوپەڕی ڕادەی بێ هێزی و توانەوە، ڕەنگ بێ هیچیی مرۆڤانەی دەربڕێت، لە بێتینییەکی وەهادا کە ئاوازی مۆسیقاو گۆرانی وەک پەڕە کایەک بەر کارەبا بکەوێت ئاوا بۆ دوا پەردەی لە ئاگایی دەرچوون ڕاییکێشێت.

لە مێژووی شێخانی تەسەووفدا نموونە ئێجگار زۆرە بۆ ئەو حاڵەتەی کە شێخە گەورەکان لە کاتی گوێگرتنی ئاوازی مۆسیقا و گۆرانیدا تووشی شڵەژان و باری (وەجد) بوون، بەڕادەیەک لە دنیا دابڕاون جلوبەرگی

(٣٧) عەلائەدین سەجادی، دیوانی سافی (پێشەکی).



خۆیان زیوار زیوار کردووە و ڕووت و قووت سەری خۆیان هەڵگرتووە. لەم بارەیەوە دەنگوباسی ذەنوونی میسری، جنێدی بەغدادی، ئەبوبکری شبلی و ئیبنوفارض، بەناوبانگە.[٣٨]

«بەهەر جۆربێ سافی وەکو پیرێکی خواناسی پایە بەرز بوو، ئاشناو عاشقی دەنگی خۆش و جەمالی گەشی تەبیعەتی گوڵ و نەوای کەو و بولبولیش بوو. لە کاروانەکانی بەغدا و بارەگای گەیلانیدا کە بەناو کۆڵان و بازاڕدا تێدەپەڕی و دەنگێکی خۆشی بەر گوێ دەکەوت ئیتر ئاوڕی لەوە نەدەدایەوە کە ئەو شوێنە چ شوێنێکە و ئەو دەنگە چ دەنگێکە دەبوایە بچوایە بۆ لای و بەدەنگی گریانی خۆی دەنگی گۆیندەی نەهێشتایە.»[٣٩]

ئەز وا تێ دەگەم غەزەلی (ئەی موتریبی حەریفان) نموونەیەکی سۆزی دەروێشانەیە سافی هێناوەتییە سەر کاغەز، چونکە غەزەلەکە دەڵێی کۆمەڵە ترپەیەکی مۆسیقای پڕ لە جۆشی ڕێکوپێکە لە ئەنجامی تێکەڵ و پێکەڵ بوونی وشەکانی ڕستەی هۆنراوەدا (مانا) لەنێو هەوای خرۆشاویدا تێکەڵ بەیەک بووە. واتا گوێگر هەر گوێی لە دەنگی ترپەی دەف و تەپڵ و زرنگەی پیتەکان بێت و پێویستی بەزۆر وردبوونەوە نەکات لە مانا و لە جیاکردنەوەی وشەکان... خۆیشی کە هەر حاڵەتێکی بێ ئاگایی ون بوونە، ئەمەش سەرباری سیفەتی سواری و هەڵقولاویی شیعری شاعیر و تەڕدەستیی لە دەربڕیندا.

ئەی موتریبی حەریفان دەس کە بەنەغمە خوانی
ئاوازی تۆیە بۆ دڵ وا دەفع دەکا غەمانی
بەزمت شیفایە سادەی، بۆم لێدە بەربەت و نەی
ئەو دەردی دڵ هەتاکەی؟ چی ماوە عومری فانی؟

(٣٨) بڕوانە: عدنان حسین العوادي، سەرچاوەی پێشوو.
(٣٩) پێشەکیی دیوانی سافی، ل ١٠.

موتریب بەساز و نەی بێ، ساقی بەجامی مەی بێ
تا عاجزی مە تەی بێ، ڕووکەینە شادومانی
باساقی ڕوو لە مەی کا، بێ دەفعی ئەو غەمەی کا
جەمشیدی جام و کەی کا کەیدا ئەمانی مانی؟
بۆم لێدە چەنگ و عووده، ڕەمزە لە یا وەدووده
با کۆرەبێ حەسووده، ئەم سرە با نەزانی

دەبینین وشە و ڕستە مۆسیقادارە تێکەڵاوەکانی (غەمانی، سادەی، بەر بەت و نەی، عاجزی مە تەی، شادومانی، بێ دەفعی، کەیدا ئەمانی مانی، ڕەمزە لە یا وەدوودە... هتد) بەسەر گوێگردا تێپەڕ دەبن ڕێ خۆش دەکەن کە بەبێ پەردە یەکسەر بچنە کانیی دڵ و لەوێدا گوڕ هەڵقوڵێنن.(٤٠)

لە کۆڕی تەسەووفدا (سەماع) بەجارێک دەرد و دەرمانی ئەو کەسەیە کە ڕیازەت و خەڵوەتی دوور و درێژ ئاوێنەی دڵ و دەروونی مشتوماڵ دەکەن و لە پەڕەی گوڵ و هەستی هونەرمەند و تریفەی مانگ ناسکتر دەبێت. ئیتر هەر شایانە لە ئاوازدا بتوێتەوە و خۆراکی ئاواز ببووژێتەوە.

(٤٠) وردکردنەوەیان بەم جۆرەیە:
(غەمانی: غەمەکانی دڵ. سادەی: ئیتر دەی خێرا. بەربت و نەی: دوو جۆرە ئاوازی مۆسیقان. مەتەی: هی ئێمە طەی بکا و عاجزی ئێمە لوول بدا. شادومانی: شادی. بێ دەفعی: وەرە دەفعی بکە. کەی دا ئەمانی مانی: کەی دا سەلامەتیی و مانەوەی (مانیی) وێنەکێش.
ڕەمزە لە یاوە دوودە: ڕەمزێکە لە بانگی ئەی خوای بەزەییدار کە (ودود) ناوێکە لە ناوەکانی خوا.
ئەم گۆرانییە، تایەر تۆفیق، بەئاوازێکی تورکی لە (ڕادیۆ) تۆماری کردووە. بەر لەویش لە چلەکانەوە عەلی مەردان غەزەلی (ئەم پەرچەم و ئەگریجە هەمووی دوژمنی دینە)ی کردووە بەگۆرانی و لەسەر قەوان تۆماری کردووە.



بۆیە موتریب و نەغمە خوان و بەزم و ناوی مەقام و ئامرازەکانی مۆسیقا زۆرجار لە غەزەلەکانیدا بەرچاو دەکەون:

دڵم پەژموردەیە ئێستێ دەخیل موتریب سەدایێ بێ
لە دەست هیجرانی یارم نیو نەفەس ماوە وەفایێ بێ
لە باتی شادی و خۆشی گەلێ بیمار و غەمناکم
مەگەر بەم (لاوک) و (حەیرانە) (نیوە شەو) بۆم شیفایێ بێ
غەمی هیجرانی تاکەی بێ سەدای نەی، موتریبا سادەی
(بەیات و شوور و ماهوور و قەزاز و دەستگایێ) بێ
بەبێ ئاوازی تۆ ئەڵا نییە چارەی دڵی شەیدا
دەخیل دەنگی (سەبا، ڕاست و حیجاز و چارگا)یێ بێ
لە پاش مردن وەسییەت بێ لە جێی یاسین و تەلقینم
سەدای (دیوان و عورفا) و دەنگی (کورد)و (قۆریا)یێ بێ

هەر بەم جۆرەش کاکی هیرانی عەوداڵی دەنگی کەو بووە و لە غەزەلێکدا هۆی خولیای ڕاوی کەو تێ دەگەین... کەوا ڕوونی دەکاتەوە چونکە دڵداری چاوی (باز)ە بۆیە ڕاوی کەو دەکات. بازەکەی خۆیشی پیری خۆی، شێخی گەیلانییە کە زانراوە بەباز و شەهباز و سپییەباز بەناوبانگ بووە.

بۆ شکاری مورغی وەحشی نەک هەڵۆ و شاهینم
عەشقی چاوی بازی خۆمم بۆیە ڕاوی کەو دەکەم

## چەند سەرنجێک لە شیعری سافی:

لەو چەند لاپەڕانەی پێشوودا، تکاکارم هاتبینە سەر ئەو باوەڕە کە سافی شاعیرێکی بەهرەدارە و بەهرە شیعرییەکەشی پێش هەموو بەهرە و پایەیەکی تری شاعیر کەوتووە و بووەتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ بەرزبوونەوەی ناوی لەناو شاعیراندا و گەرم کردنەوەی گیانی شیعری لەم

سەردەمە دوا دواییبیەدا، لە کاتێکدا شیعری کلاسیکی ببوو بەقوتابخانەی چاولێکردن و جوینەوە و مەیین. بەتایبەتی کە لە سەدەی بیستەم و دوای شەڕی گەورەی یەکەمی جیهان ناوەڕۆکی شیعری کوردی گۆڕانی تێ کەوتبوو و خەرمانی غەزەلییات لە لا چەپ و پەنادا گیرسابوو.

سافی لەبەر پایەی کۆمەڵاتیی خۆی و لەبەر سروشتی جۆری تەریقەتەکەی خۆی لە یەک جغزدا گیر کرد و پەلی چوونە دەرەوەی نەکوتا، نەبابەتی سیاسی و نەکۆمەڵایەتی و نە باسی گوزەران و ژیان و تەنانەت دیمەنەکانی سروشتی جوانی ناوچەکەی هیچیان لە دیوانەکەیدا جێی خۆیان نەکردۆتەوە.

هەتا غەزەلیاتەکەشی دڵداریی ژنی پێوە دیار نییە، تاکە سەرچاوەی ڕۆشنبیری و سەوداداریی شیعرەکانی تەریقەت و ئاینداری و دیوانی شاعیرانی ڕێبازی تەسەووف بووە، چ فارسی و چ کوردی. ئەو کۆمەڵە شیعرە فارسییەی نووسیویەتی بەڵگەی دەستەڵاتی شاعیرە لە مەیدانی هۆنینەوەی شیعردا. وا دیارە لە کوردیدا شیعری مستەفا بەگی کوردی، حەریق، مەحوی، تایەر بەگی جاف، ئەدەب و وەفایی خوێندوەتەوە و کاریان تێ کردووە و ئاشنایەتی و سەر و سەودای شیعری لەگەڵ مەنفی و حسێنی و عەونی لە کۆیە و نەزهەتی ڕەواندزی و لەگەڵ کانی و بێخود و داماو هەبووە... توانیویەتی دەنگی شیعری خۆی بەرز هەڵبڕێ و ببێ بەدەنگێکی ڕەسەن و ڕێز لێگیراو لە ناو شاعیرانی بەرجەستەی کوردستاندا.

سەودا کردن و ئاشنایەتیی لەگەڵ شیعری شاعیراندا، تەنیا ئاگاداری و چێژ لێ وەرگرتن و پەسندییە... هەندێ جاریش بەهەوای سەرگەرمی بەشدارییە لە مەیدانی سوارچاکی و جریدبازیدا ئەویش ئەسپی خۆی تاوداوە و شانی لە شانی شۆڕەسواران داوە. زیاتر ئەم کارەش لە هونەری (نەظیرە)دا دەردەکەوێ.



ئەگەر (مەحوی) لەسەر پاشبەند (قافیە)ی (چ بکا) غەزەلی نووسیبێ و بەتایبەتی لەو شابەیتەدا گەیاندبێتە لوتکەی هونەری:[٤١]

کە هەڵگیرسا لە نووری بادە شەمعی حوسنی جانانە
نەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە دڵ چ بکا؟

سافی بەکەرستەی تایبەتی خۆی و بەزادی بیر و زەین و هەستی پڕ لە کوڵی خۆی نووسیویەتی:

دڵی بولبول لە دەوری باغی گوڵ یاری نەکا چ بکا؟
لە تاوی غونچە هەردەم شیوەن و زاری نەکا چ بکا؟

کە سەرتاپای غەزەلەکە سێبەری ڕەزاگرانی خواستنەوە و جوینەوەی لێ بەدوورە و بەداڕشتەیەکی ورشەدار و جوانەوە هاتۆتە پێشانگای خۆ نواندنەوە.

هەروەها پاشبەندی (بێ تۆ) کە کوردی و نالی بەر لەو چەند غەزەلێکی بەناوبانگ بنیاتیان ناوە ئەویش وەری گرتووە و چەپکە گوڵی خۆی پێ نەخشاندووە:

حەبیبا دڵ گەلێ بیمارە بێ تۆ
لەبەر دووری لە ڕوح بێزارە بێ تۆ

بەڵام کاتێ (پەسەندیی) شاعیر دەگاتە ڕادەیەکی زۆرتر و بەرەوەژوورتر دەچێت، و بۆ ئەوەی شێوەی کاریگەرییەکەی نەبێتە مایەی گازاندە و لێپرسینەوە ڕێگەی هونەرێکی شیعری باوی جارانی عەرەبی گرتووە کە پێی دەڵێن (معارضە) کە ئەوەتا شاعیر لەسەر هەمان پاشبەند و کێشی شیعری شاعیرێکی بەناوبانگ هەڵبەستێک هەڵدەچنێ. لە ئەدەبی عەرەبیدا شیعرەکەی ئەحمەد شەوقی[٤٢]

(٤١) دیوانی مەحوی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس/ بەغدا ١٩٧٧، ل ٢٣٠.
(٤٢) موسیقی الشعر، د. ابراهیم انیس، چاپی پێنجەم.

مضناك جفاه مرقده
وبكاه ورحمَّ عــــوّده

معارضەی شیعری شاعیرێکی کۆنی ئەندەلوسییە کە دەڵێ:

یا لیل الصب متی غده
أقیام الساعة موعده

ئەگەرچی پاشبەند (قافیە) ماڵێکی مەعافە بۆ هەموو شاعیرێک بەڵام هەندێ قافیـە نایابن و بابەتەکانیـان لەگەڵ خۆدا جۆشاندووە و کردووە بەیەک جەستە و دەڵێی مۆرک و جێ پەنجە و نیشانی وەستا شاعیرەکەی خۆی پێوەیەو لێی نابێتەوە بەو مەرجە ئەگەر قەسیدەکە بابەتێکی نایاب و بەنرخی هەبێ و بەناو خەڵکدا ناوبانگی بڵاو بووبێتەوە. ئەنجا شاعیر کە ئەم جۆرە شیعرانە دەبینێ دەیەوێ ئەویش لە تەلی ئەو تارە ئاوازێک بەرز بکاتەوە، بێ ئەوەی دەست پیسی لەگەڵ بەرهەمەکەی بەردەمی بکات. لای خۆمان بەم هونەرە شیعرییەیان گوتووە (نەزیرە– نظیرە).

نموونەیەک لەم نموونانە شیعرە بەناوبانگەکەی تایەر بەگە:

تابەکـــەی قـــوربان بنالّم من بەئێش و دەردەوە(٤٣)
دەس بەئەژنۆ، قوڕ بەسەر، دایم بەڕەنگی زەردەوە

سەرنجی سافی ڕاکێشاوە، چ لەبەر شیرینی و ناسکیی وتەکانی و چ بەساکاری و داڕشتنی بێ گرێی شیعرەکە و چ بەهۆی پاشبەندە نوێباوەکەیەوە، بەتایبەتی پاشگری (وە) لە زار زمانی جافدا باوە و لە هی خۆشناوەتیدا کەمە... یان هەر نییە.

بۆیە سافی لەسەر بنەڕەتی شیعرەکەدا دەڵێ:

گریەو و زارم لەگەڵ بولبول قیاسی ناکرێ
چونکە تا مردن (دەناڵم من بەئێش و دەردەوە)

(٤٣) دیوانی تاهیر بەگی جاف، هەولێر ١٩٦٦، ل ١٥.



تایەر بەگ دەڵێ:

مەرحەمەت کە زوو بڕۆ قاسید بڵێ دەردی دڵم
نازی پاپۆشت دەکێشم من بەتۆز و گەردەوە

سافی دەڵێ:

(قاسید)ێ گەر بێ لە تۆ بێنێ سەلام و بێتە لام
ژێری کەوشی ماچ دەکەم قوربان (بەتۆز و گەردەوە)

تایەر بەگ دەڵێ:

ڕۆژی ئەووەڵ بوو کە زانیم من دەبێ دێوانە بم
عاشقی تۆ نەوعی مەجنوون وان بەکێو هەردەوە
ئیلتیماسی طاهری بێ چارە قەت سوودی نییە
تۆ کە دایم شەڕ فرۆشی بەو دڵەی وەک بەردەوە

سافی دەڵێ:

گەر بڵێن سافی لە عەشقی لەیلەکەی کێو جێگەیە
تۆ بڵێ (مەجنوون سیفەت ڕووی وا لە چۆڵ و هەردەوە)
دەردی من بەو چاوی بیمارت ئەگەر دەرمان نەکەی
چۆن بەئومێدی شیفابم (لەو دڵی وەک بەردەوە)

بەڵام سەیر دەکەین جوانترین یان شابەیتی شیعرەکەی تایەر بەگ ئەو بەیتەیە کە لە گونجان و تێکەڵ کردنی خۆی بەسروشت و یار و دڵدار و ڕەنگەکاندا وێنەیەکی جوانی نەخشاندووە کە دەڵێ:

هەروەکو قەوس و قوزەح با دەست لە گەردن دابنێین
تۆ بەسوخمەی ئاڵ و سەوز و من بەڕەنگی زەردەوە

سافی پەیڕەوی نەکردووە و خۆی لەو دڵدارییە هەستدارە لاداوە و بەلای لەشولارەوە نەچووە و ڕێچکەی سکاڵا و گریانەکەی خۆی گرتووە، بۆیە وێنەکەی ئەو لەو بارەیەوە لە ڕەنگ و هێڵ و مەودادا کزترە، ئەوەتا دەڵێ:

ئێــشی زامم وا لە بەینی عــالەمێ مـەعلووم بووە
گەهـ لە خوێنی چاوەکان و گەهـ لە ڕەنگی زەردەوە

هەر بەم جۆرە نەزیرەی غـەزەلێکی بەناوبانگی (حەریق)ی کردووە کە لە کۆڕی گۆرانی و لەگەڵ ئاهەنگی مەولوود خوێندنەوەدا بەمەقام دەگوترا و شیعرێکی تەڕ و بڕ و بەجۆشە:(٤٤)

هەموو کەس بابزانی من کە سەودای زوڵفی دووتاتم
لە خانەی کۆکدا کوڵم، بەفەرزی شای ڕوخت ماتم

جـا قـافـیـە گـەلی (سـەوداتم، بالاتم، تاتاتم، ئەوا هاتم، ڕاهاتم) بەجۆرێکی جوان لە چەند دێرێکی پڕ لە جۆش و خرۆش دادەڕێژێتەوە، ئەو وردەکارییە ڕەوانبێژی و ڕوونبێژییەی (حەریق) کردوویەتی ئەو ئیشی پێیان نییە و لێیان دەگەڕێ.

چەند جوانە کە (حەریق) دەڵێ:

موتالای حاشیەی زوڵفی سەری سەفحەی ڕوخت سەعبە
بەوەی چابوو بەمنداڵی لە دەرسی عـەشـقی ڕاهاتم

سافی لە نەزیرەیدا گوتوویە:

ژیانی من لە عـەشقی تۆ مـەزانە غـیـرەتی خۆمـە
سەبەب وابوو (بەمنداڵی لە دەرسی عەشق ڕاهاتم)

## زمانی شیعری سافی:

زمانی شیعری سافی زمانێکی پاراو و ناسکە، بەڕادەیەکی کەم وشەی قەبەی زمانانی بیانیی تێدا دەبینرێ، بەتایبەتی ئەوانەی وەکو زاراوە و کەرستەی بەردەست بەزۆری زۆردارەکی شیعری شاعیرانیان بارگران کردووە. وشە بێگانەکانی ئەو گشت ئەو وشانەن کە لە زمانی قسە کردندا

(٤٤) دیوانی حەریق، چاپی دووەم ١٩٦٩، چاپخانەی (الجمهوریة) کەرکووک. ل٢٩.



دووبارە دەکرێنەوە، چونکە خۆی پێویستی بەڕیزکردنی قافیە و ڕستەی قالب بەستی نەبووە، نەهاتووە قافیەی وشەی بێگانە کۆبکاتەوە، بەڵکو قافیەی کوردی پەتی سافی لە نۆژەنەوە زۆر بەکار هێناوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو قافیانەی بەکارهێناوە کە ئاسان و زۆر بڵاون. ئەوەتا لە غەزەلێکدا ئەم قافیانەی کۆکردۆتەوە: (تۆ، شەوبۆ، ڕۆ ڕۆ، خۆ، سۆتۆسۆ، شەو ڕۆ، بۆن سۆ، کۆ). لە غەزەلێکی تردا ئەمانەی کۆکردۆتەوە: (باغەوان، ئاسمان، نەمان، گران، جان، نیشان، ژان). هەروەها لە چەند غەزەلێکی تردا: (بیمار، بێزار، دیوار، هاوار، بێ عار، تار، ئەغیار، سەربار)

(خوێناوە، هێناوە، قەوماوە، شێواوە، ماوە، ئەعلاوە، لە خەو ماوە، لێ داوە).

(گرتووە، کردووە، دەرچووە، خوێندووە، کردووە، ڕابووە، هاتووە، لاچووە، نووستووە، دانیشتووە).

سەبارەت بەوە کە غەزەلەکانی سافی لە نێوان ٧ تا ٩ دێڕ دان، ئەمە کاری ئاسانتر کردووە... پێویستی بەبار قورس کردنی سنووەتکارانە یان زۆردانە دەم نەکردووە، تەنیا یەک هەڵبەستی نەبێت کە قەسیدەیەکی (٢٦) دێڕییە. ئەوەی کە دەڵێ:

لۆمەم مەکەن یاران ئەم عەشقە چ بەلاییکە
لەم حاڵەتە نازانن بۆ دڵ چ جەفاییکە

ئەمیش لە سۆزێکی دەروێشانە دەچێت و قافیەکانی تا بڵێی سوارن، عەرەبییەکانیشی ئەو وشانەن کە ئاشنان بەدڵ و دەروونی گوێگری کورد وەکو: بەلا، جەفا، هەوا، خەتا، سەدا، هەبا، وەفا، دوعا، دەوا، جەزا... تاد.

لە ناو پاشبەندەکانیشدا داڕشتەی جوانی بەرهەم هێناوە بەهۆی

هاودەنگیی (یەک) و (ییێک)ەوە وەکو لە وشەگەلی: لاییێکە، باوک و داییێکە، خوداییێکە (یەکە)، پەڕەکاییێکە.

زمانی غەزەلەکانی سافی ئەو زمانە یەکگرتووەیە کە شاعیرانی کوردستانی خواروو لە قوتابخانەی شیعری بابان شیعریان پێ نووسیوە، ئەگەرچی زار زمانی شاعیر کە خۆشناوییە، کەموزۆر لەگەڵ ئەو زمانە یەکگرتووەدا جیاوازی هەر هەیە، بەڵام ئەوە وەکو پەروانە ڕووی کردوەتە چرای زمانە ئەدەبییەکە و گوێی بەو جیاوازییە نەداوە، بەڵکو سوودی لێ بینیوە. ئەنجا چ بێ ئاگا و چ بەئامانج هەندێک لایەنی تایبەتیی زار زمانی ناوچەیی دەرخستووە و بەگشتی بەوردەکاری زمانزانی دەژمێردرێن و پێویستی بەلێدوان هەیە.

یەکێک لەو وردەکارییانە ئەلفی بانگ کردنە کە بە(ناوی) بانگ لێ کراوەوە دەنووسێ (لە فارسیشدا ئەمە هەیە) ئەوەتا سافی لەم شیعرانەدا ئەلفی بانگ بەو جۆرە بەکار دەهێنێ:

حەبیبا! خۆت دەزانی بۆ لە عالەم بێ موبالاتم

ئەی فەلەکا! خەتام نییە.

عەفوی بکا غەففارا! شایان بەعەفاییێکە

جگە لەمە کە تایبەتیی ئەو زار زمانەیە کۆمەڵێک دارشتە و وشە گەلی ناوچەیی خستوەتە ناو توێی شیعرەکانی کەوا زمانە ئەدەبییەکەی پێ نەخشین دەبێ. وا چەند نموونەیەکیان لێ دەهێنینەوە:

- حەقیتم بەمانا حەقم هەیە، کە بۆ کەسی سێیەم دەگوترێ حەقیتی یان حەقییەتی، هەر بەم جۆرە وشەی (هەیتم) و (هەیتی) بەمانا هەمە و هەیەتی بەکاردێت.
- وشەی (ماژۆ) بەمانا لێ مەخوڕە، هاودژی (باژۆ)یە. ل ٣١.
- وشەی (گرۆ) واتا گرەو. لاپەڕە (٥٣)ی دیوان.



- وشەی (ناسیێتەوە) واتا ناحەسیێتەوە. ل ٥٣.
- (تا بووی) کورت کراوەی نەدەبووی. ل ٣٧.
- (ویش) واتا ئەویش. ل ٤٠.
- ئەو چاوگانە: ڕژایە، درایە، نەمایە، نۆشییە، جۆشییە) بەرامبەر بە(ڕژاوە و دراوە... تاد) بەکارهاتووە.

**کۆتایی و ئەنجام:**

پێناسەی شیعری سافی هەست و سۆز و جۆشانی دڵە، نەیویستوە باڵ بەسەر فیکر و وردبوونەوەی قووڵ و بەگرێدا بکێشێ، چونکە ئەو شاعیرێکی گۆرانیبێژ و ساز لێدەری کۆڕی خۆشەویستییە نەک فەیلەسوف و مەلا، دیارە ئەمەش مایەی خەوش لێ گرتن و لێ تۆژینەوە نییە و وەکو شاعیرێکی عەرەب دەڵێ: أجمل الأغاني ما ينبع من القلب!.

دڵێکیش کە گرفتاری خۆشەویستیی خوایی بێت دیارە شیعرێکی لێ هەڵدەقوڵێ کە زادەی هەستی بەجۆش و سۆزی گەرم و گوڕو دەستەڵاتی بەهرەدارییە. ئەو دڵە وەکو بلێیی نا شاعیریش دەکا بەشاعیر. زۆر لەو شاعیرانەی کە بەڕاشکاوی شیعری تەسەووفیان نووسیوە، یان لەسەر بناغەی فەلسەفە شیعری سۆفیانەیان دارشتوە، شیعرەکانیان ئەو سۆز و گوداز و ساکاری و ڕەوانی و هونەری ڕاکێشانەی تێدا نییە کە لە شیعری سافی هیرانیدا هەیە.

# بێخود
# وێنەیەکی دەروون و هەڵبەستەکانی

## پێشەکی

مەلا مەحموودی بێخود «لە محیطی سلێمانیدا شاعیرێکی بەناوبانگ بووە»[(١)] و ساڵی ١٩٧٠ دیوانی شیعرەکانی کوردی و فارسی چاپکراوە و کوردییەکەی ١٦٠ لاپەڕەی گرتۆتەوە[(٢)] ئەم چەند لاپەڕەیە لەگەڵ تەمەنی ٧٧ ساڵی و چ نەبێ تەمەنی نیو سەدە شیعر دانانی لەلایەک و لەگەڵ دەست بەتاڵی ئامادەییەکی تەواوی خوێندنەوە و نووسین و خەریک نەبوونی بەکۆششی نان و گوزەران لەلایەکی ترەوە زۆر کەمە.

شاعیرێکیشە دووبەش لە سێ بەشی ژیانی لە سەدەی بیستەمدا ڕابواردووە کە سەردەمی کارەبا و چاپ و هاتنە وڵاتی بەرهەمی زۆری تەکنەلوجیا و پیشەسازی و سەردەمی بیروباوەڕی سیاسی لە یەکداوو هەرای ڕێباز گەلی سیاسی و سەردەمی شۆڕش و بزووتنەوەی نیشتمان پەروەری و سەردەمی ئیستعمار و لەشکرگای دەوڵەتانی ڕۆژاوا و سەردەمی لەشکرگای سۆشیالیستیی سۆڤیەتی و ئەورووپای ڕۆژهەڵات.

لە سەردەمێکدا ژیاوە دوو شەڕی گەورەی جیهانی تێدا ڕووی داوە و دەنگدانەوە و کاریگەرییان ئەم سەر تا ئەو سەری جیهانی پڕ کردووە. لە کۆمەڵی کوردەواریشدا گۆڕانکاریی زۆر گەورە ڕووی داوە چ لەلایەنی سیاسی و چ لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە، شۆڕش و بزووتنەوە ڕزگاریخوازە

(١) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، ڕەفیق حیلمی. بەغدا ١٩٤١ ل ٥٢.

(٢) دیوانی بێخود، کۆکردنەوە و ڕێکخستن و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا/ ١٩٧٠.



زۆرەکانی کورد لە کوردستانی تورکیا و ئێران و عێراق و پێک هێنانی حکوومەتی شێخ مەحموود و پێکەوەنانی حیزب و کۆمەڵە سیاسییەکان و دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوبوونەوەی دیوانە شیعر و کتێبی هەمە جۆری کوردی و ڕاپەرینی ئەدەبیاتی کورد و تازەکردنەوەی ناوەڕۆک و ڕووخساری شیعری کوردی.

کە سەیری دیوانە بچووکەکەی بێخود دەکەیت سەد سوێند دەخۆیت کە ئەو مەلا مەحموودە لەم سەردەمەدا نەژیاوە و ئاگای لە مەحموودی بێ زەوال نەبووە، بۆیە د. مارف خەزنەدار ڕاست دەبێژێ کە نووسیویەتی:

«هەر چەندە بێخود بەبوون لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژیاوە بەڵام بەمێشک و خەیاڵ لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم ژیاوە، بۆیە شیعرەکانی شەقڵی ئەو سەردەمەی پێوەیە»[(٣)]

دەربارەی ژیانیشی داخەکەم لە پێشەکی دیوانەکەیدا تەنیا دە دێڕێک نووسراوە و ڕووەکانی ژین و ڕابواردن و گوزەرانی ڕوون نەکردۆتەوە.

هەر ئەوەندە دەزانین ساڵی ١٨٧٨ز هاتۆتە دنیاوە، پاش خوێندن بوەتە مەلا، ساڵی ١٩٠٠ کراوە بەحاکمی هەڵەبجە... ئەم وەزیفەیە چی بووە و تا چەند لەوێ ماوەتەوە و کەی گەڕاوەتەوە سلێمانی و کەی و چۆن دەرسی لە قوتابخانەی میری گوتووتەوە؟ پاشان نووسراوە لە ١٩٤٧دا کاکی مردووە و پێش کۆچی ئەو چەند ساڵێکی لە هەڵەبجە بەسەر بردووە، بەڵام نازانین چی کردووە و بەچییەوە خەریک بووە؟ لە ١٩٤٧وە بووە بەمفتی تا مردنی لە ساڵی ١٩٥٥دا لە سلێمانی بووە. ئیتر ئەوەندە زانیارییە کەمە نابێتە پاڵپشتی لێکۆڵینەوەیەکی باشی ژیان و ناسینی بەهرە و توانا و ئاگاداربوون لە ئاکار و هەڵسوکەوتی ئەم شاعیرە.

مامۆستا ڕەفیق حیلمیش کەمێ لایەنی لەلایەنەکانی ژیانی شاعیری

(٣) لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە، د. مارف خەزنەدار. بەغدا/ ١٩٨٤ ل ٣٠٧.

ڕوون کردۆتەوە، کەوا شاعیر ژنی نەهێناوە و بەشاعیری لاهووت ناسراوە... هتد. جا ئێمە لێرەدا بۆ ناسینی شاعیر دوو سەرچاوەمان لەبەر دەست دایە، یەکەمیان: شیعرەکانی، ئەوانیش لە هەڵسوکەوتی ژیان و باری کۆمەلاّتی و سیاسییەوە دوورن و ڕووداو و هەواڵەکانی سەردەم زۆر بەکالّی و لە پەناوە نەبێت لە دیوانەکەیدا ڕەنگ ناداتەوە. دووەمیان ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی دماودەم پێمان دەگەن ئەوانیش بەڵگەدار نەکراون بەنووسین.

## شیعر و هەستەوەری:

بێخود وادیارە یان شیعری نەگوتووە، یان کە گوتوویەتی بەو پەڕی خۆ ئامادەکردنی زەینی و دڵ و ویژدانییەوە دەستی داوەتێ. دەماری مێشکی وا گوشیوە کە تەزووەکانی بەناو لاشەی شیعرەکەدا تواونەتەوە، خۆیشی وەکو نەخۆشێکی هەستەوەری (حەساسیەت) هەموو پنتێکی لەشی بەهاوارەوە هاتوونە جۆش و بروسکەدان. بەڕاستی هەستیارییەک بەشیعرەکانەوە دیارە، بەرگێکی نایابیان پێ بەخشیوە، ئەم بەرگەش لەلایەنی ترپە و کێشی سوار و بەجۆشەوە، لەلایەن ڕستەی دارشتە و وشەی هەڵبژاردە و ڕووناک و دەربڕینێکی ئاسان و دوور لەگرێ و گۆڵەوە زۆر جوان خۆی دەنوێنێ... ئەم هەستیارییە جۆرێکە لەو دەمارگرژییەی کە ڕەنگی لە ژیانی شاعیر داوەتەوە و کردوویە بەگۆشەگیر و یەک ڕەنگ و نەگۆڕ و بێ هیوا.

ئەو بابەتە وشکانەی ئەو بۆ شیعری هەڵبژاردوون بەتایبەتی شیعری بۆنەکان وەکو، منداڵ بوون، ژن هێنان، مردن، نامە ناردن، هاوڕێیەتی، مەدحی هەندێ کەس، مەدحی شێخ، شیعری پارێزکاری و زاهیدانە... هتد.

زۆر لەو بابەتانە، بابەتی موناسەبەن، لاواندنەوەکان هی مردووی زۆر نزیک نین. پاشان بەر لەو شاعیران ئەم بابەتانەیان بەچەند جۆر



کوتاوەتەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی بەهەستەوەرییەکە ڕەنگدارن... هەستەوەرییەکە بەسەر وشە و ڕستەی شیعرەکاندا وا تواوەتەوە کە موچرکی پڕ لە بریسکەی هەست و سۆز پەخشان دەکەن.

سەیری کە، کە ڕوودەکاتە شێخ و دەیەوێ بچێتە لای چۆن دەبێ بەتنۆکە ئاوێک و لەبەردەم کۆلانەی مالّی شێخدا دەتوێتەوە؟ بڕوانە ئەو هەموو هەستەوەرییە کە چۆن سۆز و تاسەی گەییوەتە ئەوپەڕی دەمارگرژی پالّی پێوەناوە کە خۆی بکا بەسەگی ڕاکردوو بەرەو دەرکی مالّی شێخ و وەکو پەروانەی بەرەو گڕی مۆم گەرم داهاتوو وایە:

ئەوانەی شەمعی بەزمارایی دین پەروانەکەی خۆت هات
بەشوعلەی ئاگری ڕووت جەرگ و دڵ بوریانەکەی خۆت هات
بەگۆزەی پڕ لە ئاوی دیدەو و گەسکی مۆژە قوربان
لەبۆ تەنظیفی ڕێگەت خادیمی ئاسانەکەی خۆت هات
ن ئیتر بۆ خاتری ڕیشی سپی شێخی ضیائەددین
عیلاجێ ڕوو ڕەشم موستەغریقی عیصیانەکەی خۆت هات

هەر بەم جۆرە یادی چەند شێخێکی شارەزوور دەکاتەوە، هەرگیز عاشق بۆ دولبەر و دایک بۆ ڕۆڵە ون بووەکەی ئەوەندە بەکوڵ و بەسۆز نانالێنێ. بەڕاستی پلەی گەرمایی هەستیارییەکەی وا سەری کردووە کە بەتەواوی جەستەی شیعرەکەی بەگڕ قالّ کردوەتەوە:

خۆ لە دزیایش هەتا ئەحمەد بڕندە، تا پریس
تا عەبابەیلی و هەڵەبجەی قیبلە بۆ من کردووە
ئەی فیدای ڕەحم و وەفاتان بم، ئەگەر من یوسفم
ئەم برای خۆتانە وا ئاوارەو و ون کردووە
گەر کەتان و ڕۆژپەرستی ئێوە نیم بۆ چ ڕۆژ و شەو
ڕووم لە مانگ و ڕۆژی وارماواو و بێدن کردووە

نامــــەتان نایەت و دەشـــزانن کـــە چاوڕێژی ئەزەل
چاوی تاریکی منی بەو ســــورمــــە ڕۆشن کــــردووە
هێندە بێ ڕەحـــمن دەڵێی ئاسنگەری ڕۆژی (ألست)
دەرحـــــەقی من لەوحی دڵتـــــانی لە ئاسن کــــردووە
گەر دەپرسن چۆنە بێخود، دڕک و داڵی دەشتی عیشق
دوور لە ئێــــوە پێی دڵێــــشی دەرزی ئاژەن کــــردووە!

هەر ئەم هەستـــەوەرییـــەش لە بابەتی دڵداری و باسی جـوانی و ئایین پەروەریدا دەورێکی گەورە دەگێڕێ و دروشمی تایبەتی شیـعری بێخودی پێ ڕوون دەبێتەوە.

## ژن لای بێخود:

ئەو هەڵبەستـانەی کە بەغـەزەل بەناوبانگن، هەر لەو چوارچێوەیەدان کە شاعیرانی پێشوو بەڕووێکی گشتی بۆ نیگاری غەزەلیان داناوە و بریتین لە دەربڕینی سۆزی خۆشەویستی و باسی وەسفی جوانیی خۆشەویست و کـاری ئەندامـە جـوانەکـانی وەکـو چاو، برۆ، بەژن، برژانـگ، دەم و لێـو، زولف.

لە غەزەلەکاندا وێنەی ژن وەکو خۆشەویستێکی تایبەت، یان دڵبەرێکی جوانی دوورە دەستی، پێگەیشتن دوور، یان مـایەی خەون و زیندەخـەونی پیـاوێکی شـەیدای لەشـولاری ناسک و ڕەوشت و هاودەنگی مـێـینەی ئارەزووی سێکس بزوێن نابینین. ئەگـەر کەم کەمە ناوی شیـرین، عـەزرا، لەیلا ببینین، ئەوە مەبەست لەو ڕەمزانەیە کە شاعیرانی پێشـوو لە بواری خۆشـەویستیـدا بەکاریان بردووە و ئەو ناوانە نیشـانەی خۆشـەویستییـە بەئایینییەکەن. هەرچی وەسفی جوانی و دڵدارییەکەشە ئەوە ڕێ بەوە نادەن بڵێین ئەو جوانە یان ئەو خۆشەویستە ژنە. چونکە هەرچی جوانیی تایبەتی



و ناز و ڕەفـتـاری ژنانە و ئەندام و لەشـولاری ژن هەیە ئەو خـۆیان لێ لادەدات و باسیان ناکات.

لە شوێنێکی دیوانەکەیدا (بەدیعە)خانی کچی شێخ عوسمـانی بیـارەی لاواندۆتەوە، کەوا (مەخدومەیەکی نەونیهال و باڵای سەروو، لێو خونچە گوڵ و نەوباوە) و مـردنی لافـاوی غـەمی هەستـاندووە و خـانووی شـادی وێران کـردووە. لەشکری خـەم دڵی شـاعـیری پەرێشـان کردووە کـە ئەمـانە هەمـووی وەسـفی لاوەکی و بـاوی جـارانن و شـتـێکی تازەی دەربارەی ژن نەگوتووە. هەرچەندە وا دەردەکەوێ کە کەم کەم وێنەگرەکە لە گشتییەوە بۆ (خۆیەتی) نزیک بێتەوە کە دەڵێ:

لە ناو فـڕنی دەروونا وەک سـەمـوون بۆچی دەبرژێ دڵ
لە کـوورەی سینەدا تاکـەی دەبێ جەرگیش بەبوریانی
کەوا مـەخدومـەیێکی نەونیـهالی کاکە شێخ عـوثمان
لە باخی عومری خۆی نەخواردبوو هێشتا بەری جوانی

بەڵام ئەمـەش وەکـو لاوانەوەی هەمـوو پیـاوێک بریتـییـە لە چوارچێـوەی شیـعری شیـوەنی جاران و هیـچی تر. هەروەها لە لاوانەوەی حەپسـەخانی نەقـیـبـیـشـدا فـرمـێـسکی بارانی ڕژاندووە و تەمی مـاتەم وڵاتی کـوردی داگرتووە و زەمین قوڕی پێواوە بۆ وەفاتی جەنابی (حەپسە خان)ی ژن:

ژن ئەمما (في الحقيقة) خادیمەی قەوم
کە یەعنی سەییدەی غیرەت شکاران
رەئیسـە و خـانەدان زادەی سیـادەت
ئەمـیـرە و شـای ژنانی بەختـیـاران
طەبیـبـەی دەردی بیـمـارانی برسی
کـەرەم بەخـشی برینی دڵ فـیـگاران

باسکردنی ئەم دوو ژنە لە دەرەوەی کەوانەی هاوکێشەی نێر و مێیەتیدا

دەبینرێ، چونکە یەکەم لەبەر پایەی شێخایەتیی و پێوەندی بەباوکییەوە، دووەمیش لەبەر ئەوەی کە ژنە سەییدێکی گەورەی چاکە خوازی شێخانی بەناوبانگە و لە تەمەنی پیریدا کۆچی دوایی کردووە. ئیتر بێخود باسی ژنی نەکردووە.

نەک هەر باسی ژنی نەکردووە، ژنیشی نەهێناوە و بەلای دیارکردنی ئارەزووی پیاوەتیشەوە نەچووە... سەرەڕای ئەمەش کۆڵ و سۆزی میهرەبانی و خۆشەویستی لە شیعرەکانیدا لە جۆشدایە و وادیار نییە کە دوژمنی ژن بێت و لە ئەنجامیشدا دڵ شکاو و بەرچاو تاریکانە بڕوانێتە ژن!

عیشقێکی وا پاڵی پێوەناوە ئەو غەزەلە دڵدارییە بەجۆشانە بنووسێت، کە هیچ عیشقێکی بەڕاستی لەو گەرموگوڕتر نییە. ئەویش وەکو شاعیرانی تر باسی جوانیی سروشت و جوانیی یار دەکات، سکاڵای دڵی بەخۆشەویستی سووتاوی هەڵدەڕێژێ و تا دەتوانێ وەکو پەروانە دەگری. بەڵام لە ژیاندا هامنشینی ژنی نەکردووە، هاتوچۆی شانۆ و سینەمای نەکردووە و گوێی لە دەنگی ئافرەتانی گۆرانیبێژ و چاوی بەوێنەکانیان لە گۆڤاراندا نەکەوتووە، مەجلیسی ئەو هەتا ژنی (مەحرەمی) خۆشی تێدا نەبووە، لە دایەرە و بازاڕ و دەر و کۆڵاندا نەبووە –چونکە کاری نەکردووە– تا تووشی بەتووشی ژنێکەوە بێت. تەواو دوورە پەرێز لە ژن و دوور لە کۆنگەلی کۆمەڵ ژیاوە. تەنانەت خوێندنەوەشی لە بازنەی تایبەتیدا کە ئەدەبیاتە هەر دیوانی شیعرە کۆنەکانی فارس بووە کە ئەوانیش وەکو ئەو لە ژن دابڕاو بوون و فەلسەفەی خۆشەویستیی ئەوان (ئەفلاتونی) بووە و ڕێبازی تەسەووف خۆشەویستی خوایی بۆ مەشق داداون، کەوا دڵی سۆفی ئەوەندە فراوان دەبێت هەموو جۆرە خۆشەویستییەکی تێدا جێ دەبێتەوە و هەر جوانییەک کاری تێ دەکات، با لە نێرینەشەوە بێت. ئەمان لە مەسەلەی خۆشەویستیدا ڕەگی ئارەزووە سێکسییەکەیان هەڵکێشاوە و



هەرچی ئارەزووە بەرەوشتێکی سووکی ئاژەڵی دادەنێن و دەروونی خۆیان بەجۆرێک پاک ڕادەگرن کە لەم ڕووەوە نمەک بەحەرامی ناکەن.

ئەوان «دلبەر لە هەموو شتێکدا دەبینن».

بێخودیش هەر بەم جۆرە کە دەم بۆ ئارەزووی (ژن) نابات و لە ترسی ئەوە نەوەک بەجۆرێ، بەحاڵێ لەم ڕووەوە لە خشتە بچێت بۆیە ناکات و نایەوێ دەستی لە دەستی ژن و چاوی بەچاوی ژن بکەوێت! بەرامبەر بەمەش دەروونی ناسکی جوانی پەرستیشی تەلێکە بەهەموو پەنجەی جوانێک دەلەرێتەوە، با ئەو جوانە کوڕیش بن. عورف و عادەتیش ڕێی لەم کردەوەیە نەگرتووە و بەرەوشتێکی دەگمەنی نزمی نەزانیوە. بۆیە بێخود وەسفی جوانیی کوڕێکی بەرگدروو –ل ١٩ و خورشید ناوێک ل ٣٣ دەکات لەگەڵ زیوەردا بەپێنج خشتەکییەک باسی شێت و شەیدایی خۆی بۆ برایم ناوێک و وەسفی سەر و چەفیەکەی دەکا ل ٥٨. هەر بەم جۆرە وەسفی کۆمەڵێ لەو (غیلمانانەی) شاری سلێمانی دەکات (ل ٨٩–٩٠):

لە سایەی نەخلی تووبای قامەتی ئەو نیهالانە
سلێمانی بەهەشتی عەدلە، یەعنی پڕ لە غیلمانە
(عەلی) کەیوانە، (توفیق) زوهرەیە (نوری) شەباهەنگە
(عەزیز خان) ئافتابی حوسنە (فائیق) ماهی تابانە
لە عەبدێکی وەکو من گەر دەپرسن: سەییدت کێیە؟
ئەمیری مالیکی جان یەعنی شاهە شاهی خووبانە
ئەوەندەی وەسفی لەعلی لێوی شیرینی ئەمانەم کرد
کەلامم بۆیە وەک بەنغالە، بێخود شەککەرستانە

نەک هەر شەیدای جوانی ئەمانەیە، بەڵکو شێت و شەیدای عیشقی ئەمانە و عەبدی ئەو میر و شاهانەیە و هەمان تەلی کەمانەکەی مستەفا بەگی کوردی دەلەرێنێتەوە. هەر ئەوەیە ماموستا ڕەفیق حیلمی بەشاگەشکەییەوە دەڕوانێتە ئەم شیعرەی باسکراو و دەڵێ:

بێخود «له مەدحی خەت و پەرچەم و لێوی ئاڵ خۆی پێ نەگیراوە، لەوەیش زیاتر بەڵکو سەردەمێک هەندێ لەو لاوە جوان و شۆخانەی نەی دیبێ کە محیطی پڕ فەیضی سلێمانی پێی گەیاندوون، لەگەڵ ئەمەیشدا لەسەر بیستن و هەر لەژێر تەئسیری لاسایی کردنەوە و حوکمی سەلیقەدا بەشیعر هەموویانی هۆنی بووەوە و مەدحی کردبوون و ئەم غەزەلەی ئەوەندە جوان و سادە و (موافقی وصف الحال) بووە کە زۆری لاوە تازە پێگەیشتووەکانی ئەو دەورە لەبەریان کردبوو. هەر ئەم شاعیرە دڵتەڕ و نەزەر بازەیشە کە گەلێ قەسیدەی لە عیشقی حەقیقی محەمەد (ص)دا وتووە»[٤] ئیتر ئەگەر عیشقی سوڵتان مەحموود و ئەیازی یاوەر و هۆگری بووبێتە سەر مەشقی شاعیرانی چاو لە جوانی کوڕ بڕیوو بەکارێکی شاهانە و بەڕەوشتێکی خۆپاراستن لە دوای ژن و جوانیی ژن و عەیبیاریی ژن و بەڕێبازێکی یەک ڕێگایی عیشقی خوا و پێغەمبەر لەقەڵەم درابێت، شاعیر ناهەقی نییە بڵێ:

غولامێکم ئەوا خۆم خستە قاپیی غیرەتی تۆوە
بەناو مەحموودم و ئەمما هەر ئەیازم یار رسول الله

بەڵێ لە هەموو ئەو غەزەل و هەڵبەستانەی سەرەتا بەدڵداری دەست پێ دەکەن یان سەرتاپا دڵداری حیسابن و وێنەی ژن نابینین، چ جای ژنە کورد نەبەئاکار و ڕەوشتی کوردانەی و نەبەئارایشت و خشڵ و جلوبەرگی، نە بەکاروکردەوەی لە ناو ماڵ و دەشت و شاریدا، نە پایەی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا بەهیچی دیمەنی ژنی کورد وێنە ناکێشن.

(٤) سەرچاوەی یەکەم ل ٥٤.



**دڵداری یان بێ بەشیی زایندەیی لای بێخود:**

ئەگەر بێخود لە سەرەتای ژیانی و لە هەرەتی لاویدا حەزی لە ژن بووبێت و هەڵبەستی پێدا هەڵگوتبێ و دڵدارییەکی سروشتی مرۆڤانەی پێکهاتوو لە دوو جەمسەری نێر و مێ، ئەم جۆرە هەڵبەستانەی ئەگەر هەبووبێت ئەوا پشتگوێی خستوون و لەیاد چوونەتەوە، یان لە ناوی بردوون و لە پڕێکدا هەڵوێستی بەرامبەر بەدەروون و ژن و هەڵبەستی دڵداری گۆڕاوە[٥].

بێ گومان بێخود لاوی ڕێکوپێک و پۆشتە و ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی بەڕێز و شاعیرێکی خوێندەوار و زمانزان.... لە گەنجیدا دەبێ بیری لە ژن کردبێتەوە و خەونی پێوە دیبێت و شیعری بەسەردا هەڵدابێ. بۆچی نا؟ خۆ خوانەخواستە کەمایەسییەکی لە ئەندام و توانای لەش و دەرووندا نەبووە! بێ گومان وابووە، هەر ئەوەشە بۆ ئەو بیرەم دەبات کە نشوستییەکی-دەروونی وەکو بەڵایەکی ناکاو تووشی هاتبێت و تووشی دەروون بەستن و گرێ تێکەوتنی سایکولۆجی کردبێت. بۆ ئەمەش پشت بەهەواڵی بەسەرهاتی ژیانی تایبەتی دەبەستین هەر وەکو لە خزمەکانیم بیستووە.[٦]

دەڵێن گوایا بێخود لە تەمەنی لاویدا بووەتە حاکم (قازیی ئەمڕۆ) لە هەڵەبجە، لەوێدا کچێک بەدەزگیران دەکات و چاوەڕوانی ئەوە دەکات کەی شەوی سووری پەردەی ڕێک بخرێت و بەکامی دڵی خۆی بگات. کچەش تابڵێی بەو شووکردنە دڵخۆش و سەرمەست دەبێت... مەلا مەحموودێکی حکوومەتناس و مفتی زادەی خەڵکی شارستان شایانە ببێتە ئامانجی خەون و خەیاڵی هەموو کچێکی ئەو کوردەوارییە کە لە مەیدانی سەودای خۆشەویستیدا خەریکی سوارچاکی بێت.

(٥) مامۆستا عەبدولڕەحمان مفتی برازای شاعیر دەڵێ گوایا لە ساڵانی بیستەکاندا دیوانە شیعرێکی فەوتاوە.

(٦) یەکەم جار ئەم هەواڵەم لە کاک جەمال محەمەد عەبدولعەزیز مفتی برازای شاعیر بیست، ئەویش کە لەتەمەنی شەست ساڵیدایە هێشتا ژنی نەهێناوە.

ڕۆژێکیان کچە وەکو هەموو کچێکی خاتوونی ماڵداریکەری دەست ڕەنگین کارکەری ئەم کوردستانە لە ماڵی خۆیاندا بەپەیژەی دار بۆسەر بان هەڵدەکشێ و تووڵێنەی پریشی بەسەر سەرەوە دەبێت، لە پلەداری پێش گوێ سواندەی باندا لەنگەری تووڵێنەی سەر سەری تێک دەچێ و دەستی لە هەوادا دەگیرێ و پێی خلیسکاوی بۆ گیر ناکرێت، هەرچەندە هەوڵ دەدا خۆی بۆ ناگیرێتەوە و بارەکەی بەلایەکدا دەپەڕێت و خۆیشی بەلایەکی دیدا پشتاوپشت دەکەوێتە زەویی بەردەڵان و ڕەقەن و چیرۆکی ئەو دوو دەزگیرانە بەمەرگەساتێکی دڵتەزێن کۆتایی دێت.

جا مەلا مەحموود کە بەچاوی خۆی دوا هەناسەی ماڵاوایی دەزگیرانەکەی دەبینێ کە نیگای پڕ لە تاسە و ئارەزووی بەهارانەی خێر لە خۆ نەدیوی لە چاوی ئەو دەبڕێ و بۆ دواجار پێڵووی ناز لێک دەنێ. بێخود تووشی زەبرێکی (صدمة) ناکاوی وا دەبێت کە هەندەی نامێنێ دەمارخانەی برووخێنێ ئەم زەبرە دەروونییە بەگرێیەکی سەخت کۆتایی دێت کە تا ما ژن و ژنهێنانی لە خۆی حەرام کرد و هێلانەیەک و شوێنێکی بەخۆیەوە نەگرت.

کونجی بێ بەشی زایندەیی گرت. تووشی جۆرێک بوو لە جۆرەکانی (دەمار کرژیی صدمة)

Traumatic Neurosis کە شڵەژاویی هەستیاری (حساسیەت) بەشێکە لەو هەر وەکو فرۆید ڕوونی کردۆتەوە.(٧) ئەگەر کارەساتی مردنی دڵتەزێنی دەزگیرانەکەی بێت، یان سروشتێکی فیزیولۆجی خۆی و ڕەچەڵەک بێت ئەگەر هەر هۆیەک بووبێتە مایەی بێ بەشیی زایندەیی «الحرمان الجنسي» ئەوە ئەم قەومماوە کاری خۆی لە جۆری ژین و

(٧) ثلاث مقالات فی نظریة الجنس، فروید. دار المعارف بمصر ط ٣، ترجمة سامي محمود علي.



ڕابواردنی شاعیر و جۆری لێکدانەوە و بیروباوەڕ و جۆری دارشتنی هەڵبەستەکانیدا گێڕاوە.

بێ گومان مرۆڤ وەکو زانایان دەڵێن دوو خووە خۆڕسک (واتا غەریزە)ی هەیە: «خووە خۆڕسکی یەکەم پاراستنی ژیانی تاکە و دووەمیان چالاکیی هەوڵدانە بۆ دروست کردنی ژیان، بۆ زاوزێ، بۆ خۆشەویستی، بۆ ئەو دەستکەوتەی کە مانای تەفسیر کردنی خودی خۆمان و بۆ ئەوانەش کە خۆشمان دەوێن» .(٨)

جا لە کارخستنی خووە خۆڕسکی دووەم، بەهۆی بێ بەشیی زایندەییەوە- چ خۆکرد بێت، یان لە ئەنجامی زەبری ڕۆژگار و کارەساتدا ڕووی دابێت کەلەمەی ژیان ئەوەندە تەنگ دەکاتەوە کە مرۆڤ تووشی نائارامی یان دەردو بەڵای زۆر دەکات. لە کارخستنی چالاکییەکانی زایندەیی بەشێوەیەکی سروشتی و هەڵبژاردنی ڕەبەنایەتی و خۆئازار دان کارێکی ڕەوا و هەمواری مرۆڤ نییە. ئەگەر ئەنجامی نەخۆشییەکە ژیری نەبێت، ئەنجامی بڕیارێکی دوور لە ژیری و مرۆڤانەیە. چونکە: «چالاکیی زایندەیی بۆ مرۆڤ کانیی ژیانە، مێشکی مرۆڤ هێزێکی داینەمۆیە، میراوی ئەو جۆگایانەیە کە لە نێوان کەسێتی و کاروکردەوەکانی و کۆمەڵ و مێژووەکەیدا ژیانەکە پێیاندا دەڕوات» .(٩)

ئەگەر لەلایەنی سایکولۆجییەوە بڕوانینە مەسەلەکە، دەبینین: لەوانەیە ئەو ئازارە زۆرەی شاعیر لەو سەردەمە زووەی ژیاندا لە نائاگایی (لاوعي)دا خەفە بووبێت و ڕەگەزی یان هۆی تەگەرە خەرەوەی دروست کردبێت. کەوا «ڕەگەزی تەگەرە خەرەوە نائاگایی خەفە کراوی نەویستوو (اللاوعي الکابت الرافض) دەنوێنێ و نایەوێ بۆ گوێزانەوە بەرەو پلەی

(٨) التحلیل النفسي والفن. د. ئي. شنايدر، ل ١٥٩\.
(٩) هەمان سەرچاوە ل ١٦٠.

بەرزتری دیار ســـەرکـــەوێ و هەرچی هەنگاوێک لەم ڕێبـــازەدا هەبێ ڕایدەگرێ. بەهۆی پاڵەپەستۆی ئەو ئەرکە ڕاستەقینە و دروستانەوە کە بەرهەڵستی کێبەرکێی دەمارگرژانە (التنافس العصابي) دەکەن، ئەو نەویستنە خەفەکەرە و ئەو خەفەکردنە نەویستووە ڕێگە ئامادە دەکەن بۆ (ڕاکردنی سەرەولێژ) کە بەچارەسەرییەکی منداڵێتییانە کۆتایی دێت. هەر کاتێکیش لەم جۆرە خەفەکردنانە هەبێت ئەوە پەڵەیەک لە ناپوختەیی دیار دەکەوێت». (١٠)

کە لە ژیانی مرۆڤدا ئەو کۆسپ و تەگەرانە پەیدا بێن و شعووری خوویی مرۆڤەکەیان لەسەر دابمەزرێت و مرۆڤەکە تووشی دەست بەتاڵاییەکی تەواو دەکەن، وەکو بلێی سری دەکەن تا وای لێدێت خۆی لە بۆشاییدا ببینێت لەوانەیە ئەو تەگەرە و دەست بەتاڵاییە چالاکیی هونەرمەندانە ڕابگرن و شاعیر بەرەو نەخۆشی ببەن.

خووە خۆڕسکی زایندەیی جیهانی بەر گوشادو تایبەتی مرۆڤە، کە لێیەوە هەناسە دەدات و دەوری ڕاستەقینەی خۆی لە ژیاندا دەبینێ. بەڵام بێ بەشی (حرمان) نەک دەرکی ئەم جیهانەی لێ دادەخات بەڵکو سەربەستیشی لێ زەوت دەکات و بەپێچەوانە هەڵی دەگرێتەوە.

لە ڕۆمانی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆرویلدا لە وڵاتی ئۆکیانا کە یەک تاکە حیزب دەستی بەسەر هەموو هەست و سۆز و ژین و بوون و جموجووڵێکی خەڵکدا گرتووە و بەکەیفی خۆی وەکو مەکینە هەڵیان دەسووڕێنێ، فەرمانی داوە نێر و مێ خووە خۆڕسکی زایندەیی بمرێنن و نابێ پەل بهاوێن و پێوەندییەکی زایندەیی لەگەڵ یەکدا پەیدا بکەن. دەبێ هەر بەرەبەنایەتی و بێ بەشی و خەفەکردنی ئارەزوو بژین، بۆ ئەوەی لە ژێر کۆنترۆڵی حیزب دەرنەچن. نەک هەر ئەمە بەڵکو بەپێچەوانەی ئارەزووی

(١٠) هەمان سەرچاوە ل ١٤٦.



خۆشیان حیزبەکەیان خۆش بوێت. ئەوەتا (جولیان) «دەیزانی کە مەبەستی شاردراوەی خەفەکردنی زایندەیی لای حیزب هەر ئەوە نییە کە خووە خۆڕسکی زایندەیی جیهانێکی تایبەتی خۆی دروست دەکات و لە بازنەی دەسەڵاتی حزب دەردەچێت. نەک هەر ئەوە بەڵکو لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە بێ بەشیی زایندەیی هیستریایەک پەیدا دەکات، ئەو هیستریایە لەوانەیە بگۆڕێت و بکاتە لایەنگریی شەڕ و پەرستنی سەرۆک». (١١)

جا تاکە ڕێگەی سەربەستییان لەم ڕۆمانەدا با سەربەستی هەست و هۆشیش بێت نەک سەربەستی تەواو، لە ڕێگەی شکاندنی بڕیاری حیزب واتا لە ڕێگەی پەیدا کردنی پەیوەندیی سروشتییانەی زایندەییەوە دەبێت، با زۆر بەنهێنیش بەئەنجامی بدەن، خۆ ئەگەر لە بێ بەشییەکە خۆ ڕزگار نەکرێت، هیستریای پێچەوانەی ئارەزوو، واتا خۆشویستنی مایەی ڕق و کینە پەیدا دەبێت...

بێخودی شاعیر کە جیهانی «دنیایی» بەجیهانی «قیامەتی» گۆڕییەوە و لە ئەنجامی بێ بەشیی زایندەییدا تووشی ئەو تەگەرە و دەست بەتاڵاییەوە بوو کە گۆشەگیر و بێ باک و ڕەند ژیا و سەرەولێژ بەپەلە بەرەو دوا ئەنجامی ژیانی کە نەمانی دونیای فانی و کرانەوەی دەرگای دنیای دواڕۆژە کەوتە غار. لام وابێ وەکو خەڵکەکەی ئۆکیانا لە ئەنجامی بێ بەشییەکەدا تووشی ئەو دەردە بوو کە بەپێچەوانەوە ڕەفتار بکات و بکەوێتە گەر مەتای دنیا تەلاقدان و شەڕ کردن لەگەڵ دیاردە نەرمونیانەکانی ژیان کە لە کانیی زایندەییەوە جۆگا هەڵدەگرن، بەلاوەنانی ژن و مێیینە و ڕووکردنە خۆشەویستیی خوا و ڕەمزەکانی ئەو دنیا کە هەمووی مردوون و ژیان نانوێنن و هیوای دوای مردنن، وەکو شێخ و سەحابە و پێغەمبەران و تاد...

ئیتر ئەگەر پارسەنگێکی لەو (زوهد) و (تەسەووف)ەدا دەستگیر

(١١) رواية ١٩٨٤، جورج اورويل. ترجمة احمد ولي عجيل. ل ١٤٥\.

نەکردایە، ئەوە (لە بۆشاییییەکدا دەژیا کە نە دەیتوانی بیربکاتەوە و نە ببینێ)[١٢] وە ئەو بەرهەمەکەمەی ئێستا هەیەتی ئەوەشی لێ نەدەبینرا بەڵێ لەو تەمەنە ناسکەی لاویدا بوو بووە تۆبەکار و مریدی شێخی بیارە، خۆشەویستیی شێخ و پێغەمبەر و خودا دەروونی بەتاڵی بۆ پڕ کردەوە و پارسەنگی خستە تای تەرازووی لەنگبووی دڵی شاعیرێکی کۆست کەوتوو. کۆستێکی وەها کە بەپەلێک لە پەلەکانی دەمارگرژی سایکۆلۆجیانەدا گەیشتبێت وەکو فرۆیدیش دەڵێ: «ژیان سایکۆلۆجیی لاشعوریی دەمارگرژان (بەبێ جیاوازی) زۆر هۆی وای تێدا هەیە کە بەرەو ئیرتیکاسی ببەن، هەروەها وای لێ بکەن (لبیدو)کەیان بەسەر کەسانی لە توخمی خۆیاندا بچەسپێنن).[١٣]

نازناوی لە شیعریشدا کە بێخودە پێوەندییەکی گەورەی بەو کارەسات و ڕەفتارانەوە هەیە، نازناوێکی وەها کە ببێتە مۆرکێکی چەسپاو بۆ شیعر و بۆ ژیانی خۆی پێکەوە. (بێخود)یش وشەیەکی فارسییە بەمانایی هەست و ئاگادێت هەروەها بێخود ئەو کەسەیە کە دەچێتە حاڵەتی وەجدەوە و تووشی جەزب و پەرێشانی و شێتی دەبێت. لەم ڕووەوە مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێ: «لەقەبی بێخودی بەڵام دەروونی پڕ لە هۆش بوو».[١٤]

زۆر کەس لایان وایە تەریقەت وای لە بێخود کرد کە ئەو هەڵوێستە بەرامبەر بەژن وەربگرێت! بەڵام ئەمە بەڕاست نازانم چونکە ئەگەر شێخ و مریدەکانی تەریقەت لە جیاتی ژنێک سێ چوار ژنیان هێنابێت و کەسێکیان ڕێگەی ڕەبەنایەتیان هەڵنەبژاردبێت و لەو بڕوایەشدا بووبن کە ئیسلامەتی ڕێ بەڕەبەنایەتی نادات بۆچی دەبێ تەریقەی تەسەووف ئەو دەرسەی بۆ بێخود دادابێت؟ بەتایبەتی لە هەرەتی لاویدا؟

(١٢) د. ئي. شنايدر. ل ١٤٥ (سەرچاوەی باسکراو).

(١٣) ثلاث مقالات في الجنس. ل ١٥٤.

(١٤) سەرچاوەی یەکەم.



کەوا بێت هەر ئەو گرێ دەروونییە تەمێکی بەسەر سەری بێخودا هێنا کە تا مرد لێی نەڕەوییەوە و ئەو بەڵێنەی دای و ئەو سوێندەی خواردی کە نابێ ژن بهێنێ گەیاندییە جێ و هەتا سەر پاراستی و نەک هەر ژنیشی نەهێنا، بەڵکو تەریقەتیش سەربار، هەڵوێستی بەرامبەر بەژن سەلبیانە و دوورە پەرێز و ترس و ڕاکردن بوو.

بۆیە لە هیچ جێییەکدا ستاری نەگرت، کەوتە گەشت و گەڕان و ژیان لە ماڵە خزمەکانی لە هەڵەبجە، کەرکووک، کفری، کۆیە، هەولێر، شێروان مەزن، مەلحە، قەراج، مووسڵ و پیرمەم و بەغدا و... هی دی هەر بۆیەش فەرمانێکی دەوڵەت یان کارێکی بەدەستەوە نەگرت. وێڵ و سەرگەردان و تەنیا و تاک دەژیا. تاک لەگەڵ خۆی، مەگەر لەگەڵ شیعری فارسی و شیعری پڕ لە جۆش و خرۆشی دڵداری و تەسەووف شێوە، لە گەرمیی هەتاوی ژینەوە هاتە بەر سێبەرێکی سڕکەری ئارامی بێ جوولە، بەداهاتی زەوی و زاری بنەماڵەی مفتی لە شارباژێڕ و شارەزوور و قەرەداغ و کرێی حەمام و دوکانی ناو شاری سلێمانی ژیانێکی بێ ناگزووری دەژیا.[١٥]

بەرامبەر بەمەش ئەو تەوژمە زۆرەی کە لەم لایەنەوە دەرگای لێ گیرا ناو ناو و کەم کەم کە دەرگای لێ دەکرایەوە بەگوڕ و فیچقەوە سەری دەردەکرد. هەر بۆیەیە سۆزی خۆشەویستی شاعیر سۆزێکی ئەوەندە بەپیت و دەوڵەمەند و بارنێکی وەها بووە کە هەموو زەوییەکی ڕەقەن و بەیاریشی سەوز کردۆتەوە، هەر بۆیەیە شاعیر کە هاتووەتە سەر باسی خۆشەویستی لەهەر ڕووێک و بابەتێکدا گڕی کوڵ و تاسەی دڵی برینداری هەڵگیرساوە وەکو ژنێک کە بچێتە هەر شینگایەک شیوەنی یەکەم جاری خۆی نوێ دەکاتەوە. پاش ئەو ئاوڕدانەوەیە لە باری دڵ و دەروونی شاعیر کە سەیری شیعرە بەسۆزەکانی بکەین، دەتوانین بەسەر ئەم چەند گرووپانەدا پۆل پۆل دابەشیان بکەین:

(١٥) سەرچاوەی پێنجەم.

١- غەزەل، یان دڵداری و خۆشەویستیی (مەجازی).
٢- خۆشەویستی ئایین و ئەو ئایین پەروەرییەی کە بە(زوهد) ناو دەبرێت.
٣- خۆشەویستی پێغەمبەر، خۆشەویستییەکی سۆفییانە. ئەنجا خۆشەویستیی سەیید و شێخ و یار و یاوەرانی پێغەمبەر.

**

له کۆڕی غەزەلیاتدا، بالاسایی شێوەی کۆنیش بێت، بەڵام هەستەوەرییەکەی شاعیر و بەهرەداری لە هۆنینەوەدا پڕشنگ دەدەن. کام بیر و دەربڕین کە بەر لەو چەندین جار گوترابێت کە هاتە بەر دەستی ئەو دەڵێی لە نۆژەنەوە ڕوحی وەبەردێنێ و گوایا تەنیا هەر خۆی گوتوویەتی. با هەر بەشێوەی کۆنیش بێت! لە مەیدانی غەزەلدا چەند شیعرێکی بەسۆز و بەجۆشی لەم جۆرەی هەیە، با ئەو شیعرەی لێ هەڵبژێرین کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بەناوی (ئەگری)ەوە بڵاوکراوەتەوە. دەبینین کەرەستە شیعرییەکانی وەکو: (چرا و پەروانە و چاوی وەکو دەریا و فرمێسکی وەکو گەوهەر، ڕووەکی کەتان و مانگەشەو، ئاسکی بیابان، برۆی کەوان، برژانگی تیر، هەوری زستان و گریانی چاو)و جۆرەها زاراوە و دەربڕینی غەزەل بوونەتە تۆپەڵە مێوێک شاعیر بەپەنجەی هونەرمەندی شێوەی جوانی خۆ بەتازەنوێنیان لێ پەیدا دەکات... لەم کەرەستانە پارچە شیعرێکی وای لێ بەرهەم هێناوە کە وەکو شێخ محەممەدی خاڵ وتوویەتی: بێخود «هەر چەند شیعری دڵداری بوتایە لە هەموو کانگای دڵییەوە هەڵدەقوڵا و ئەهاتە دەرەوە، لەبەرئەوە شیعرەکانی زۆر بەتین و تەوژم و کاریگەر بوو لە دڵاندا». (١٦)

(١٦) چلەی ماتەمینی بێخود/ دەفتەرێکی دەستنووسە لای مامۆستا عەبدولرحمان مفتی. هەروەها بڕوانە: ناڵەی دەروون، نووسینی شێخ محەممەدی خاڵ. ل ١٥١.



دەبا بڕوانین چۆن شاعیر لە کانگەی دڵەوە دەگری و چۆن وێنەی گریانەکەی بەسکاڵاوە دەخاتە بەر چاوی خوێنەران؟ هەر ئەوەیە کە هەستەوەرییەکە بەرامبەر (لە هەموو کانگای دڵەوە) دەوەستێ:

دڵم بۆ زوڵف و ڕووی جانانە ئەگری
مناڵە بۆ گوڵ و ڕەیحانە ئەگری
چرا ئەم شەو کەوا فرمێسک ئەڕێژێ
دەڵێی هەر بۆ منی پەروانە ئەگری
ئەکا شاباشی کێ دەریایی دیدەم
کە چەشنی گەوهەری یەک دانە ئەگری
چییە پیری دڵ ئەم شەو وەک عەرەق خۆر
لە کونجی تەکیە بۆ مەیخانە ئەگری؟
شەوی بۆ زولفی ئەو مەهپارە تا ڕۆژ
دڵم بۆ سینە چاکی شانە ئەگری
غەزالی من ئەگەر ساتێ نەبینێ
بیابان و قوڕ ئەپێوێ، لانە ئەگری
کەوان ئەبرۆ بەتیری غەمزە تاکەی
لە جەرگم بێ گوناح نیشانە ئەگری؟
بەیادی ئەو بەهاری ڕوویی تۆیە
کە چاوم هەوری زستانانە ئەگری
برا! تا نەبیە تۆز و خاکی بەرپێی
بەزەحمەت چاکی ئەو دامانە ئەگری
لە دڵتا یادی گەنجی کێیە بێخود
کە ئەم شەو نۆبەتی وێرانە ئەگری؟

لەم غەزەلەدا زۆر وێنەی جوان جوان بەدی دەکەین. وێنەی دڵی وەکو منداڵ ئەم بۆ ڕووی جوان و ئەو بۆ گوڵ و ڕەیحان بگری... پاشان فرمێسک ڕشتنی چرا و هاودەردیی شاعیر و پەپوولەی شەوان و گریانی دەشت و بیابان بۆ ئاسک... وێنەی مەی ڕژانە ناو پیاڵە و فرمێسک ڕژانی پیاڵە لەتاو چاوی مەیگێڕی جوان. ئەم وێنانە لە لێک چوونێکی بەرزدا خۆ دەنوێنن و (خواستن) پێک دەهێنن و یەخەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و واتا بێژی دەگرن. خۆشبەختانە بێخودی شاعیر لە مەیدانی ڕەوانبێژیدا شیعرەکەی بە وشەبازی جیناس و جوانکاری و مەتەڵبازی قورس نەکردووە و بە وشەی قەبەی بیانی ئێسک قورس و زاراوەی سواو وشکی نەکردووە. بەڵکو لە هەڵبژاردنی وشە و ناسک بێژیدا هونەری نواندووە و زمانێکی ناسکی شاعیرانەی تەڕی پڕ لە وردەکاریی سروشتی بەکارهێناوە. لە بواری زماندا دەبینی چەند ورد پێزی وشەی (ئەگری) وەبەردێنێ، جگە لە گریان و گرین (نیشانە گرتن، دامەن گرتن، نۆبەت گرتن)یشی لێ بەکارهێناوە. لەمەدا سوودی لە زار زمانی سلێمانی وەرگرتووە کە جیاوازی ناکات لە نێوان وشەی دەگرێی، لە گریانەوە لەگەڵ وشەی دەگری لە گرتنەوە.

لە غەزەلەکاندا بەتایبەتی و لە هەموو شیعرەکانیدا بەگشتی بەرامبەر ئەو هەست و جوانیی زمان کردنە و ئەو داڕشتنی سۆز و گەرموگوڕیی دەروونەو ئەوەی گوتمان هەستیاریی شاعیرانەیە، لایەنێکی وشکی بێخود هەر ئەو مەسەلەیە کە ئەو بەهونەرێکی گرنگی زانیوە، ئەویش دەرهێنانی مێژووی ئەبجەدە بەپیتی نوختەدار و بێ نوختە و یاری کردن بە وشە و هەڵگێڕانەوە و لێ دەرکردن و کاری ژماردنی بێ سوود.



**خۆشەویستی لای بێخود:**

خۆشەویستی لای بێخود لەسەر بنچینەی تەسەووف هەستاوە، بەڵام نەهاتووە بەڕەمز و نیشانەکانی ڕێگای تەسەووف وەکو ئەحوال و مەقامات و ڕاوڕەسمی سۆفییەکان چڕ و قووڵ و ئاڵۆزی بکات، بەڵکو بەڕوون و ڕەوانی و بێ پێچ و پەنا دەری بڕیوە، خۆشەویستیی شێخ و غەوس و پێغەمبەر، خۆشەویستیی سەیید و بنەماڵەی پێغەمبەر و هاوڕێیانی پێغەمبەر، خۆشەویستی ئایینی ئیسلام و شەرع و پێڕەوەکانی ئیسلام و مەلا چاکەکانیشی هەر بەهەمان شێوە. بۆیە تەک بەتەک تەسەووف شیعری (زوهد)یشی هەیە؛ زوهدەکەش بۆیە دەچێتە خانەی خۆشەویستییەوە چونکە ئامۆژگاری وشک و ترساندنی خەڵک نییە بەشیش و ئاگری جەهەندەم، بەڵکو پەرستکاری و پارێزکاری و بەرچاوخستنی چاکەی بەجێ هێنانی فەرزەکانی ئیسلامە و باسی موعجیزەکانی پێغەمبەر و هانا بردنە بەر شەفاعەت و تکاکاریی پێغەمبەرە لە ڕۆژی دواییدا. کەوا خۆی بەگوناحکار دەزانێ و پەشیمانی لە کردەوەی خراپ نیشان دەدات و داوای عەفووی خوا دەکات. کە سەیری نموونەی ئەم جۆرە شیعرانە دەکەین دەبینین هەمدیسان بەوپەڕی هەستەوەرییەوە بەسۆز و کوڵی دەروونی خۆی پایەداری کردوون. وەکو دەڵێ:

ئارەقم کرد و نەجاتی هەر نەدام دەردی گوناح
لەرز و تاداری خەجاڵەت خۆم و ڕوو زەردی گوناح
گەییيە چەرخی مەعریفەت ویڵداشی من خاکم بەسەر
من حەمامۆکێ ئەکەم هێشتا لەسەر عەردی گوناح
ل ٢٢

هەروەها ئەم هەڵبەستەی سەرەتاکەی ئەمەیە:

ئەی خوا ئەی رافیعی نۆ سەقفی گەردوون بێ عەمەد
نیعمەتت بۆ ئێمە (لا یحصی) صیفاتت (لا تعد)
ل ٣١

هەروەها:

بەدەشتی پڕ جنوونی ئاخەوە مەجنونی شەیدا خۆم
بەشاخی بێستوون داخەوە فەرهادی ڕسوا خۆم
ل ٥٣

لە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

ئەی ناخودایی بەحری کەرەم وەختی رەحمە پێم
کەشتی هەموو شکاوم و دەریا لە باوەشم
من سائیلی شەفاعەت و تۆ صاحیبی مەقام
لەو خوانی نیعمەتەت بدە سا لوقمەیێ بەشم

ئاوازی تۆبەکاری ئەگەر سەرەتای تەسەووفە بەڵام پایەیەکی ئایین پەروەری و لە خواترسانە. وا دیارە بێخود لە خۆشەویستییەکەی خۆی دڵنیایە و گەیشتووەتە قەناعەت کە تەنیا بەشێخ و ئیرشاد و تەوجیهی شێخ وازبهێنێ و مەسەلەی خۆشەویستیی خوایی و گەیین بەپایە بەرزەکانی ڕێگەی عیشق بۆ ئەو بەجێ بهێڵێ. بۆیە کە دڵ مایەی خۆشەویستییە لای ئەو ئارام و هوشیار و وریا و عەرشی خوایە. واتا لە دڵەڕاوکێی سۆفییانە ڕزگاری بووە:

ئارامی جانە، مەحرەمی ڕازی نیهانە دڵ
یەعنی لە بەینی یار و منا ئەرجومانە دڵ

ئەگەر ئەو دڵە برینداری چاو و خەریک گریانە لەبەر باڵای یار و لە دووریی یار چەمیوو فرمێسکی خوێناوییە، بەڵام:



لەوساوە شوغڵی رابیطەیی ڕوویی یار دەکا
فیکری ئەمەندە سافە وەک ئاوی ڕەوانە دڵ

و ئەو دڵە پیرۆزە، خۆشەویستە چونکە دەیگەیەنێ بەڕاستی:

وەختی عوروجی حەققە، بەسە پەستیی بەتاڵ
بۆ بانی مەعریفەت بەخودا ئەردەوانە دڵ

بەڵام شاعیر تاسەر لەو ئارامییە قەرار ناگرێ و مۆڵەکەی بیر و ئەندێشە و خەیاڵ تەنگی پێ هەڵدەچنێ... چونکە مەودای چاوەندازی دڵ گەلێ فراوانە و پڕە لە سووتەنیی بەگڕ کەوتنی ئاگری خۆشەویستی هەر وەکو مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە چلەی ماتەمینیدا گوتوویە:

«لە کاتێکدا دوای عەشقی حەقیقی ئەکەوت هەستی تاو ئەدا بۆ مەیدانی عەشقی مەجازی و بەپێچەوانی ئەمە جار جار لە مەیدانی عەشقی مەجازییەوە بازی دەدا بۆ مەیدانی حەقیقەت. وای لێ دەهات کە نووری خوا وا لە ناوچەوانی شۆخێکی هەرزەکار دەبینی»[١٧] لای شاعیر زۆر جار دنیا تێکەڵ بەدین و جوانیی سروشت و ڕووی لاوان و جوانان دەبن و دەبنە هەوێنی شیعری خۆشەویستییە سۆفیانەکە. هەر بەم جۆرە خەم و کەسەری دنیا و ڕەفتاری دڵ و دەروونی لە ژیاندا ئارامییەکەی لێ تێک دەدەن و تووشی دەمارگرژی و ئاڵۆزی دەکەن و هەستیارییەکەی بەرز دەکەنەوە و دەیهێننە سەر شیعر گوتن. نموونەیەک کە بەرهەمی ئەم بارە بێت چوارینی (دڵە من)ە.

ئەوێکی دڵ پڕ قەناعەتی خۆشەویستی دەبێ بۆچی سەر لێ شێواوانە بڵێ:

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە، تۆراوە دڵی من
هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من

(١٧) چلەی ماتەمینی بێخود. وتارێکی مامۆستا ڕەفیق حیلمی.

ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من
یاخو بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من

بۆنەی دانانی ئەم هەڵبەستە وەکو دەگێڕنەوە ئەمەیە دەڵێن عەبدوڵلای کوڕی مەلا عەزیزی مفتی، واتا برازای بێخود بۆ خوێندن چووەتە بەغدا و لە قوتابخانەی مخابەرەی عەسکەری بووە، بەر لەوەی خوێندن تەواو بکات و ماوەیەکی کەم بگەڕێتەوە سلێمانی... بۆ مەلەوانی دەچێتە ڕووباری دیجلە، لەوێ ئاو دەیبات و دەخنکێ بێ سەر و شوێن لە غەریبیدا بەجێ دەمێنێ... دەڵێن گوایا وەختی خۆی عەبدوڵلا بەتووڕەیی و دڵ ڕەنجاوی سلێمانی بەجێ هێشتووە و ڕووی کردۆتە بەغدا. ئەم کوڕەش نەک هەر برازای بێخود بووە بەڵکو لە جیاتی کوڕی خۆیی و خۆشەویستی بووە. ئەم کارەساتە دڵتەزێنە کارێکی زۆری لە بێخود کردووە و عەبدوڵلای بە(دڵ)ی خۆی داناوە کە بەتۆراوی بەرەو غەریبی کەوتوەتە ڕێ لە خاوەنەکەی ون بووە. ئەویش بەدوایدا وێڵە و پرسیار دەکا و سەر و سۆراغی دەپرسێ. بەڵێ ئەوا دڵی ئەوە تۆراوە و خنکاوە و، گەر سەری خۆی داناوە. جارێکی تر نایێتەوە.

لەو وێڵیی دڵ و ڕارایییەیدا کەوتۆتە ژێر تەمی چوارینە بەناوبانگەکانی سافی هیرانی کە لەسەر هەمان کێش و پاشبەندی (دڵی من)ی دووبارە کراوە هەڵبەستی خۆی بنیات ناوە[18] بەڵام سافی تاسەر هەر بەوێڵی و سەرگەردانی دەمێنێتەوە هەرچی بێخودە جەمسەری دڵی دوولایییەکە کە لایەکیان ون بووە و لایەکیشیان ماوە... هەردوولا کۆدەکاتەوە و دەیان کا بەیەک و دڵنیایی بەوە پەیدا دەکات کە ئەو دڵ نەفەوتاوە، بەڵکو ڕۆیشتووە و چووەتە خزمەتی پێغەمبەری سالاری مەدینە:

(١٨) دیوانی سافی، بەغدا/ ١٩٥٣ ل ٣٠ بێخود ئەم هەڵبەستەی لە (گەلاوێژ)ی ساڵی (٦) ١٩٤٥ بڵاوکردۆتەوە.



ئەو سینە لە غەش خالییە ئەو بێ ڕق و کینە
ئەو خادیمی شەرعی نەبەوی و میللەت و دینە
مەعلوم چووە بۆ خزمەتی سالاری مەدینە
وامزانی کە فەوتاوە، نەفەوتاوە دڵی من

سەرەتا دیمان چۆن وەکو دەروێشێک کەوتە بەردەم بای مۆڵەکەی دڵ، دڵێک لە جغزی ئادەمی دەردەچێت و دەیەوی کەیلی خۆشەویستییەکی خوایی بێت، کە بارێکە بۆی هەڵناگیرێت و خاوەنەکەی تووشی دامان و سەرسامی دەکات. بەڵام تا سەر لەو سەرسامییە نامێنێتەوە و شۆڕشی عەشقەکەی دادەمرکێتەوە و لە جیاتی ڕێگەی عەشقی سۆفییانە بادەداتەوە سەر (زوهد) و مەدحی تەقلیدانەی پێغەمبەر:

قوربانی کەسێ بم کە بەقوربانی نەبی بێ
وەک بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ
شاهی عەرەبی یەعنی قوڕەیشی نەسەبی بێ
جەرگی بەدوو ئەبرۆیی ئەو جنراوە دڵی من

**

لە قەسیدەیەکی پڕ لە سۆزی تریدا کە بەڕاستی بەرهەمی دڵێکی پڕ لە جۆش و قوڵپی خۆشەویستی و داڵین و سکاڵایە و بە٣٢ دێڕ گەرموگوڕییەکەی سارد نابێتەوە و سەرەتاکەی بەباسی فرمێسکی چاوی گریاو و دڵی سووتاو دەکاتەوە:

کەوثەر وەکو تەنوورەیی چاوی پڕ ئاومە
دۆزەخ وەکو تەنووری دڵەی پڕ هەڵاومە

باسی حاڵی خۆی لەو گێژەنەی خۆشەویستییەدا دەگێڕێتەوە کە خۆشەویستییەکەی بۆ زاتی پێغەمبەرە و تەنانەت بۆ گڵ و وردە بەردی سەرگۆڕەکەیەتی:

ئەو توربەتەی کە تۆزی ئەگەر بێتە سەر سەرم
نایدەم بەتاجی خوسرەو و جەم گەر کلاوەمە

پاشان ڕوو لە پێغەمبەر دەکات:

ئەی بازی سیدرە تۆ بی خودا بۆچی ناگری
نێچیرەکەت کە پۆڕی دڵی هەڵفڕاوەمە

خۆشەویستییەکەشی دیارە کێیە و پلەی توانەوە و دڵسۆزیشی بۆ ئەو خۆشەویستە لەم دیمەنانەدا دەردەکەوێ:

هەروەک منالە کوردێ کە ون بێ لە باوکی
دەگریم بەرەو مەدینە و هەر باوە باوەمە
ساتۆش بفەرموو: خادیمەکەی دەرک و بانی خۆم
پەت کەن کە چونکە ئەو سەگی قۆڵ هەڵکراوەمە

ئەو جۆرە هەڵبەستانەی کە بە(نەعت) واتا مەدحی پێغەمبەر ناسراون دیارترینیان ئەوەیە کە بەوەسفی جوانیی سروشت و بەهار دەست پێ دەکات، کە خۆشەویستی و جوانیی پێغەمبەر لە خۆشی و جوانیی سروشت دەبینێ و ڕەنگ بێ وای مەبەست بێ بڵێ جوانیی سروشت لەبەر خاتری جوانی و خۆشەویستیی پێغەمبەر و. لەلایەکی تریشەوە ئەم تێکەڵ کردنە مایەی تەڕی و گەشانەوەی لک و پۆپی هەڵبەستەکەشە.

ئەمە بۆی نەسیمی بەهارە، یا خەبەری سروشتی هەواییە؟
دەمی ڕۆح بەخشی نیگارە، یا نەفەسی مەسیحی سەماییە؟

لە باسی شنەی شەماڵ و شایی و سەیران و خۆشییەوە بادەداتەوە سەر مەدحی پێغەمبەر:

دەتەوێ ئەگەر گوڵی سەرمەدی، وەرە باخی نەعتی محەممەدی
ببە بولبولێکی موئەببەدی، ئەمە شێوەیی ئودەباییە[19]

(١٩) دیوانی بێخود. ل ١٠٣، لەوێدا مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم وشەی =



هەر بەهەمان شێوە لە باسی جوانیی سروشتەوە لە هەڵبەستێکی تردا دەپەڕێتەوە سەر باسی پێغەمبەر:

دیسان چەمەن لە ڕەوضەیی خولدی بەرین ئەکا
گوڵ غونچە هەم لە لێو و دەمی حووری عین ئەکا
ئاخۆ چ مانییەکی کە سەحراو و شاخ و داخ
ژەنگار و زەرد و سوور و سپی و سەوز و شین ئەکا

پاش (١٤) دێڕ لە نەخشاندنی وێنەی گوڵ و بولبول و شەونم و دەشت و شاخ و داخی ڕەنگاوڕەنگ و لەرزەی سەروو یاسەمەن و بۆنی ڕەیحان و بەربەیانی وەکو ناوچەوانی دلبەر و تاریکی وەکو زوڵفی یار دەپرسێ:

ئەم شاییێو سرووورە لە شەوقی بەهارە یان
عەشقی گوڵێکە عەفووی هەموو (مذنبین) دەکا؟

دوای ئەوە بەدە دێڕ مەدحەکەی بۆ پێغەمبەر تەواو دەکات و وای پیشان دەدا کە هەرچەندە دنیا پڕ لالە و گوڵاڵەیە، چەوی ناو جۆگا و شەونم و ئاوازی قومری و بولبول و هەموو شتێک هەتا تەیر و توار و باخەوانیش لە خۆشیاندا شایی دەکەن!. بەڵێ، بەڵام ئەو دڵی بەجوانیی دیمەنی بەهار نەکراوەتەوە مەگەر بۆ ڕێ خۆش کردنێک بۆ جوانیی و مەدحی جوانی پێغەمبەر، ئەگەر جوانیی یارێکی دنیایی بێت و ئەگەر جوانیی سروشت بێت هەمووی دەکاتە باکگراوندی وێنەی خۆشەویستی و ئایین پەروەریی خۆی. ئەو چ دەر بەست خاک و ئاو و هەوایە؟ چ دەربەست بەهار و گوڵ و مێرگ و کانییە؟ چونکە ئەو لای وایە:

=(غەزایی) ئەم دێرە شیعرەی: (کە لە بۆ جیهادی کولەی هەوای لە تەرەف خوداوە غەزاییيە) بەکەسێک کە چووبێ بۆ غەزا مانای لێ داوەتەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە (غەزایی) لە ناوچەی کۆیەدا بەباڵداری عەینەمەل دەگوترێ کە بۆ لە ناوبردنی (کلۆ) بەناوبانگە. شایانی باسە بێخود گەلێ جار وشەی ئەو ناوچانەی بەکارهێناوە کە بۆی چووە.

ئەی ساحەیی سەد جەننەت دەشتی عەرەبستانت
نادەم بەهەزار گولشەن یەک خاری موغەیلانت
ل١٦

**ئەنجام:**

بێخود (١٨٧٨- ١٩٥٥) سەرەڕای مەلایەتی و ڕۆڵەیی بنەماڵەیەکی زانین پەروەری ئایینی بەناوبانگ، شاعیرێکی بەناوبانگی دوا زنجیرەی قوتابخانەی لاسایییە لە ئەدەبی کوردیدا، ئەوەی لە دیوانەکەیدا سەرنج ڕادەکێشێ یەکەم کەمیی بەرهەمی شاعیرە لە چاو تەمەنیدا، دووەم تێکەڵ نەبوونییەتی بەژیان و ڕۆشنبیریی سەردەم و پارێزگاری و کۆنەخوازییە لە شیعرەکانیدا. هەرچەندە بەرهەمەکەی کەمە بەڵام بەسۆز و کوڵ و گەرموگوڕ لە شێوەیەکی کۆنی شیاودا و بەمۆسیقایەکی هەست بزوێن خۆی دەنوێنێ.

لە ئەنجامی باری تایبەتی دەروونیی شاعیردا کە ژنی نەهێناوە، بەکار و فەرمانێکەوە خەریک نەبووە و لە گەشت و گەڕاندا بووە، کەوا لە ئەنجامی زەبرێکی سەختی دەروونی تووشی دڵ شکان و گۆشەگیری هاتووە و بووەتە تۆبەکار و ڕێگەی تەسەووفی هەڵبژاردووە، گرژی و هەستەوەرییەکی (حساسیە) تەواوی دەروون بەشیعرەکانییەوە دیارە، هەر بۆیە ئاسایی دەرناکەون و جۆش و سۆزێکی خۆیەتییان پێوە دیارە. شیعری بێخود لە ڕووی بابەت و شێوەوە هەر لە چوارچێوەی کۆندا مایەوە؟ ئەوەی بابەتی دڵدارییە، هیچ جۆرێک وێنەی ژن بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی نانوێنێ، هەر وەکو چۆن ژیانی لە ژن بەدەر بوو شیعرەکانیشی لە ژن بەدەرن. دڵدارییەکەی ئەفلاتونی و سۆفییانەیە و شێت و شەیدای جوانی بووە با لە لاوانیشدا بەدی کردبێت.

لە ئەنجامی ئەو زەبرە دەروونییەی کە لە لاویدا پێی گەیشت دەرگای ژن و ژنخوازی و دڵداری داخست و ملی دا ئایین پەروەری و پارێزکاری.



بەڵام بۆ هاوسەنگی کردنی بێ بەشی و دڵشکاوییەکەی دەرگای خۆشەویستییەکی پڕ لە سۆزی شێخ و غەوس و پێغەمبەری کردەوە، ئیتر هەر جارە ئەو تەوژمە خەفەکراوەی خۆشەویستییە کە بەری بکرابایەوە، بەگوڕ سەری دەردەکرد و وەک بارانێک هەموو زەوییەکی ڕەقەن و وشکی سەوز دەکرد، ئەنجامی بەهۆنینەوەی شیعری ترپەداری پڕ لە هەستەوەری دەهاتە دی.

لەو بڕوایەدام، بێخود لە لایەنی دەروونییەوە ئامادە و گونجاوی ئەو کۆنەخوازی و گۆشەگیرییە بوو، وە لە تواناادا نەبوو لە چوارچێوەی ناوەڕۆک و شێوەی شیعرەکانی دەربچێت کە بریتین لە شیوەن، غەزەل، خۆشەویستیی سۆفییانە، ئایین پەروەری و شیعری بۆنەکان ونەی دەتوانی تێکەڵ بەژیان و بیروباوەڕ و ڕۆشنبیریی تازەی سەردەم بێت، تێکەڵیشی بوایە نەیدەتوانی بیانخاتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستییەوە. چونکە خۆی شاعیرێکی گۆشەگیری دڵشکاوی لە ژن بەدووری، دەروون گرژی، بێ پەروا و بێ ئەرک بوو، ئەو شیعرە کەمانەی دەیگوتن پوختەی هەستەوەرییەکە دەردەخەن و ئەگەر بەسەنگ و کێشی ئەدەبیاتی کۆن بکێشرێن، شیعری ڕادە بەرزو وردن لە داڕشتن و هۆنینەوەدا.

ئەگەرچی پێش ١٥ ساڵ لە مردنی و لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا کە شەڕەکە ئاوەڕۆی زۆر باری ڕۆشەنبیری و سیاسیی و کۆڕی مامۆستا ڕەفیق حیلمی ڕێنیشاندەرانە بەرنامەی کاری دواڕۆژی بۆ دادەنێ کە دەڵێ: «هیوام وا پێیەتی کە ماوەی عومری خۆی سەرفی دیوانێکی عەسری و تازە بابەت بکا و بەشیعری بەرز و ڕەنگینی نیشتمان پەروەرانە ڕۆحێکی نوێ بکا بەبەری لاوەکاندا و بیانخاتە سەر ڕێگەی چاکە و پێکهێنانی کاروکردەوەی بەپێزو بەم ڕەنگە دنیاشی لێک بداتەوە و لەگەڵ نەفسی خۆی و ڕۆژی ئاخیرەتی، میللەت و نیشتمانیشی بەیادکا و لە

خزمەتی ئەوانیشدا گرەو بباتەوە»[٢٠] بەڵام بێخود ئامادەیی دەروونی و گونجاویی خۆی لەگەڵ ئەو بارە دەق پێوەگرتووەدا تەواو قایم بوو، لە تواناداا نەبوو گۆران ڕوویدات.

(٢٠) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. ل ٥٩.

# ڕەنجووری

ڕەنجــووری شــاعــیــرێکی گــەورەی ســەدەی هەژدەمــینە و بەیەکــێک لە کۆڵەکەکانی هەڵبەستی شێوەزاری گۆران دادەنرێت، ئەوانەی کە بەپێی توانا خۆیان لە کاریگەریی شێوازی بیانی پاراستووە و بەرهەمەکانیان بەجلوبەرگی کــوردانە ڕازاندۆتەوە و لە چەژگــەی خــەڵکی نزیک بوون و تاڕادەیەکی باش لە کۆت و پێوەندی یەک پاشبەندی و کێشی عەرووزی بەدوور بوون و دارشــتە و زاراوە و ڕســتەی خوازراوە و وشــەگەلی ڕەق و قەبەی زمانانی عەرەبی و فارسییان بەکارنەهێناوە و لە زۆر بابەتی تازە دواون.

ڕەنجووری وەکو خۆی خۆیمان پێ دەناسێنێ (کە لە کۆتایی کتێبی شەرحی بەشی (الفرائض) لە (تحفە المنهاج)ی ئیبن حەجەری هەیسەمیدا نووسیویەتی: ناوی عومەرِی کوڕی خالید بەگە لە عەشیرەتی شاڵە بەگی، ساڵی ١١٦٤ی هیجری کە دەکاتە ساڵی (١٧٥٠- ١٧٥١)ی. ز هاتووەتە دنیاوە.

پاش گەڕان بەشوێن خوێندن و زانیاریدا بووە بەمەلا و لە (ئاغجەلەر) دانیشتووە، پاش چەند ماوەیەک گەڕاوەتەوە کەرکووک لە مزگەوتی تازەی قەڵاتی کەرکووک پشت مەقامی دانیال پێغەمبەر مەلایەتی کردووە، پاشان گوێزاویەتییەوە مزگەوتی گەڕەکی (زێوێ) و لەوێ خەریکی دەرس دادان و شێــخــایەتی بووە و هەر لە کــەرکــووک مــاوەتەوە تا لەوێ بەخــاک سپێردراوە.[1]

(١، ٢، ٣) عــەبدولرەقــیب یوسف، گــۆڤــاری ڕۆشنبــیــری نوێ ژمــارە (١٠٧) ئەیلول ١٩٨٥.



جگە لە پایەی مەلایەتی، شێخێکی ڕێبازی قادری بووە، کەوا ساڵی ١١٩٠هـ تەریقەتی لە شێخ ئەحمەدی عەبدالآنی لە گوندی عەودالآنی وەرگرتووە.

سەرەڕای پایەی ئەدەبی و زانستیی و گرینگیی هەڵبەستی ڕەنجووری، داخەکەم مێژووی ئەدەبی کوردی تا ئەم دواییە ئەگەر لێشی بێ ئاگا نەبووبێت بایەخێکی بەلایەنە هونەرییەکانی شیعر و بەهرە و کارە ڕەنگینەکانی لە مەیدانی زانستی و کۆمەڵایەتیدا نەداوە. لەوانە بوو لە مێژووی ژیانی و بەرهەمەکانی ئاگادار نەبین ئەگەر خۆی بەزیرەکی و وریایی خۆی مێژووی هەندێ قۆناغی ژیانی و دانانی بەرهەمەکانی نەنووسیبایە، بەڵێ هاتووە مێژووی ژیانی خۆی و هەندێ ڕووداوی گرنگی ناوچەی کوردستان و بەتایبەتی شاری کەرکووکی خۆی تۆمار کردووە، بەنموونە لە کاتێکدا هاتووە ناوی (٥٤) شاعیری کوردی هاوچەرخی خۆی لە هۆنراوەیەکدا نووسیوە ئەمڕۆ ئێمە جۆری ژین و خوێندن و مامۆستا و زۆر زانیاری گرنگی تر لە بارەیانەوە نازانین و دیوانی هەڵبەستی هیچ کامێکیان بەتەواوی دەست ناکەوێت...

لەم ڕووەوە مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف کۆمەڵێک کتێب و نامیلکەی لە کتێبخانەی وەزارەتی ئەوقاف لە بەغدا دۆزیوەتەوە کە لە ژمارە (٩٧٤) تۆمار کراون و ڕەنجووری بەخەتی خۆی دانەی لێ نووسیونەتەوە یان دایناون، لەسەر هەر یەکێکیان ناوی خۆی و ساڵی نووسینەوە و هەندێ پەراوێز و تێبینی خۆی تۆمارکردووە... لەم دەستخەتانەدا هەر وەکو لە هەڵبەستەکانیشیدا دەستنیشانی کۆمەڵێک ناوی زانا و ناوداران و کتێبانی کردووە و دەردەکەوێ کەوا لە ئەدەب و گەردوون ناسی و ئایین ئاگادار بووە. نامە و نامە بیەریشی لەگەڵ شاعیران و ناوداراندا پایەی پەسندی لە کۆڕی ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتیدا پیشان دەدەن.

ڕەنجووریی شاعیر لە چوار لیستەدا مێژووی ساڵ و ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تۆمار کردووە سەرباری ڕووداوی کەسیی خۆی و خێزانەکەی کە بوونەتە سەرچاوەیەکی دروستی مێژوو، مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف ساغی کردوونەتەوە و بۆی دەرکەوتووە زانیارییەکانیان ڕاست و دروستن. لیستەی یەکەم مێژووی سوڵتانەکانی عوسمانییە و هی دووەم مێژووی والییەکانی بەغدای سەردەمی حوکمڕانی عوسمانییە و لیستەی سێیەم مێژووی والی و کاربەدەستانی کوردستانە لە ساڵی ۱۱۱۰ی هیجرییەوە تا ساڵی ۱۲۱۵، کەوا مێژووی پاشاکانی میرنشینیی بابان و کۆیە و کەرکووک و فەرماندەکانی فارس و هەندێ ڕووداوی گرنگی گرتووەتە خۆی. لە لیستەی چوارەمیشدا ساڵیاد و مێژووی باری کۆمەڵایەتیی شێخەکانی خۆی لە (عەبدالان) و بنەماڵەکەی و کەسی خۆی تۆمار کردووە، کەوا ساڵی لە دایکبوونی خۆی و گەشتەکانی و ژن هێنانی و کوڕ و کچەکانیشی پشت گوێ نەخستووە... تەنانەت نرخی ئەو شتومەکانەی بۆ مزگەوتی کەرکووک کڕاون ئەویشی تۆمار کردووە.(۲)

بەرهەمێکی گرنگی تری ڕەنجووری (ڕۆژژمێرێکە) لە ۲۳ لاپەڕەدا بەزمانی فارسی و دیباجەکەی بەزمانی عەرەبی لە ساڵی (۱۲۲۵هـ-۱۸۱۰ز)دا نووسیوە، لە پێشەکییەکەیدا باسی چەند زانایەکی هەڵکەوتووی کۆڕی ڕۆژژمێر دانانی کردووە، پاشان بەوردی دەستنیشانی هەڵاتن و ئاوابوونی ئەستێرە گەلی گەلاوێژ، کۆ، تەرازووی کردووە و ئەنجا هاتووەتە سەر باسی کەش و هەوا ناسی و زانیارییە خۆماڵییەکانی دەربارەی کەش و ئاووهەوا و کژەکان و باسی کەڵووەکانی گەردوون و پێکهاتنی وەرزەکانی ساڵ و ئاسمان و ڕێڕەوتی هەسارەکانی کردووە.(۳)

(۳،۲) هەمان سەرچاوەی پێشوو.



**هەڵبەستی ڕەنجووری:**

کۆمەڵێک هەڵبەستی ڕەنجووری ساڵی ۱۹۸۳ لەلایەن مامۆستا عەلی قەرەداغی بەناوی (دیوانی ڕەنجووری)یەوە بەپێشەکییەکی پەسند و ساغکردنەوەوە چاپ و بڵاوکرایەوە... هەڵبەستەکانی بەشێوەی گۆران و زار زمانی زەنگەنەن کە وا دیارە شاعیرانی کەرکووک بەو شێوە زمانە هەڵبەستیان داناوە... تاک تاک هەڵبەستی بەشێوەی سۆرانیشی تێدایە.(٤)

هەڵبەستی ڕەنجووری ڕوون و ڕەوان و کوردانەن، بەکێشی خۆماڵ دە پەنجەیی و بەجووت پاشبەندی داندراون... هەندێ جار پاشبەندەکان دەبن بەچوار و پێنج و هەندێ جاریش وەکو چوارین و پێنج خشتەکی پاشبەندێک یان دووان دووبارە دەبنەوە.

هەر وەکو مامۆستا قەرەداغی نووسیویەتی: «لایەنێک کە زۆر جێگەی ڕێز و بایەخە لە دیوانی ڕەنجووریدا ئەوەیە کە مەودای شیعری لەبەر هەستی خۆیدا تەسک نەکردووەتەوە و، مەیدانی شیعری نەهێناوەتەوە یەک، تا مەبەستەکانی شیعر بکا بەیەک دوو مەبەست و بەس، بەڵکو ویستوویەتی هەر چۆن ببێ مەیدان بەرین بکا و سارا گەورە بکا بۆ ئەوە بتوانێ بەئارەزووی خۆی ئەسپی بیر و قەڵەمی تاوبدا و گۆی هونەری لە زۆر لە شاعیرانی هاوچەرخ و پێش خۆی بفڕێنێ و بابەتی نوێی وا بنووسێ کە زۆر پاش خۆیشی بەنوێ بۆیان بڕوانرێ و بەنەمری بمێننەوە.»

بەڵێ، بەشێوازێکی کوردانە و بەتان و پۆی هونەری کوردی کۆمەڵێک تەختە نیگاری خۆماڵی و کەلەپووری بۆ نەخشاندووین کەوا جگە لە هونەری هەڵبەست باری کۆمەڵایەتیی کوردەواریمان پێشان دەدەن. هەر وەکو

(٤) دیوانی ڕەنجووری، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم. بەغدا ۱۹۸۳ ز.

هەڵبەستی ڕووداوی تاعوون لە کەرکووک، بەیتی ناوی شاعیرانی کورد، نامەی هۆنراوەی بۆ عەبدولرەحمان پاشای بابان کە لە حیللە دەست بەسەر بووە و هەستی نیشتمانپەروەری خۆی بەڕوونی تێدا پێشان داوە، هەروەها هەڵبەستی (یاران نەمەندەن) کە ئاخ بۆ گۆڕانی نالەبار و نارەوایی ژینی کوردەواری هەڵدەکێشێ... جگە لە تابلۆ جوانە دڵدارییەکانی و شیوەن و هەڵنانی پایەی شێخ و سۆفیگەری، لەگەڵ ستایشی ئایینی و چیرۆکی میعراجی پێغەمبەر، هەروەها کۆمەڵێک نامە و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ شاعیر و ناودارانی کوردی دەڤەری خۆی و باس و خواسی سەردەم.

زۆرینەی هەڵبەستەکانی دڵدارین، ئەم هەڵبەستانەش چەند سروشت و مۆرکێکی خۆبییان پێوە دیارە، لەوانە :

١- ناوهێنانی زۆر و دووبارەی عاشقانی داستانی کۆنی ڕۆژهەڵاتی وەکو ناوی (لەیل و مەجنون، شیرین و فەرهاد، یوسف و زولێخا، گوڵئەندام، بدیع الجمال).

٢- دروشمێکی تری ئەم هەڵبەستانە وەسفی ورد و بەپشوو و باسکردنی پەلوپۆ و تەفسیلاتی وەکو ناوی جلوبەرگ، خشڵ و ئامرازی ڕازانەوە، ناوی ڕەنگ و گوڵ و دار و هی تره.

ئەو پەلو پۆیانەش لەلایەکەوە ئەگەر تام و بۆیەکی کوردانە بەو جۆرە شیعرانە بدەن و پەیوەندی بەدەوروبەر و ژینگەوە پتەو بکەن، هەروەها پلەی زانیاری شاعیریش لە هەندێ بواردا دەربخەن، ئەوا لەلایەکی ترەوە باری ناسکی هەڵبەست قورس دەکەن.

جاری وا دەبێ باسی مەنتیق و دانایی و گەردوون ناسی و کاروباری ئایین و هی دی دەبنە سەربار و لە بریقەی شیعری کەم و لە خانەی پەخشان نزیکیان دەکەنەوە.

٣- وەکو هەست پێ دەکرێ شاعیر هەوڵی یەکیەتیی بابەتی لە هەر



هەڵبەستێک داوە و کەم ڕێک دەکەوێ لە هەڵبەستێکدا ئاوڕ لە چەند لایەن و بابەتێک بداتەوە، بەڵکو هەموو بەشەکانی هەڵبەست لە چوارچێوەیەکی گشتیی هونەریدا جۆش دەخۆن... ئەم کارەشی ئەنجامی پابەندبوونە بەشێوازی هۆنینەوەی کوردانە و خۆ نەبەستنەوەیە بەیەک پاشبەندی و کێشی عەرووزیی شێوێنەری ئەدگاری لەشولاری ناسکی زمان و هەڵبەست.

بۆیە دەبینین بابەتی جۆراوجۆری وەهای خستووەتە ناو بۆتەی هەڵبەستەوە کە لە هەڵبەستی شێوە عەرووزی سەدەی نۆزدەمینی کوردیدا نایبینین... وەکو بابەتی وەسفی بەهار، ڕاو، ڕەنگی گوڵان، ڕاوە مامز، بەر و میوە و وەسفی دوڵبەر لە شێوەی ژنێکی جلوبەرگ کوردی و ڕازاوە بەخشڵی جۆراوجۆر و دەستووری کوردیدا.

٤- لە بابەتی دڵداریدا دڵدارییەکی بەرهەست (حسی) دەبینین کە ئاوێنەی دەروونێکی بەکوڵ و ئیلهام وەرگری جوانیی دڵبەرە و نموونەی سۆزێکی ڕاستگۆیانەیە... وەکو وێنەکێشێک سەرەڕای بینای ساکار هەستی جوانی خوازی و دڵداریی گەرم وێنە دەنەخشێنێ.

شاعیر لە وێنەگرتنی جوانیی ژن و جادووی لەشولاری ژن چەند نموونەیەکی وای هەیە کە دەڵێی شاعیرانی تازەی هاوچەرخ ئەم وێنانەیان کێشاوە... دەبا لەم هەڵبەستەدا سەرنج بدەینە شەیدابوونی شاعیر بەجوانیی ژن و بەهرەی مێیینەیی و هێزی هەست و سۆزی لاوێنی...

ئەوەتا: زولەیخا پەردەی تاریکی لە ڕووی خۆی لادا و ناوچەوانی وەکو ئەستێرەی بەیان گەشەی کرد...

ڕوویەک دەرکەوت تیشکی هەتاوی ستاند و وەکو مانگی لە چەرخی کەڵووەکان بەدەر درەوشایەوە و ئاسۆی بەدەوری بازنەیەکی ڕووناکی بەخشدا کێشا...

بەپەنجەی خەنە ڕەنگەوە دوگمەی کراسی کردەوە، پاشان بەبێ ترس کراسی داکەند و تووڕی هەڵدا و تێر سەیر سنگی خۆی کرد، چی دیت؟ دوو گونبەتی ڕووناک لەسەر تەختی سنگ...

نا... بەڵکو دوو مانگ، دوو چرا، دوو ئەستێرەی زوهرە، دوو دوگمەی سپی زیوی پاک... بەڵام لەناکاو... گورج لە ترسی چاوی (ناحەز) پەردەی وەکو کۆمەڵە ئەستێرەی پەروین بەسەر لەشی دادایەوە، ئەستێرەی زوهرەی ون کرد و ڕووی مانگی داپۆشی و پرشنگی خۆر کشایەوە...

هەتا ڕۆژگار دڵشاد بێ و سپاردەی جوانان قوللەی بەغداد بێ ڕەنجووری نەخۆش تا دنیا ماوە دوعات بۆ دەکا ئەی زولەیخای دووەم.

ئەمەش دەقی ئەو تابلۆ هەڵبەستەیە:

زڵێخا پارە، زڵێخا پارە
پەردەی ظولومات نە ڕووکەرد پارە
بەو طەور داش هەوا نەچین چارە
نمانا جەمین چون صوب ستارە
(تبارك اللە) چون ڕوو نمانان
شوعاعش نە شەمس خاوەر ستانان
چون قەمەر نە بورج سەرکێشا ئەودەر
شەفەق دا نەدەور دائیرەی نەنوەر
پەنجەی حەنایی دراز کەرد وە دوو
کلیل کەردەوە نە تۆی درز قوو
گجیش هەوادا بێ خەوف و ئەندێش
خەیلێ کەرد سەیران سەتحی سینەی وێش
نەتەخت سینەش دوو قوبەی نوورین
دوو ماه، دوو قەندیل، دوو زهرەی شیرین



دوو دوگمەی بێ خەوش سیم سپی ساف
شەفافتەر خەیلێ نە کافوور صاف
ناگا خۆفش کەرد نەدیدەی بەدبین
پەردەش بەستەوە چون پەردەی پەروین
زوهرەش ئاوین کەرد، مەهتاب بەردەوە
شووڵەی ئافتاب ئاوین کەردەوە
تا خەیلێ زەمان خاطرا گوشاد بۆ
سپەردەی خاسان بورج بەغداد بۆ
(ڕەنجووری)ی ڕەنجوور هەرتا بۆ فانی
دوعا گۆن پەی تۆ زڵێخای ثانی

تەختە نیگاری سەردانی مەزاری شێخ مەحموودی سەرواڵا، دیارییەکی هونەرکرد و بابەتێکی نایابی هەڵبەستی مەیدانی جوانی و دڵدارییە وێنەی لە دیوانی هەڵبەستی کوردیدا یان نییە یان زۆر دەگمەنە.

سەرەڕای وێنەگرتنی ژنی جوان و خشڵ و جلوبەرگی و لەشولاری ڕووتی ناسکی وێنەی دەروونی ساکار و ساویلکەی پڕ لە باوەڕی ئایین پەروەریی ئەم ژنە و تێکەڵ کردنی ڕووناکیی لەش بەڕووناکی بڕوای بێگەرد و وێنەی باری کۆمەڵایەتیی کوردەواری کە ژنان ناوچەوان لە بەردی کێلی قەبری شێخ هەڵدەسوون و دوعا دەکەن و نیاز دەخوازن.

داستانی ئەم تابلۆیەش ئەوەیە کە بۆت باس دەکەم:

زولەیخا سەر لە بەیانی بەنیازی سەردانی ئیمام سەرواڵا جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر کرد، زوڵفی گوڵاو پرژێن کرد، بەلاگیرە و چەناخ و سنجاقی زیو خۆی ڕازاندەوە، چاوی کل ڕێژ کرد و لەبەر ئاوێنە لە خۆی خەفتی...

تا زانی لە پلەی جوانیدا هیچی کەم نییە... وەکو لکی تەڕچکی دار

لەرییەوە و سەرپۆشی کەتانی بەسەر خۆی دادا و بانگی هەڤاڵان و دەستە خوشکانی کرد و هەموو کۆبوونەوە بەرەو گۆڕی ئیمام بەڕێ کەوتن، دەشت و دەر و گرد و هەڵەتیان پڕ لە بۆنی خۆش کرد... تا گەیشتە بەردەم مەقامی سەرواڵا بڕیاریان یدا لە کانییەکەی بەردەمیدا خۆیان بشۆن، وەکو حووری بەهەشت پاک بن ئینجا سەردانی شێخ بکەن! جا ناسک ئەندامان یەک بەیەک ئەندامی گوڵینیان لە کانیی شوشت و جلوبەرگی ئاڵ و واڵایان لەبەرکردەوە، لە ژووردا دەستیان بەناڵین و پاڕانەوە کرد و ناوچەوانیان لە کێلی گۆڕی شێخماڵی و دوعایان کرد، بەڵکو بەهۆی شێخەوە دوعایان گیرابێت و بەلەش و بەدەروونی پاکەوە نیازیان بێتە دی.

جا ئەگەر مردووەکە بیبیستایە وا پەریزادەی بێگەرد هانای بۆ هێناوە... ڕەنگ بوو نازی بکێشێ و تا دڵی شیرین خاڵ شاد بێت. نیازی قەبووڵ بکات:

زولەیخا بالا... زولەیخا بالا
ڕۆی سوب سەحەر نمانا بالا
پۆشا سەرتاپای بالا بەوالا
پەی عەزم تەواف (ئیمام سەروالا)
(سەربەند) تەیارکەرد (پووشین) بەستەوە
خەم دان وە زوڵفان دەستە دەستەوە
تای طوڕڕەی کەمەند (بەهرام گۆڕ) گیر
طوغرای حەڵقەی زولف بۆ مایەی عەبیر
پەخش کەرد نە ئەطراف گۆنای گوڵ صیفەت
لەرزنا چۆن تووڵ ناسک ئەو قامەت
(مەقنەعەی) کەتان دانەڕووی دەماغ
بەند کەرد جەلای سەر (لاگیرە) و (چەناغ)



(سنجاق) سیمین دا نە درز نەو
کلیل دا نە تەخت پەسندەی خوسرەو
دیدە وە سورمەی سوبحان ڕەشتەوە
(حام) شاه جام گرت وە مشتەوە
وەختێ نیگاش کەرد ئەو جام بێ زەنگ
سەیران کەرد جەمین ڕشتەی خودا ڕەنگ
زانا سەرتاپا چێوەش نییەن کەم
ئەوسا کیانا هامسەران کەرد جەم
چەنی نەوهالان تورکێ تووڵ ئەندام
ڕاهی بی ڕەوان پەی ڕەوضەی ئیمام
وە شێوەی شیرین شۆخ سەهمگین
سارا و سەر زەمین پڕ کەرد نە بۆی چین
هەردان، هەڵەتان، یەکایەک طەی کەرد
تا تەشریف وەپای ڕەوضەی ئیمام بەرد
جە پاکۆی مەقام ڕەوضەی دامەن صاف
ئاوەرد ئەو خەیاڵ شست و شۆی کلاف
چون حۆری زانی حوور شی وە دەور حەوز
داخڵ بی وە حەوز چون سۆنەی سەر سەوز
نازک ئەندامان یەکا یەک تەمام
شست و شۆ کەردەن چون ئەو گوڵ ئەندام
ئەوسا هەم پۆشان بالا بەوالا
تەشریفشان بەرد وەپای (سەروالا)
هەر کەس پەی موراد وە ئیمام لالان
جەمین نەسای سەنگ (سەروالا) مالان.

هانا! یا ئیمام، دوعا موستەجا!
جە پای بارگەی تۆ ئێد مەن ڕجا
چونکە ئەی نەمام پەریزای بێگەرد
وە پای بارگەی تۆ ئیلتیجاش ئاوەرد
نیازم ئیدەن قەبووڵ بۆ نازش
حاصڵ بۆجە لات وایە و نیازش
پەی خاطر شادی شای شیرین خاڵان
(ڕەنجووری) غولام (مەحموود سەروالاّ)ن

بەڵگەیەکی تری کوردایەتیی هەڵبەستی شێوەزاری گۆران کە زادەی ژینگە و هەست و سۆزی کوردەوارییە بەکۆت و پێوەندی پاشبەند و کێشی عەرووز نەکراوەتە کۆیلەی چاو لێکەری شێوازی ئەدەبیی فارسی... باوەش گرتنیەتی بەگەلێک بابەتی کۆمەڵایەتیدا کە تا ڕادەیەک زۆر هەڵبەستی سەدەی نۆزدەمینی ڕێچکەی بابان لێی بێ بەش و دوورە دەستە. یەکێک لەو نموونە بایەخدارانە هەڵبەستێکە ڕەنجووری بەبۆنەی کارەساتی تاعوونی شاری کەرکووک دایناوە، شێوەنە بۆ شاری کەرکووکی دڵخوازی شاعیر کەوا دوای باسکردنی غەزەب و مەزنی و توانای خوا کە ئەم جارە (تەجەللای قەهری بەسەر کەرکووکدا نواند)و ئەم کارەساتە تووشی ئەو شارە بوو کە:

ئیران تا توران، شام تا وە شیراز
هیچ شەهرێ نەبی بەی تەرزە دڵواز
پەنا پەی فەقیر، جایی بێ چاران بی
نیعمەتش پەی خەلق وێنەی باران بی
پڕ ناز و نیعمەت زەوقش تەمام بی
شیرینی شاران جە ئەو سەرسام بی



ئەم شارە خۆشە دڵگیرە ئاگری پەتای (تاعوونی) تێ بەربوو خەڵک لە ترسی مردن شڵەژان و گەلێکیان شاریان چۆڵ کرد و وەکو خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە بوو بەڕۆژی حەشر:

ئایرێ بەی تەور نە قوودرەت گریا
چەند ناز و ناخوون گشت جەهەم بڕیا
چەند یانە دەربەست، چەند ماڵ خەراب بی
چەند دەروون داخ داخ... چەند دڵ کەباب بی
ڕاگەی ئامشۆی فەرد و قەوم کەم بی
دەردینان سەر کەیل سیلاب غەم بی
بەڕەنگی ڕشتی ڕەنگی پەی فیرار
باوە جە فەرزەند نەبی خەبەردار
هیچ باس کردەی حەق غەوانان
مەرگ حەق پەی خەلق وە عار مزانان...

سەرباری ترسی مردن و ماڵ وێرانیی خەڵک شاعیر حاڵی پەشێوی کچە نازدارانی شاری زیاتر بەرجەستە کردووە کە وێڵ بوون بەهەرد و چۆڵدا و لە ناو بەرد و خاشاک و دڕکدا نیشتەجێ بوون و لەشی ناسکی ژێر سێبەری جارانیان کەوتووتە بەر قرچەی گەرمای ڕۆژ لە سبەینەوە تا ئێواران:

گڕە و گەرمیی باد، لوولەی گێجە لوول
شانا جەهەم کۆگای زولف لوول
نازک ئەندامان سەهەند پەروەردە
نەزاکەت داران خودا خاس کەردە
وێڵ بین نەپای هەرد چۆڵ وە یۆرت کەردن
پەنا وەسای سەنگ پای جەبەڵ بەردن
جە سوب تا ئێوار خۆر مدۆ لێشان
منیش خەمناک وێنەی دڵڕێشان

پاشان ڕوودەکاتە خودا و مەلائیکەت و پێغەمبەر و ئیمامان دەکاتە تکا تکاو بەڵکو:

ڕەحمێ کەر وەحاڵ خەڵق ئەم شەهرە
با هەم جە لوطفت بوینان بەهرە
مەخلووقات جەی دام ظوڵمەت ئازاد کەر
با جەتی ئەی شەش شەشدەر گوشاد کەر
با ڕان فەضلت باوەر وە هوجووم
بماڵۆ خاشاک ئەی هائیلەی شووم

مێژووی ئەم کارەساتی تاعوونەشی نووسیوە، دەستنیشانی ئەوەشی کردووە کە لە هەمان کاتدا سلێمانیش تووش هاتووە و قڕی تێ کەوتووە، سەرەتا دەردەکە لە (ئاخوڕ حوسێن) دەرکەوتووە و ساڵی هەزار و دووسەد و چواردەی کۆچی بووە.

ئەمە و زۆر نموونەی تر بەهەموو ساکارییەکەوە بازنەی ناوەڕۆکیان فراوان کردۆتەوە تا باوەش بەژیاندا بکەن، بێ گومان هونەریش هەر لە ژیان هەڵدەقوڵێ و پێش چاوی خەڵک ڕووناک دەکاتەوە بۆ پێشکەوتن.

سەرنج: بەڕێز و ستایشەوە دەستخۆشی لە ڕەنجی مامۆستای مێژووناس عەبدولرەقیب یوسف و مامۆستای کەلەپوور دۆست محەمەد عەلی قەرەداغی دەکەم.

---

(٥) ڕۆژنامەی (العراق- عەرەبی) ژمارەی ڕۆژی ١٥/ ٩/ ١٩٩١ (وتاری ڕەنجووری)، هی نووسەری ئەم کتێبە.

# شایبیەکەی مەولەوی و چەند سەرنجێکی بەراوردکاری

## پێشەکی

باخ و گولزاری شیعری مەولەوی ئەوەندە کەش و نازدارە شایانە هەرچی شیعردۆستە بەشاگەشکەییەوە بچێتە سەیری، بەڵام ئەوەندەش بەرزە نرخە هەموو کەس ناتوانێ بێتە سەودای گوڵە مرواری و گەوهەرەکانی.

پێوەندیم بەو باخە، بەڵکو بەو دنیایەی شیعری مەولەوییە دەچێتەوە ئەو ساڵەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم دیوانەکەی بەشێوەیەکی نایاب، بەلێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەوە بەچاپ گەیاند. هەر ئەو ساڵە دوو هەڵبەستی ئەوم کرد بەعەرەبی بەناونیشانی (الشتاء والموت) و(رثاء اميرة جافية) و ساڵی ١٩٦٢ لە کتێبی (مختارات من الادب الكردى) یەکیەتیی نووسەرانی عێراق لە بەغدا بڵاوم کردەوە. شایانی وتنە پارچەی یەکەم سەرنجی هەندێ نووسەر و شاعیری عەرەبی ڕاکێشا و پەسندکردن و ئافەرینیان پێ ڕاگەیاندم.

جا لەبەردەم ئەم دنیایەدا نووسەر نازانێ دەست بۆ کام لایەن و کام بابەت و کام شێوازی شیعری مەولەوی ببات و لە چ لایەکەوە بتوانێ قسەی تازە پەسند بکات... لە کاتێکدا لەو میهرەجانە گەورەیەدا کە بۆ مەولەوی لە شاری سلێمانی ڕێک خراوە مامۆستا گەلێکی شێوەی هەورامی زان و مەولەوی ناس باس و لێکۆڵینەوەی قووڵ -لە ڕووی شارەزاییەوە- پێشکەش دەکەن. زۆر سەختە کە لە ڕیزی ئەو باسانەدا کەلێنێک بۆ چەند سەرنجێکی سەرپێیانەی خۆم دەربارەی شیعری مەولەوی



بدۆزمەوە!. بۆ ئەوەیش وتارەکەی من دووبارە کردنەوەی باسەکانی تر نەبێت درێژدادڕی و کاوێژ کردنەوەی پێوە دیار نەبێت. هاتووم تەنیا یەک پارچە هەڵبەستی مەولەویم هەڵبژاردووە کە بۆ شایی ڕەشبەڵەکی کوردەواریی تەرخان کردووە و بەشاکارێکی نەک هەر دیوانی ئەو شاعیرە بەڵکو دیوانی شیعری کوردی دەزانم. ئەویش ئەو هەڵبەستەیە کە بە(نامەی نەفتەنیت یەک ڕۆ باد ئاوەرد) دەست پێ دەکات، هەوڵم داوە لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و بەراوردەوە گەوهەرە هونەرییەکانی دەستنیشان بکەم.

دەربارەی ئەم شاکارە هونەرییە أ. ب. هەوری لە کتێبی (مەولەوی شای شاعیرانی لاهوت و.../ سلێمانی- ١٩٧٣)دا سەرسوڕماوانە لە بەرامبەریدا دەوەستێ و دەیەوێ شەرحی لێ بدات، بەڵام دوای چەند دێڕێک دێتە سەر ئەو ڕایە کە بلێ: "ئێتر وا ئەزانم پێنووسی وەصف لێرەدا ئەوەستێت".

هەروەها دەڵێ: "مەولەوی کە پیاوێکی گەورە و ناوداری ئایینی بووە، لەو ڕۆژەدا ئەبوو بەلای ئەم جۆرە باس و ڕەنگە هۆنراوانەدا هەر نەچوایە، کەچی وای بۆ چووە تۆ وا ئەزانیت کە هەرزەکارێکی هەمیشە سەرچۆپی کێشی شایی ڕەشبەڵەک بووە."... ئینجا: لای وایە کە "لە کاتی ئەم شایی و هەڵپەڕکێیەدا ئەو خۆی لەوێ نەبووە بەڵکو هاوڕێیەکی کە وادیارە خاڵۆی کۆماسی بووە بۆی نووسیوە و ئەم لە وەڵامدا بەدوور و درێژی بەچامەیەکی نایاب وەسفی هەڵپەڕکێکەی بۆ ئەو نووسیوەتەوە."

بەڵێ دوورنییە مەولەوی نەچووبێتە ناو شاییەکە[١] و نەک هەر بەشداریی تێدا نەکردبێت بەڵکو سەیریشی نەکردبێت، بەڵام مەولەوییەکی ڕۆڵەی عەشایەر و فەقێی وڵاتان گەڕاو و شاعیری پڕ لە هەست و سۆز

١- مەولەوی: شای شاعیرانی لاهوت و زانایی و خۆشەویستی کورد لە چەرخی نۆزدەهەمدا. ا. ب. هەوری سلێمانی، چاپخانەی کاکەی فەللاح، ١٩٧٣.

دیمەنی شایی کوردەواری لە ئەلبوومی یاداوەریدا بەزیندوویی هەڵگیراوە.

ئەم هەڵبەستە بریتییە لە تەختە نیگارێک کە سەربەخۆ وێنەی شایی تێدا پێشان دراوە، نەک لا بەلا و بەتیۆرەیخی هەندێ قەسیدە، بۆیە یەکیەتیی بابەت بەتەواوی پارێزراوە و مەولەوی و زۆر لە شاعیرانی تری شێوەزاری گۆران دەستی هونەریی بڵندیان لە تەرخان کردنی یەک قەسیدەی سەربەخۆ بۆ یەک بابەت -بەتایبەتی بابەتی سروشت و کۆمەڵایەتی و دەروون- مایەی خۆشبەختی و شانازییە.

بەپێچەوانەی شاعیرانی شێوەزاری سۆران کە لە دابونەریتی کوردەواریی شیعر گوێزایانەوە مەنزڵی شێوازی فارسیی دامەزراو لەسەر بنەڕەتی عەرووزی عەرەبی و یەک پاشبەندی (قافیە). وە چوارچێوە و ناوەڕۆکی بیر و هەستی شیعرییان تەسک کردەوە و خستیانە سەر شێوەی حافظ و کلیم و هی دی.

دەبینین زۆر کەم نەبێ ئاوڕ لە بابەتی کۆمەڵایەتی و کوردەواری و سروشتی کوردستان نادەنەوە... زۆر کەم نەبێ یەکیەتیی بابەتیان لە شیعردا پەیڕەوی نەکردووە و نەهاتوون یەک قەسیدە بۆ یەک بابەت تەرخان بکەن. ئەوان خەریکی پاشبەند ڕیزکردن بوون، هەوڵیان داوە دیوانەکانیان لەسەر هەموو جۆرە پیتێکی پاشبەند دابڕێژن... هەر بۆیە ناوەڕۆکی بابەتەکانیان کەم مەودا و یەک جۆر و دووبارەکردنەوە و بۆتەڕێژی وشەی قەبە و بیانی و پابەندی ئەو ڕێچکانەن کە لە عەرەبییەوە خواسترابوونەوە و ناویان نابوون ڕوون و ڕەوانبێژی.

بەڵام شاعیرانی وەکو بێسارانی، خانا، کۆماسی، میرزا شەفیع، ڕەنجووری گەلێ تەختە نیگاری هونەر کردی شیعرییان نەخشاندووە. بەنموونە ڕەنجووریی شاعیری کەرکووک (١٧٤٤- ١٨٠٤ ز) ئەویش مەلا و شێخی تەریقەت بووە دیمەنی سەیران و زیارەتی ژنانی بۆ گۆڕی ئیمامی شێخ (سەرواڵە) نەخشاندووە، ورد ورد پێشانمان دەدات چۆن کچان و ژنان



بۆ ئەو گەشتە خۆیان ڕازاندۆتەوە و لە حەوزەکەی لای زیارەتگای ئیمام مەلەوانییان کردووە... ئەویش دیمەنێکی کوردەواریی پڕ لە جوانی و زەرافەتە.[٢]

وەسفی شایی و ڕەشبەڵەک، ئەو نەریتە باوە کۆمەڵایەتییەی کە خەڵکی هیچ ئاوایی و شارێک نییەساڵی چەند جارێک پێی هەڵنەستن، لە شیعری شێوە زاری سۆرانیدا نەکراوە و زۆر کەم نەبێت ئاماژەشی بۆ نەکراوە. ئەوەتا شاعیرانی سەدەی نۆزدەمین هەر لە نالییەوە بیگرە تا وەفایی و حاجی و ئەدەب و ئەوانی دی... جگە لە مەولەوی کەسێکی تر نەکەوتووەتە سەر نەخشاندنی ئەو وێنە کوردەوارییە. تا گەیشتە سەدەی بیستەم کەوا لە نیوەی یەکەمیدا مامۆستا عەبدوڵڵا گۆران لە چوارچێوەی شاکاری (گەشتی قەرەداغ)دا وێنەیەکی مەولەوی ئاسای بۆ شایی تەرخان کردووە.

## شاییەکەی تاهیر فوئاد:

لە هەڵبەستی شێوەی عەرووزیدا -بەپێی دەستڕۆیی ئاگاداری خۆم- وەسفێکی سەربەخۆی شایی ڕەشبەڵەک لە نموونەیەک زیاترم بەرچاو نەکەوتووە، کەوا شێخ تاهیر فوئادی کەرکووکی (١٣١٠ ک- ١٩٢٧ ز) وەسفێکی شایی گوندی شەحەلی دەشتی هەولێر دەکات کە لە ساڵی ١٩٢٢دا گەڕاوە.[٣]

شاعیر هونەرمەندانە لەگەڵێ دێڕدا دەست ڕەنگینی دەنوێنێ و دیمەنی شاییکەران بەپیاو و ژنەوە و دیمەنی ژنان بەخشڵ و جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە و وێنەی دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەنەخشێنێ. هەروەها

---

٢- دیوانی ڕەنجووری، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی. بەغدا/ چاپخانەی ئافاق عەربیە/ ١٩٩٣ ل ١٧٧.

٣- دیوانی تاهیر فوئاد: چاپخانەی کوردستان، هەولێر/ ١٩٧٠.

هەستی خۆی و باری دەروونی و دڵداریی خۆیشی وەکو تەجرەبەیەکی ئاگا کردوو پێشان دەدات. شاعیر سەرەتا ئەوە پێشان دەدا کە کاروباری زەمانە بووەتە مایەی دەردی سەر و تیغی غەم جەرگی بڕیوە و خەمبارانە سەیری دنیا دەکات... بەڵام کە دێتە ناو شاییەکە لە دێڕی سێیەمدا دەڵێ:

ئەی خەیاڵی هیچ و پووچ ئاخر دەمێ لێم دوورکەوە
تۆش بەرۆکم بەردە ئیتر ئەی غەمەی دڵ کونکەرە!

چونکە دنیا بووە بەهەشت... وا ڕەشبەڵەکە و حوور و غیلمان ڕێزیان بەستووە:

هەڵپەڕینە و ڕەشبەڵەک، تێکەڵ بەیەک بوون پیاو و ژن
عالەمی ئازادی ئیحیا کردەوە ئەم مەنزەرە
صاحبانی ئەمر و نەهیین ئەمڕۆ (زوڕنا) و (دەهۆڵ)
ئەم دەڵێ: ئەی غەم نەیەی ها! ئەو دەڵێ: شادی وەرە!
زەرفی بەزمێکە کوڕ و کچ دەس لە ناو دەستی یەکا
ئەم بەصیفەت هەر دەڵێی لاولاوە ئەو وەک عەرعەرە
(هذه جنات) ئەگەر بێرە بووترێ لائیقە
هەر کوڕە ئەم شان و ئەوشانی کچی تازە و تەڕە

ئەمجا دێتە سەر وەسفی کچان کەوا (دانەی ئارەقیان وەکو مرواری و گوڵاوە) و خشڵەکانیان: هاڕەی لوولە، خڕەی خرخاڵ، زڕەی کەمبەرە (هۆش لە کەللە و دڵ لە سینە و دین لە دڵ دێنێتە رەقص)، جلوبەرگیان:

خامەک و خارا وو ئەتڵەس، مەخمەر و تاقە و قەنەوز
هەروەکو تاووس لەبەریانا ئەڵێی باڵ و پەڕە

لەگەڵ ئەو هەموو شادی و جوانییەدا شاعیر لەو دیمەنەدا جگە لە خەم و خەیاڵی دڵە پڕ لە سۆزەکەی، خۆشەویستییەکەی خۆیشی بیر نەکردووە. لە دێڕی حەڤدەمیندا دەڵێ:



گەرچی بێ میسلن هەموو ئەمما وەکو یارم (فوئاد)
کێ وەها چاو مامزە، ئیمان دزە و غارەتکەرە

**میهرەجانی دەنگ و ڕەنگ لای مەولەوی:**

گوتمان دیمەنی شاییی ڕەشبەڵەکی کوردەواری لە ئەلبوومی بیرەوەری مەولەویدا بەزیندوویی هەڵگیراوە. بەڵام نەک هەر دیمەنێک کە وەکو تابلۆیەکی ڕەنگین بەدیوارەوە هەڵبواسرێ، بەڵکو وەکو شریتێکی ڤیدیۆ. چونکە لەو هەڵبەستە -تابلۆیەدا هەر (ڕەنگ)ی هەمەجۆر دەور ناگێڕێ، بەڵکو (دەنگ) دەوری سەرەکی دەگێڕێ و هەڵبەستەکە یەک باندی مۆسیقایە و پڕە لە هەرا و هاواری شادی و شاباش و قیژەی مەستی و تریقەی پێکەنین و هەستی شایی گێڕان و مۆسیقای ئامرازانی ژێداری خشڵ و جلوبەرگ، هەریەکەی لە لایەکەوە و بەجۆرێک ئۆرکسترا پێک دەهێنن.

دەنگەکانی شایی گێڕان (سەدای لاو هەی لاو شەقە و تەقەی گەرم، چەپڵە و چیلە و چریکە و تریکە و دەنگی هەی شاباش.) دەنگەکانی ئامرازەکانیش ئەوە هەر مەپرسە هەر تەلە و ئاواز و ترپەیەکی هەیە:

(زڕەی زەڕ زنجیر، زیلەی گوارە، زرنگەی زەنگوڵەی زێڕ، شاخە و شریخەی خشڵی نیمە ڕەنگ، فڕەی فۆتە، خشە و خشپە خاس، ترپەی پەنجە کەوش، دەنگی چەپڵە...)

لە ناو ئەو جەژنی دەنگ و هەرایەدا چپەی نازداران و ورشە و پرشەی دەنکە ئارەقە- کە وەکو لە گۆرانیی فۆلکلۆردا گوتراوە: (ئارەقی سینگ و مەمکی- دێتە خوار زەنگوڵ زەنگوڵ) هەروەها بەرق و بریقەی کڵاو زەڕ (ئەی بۆچی گوتوویە بەرق؟ ئەی بروسکەی ئاسمانیش دەنگی بەدوادا نایە؟). تەنانەت خەمی ناو دەروونیشی هەر تەم و دووکەڵ نییە ئەویش بەدەنگ و سەدایە. ئەوەتا دەڵێ (قرچەی چۆقەی دڵ.).

ئەگەر سەرنج بدەینە بنیاتی پەیکەری هەڵبەستەکەی مەولەوی لەلایەنی وشە دارێژی و نەوای پیتگەلی ئەم وشانەوە ئەوا وشەکان مۆسیقایان لێ دەبارێ. هەڵبژاردنی وشەی هاوتا لە کێشانەو سەنگدا و وشەی هاوپاشبەند و وشەی کورت و نەرمونیان و ڕوون و ڕووناک دێرە هەڵبەستە دە برگەیی خۆماڵییەکە پرشنگدار دەکەن و مۆسیقاکەی زیاتر دەرازێنێتەوە... ئەوەتا لە نیوە دێڕێکدا ئەم وشە هاوکێش و هاوپاشبەندانەی کۆکردۆتەوە:

شەوق و زەرق و بەرق فەرق زەڕکلاو

یان لەم دێڕەدا:

سەما، ڕەما، نەما، نما لەگەڵ دەسمالان، نەوهالان مەلالان، وەش حالان:

سەمای دەسمالان، ڕەمای نەوهالان
نەمای مەلالان، نمای وەش حالان

یان (ئالای کالای، بالای):

وە لیمۆی ئالای، کالای، بالای شەنگ

هەروەها: تەقەی گەرم، چیلەی نەرم، تریکەی وەشەرم... یان: خەمیا، چەمیا... یاران یاوەران، دەردەداران و سەنگ باران!

هەرچی دەنگی پیتەکانیشن ئەوا بەرو دوا هاتنی پیتی چرپە بەخش و دەنگە ورشەدارەکان زیاتر دڵنیایی و هەستی شادی دەگەیەنن. دەبینین لە چوارده دێڕە هەڵبەستدا پیتی (ش) بیست و سێ جار، پیتی (چ) شازدە جار، پیتی (خ) سێزدە جار دووبارە کراوەتەوە کە شیعرەکەیان کردووە بەناسکترین شێوەی وتووێژی چپە دووی ژوانی دڵداران. بڕوانە دووبارە بوونەوەی پیتی (ش. خ. چ) لەم دێڕەدا:

شاخەی شریخەی خشڵی نیمە ڕەنگ
خشە و خشپە خاس، ترپەی پەنجەی کەوش
عیشوە و نەزاکەت، گریشمەی بێ خەوش



دووبارە بوونەوەی پیتی (ز) لە چوار وشە لە کۆمەڵی پێنج وشەی ئەم نیوە دێڕەدا:

زیلەی گوارە و زرنگەی زەنگڵەی زەڕ

هەر وەکو دووبارە بوونەوەی پیتی (چ،خ) لەم دێڕەدا:

جفەی گەردن کەچ، مەرگ من چیش واچ
خاین وە خەفەت، نەزان جگەر پاچ

**شاییەکەی سەیۆسینان:**

هەڵبەستەکەی مەولەوی زیاتر هەڵبەستی (دەنگ)ە، چونکە دڵ پڕ لە کوڵی خۆشەویستیی سۆفییانەیە کە ئەوەندە ناسکە بە لەرەی ئاواز و ترپەی مۆسیقا دەکەوێتە خرۆشان. حاڵی شاعیر وەکو حاڵی شێخە گەورەکانی (تەسەووفە) بەرامبەر بە"سەماع" کە زاراوەی سەماعیش لای سۆفییەکان دەنگ و سەدای قورئان و کەبار و مۆسیقا و گۆرانی و شیعر خوێندنەوەیە کە سەماشی لەگەڵدا بووە. جا وەکو لە هەندێ کتێبی تایبەت بەژینی ئەو شێخانەدا دەخوێنینەوە تێ دەگەین کە شەیدای (سەماع) بوون و هەندێ جاریش جڵەوی هۆشیاری و ئاگاییان بەهۆیەوە لە دەست داوە و کەوتوونەتە حاڵەتی جەزب و بوورانەوە و پەریشانی.

مەولەویش کە هاتووەتە سەر هۆنینەوەی شیعرەکەی گوێ و هەستی پڕ بووە لە دەنگ و سەدای مۆسیقای سروشتی جوان پەرستی، ئیتر تەونی شیعرەکەی بووەتە پارچەیەک دەنگ و لەرەی ئامرازی مۆسیقای جووڵەی خشڵ و لەشولار و جلوبەرگ و هات و هاواری شاییکەران.

جا لە کاتێکدا ڕەنگە مەولەوی شاییەکەی نەدیبێ و هەر بەخەیاڵ لە نامەیەکدا وەسفی بکات، مامۆستا گۆران لە پارچەیەک لە هەڵبەستی گەشتی قەرەداغدا باسی شاییەک دەکا لە کاتی بووک گواستنەوەی گوندی سەیۆسینان کە خۆی دیویەتی و بەشێوەیەکی هونەری دیمەنی

زەماوەندەکە دەخاتە چوارچێوەی نیگارێکی پڕ لە تەزووی لاوی و جوانی پەرستییەوە.(٤)

لای گۆران سروشتیش بەشداریی دڵشادیی خەڵک و جوانیی دەوروبەر و شاییەکە دەکات و تەختە نیگارەکەی پێ ڕەنگاوڕەنگ دەکات:

پەلکە ڕەنگینەی ئێوارەی بەهار
لە عەزرەت تارای سوور کەوتۆتە خوار
ئێستا سەرگەرمی ئیلتیفاتی بووک
جرم و جووڵیەتی و هەڵئەپەڕێ سووک

سەرباری هەموو شتێکیش با ئەویش وەکو مەولەوی دیمەنی جوانی و خۆشیی شایی کە سەرنجی ڕاکێشا بێت بەڵام ورد ورد چاوی کامێرا لە هونەری سەماکە دەباتە پێشەوە و ورد ورد جووڵە و نەزمی شاییەکە و هەڵسوکەوتی شاییکەران و سەرچۆپی کێش و شمشاڵ ژەن و گۆرانیبێژ پێشان دەدا:

سەرچۆپی کێشی قۆزی چۆپی زان
پاش هەڵسانەوە و نووکی پێ بادان
لە ژوور سەریەوە دەست و خەنجەری
چەشنی چەخماخەی ئاسمان ئەلەری
شمشاڵ ژەن ئەینا بۆ هەچ لایەک ڕوو
ئەو لایە کەللەی زۆرتر گەرم ئەبوو
هەرچۆک دادان بوو، هەڵسانەوە و هەی
سۆزی هاواری ناگا وەی وەی وەی

باسی گۆرانیبێژ یان شمشاڵ ژەن لە هەڵبەستەکەی مەولەویدا نییە،

٤- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم ، محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغدا، ١٩٨٠ ل ١٤٨- ١٥٢- ١٥٤.



گۆران لە پێشاندانی ڕۆڵیان لە ئاهەنگی شاییدا هونەری نواندووە و وەکو چۆن دیویەتی ڕاستییەکەشی وا پیشانداوە کە گۆرانیبێژ لە شایی ژنان و شمشاڵ ژەن لە شایی پیاواندا بەشداری کردووە:

گۆرانی بێژ بێ و بچۆ خۆت بادە
کێ ئەوەندەی تۆ دەروونی شادە
وەک هەنگ بگەڕێ و گۆرانی بڵێ
لادە جار جارێ بۆ بەرپێی گوڵێ

بەهۆی هەڵقولاندنی تەلەسمی جوانی و لەباریی زمانەوە هەوڵ دەدا بۆ گوزارشت لە هونەری سەمای ژنان وشەکان بخاتە سەماوە و بەبچووک کردنەوەی ئازیزانەی (لەرزانە بە(لەرزۆکە) و گوتنی (بەرزۆکە) لە جیاتی (بەرز بکەرەوە) پاشبەندێکی شایانی کەس ڕێ بۆ نەچووی لێ وەدەست بێنێ:

گوڵ بەئاهەنگی "ئامان لەرزۆکە"
پێیە دابنێ و پێیە بەرزۆکە

هەروەها کە دەڵێ: شانی بۆ شل کە و خۆت هەڵسێنەوە- سوخمەی سەر مەمک بلەرێنەوە! لە بەرامبەر ئەمەدا مەولەوی با وێنەی جووڵەی سەماسازیی شاییکەرانی نە نەخشاندبێ، بەڵام وێنەیەکی جوانی ڕەشبەڵەکی لە ڕێگەی چەند هێما و ئاماژەیەک بۆ هەندێک هەڵسوکەوتی باوی شاییکەرانی کوردەواری پێشان داوە، ئەمانەش وەکو:

چپەی کچان:

چفەی گەردن کەچ مەرگ من چیش واچ؟

هەروەها چاوبازی یان ئیشارەت و پەنجە گوشین:

لارەی قەتارەی لاو شەدە لاران
ئیشارەی کەم کەم، پەنجە وشاران

هەروەها شەرم و سەردانەواندنی کچان و دەنگی شاباش شاباشی نەوجەوانان:

خەمیا و چەمیای ناز نیمچە کناچان
دەنگ هەی شاباش نەوجوان واچان

جگە لە سەمای دەسمالآن و ڕاکردن و هاتوچۆی نەونەمامانی پڕ لە بزووتنەوە. جا سەرەڕای لێشاوی لافاو کردی دەنگ بەسەر شیعرەکەی مەولەویدا لە چوارچێوەی وێنە بالآکەیدا زۆر سروشت و کردەوەی باوو چۆنیەتیی هەلسووڕانی کار لە ناو شاییدا ڕەسەنی و دروشمی کوردەواریی شیعرەکە دیار دەکەن. هەر وەکو وێنەیەکی (ژن) و دەوری سروشتیی خۆی لە ژیان و لەم بۆنە هاتنەدا دەگرن.

مەزراندنی خشڵ لای گۆران تەنیا بۆ شاخە و لەرزە و دەنگ و بریق و باقی زیو و زێڕەکە نییە لای شاییکەران بەگشتی، بەڵکو ئەو ڕووی ڕووناکیی پرۆجێکتەری سینەماکە بۆ گرتنی دیمەنێکی نایاب دەکاتە تاقە گوڵێک لە گوڵەکانی شایی و دەیخاتە ناو بازنەی ڕووناکی، خەریکی پیشاندانی جووڵەی پێ و لارگرتنی سەری و بزواندنی شان و سنگیەتی کە تاکە لە نێوان ئەو بازنەیەیدا حاڵ و هەواڵی (کڵاو زەڕ، پشتە سەر، نقێم و هەیاسە) بەشێوەیەکی هونەرمەندانە پێ ڕابگەیەنێ. هەریەک لەو خشڵانەش کارێکیان پێ دەسپێرێ، بریقەدان، جریوە، ماچ کردن و -واتا نەک هەر دەنگ- وێنەی شاعیرانەیان پێ دروست دەکا:

بەناز لاربگرە سەری بێ پۆشین
با بریقەی بێ کڵاو زەڕ چین چین
پێچکەی پشتەسەر لەسەر زوڵفی ڕەش
با بجریوێنێ وەک ئەستێرەی گەش
با پێچکەی نقێم گورج گورج بەتاسە
لێو بنێتە سەر کوڵمی هەیاسە



ئەم وێنانە پەلوپۆی دیمەنە گشتییەکەن کە زیاتر شان بەسەر بینین و ڕەنگ و هێڵی نەخشاندندا دەدەن، لای ئەو (نەزەر) ڕەوایە و حەرام نییە!! بەڵکو هاتووە چاو بازی بکات هەستی ناوەوەی ئەو وێنەگرە پڕە لە جوانی ڕەنگ... ئەو لە گەڕی شاییدا چاوەڕوانە لەو گوڵەی خستییە ناو بازنەی ڕووناکییەوە، چاوی شەرمی کل ڕێژ هەڵبڕێ، نیگایەکی تیژ تێپەڕ بکاتە ناو چاوی و هەست بەفرمێسکی قەتیسی بکات... هەروەها سەرنجی گەرمی لێ نەبڕێت تاکو بەردەرگای گەڕی هەڵپەڕکێ بگرێ و بەرامبەری بگەڕێت و لەو چاوە ڕەشانە تێر نەبێت:

چاوەڕێم چەرخەی نیگای تیژ تێپەڕ
لە چاوما بکات هەستی ئەشکی تەڕ
بەشکو لە عاستم زەبری دڵنەرمی
ئیتر نەبڕێ لێت سەرنج بەگەرمی
منیش بەردەرگای حەلقەی هەڵپەڕکێ
بگرم، بگەڕێم بەرامبەر بەکێ؟
بەرامبەر بەتۆو دوو چاوی ڕەش ڕەش
کە ناز ئەفرۆشن بەکەچ نیگای گەش!

کەوابێ شاعیری عیشق و جوانی دڵەکەی خۆی لە بیر نەکردووە، هەر وەکو لە چەند هەڵبەستێکی تردا کە شەیدایی و تامەزرۆیی خۆی بۆ جوانانی سەرەڕێ و ڕێکەوت و شەوێک لە دێیەکدا (بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم.) دەردەخات، ئاوەهاش لە کۆتایی ئەم هەڵبەستەدا (جۆشی سەر) و دڵتەنگی و خەمی جودا بوونەوە لە چاو ڕەشەکە دەخاتە ڕوو کە وا دەبێ سبەینێ ڕێگەی گەڕانەوە بۆ شار بگرێتە بەر:

سبەینێ کە ڕۆژ هەڵهات لە ئاسۆ
ئەدا لە پرچی (خاوەن چاو) بێ تۆ

ئیتر تا ماوی ڕابوورد، سەیۆسینان
پێشانی تۆ بات هەڵپەڕکێی چاوجوان

هەر بەم جۆرەش مەولەوی لە کۆتایی هەڵبەستەکەیدا دەکەوێتە سکاڵای حاڵی خۆی. ئەویش خاوەن دڵە و شاعیری خۆشەویستییە و حەز دەکا لە هەر ئاهەنگێکدا جێی ئەو خاڵی نەبێت... وا جۆش و خرۆشی لاوانی شاییکەر و گەرمی خوێنی ژیان بزوێنیان، هیوای گەورەی ڕەنگاوڕەنگیان، ئاواتی دوا ڕۆژیان... هەمووی لەو ئاهەنگەدا پرشنگ دەهاوێ و کون و قوژبنی دڵیان ڕووناک دەکاتەوە، بەڵام ئەوێک کە ڕەنگە لەبەر تەمەن بێت یان لەبەر پایەی ئایین پەروەریی بێت. ناتوانێ بەشدارییان بکات -تاهیر فوئادیش دەردی دڵ و خەمی خۆی لەم بۆنە خۆشەدا پیشان داوە- ئیتر مەولەوی دەبێژێ هەق وایە دوور خرێتەوە و بەردە باران بکرێت!!

بۆیە دەمی هاواری پڕ سکاڵا و پاڕانەوە دەکاتە یاران و هاودەردان:

یاران یاوەران هەی دەردە داران
بەیدێ بکەردی من سەنگ باران
جە نەحسیی تاڵە و جە بەد ئیقبالیم
هەر کۆ فورسەتەن من یاگە خاڵیم
خاڵۆگیان ئامان پەی نەونەمامان
گیان وە مووبەت پەی (مەعدوم) ئامان



**پوختەی قسە:**

پوختەی قسە دەربارەی شیعرە بەناوبانگەکەی مەولەوی ئەوەیە کە تەختە نیگارێکی پڕ لە دەنگ و هەرا و بزووتنەوەیە، وشە و ڕستەکانی مۆسیقا دەردەبڕن، بەهۆی ئەوەوە کە لە شاییەکدا بەشداری نەکردووە چاوی کامێرای لە ورد وردی هەڵسوکەوتی شایی و سەمای شاییکەران نزیک نەکردووەتەوە، بەڵام وەسفێکی گشتی وای کردووە کە گوێگر وا دەزانێ خۆی لەوێ بووە و یادگاری سەردەمی لاوی خۆی دەگێڕێتەوە دواوە. لە کاتی نووسیندا گوتی و هەستی پڕ بووە لە دەنگ و سەدای مۆسیقای شایی و بەو پەڕی توانا وێنەکەی نەخشاندووە، بەڵام لە نەخشاندندا ئەوەندە پشتی بەهێڵ و ڕەنگ نەبەستووە.

مەولەوی لەم شیعرەدا هەر بابەتییانە دەست لە وەسف هەڵناگرێ بەڵکو ئاوڕیش لە دەروون و زاتی خۆی دەداتەوە، خەمی خۆی سکاڵای خۆی بەم بۆنەیەوە دەخاتەڕوو. هەروەها جوانیی ژن و دیمەنی ئاڵو والای خشڵ و جلوبەرگ و ناز و حوزووری ژن لە چوارچێوەی سروشتی کۆمەڵاتیدا لە ئاهەنگەکە بەرز دەخاتە بەرچاو.

شیعرەکەی مەولەوی سەرەڕای چوارچێوەی ساکاری و هەڵقوڵیویی سروشتییانەی وشە و ڕستەکانی ئەگەر لەگەڵ هەڵبەستی تر بەراورد بکرێت دەبینین وەکو نموونەیەکی سەدەیەکی لەمەوپێش گەوهەری خۆی بەنرخ بەرزی هەڵگرتووە و شاکارێکی دیوانی هەڵبەستی کوردییە.

ئەمەش دەقی هەڵبەستەکەیە:

نامەی نەفتەنیت یەک ڕۆ باد ئاوەرد
کڵپەی بڵێسە و کوورەم زیاد کەرد

---

٥- لەبەر ئەوەی درەنگ هەواڵی (میهرەجانی مەولەوی)م زانی، وتارەکەم پێی ڕانەگەیشت و شەرەفی بەشداریی لە کۆڕەکەدا بەرنەکەوت.

دەڵاڵەت جۆشۆ چون ڕۆی ئازادی
گەرمەی گەرم نەزم بەزم پڕ شادی
سەدای لاو هەی لاو زرەی زەڕ زنجیر
سڵسڵە و بانی سەر، بەندەرزی و لاگیر
زیلەی گوارە و زرنگەی زەنگڵەی زەڕ
لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ
شەوق و زەرق و بەرق فەرق زەڕ کڵاو
ورشەو پرشەی خۆی کوڵم بۆ گوڵاو
شەقە و تەقەی گەرم چەپڵە و چیلەی نەرم
چریکەی وەناز، تریکەی وەشەرم
سەمای دەسماڵان، ڕەمای نەوهاڵان
نەمای مەڵاڵان، نمای وەش حاڵان
چفەی گەردن کەچ: مەرگ من چیش واچ؟
خاین وە خەفەت، نەزان جگە پاچ
لارەی قەتارەی لاو شەدەلاران
ئیشارەی کەم کەم پەنجە ووشاران
شاخەی شریخەی خشڵ نیمە ڕەنگ
فڕەی فۆتەی شۆڕ پاژنۆی گوڵنک جەنگ
خشە و خشپە خاس تڕپەی پەنجەی کەوش
عیشوە و نەزاکەت گریشمەی بێ خەوش
وەلیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ
قرچە و چۆقەی جەرگ دڵ وە خەمان تەنگ
خەمیا و چەمیای ناز نیمچە کناچان
دەنگ هەی شاباش نەوجەوان واچان



شاباشی شادی شەیدای شاباشان
خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاشخاشان
یاران، یاوەران. هەی دەردە داران
بەیدێ بکەردی من سەنگ باران
جا نەحسیی تاڵە و جە بەد ئیقبالیم
هەر کۆ فرسەتەن من یا گە خاڵیم
خاڵۆ گیان ئامان پەی نەو نەمامان
گیان وە مووبەت پەی مەعدووم ئامان

# وێنەی هونەری لە هەڵبەستی حاجی قادری کۆییدا

بەڵگەی شاعیرییەتێکی ڕەسەن و بەهێزی (حاجی قادری کۆیی) ڕەوتی تایبەتی شیعرەکانیەتی. جا شیکردنەوە و دەرخستنی ئەو ڕەوتە تایبەتییە بۆی هەیە ئەو تێڕوانینە پووچ بکاتەوە کە گوایا غەزەلەکانی حاجی نرخێکی ئەدەبیی ئەوتۆیان نییە کە شایانی باس بێت... تەنانەت شاعیرییەتی حاجی ئەگەر گیانی کوردایەتی و ناو و ناوبانگی نەتەوە پەروەریی شاعیر نەبوایە شتێکی وا بەمایە نەدەبوو!!

ڕەوتی تایبەتیی حاجی لە شیعردا دەنگدانەوەی هەست و گودازی ناخ و قووڵایی کەسێتیی حاجییە کە بەڕۆشنبیری و دنیا دیدەی حاجی ڕەنگ کراوە و بار و هەلومەرجی ژیانی سەردەم تانوپۆیان تەنیوە. ئەگەرچی هەڵبەستی حاجی دوو قۆناغی گەورەی تێدا بەدیی دەکرێت و خەتێکی تەواو سنووری نێوان ئەو شیعرانەیە کە بەر لە چوونە ئەستەمبول دایناون و ئەو شیعرانە کە لەوێ داینانون، لە نێوان ئەم دوو قۆناغەدا شیعری حاجی گۆڕانێکی زۆری بەخۆیەوە دیوە چ لەلایەن چەشن و چ لەلایەن چەندییەوە. بەڵام لە هەردوو قۆناغەکەدا ڕەوتی تایبەتی کەم و زۆر هەر ئاشکرایە، بۆیە زۆر سەختە پارچە شیعرێکی حاجی بکەوێتە ناو شیعری شاعیرانی ترەوە و نەناسرێتەوە. بەڵێ بەکەمێ وردبوونەوە لە دروشم و کێش و ئاهەنگ و وشە و داڕشتن و سەروبەری تەونی شیعرەکە، شیعرەکە خۆی هاوار دەکات کە هی حاجییە و مافی کەسی تری بەسەرەوە نییە... ئەم جیا کردنەوە و دروشم ئاشکرایییە پێی دەڵێن (ڕەوتی تایبەتی شیعر)، ئەمەش وەکو گوتمان بەڵگەی شاعیرییەت و مایەی شانازییە بۆ شاعیر لە کات و ساتێکی پڕ لە خورپە و ئارام و هەستداریدا.



جا با بێین، بەپێی توانا، ئەم بۆچوونە شی بکەینەوە. کە بەڕای من سەرلەوحەی ئەم وتارە و هێڵی درشتی بابەتەکە «گیانێکی بزێو و پڕ لە جموجووڵی شاعیرانەیە کە لە وێنە شیعرییەکان و لە کێش و مۆسیقا و لە بابەت و باسەکاندا دیارە».

لەم ڕووەوە بەراوردێکی سەرپێیی بزووتنەوە و زەمزەمە و جووڵانەوەی لە شیعری حاجی و ماتی و ڕەسم کەشی و نەخش ئامێزی لە شیعری شاعیرانی تردا دەردەکەوێت. لەم وێنە شیعرییانەدا کە سەیری هەموو لێکچوون و ئیستعارەکان دەکەین دەبینین بریتین لە یەک پارچە هات و هاوار و بزاوت جووڵانەوە، لە هەر نیوە دێڕێکدا (کار-فیعل)ێک کە کەرستەی تەواوی بزووتنەوەیە بەکارهێناوە و ئەوەندە باری پشوو درێژی نەخستووەتە ئەستۆی (چاووگ- مصدر)ەوە ئیتر هەر وەسف و لێکچوون و شێوە نەخشەی شاعیرانی جارانە کە بریتییە لە تیری برژانگ و تیغی برۆ و ناوقەدی باریک و زولفی درێژ، هەر لە حاجی دەوەشێتەوە هەمان کەرستە بەکاربهێنێتەوە، بەڵام لە گیانی شاعیرانەی خۆیدا تام و ڕەنگێکی تایبەتی بەسەردا بڕژێنێ و بڵێ:

سەهمی نیگەهی خستمی، هەستامەوە... ڕاکەم
ئەگریجەوو زولفت بەجەفا هاتنە یاری
ترسا لە قەدی ڕێگەیی تاریکی میانت
زوڵفت، کە دەسی وا لە کەمەردایە بەخواری

سەیر دەکەی ئەمە هەر لێکچوون و وێنەگرتنێکی ئاسایی نییە، ئەمە هەم ڕەنگە و هەم دەنگ... هەم دیمەنە و هەم بزروت و هەم باس گێڕانەوە، هەم بەزم و ڕووداو و کارەساتە. ئەوەتا ئەم (کار)انە یەک بەدوای یەکدا هاتوون کە گشتیان بزووتنەوە و دینامیکییەت دەنوێنن:

(خستمی- هەستامەوە- ڕابکەم- هاتنە یاری- ترسا- دەستی لە کەمەردایە).

ئەم بزووتنەوەیە لە غەزەلێکی تردا دەکاتە پلەی دەنگ و هەرا و گرمەی دەهۆڵ و دەنگی ڕمـــان و هەرەس هێنـان و ڕووخـــان... لە غـــەزەلە بەناوبانگەکەیدا کە وتوویژێکی زۆری لەسەرکراوە و بەمەقامی دەرویشی لە کۆڕی گۆرانیدا دەگوترێ... ئەوەی کە وەسفی (فێس لەسەر)ێک دەکا، یان بڵێین وێنەی دەکێشێت:

لەسەر شەو ڕۆژی داناوە مەڵێن فێسی لەسەر ناوە

ئەگەر وەکو هەمـوو شـاعـیرێکی کۆن وێنەیەکی (بەرچاو)ی لێ پەیدا بکات ئەوە عـەینی هونەرە، بەڵێ ئەوەتا یەکێک فـێسێکی سوور ڕەنگی وەکو یاقووتی خستووەتە سەر زولفێکی ڕەشی وەکو میسکی بۆنخۆش، بەڵام نەخشەکەی تەنیا دیمەنێکی سارد و بێ دەنگ نییە تا پیاو بتوانێ بەئاسانی چاوی بەسەردا بترووکێنێ. بەڵکو ئەو فێس و زوڵفە وەکو ڕۆژە کە زوو دامێنی شەو ڕووناک دەکاتەوە و وەکو ئاگرێکی بەترپەی مۆزیقا لە تەمەنی شەو بەربدا ئاوەها بەرە بەیان لە جەرگەی شەودا چاو هەڵدەهێنێ... ئەمەش بێ گومان وێنەیەکی پڕ لە بزووتنەوە و هات و بردە. خۆ کە دەڵێ:

لەبەر (با) جامی یاقووتی بەمیشکی وشکی داداوە

بەڵێ کە جامێک بەسەر شتێکدا نخوون بکەیتەوە دیارە مانای کشی و بێ هەستی و پرزە لێ بڕان دەگەیەنێت ئەگەر هەروا بووایە!؟

بەڵام حاجی دەڵێ جامەکە جامێکی سوورە، ڕەنگی سووری یاقووتیش تا بڵێی بەورشە و ڕووناکی پژێنە، بەمیشکی داداوە، بۆیەش پێی داداوە چونکە وا (با) لەدەوروبەریدا دێت و دەچێت و هەوڵ دەدا ئەو بۆنە خۆشە میشکینەی زوڵفەکە بڕفێنێ و زوڵفەکە پەرێشان بکات، ئیتر کەی ئەمە وێنەیەکی نخوون کردنەوەی دەفرێکە بەسەر شتێکدا؟

هەروەها کە دیمەنی خێوەتێکی داوێن چیا بەڕوومەتی گوڵێن و زولفی ڕەشی چواندووە دیسان وێنەیەکی پڕ لە هەست و جووڵانەوەیە.



ئەوە نییە دەڵێ:

لە دامێنی چیا بوو خەرمەنی گوڵ، خیوەتی خارا
بە دوو ئەستوونەکی زیوین تەنافی زوڵفی هەڵداوە

تەناف هەڵدان و ستوون چەقاندن و خێوەت بەرزکردنەوە هەمیسان چ بەکەرەستەکان و چ بەپێکهاتووەکە دیمەنێکی بێ گیانی، بێ هەست نییە. بەڵام حاجی بەو وەسفە تەسویرییە واز ناهێنێ و دیمەنی دەنگیشی تێکەڵ بەنەخشەکەی دەکات... دەنگی (تەقە، شەقە، لەرزە، تەقوتۆق و بەرق...) وا دەزانیت کەرتە کێوێکە هەرەس دەهێنێ، یان یەلغاری لەشکرێکە، یان بڵێین ڕۆژی مەحشەرە و دنیا هەموو هەستاوە:

لە بەرقی ڕەنگی شـەروالّی حـەیا دامـێنی هەڵـمـاڵی
لە تەقـەی دەنگی خرخـاڵی لە گـەردوون (زهرە) دامـاوە
لە تەقـقـەی ناڵ و شـەقـقـەی پانیـبـەرزی ئاسـمـان لەرزی
تەقوتۆق کەوتە سەر ئەرزی، دەڵێن مەحشەر هەڵستاوە

ئیتر ئەو هاتوهاوارە هەر هەمان ڕەفتاری دۆستەکەیە کە دەڵێ «سا لاچۆ بەولاوە» و لافاوێکە خۆی ناگرێتەوە تا هەموو دنیا و کام شتی پیرۆز لەگەڵ خۆیدا دەڕووخێنێ و دەنگ و هەرای لێ هەڵدەستێنێ:

دەری تۆ کـەعـبـە بوو حـاجی تەوافی کـرد و نەیزانی
چ قەوما؟ کەعبە کەچ بوو؟ مسجد الاقصایە ڕووخاوە؟(١)

***

مادام هەر لە دەوروبەری وێنە شیعرییەکاندا دەخولێینەوە شایانە باسی (بەهارییە) بەناوبانگەکەی حاجی بکەین... کە چاکترین نموونە و بەڵگەی ڕەوتی شیعری حاجییە و ئاوێنەی گیانی بزووتنەوە و هونەرکارانەی

---

(١) تا ئێرە لە ڕۆژنامەی (العراق)- لاپەڕە کوردییەکەی ڕۆژی ١٢/ ١/١٩٨٣ بڵاوکراوەتەوە.

شیعری شاعیره، پڕە لە هەراو دەنگی ئاو و ماڵات و گیانەوەر و گرمەی هەور و بروسکە و هۆهۆی گاوان و قیڕەی شوان و پەلەپەلی کابان و خوڕەی ئاوی قەڵبەزە و ورشەی گیا و شۆڕەبی و شنەشنی شەماڵ.

ئەم بەهارییە بەهارێکی نەگەوزاوی کوردستانت لێ دێنێتەوە دەنگ کە لەو پەڕی لاوێنی و هەڕەتی هێزدایە، هەمووی دەنگ و بریقە و دەنگدانەوە و هاوار و بانگە. گوڕە بەهارە، گۆڵە گۆڵی هەورە، باران هاژە دەکات، چیا پڕ دەبێ لە هەرا و لە دۆڵ و نەهالەکاندا دەنگ دووبارە دەبێتەوە.

ئاو هەڵدەستێ، بروسکە لە چەخماخە دەدا، پشکۆژەی دار دەبزوێ، گوڵ بەپەنجەی سوور زێڕی شاباش هەڵدەڕێژێ و گوڵان شایی دەگێڕن، کانی دەزێ و لە قولە قول دایە... ڕەنووە بەفر هەرەس دێنێ، قاز و مراوی هاتوچۆ دەکەن... ئەمانە و خرنگ و هۆڕ و فڕکە و چریکەی باڵندە و تەقەی تفەنگی ڕاوکەران و... تاد. تا دەگاتە دیمەنی ژیانی ڕەوەندان لەم بەهارەدا:

لە کێو و کەژ کە سەر لە ئێوارە دێتەوە ماڵات
لە دەوری چادری صاحبی مەوجی دا، وێستا.
لە حیلە حیلی کەحێل و لە بارە باڕی مەڕان
لە دەنگی قۆڕەیی گاجووت و بۆڕەیی مانگا
لە گورگە قال و حەپەی سەگ، لە قارە قاڕی بزن
لە عەکسی دەنگی دووبارەی کە دێتەوە لە چیا
لە ئۆحە ئۆحەیی گاوان و قیرە قیڕی شوان
لە بگرە بەردەیی کابان دەبێتە حەشر و حەلا
مەلائیکەی سەر تاق و ڕەواقی مینایی
دەیێنە جومبش و لەرزین دەکەونە ڕەقص و سەما

ئەم دێڕانە و سەرتاپای شیعرەکە پڕن لە نیگاری دەنگ... کە مایەی بزواندنی هەست و بەڵگەی جووڵانەوەن.



هەروەها دیمەنی سروشت لێرەدا لەسەر دەستی حاجی، جیاوازە لە دیمەنی سروشتی دەستکردی شاعیرانی تر، لەم بەهارییەدا شاعیر نەهاتووە وەکو کامێرایەک لە بەردەم چاوەندازەکانی سروشتدا بووەستێ و ئامێرەکەی لێ بخاتە کار. بەڵام ئەگەر چەند نەخش و وێنەیەکی قەلەمکرد و لێکدانەوەیەکی هەندێک دیاردەی جوانیی سروشت لە ڕووی ژیری و هۆشیارییەوە بەستنەوەی بەعەقڵەوە وەکو:

پیاڵەی زەڕڕی نێرگز لەسەر کەفی سیمین
پڕە لە شەبنم وەک دوڕی لوئلوئی لالا

واتا ئەگەر چەند دیمەنێکی وەها نەبێت کە نیشانەی خەیاڵێکی دەستکرد و ویستێکی ڕازندنەوە و قەڵەم کێشانە... دەنا هەموو سروشتەکەی حاجی لە دەروونی شاعیرێکەوە دەرچووە و بەبۆنەی ئەم هەناوە ڕەنگ کراوە و لە کونی شمشاڵی ئەم گیانە دەنگ و ئاوازی وەرگرتووە. هەر بۆیەش بووەتە تەختە نیگارێک کە نموونەی ڕەوتی تایبەتیی هەڵبەستی حاجی قادرە... هەر لە ڕووی ڕوخساری هەڵبەستەکەوە تا دەگاتە ناوەڕۆکی پڕ لە تێڕامان و وردبوونەوە لە مەسەلەی کۆن و نوێیی ژیان و مردن، لاوی و پیری، لەناوچوون و لە بیر چوونەوە و یادگاری و مانەوە و ونکردن.

جا لەم ڕووەوە وتەکەی مامۆستای دانەری کتێبی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) بەئاسانی ڕەت دەکرێتەوە کە

لەلاپەڕە ١٩٩دا گوتوویەتی:

«یادی گوتەییێکی تری (دڵدار) دەکەمەوە کە دەیگوت حاجی قادر لە بەهارییەکەیدا شوێن پیی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم)ی نالی هەڵگرتووە و ئەوسا من ئەمەم لە دڵدار نەدەسەلماند کەچی ئێستا وەک بەدیهیە ئاشکرایە لەبەر چاوم چی دڵدار دەیگوت ڕاستە».

ئەگەر هەر لەبەر ئەوە بێت هەر دووکیان لە دوور وڵاتییەوە شیعرەکانیان

داناوە لەمەدا نزیکی هەیە دەنا هەر یەکەیان ڕێچکەیەکی گرتووە و مەبەستێکی دەربڕیوە. بۆ زیادە زانیاری و تێگەیشتن خوێنەری بەڕێز بۆی هەیە سەیری کتێبەکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی بکات (دوو چامەکەی نالی و سالم) ئەوسا تێ دەگات کە ئەو دیمەن و تەختە نیگارەی حاجی بۆ بەهاری کوردستانی نەخشاندووە، تایبەتی بەخۆی و بەڕەوتی شیعری خۆی، وەکو گوتیشمان نەک هەر وەسفێکە لە ئەنجامی بینینی بەچاو و وێنەگرتنی شتەکان لە قەپێلکی دەرەوەیاندا هاتووە.

بەڵکو دەربڕینێکی دەروونی شاعیرە، دەروونی بزێو و سەربەست پڕ لە ئاواتی بەرز و هیوا و بەهاری سروشتێکی بەگوڕ و ژیانی پڕ لە ڕەنج و زەحمەتی و کۆچ و کۆچباری و مەڕداری... هەروەها ڕوانینە دنیا لە چاوی دوور وڵاتێکی پیری نیشتمانپەروەرەوە، کە شیعرەکەی نالی لەوە زیاتر سەر ناکات کە شارنشینێک لە شاردا نووسیویەتی و ڕووی کردووەتە یادگار و شوێنەوارەکانی شاری سلێمانی.

ئەگەر نویشکی شیعرەکەی نالی سیاسەت یان شەخسی یان بارێکی دەروونی بێت، ئەوا شیعرەکەی حاجی مەسەلەیەکی وجودییانە دەخاتە ناو چوارچێوەی خۆیەوە...

دەزانێ وڵات جوانە، لە گوڕی بەهاردایە، نازدارێکی سەرکەشی لاوە، ڕۆڵەی سروشتی تەڕ و پاراوە بەڵام جوانیی شوێن، خۆشیی ئاو و هەوا بۆچییە؟ ئەگەر:

بەهار وا هەموو ساڵێک دێتەوە ئەمما
ئەمانی دەچنە دیاری مەمالیکی عوقبا
یەکێکی نایەتەوە، چوونیان هەر ئەو چوونە
لە شێخ و عالم و جاهل، لە پادشاهو گەدا
مەکان: شەوقی بەعێلاتە، پەشمە کۆنەهەوار
حەیات: زەوقی بەئەحبابە، بایە ئاو و هەوا



جا کە دوا ئەنجامی (بەهارییەکەی) حاجی بەمردن و بەچوونی خەڵک بۆ گۆڕستان و نەگەڕانەوەیان بێت پرسیارێک دێتە سەر بەرەی مەجلیسێ، ئایا دیمەن لەو دیمەنە کش و ماتتر هەیە، ئایا چۆن ئەم کۆتاییە بێ دەنگ و هەست و خوستە لەگەڵ سەرەتا پڕ لە زەمزەمە و دەنگ و هەرایەکەی بەهارییەکەدا بەراورد دەکرێت؟ بەڵێ ئەمە پرسیارێکی بەجێیە...

لە وڵامیشدا دەڵێین حاجی لە وجوودا لە دووڕیانی بوون و نەبوون و ژیان و مردندا لەوە نەترساوە کە وەکو بوون پەرستەکان بکەوێتە بەر باری سەختی هەڵبژاردنی هەڵوێست و بەرامبەر بەپووچیی ژیان بڕیاری ناچاری نەبوون و لە ژیان کشانەوە و خۆکوشتن بدات. بەڵکو بەنیگایەکی دایلەکتیکانە سەیری مەسەلەکەی بوونی کردووە. بۆیە سەر لە نوێ شیعرەکەی لە کش و ماتی ڕزگار کردووە و جموجووڵی و گەرموگوڕی پێ داوە بەڵێ:

ڕەفیقی کۆنە نەمان، جوانەکان پیرن
بەشەق دەڕۆن و لە داری دیارە شەق و عەصا
گەر بێیو بچینەوە ئێستا (کأنَّه) دیسان
سەفەر دەکەی لەوەتەن دەچییە شاری (جابولقا)

بەڵام مرۆڤ کە مرد، بنجێ کە دایکوتاوە لە ژیان هەر دەمینێ. بەمردنی ئەو ژیان کۆتایی نایە و وەکو بەهارەکە دنیا پڕ دەبێ لە دەنگ و ڕەنگ و ژیانەوە. کانیی وشک دەزێتەوە و بنجی گیای زەرد دەژیێتەوە... واتا حاجی گوڕ و گەرمیی ژیانمان بۆ دەنەخشێنێ، ئەی ئەوە نییە دەزانێ کە مرد پێویستە لە دژی بیر چوونەوە بجەنگێت و یادگار بەجێ بهێڵێت کە شیعرەکەیەتی:

هەتا لە خیطەیی بێگانە فەخری پێوەبکەم
لە بەینی زومرەیی (ئەحیا)و و مەجمەعی (مەوتا)

ونی مەکەن وەکو ئاساری کوردی و نالی
لە سەهوی دیدە بپۆشن، گوزەر بکەن لە خەتا(٢)

**وردەکاری لە شیعری حاجی قادری کۆییدا:**

لە وتاری پێشوودا دوای ئەوەی لە هونەری شیعری حاجی قادری کۆیی چەند بنەمایەکی بنچینەییمان دەستنیشان کرد کە نیشانەیەکی پتەوی شاعیرییەتێکی ڕەسەنن، چەند نموونەیەکمان لە گوڵزاری شیعرەکانی هەڵبژارد، هەر لە بابەت هونەری دارشتن و یەکێتیی بابەت و بەهرەدارییەوە دەڵێین حاجی قادر غەزەلێکی دانەناوە کە وردەکاری یان هونەرێک لە هونەرەکانی شیعر و تیشکێک لە تیشکەکانی بیر و لێکدانەوەی تێدا نەبێت، کە هەر یەکێک لەمانە بۆی هەیە خوێنەر یان گوێگر بجووڵێنێ، لە ئەنجامیشدا هەست بەخەسیەت و سروشتێکی تایبەتی شیعرەکە دەکات و دەزانێ ڕووبەڕووی کاری هونەرمەندێک وەستاوە و ویستوویەتی شتێک بڵێ... بابەتێک بخاتە ڕوو، بەڵکو ڕێچکەیەک بگرێتەبەر با هەر لە مەیدانی وەسفی خەت و خاڵ و ڕاز و نیازی دڵدارییەکی تەقلیدیشدا خولابێتەوە.

وای بۆ دەچم کاتێک کە شیعرێکی داناوە یەکسەر وەکو هونەرمەندێکی نیگارکێش هەست و بیر و هونەرەکەی خۆی گشت بۆ بابەتێک و کارێک بەئەنجام، تەرخان کردووە، هەر تەنیا دەنگی پاشبەند و چاولێکەریی هەندێک بێژە و دارشتە و قالب پڕ کردنەوە ڕای نەکێشاوە.

لە شیعرێکدا باسی دیمەنی (ئەکروپاتیک) دەگێڕێتەوە، پاڵەوانێک پێشان دەدا کە لەسەر پەتێک لەنگەری گرتووە و ناوە ناوە دەلەرزێ، تەنافەکەی کە هاتوچۆی بەسەردا دەکا دەڵێی پردی سیراتە و پاڵەوان

(٢) لە ڕۆژنامەی (العراق) ڕۆژی ٩/ ٢/ ١٩٨٣.



جارێک دەڵێی قارەمانی شەڕە جارێکیشیان دەلەرزێ و ئەوەندەی نامێنێ نرخی جوانی و هونەرەکەی لە بازاڕی (یاری)دا بشکێت.

دوای ئەوەی باسی شاگەشکەیی تەماشا کەران دەکا کە هاتوون سەیر بکەن و مەیدانی پڕ بووە لە خەڵکی هەمەجۆرەی موسڵمان و ناموسڵمان، هەمووشیان دڵیان بەیاریکەرەکە داوە و بوونەتە دیلی هونەرەکەی هەروەها دیلی جوانییەکەشی.

بەڕاستی ئەمە جۆرە بابەتێکی نایاب و دەگمەنە لە ئەدەبی کورددا ئەگەر لە ئەدەبی نەتەوەکانی دراوسێشیدا هەر کەم و دەگمەن نەبێت! ؟ من واشی بۆ دەچم کە حاجی ئەم شیعرەی لە کۆیە یان لە یەکێک لە شارەکانی کوردستاندا بەر لە چوونە ئەستەمبوڵی گوتبێ (ئەوساش وەکو لە ئیختیارانی کۆیەم بیستووە ناو ناوە تیپی ئەکروپاتیکی گەڕۆک دەهاتنە کۆیە) لەم شیعرەشدا جۆرە بەخۆڕاپەرموون و خۆپیشاندانێکی هەڕەتی لاویی شیعری پێوە دیارە. دەنگی (س) بۆ هۆنینەوەی پاشبەند (قافیە) لە کوردیدا کەم و نایابە، بۆ بابەتێکی وەهاش کە پێویستی بەپشوودرێژی و وەسفکردن دەبێت دوور نییە شاعیران خۆی لێ لابدەن، بەڵام حاجی خۆی لێ لانەداوە. لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە کە کابرای پاڵەوان خەڵکی (سندوس) بووە ئیتر ملی بۆ ئەو قافیەی دەنگی (س) ڕاکێشاوە.

بابەتێکی وەها پڕ لە جمووجووڵیش پێویستی بەمۆسیقایەکی ئاشکرا و بەهاوار هەیە، ئەو پیتەش چەسپاندنی ئەم بارەی داوە. ئەگەرچی ئەویش لە دواییدا هەستی بە(قافیە تەنگی) کردووە و گوتوویەتی (لە قافیەی شیعر عەیبە لابدەین) بەمەش نەوەستاوە دوو دێڕیشی بەزمانی عەرەبی دارشتووە. جا نرخی هەڵبەستەکە لە لایەکەوە لە مەدایە کە یەکێکە لەو تەختە نیگارانەی شاعیر بەبۆیەی ڕەنگاوڕەنگ نەخشاندوویەتی، لەمەشدا نەسێبەری هونەرمەندێکی تری بەسەرەوەیە و نە بابەتێکی تری تێکەڵ بەگەوهەری بابەتەکە کردووە. لەلایەکی تریشەوە مۆرکی شیعری حاجی

هەناسەی شاعیرانەی پێوە دیارە. شیعرەکە لەو کۆمەڵە شیعرانەدا کە چاپ کراون (٧) دێڕە بەڵام من لە دەستنووسێکی مامۆستا مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا تەواوی شیعرەکەم وەرگرتووە کە (١٧) دێڕە. لەبەر ئەوە بەجوانی دەزانم پێشکەش بەخوێنەری بکەم.

تەناف باز

لەسەر تەناف کە لەرزی هەتیوی سندووسی
شکا مەتاعی زەریفی و قیمەتی لووسی
تەنافی پردی صیراطە، موناظیران مەحشەر
مەکانی مەلعەبە پڕ بوو لە موئمین و ڕووسی
فیدای لەنگەری دەستی سینانی کەیکاووس
درەفشی کاوە، ڕمی گیو و نیزەیی طووسی
کە هات و کەوتە سەما، عیسەوی شکا و نەما
هەڵا هەڵایی کلێسا، سەدایی ناقووسی
سەمایە عەرصەیی بازی، گوریسی کاهکەشان
ستارە ناظرە، ماهیش هیلالی مەعکووسی
شوعاعی شەعشەعەیی شەمعە، مەشعەلی ماه
لە شەرمی تەلعەتی ئەوێ شەو دەبێتە جاسووسی
موناسەبەی ئەو و لەیلا میسالی دێو و پەری
موشابەهەی ئەم و عەذرا غەزال و جامووسی
دوو چاوی عەینی نەخۆشی لە نێو سەری زولفی
گران و سووکە لە ترسی ڕەقیبی کابووسی
لە کونجی خانەقا سۆفی خزاو و نەیزانی
تەماعی دینی نەبی یا ئەمانی نووسی
وا حەشرە سۆفی بفەرموو هەتا لە دونیادا
سیاهڕوویی و خەلقی بزانێ سالووسی
(عیوني تنقطع ومنّي نعمة الله
أذقنی دمعي الی ما تبل ملبوسي
وعیني عادل تبکي فما استطال لنا
علی فراق من آهوی یکون مأوسی)
کە هاتە خەندەو و فەرمووی یەڵان چی ماشاء الله
بەصادقی بووە عیسایی میللەتی مووسی
هەرچی کە هاتە تەماشای بەنووکی موژگانی
(فهؤلاء عبیدي) لەسەر دڵی نووسی
بەوەسفی قەترە بەدەریایە شاعیری وەکو من
ئەگەر بەقافیە دابنێم لوغاتی قامووسی
لە قافیەی شیعرا عەیبە لابدەن ئەمما
بەیادی چاوی، ئەمن لا دەدەم بەمەخصوصی
جەبینی ماهە، ڕوخی میهرە، زوڵفی شەو، دەهەنی
سەبەب بەقافیە تەنگی بوو (حاجی) نەینووسی



(وردەکاری) زاراوەیەکی ڕەخنەیی باوی دەم ئەدەب دۆست و لە شیعرزانان بوو، تا ئەم دواییەش بریقەی هەر کز نەبوو بوو وەکو تێ دەگەم لە مەیدانی ڕەوانبێژی و هونەری ئوسلوبدا زۆر شتی دەگەیاند و دەرخستنی وردەکاری هەر شاعیرێک یەکێک بوو لە پێویستییەکانی باس و لێکۆڵینەوەی شیعری شاعیران.

حاجی لە (وردەکاری)دا وەکو شاعیرانی دی لە هونەرەکانی لێکچوون، خواستن، کینایە و جناس و تیباق و ئەوانی تر و لە وشە ئاراییدا لە مەیدان دوانەکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا شک نابەم شوولی لێ هەڵکێشابێت

و بە وشەی هاوچەشنی زمانانی بێگانە و زاراوەی زانستەکان لە کاری جیناس و کینایەدا مەتەڵێکی ڕەقی دروست کردبێت کە بۆ هەڵهێنانی پێویستی بەڕەنجێکی زۆر هەبێت. هەر دەڵێی لە پێنووسە ڕەنگینەکەی ئەو نەبێ ئەم جۆرە وردەکارییانە هەڵناستێ کە دەڵێ:

تۆ خۆش دەبەزی، ئەسپی بەزینت پێیە
من ناگەمە تۆ ئەسپی بەزینم پێیە

کە لە وشەگەلی (زین و بەزین و (بەمانا ڕاکردن و هەڵاتن) و پێ و پێ هەبوون)دا جیناس و تەورییەی پێکهێناوە کە سەرتاپا کوردین. هەروەها لەم دێڕەدا.

بەبا زوڵفی کە لەرزی (تا بەتا) بوو
لەگەڵ (لەرز) و لەگەڵ (تا) بوونە هەمتا

خۆ کە دەڵێ:

بێ خەویم داییێ، نەخۆشیم لێ کڕی چاوی، کەچی
وەک من و بەختی سیاهم هەر نەخۆش و نووستووە.

جگە لە ئاڵوگۆڕی و هاوتا کردنی وشەگەلی (بێ خەوی و نەخۆشی، کڕین و فرۆشتن و هۆ دۆزینەوەی جوان واتا (حسن التعليل) هاتووە سکاڵای دەردوباری دەروونی خۆی لە داڕشتنی (بەختی ڕەشی نوستوو) لەگەڵ (چاوی ڕەشی خەواڵوو)دا جێ کردۆتەوە. وردەکاریی (حاجی) لە لێکچوونەکاندا ئاشکرایە و لە ئەنجامی کۆششی وێنەگرانەیدا زۆر جار وێنەیەکی جوان دروست دەکەن و زۆر جاریش لە تەشبیهاتی بەرهەستەوە و بەرەو گوزارەیی (مجرد) هەڵدەکشێت.

لەو پارچە شیعرەدا کە بۆ ئەمینا غای (ئەختەر)ی ناردووە و باسی بەزمی شەوارە و خۆش ڕابواردنی ئەو دەکات:

قاوەچی بەزمی ئەتو دنیایە، سینی ئاسمان
ئافتابی زەرفە، فنجانی مەهە، قاوەی شەوە



ئەو شەوە بۆ هەر کەسێ دنیا بکاتە ڕۆژی ڕوون
شەو لە خیطەی عومری ئەو عونقایە، دەربانی شەوە

وێنەکە بەتانوپۆیەکی ورد سفت چنراوە و نموونەی خۆدانە لە لێکچوونی گوزارەیی و وێنەی شیعری جوان.

ئەو دیمەنانەی لە دەوری منداڵی و لاویدا کە لە قووڵایی هەستیدا پەنهان بوون کە بەرهەمی مەڵبەند و جۆری ژیانی تایبەتین لە هەندێک دەرفەتدا خۆ دەنوێنن و وەکو بووکی ڕازاوەی کوردانە لافی شانازی لێ دەدەن، بەتایبەتی دیمەنی سروشتی کورد، بەهاری، چیای، ڕەز و بەراو و بەفر و بارانی، ژینی ڕەوەند و ڕەشماڵ نشینان؛ بەنموونە کە دەڵێ:

لە دامێنی چیا بوو خەرمەنی گوڵ، خیوەتی خارا
بەدوو ئەستوندەکی زیوین تەنافی زولفی هەڵداوە

لێرەدا هاتووە دیمەنی ڕەشماڵێکی داوێن چیای لەسەر و ڕوو زوڵف و کوڵمەی گوڵینی یاردا نەخشاندووە.

یان لەم دوو دێڕەدا:

چیایە شێخ و کەوای سەوز و مێزەری بەفرە
سیواکی چووزەرە ڕێواسە، تەیلەسانی گەڵا
چنار و عەرعەرە دەفزەن، هەزارە نەغمە سورای
گیاش ذاکرە تەسبیحی شەونمی لەملا[3]

دیمەنی سروشتی جوانی کوردستان لە پەردەی بیرەوەریدا لە مەڵبەندی مزگەوت و ژیانی خۆی وەرگرتووە و دووبارەی کردوەتەوە.

شێخێکی مێزەر سپی، کەوا سەوز، جوببە لەبەر و سیواک بەدەم ئاڵقەی زیکر و دەفزەنان و تەزبێح بەدەستان.

(٣) تائێرە لە ڕۆژنامەی (العراق)ی ڕۆژی ١٩٨٣/٣/٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

وەکو گوتمان گەلێک وێنەی شیعری جیهانی بەرهەست بەجیهانی گوزارە دەبەستێتەوە و بەرەو (تەجرید) دەڕوات.

لەم ڕووەوە جوانترین دیمەنی هۆنراوە، ئەوەی کە لە دیوانی شاعیرانی کورددا بەرچاوم کەوتبێ و زۆر لام پەسندە ئەمەیە:

ڕۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لەبن بەفــــری گــــران
کانی پێی سڕبوو، چناریش دەستی چوو، پەنجەی تەزی
سونبولی زوڵف و گوڵی ڕوخسار و سەروی قامەتی
مانگی نیسانی گوڵان نەیدی لە ناو باخ و ڕەزی
دڵبەرم تەنها کە بوو لەو بەینە خۆی ڕووت کردەوە
زۆر دڵم خۆش بوو کەچی دووبارە دایپۆشی کەزی

شاعیر وای داناوە کە بای نەورۆز کەوتووەتە ژێر باری بەفرێکی ئەستوور، جا ڕووی تێ دەکا تا بێتە دەرێ و داواکراوە بەهاواری (کانی)یەوە بچێت کەپێی سڕ بووە، چناریش لە سەرما و سۆڵەدا دەست و پەنجەکانی ڕچیاوە.

جگە لەوە کە ئەم وێنانە پڕ لە بزووتنەوە و زیندووییین و لەگەڵ کێش و مۆسیقای پیت و وشەکاندا ئاهەنگیان ناوەتەوە.

هەروەها لە ڕەنگکردنی سروشتیشدا هەر هەمان ڕەنگە گەرم و پڕ لە جموجۆڵیی ژیانیان هەڵبژاردووە.

حاجی وێنەکانی لە خانەی وەسفی مەوزووعی تێپەڕ دەکات و هەڵوێستی شاعیر بەرامبەر بەسروشت هەڵوێستێکی دەروونی و دیارە. هەر وەکو چۆن شاعیر لەباوەشی سروشتێکی ئازادی بەرەڵلادا پەروەردە بووە و کوڕی لادێ و کەژ و کێو و گەشت و گەڕان بووە. هەروەهاش سروشت لە باوەشی هەست و لێکدانەوەیدا توند بووە و چەژگەی هونەری شاعیرانەشی پەروەردە کردووە. هەروەکو لە (بەهاری)یە بەناوبانگەکەیدا



دیمان گیانی ناو قەفەسی شاری گەورە و ئاپوورەی ئەستەمبوڵ بەرەڵلا دەکات و دەیگەڕێنێتەوە مەڵبەندی ژینی. وەکو لەم چەند دێڕە شیعرییەدا تەختە نیگارێکی نەخشاندووە بریتییە لە هەور و باران و بروسکە و هەورە تریشقە و گوڵە سونبول و سەروی بڵند، لەلایەکی ترەوە یارێکی باڵابەرزی لێو گوڵی پەرچەم بڵاو... شاعیر داوا دەکات بەهار پێ بگات، گوڵ بپشکوێت، گوڵشەن تەڕپۆش و ئاودار بێت.

داوا دەکات بەڵام خواستەکەی نایەتە دی بۆیە وا هەناسەی خۆی دەکا بەهەور، گریانی خۆی دەکاتە باران و ناڵەی دەکا بەبروسکە و هەرا... ئیتر بۆچی گوڵ پێناکەنێ و ناگەشێتەوە؟

بۆچی گوڵ پێناکەنێ ئاهم سەحابی باغییە
گریە بارانی بەهار و ناڵە ڕەعدی باریقە
سونبولی زوڵفت پەریشانە، قەدی سەروی بڵند
دڵ پەریشانی پەسندە، ناڵە باری لایقە

هەروەها لە شیعرێکی تردا خۆی و حاڵی خۆی لە سروشت و دروشمەکانی سروشت دەشوبهێنێ:

ئەمن کێوم، سەرم شاخە، هەناسەم
نەسیمە، دیدە کانی و مێژەرم تەم

داهێنان لە خەیاڵی شاعیردا دەگاتە ئەو بەرزییە کە قایمی و بەهێزیی بەیتە شیعر بەقایمیی ساختمانی حەساری شاری ئەستەمبول بەرامبەر بکات، کەوا بەیتی محەمەد حەنیفە یەکێکە لە چیرۆکە هۆنراوەکانی ئەدەبی کوردی:

وەک (محمد حەنیفە) بەیتی مەتین
نییە ئیللا حەساری قوستەنتین

نەک هەر ئەو بەیتە کوردییە کە باس لە غەزەلەکانی محەمەدی حەنیفەی

بنەماڵەی ئیمامی عەلی دەکات، بەڵکو تاکە دێڕێکی شیعری (نالی) لە لا لە بەست و بەندی ئەسکەندەری زولقەرنەین و گومبەتی کۆشکی خەوەرنەق پتەوتر و بەهێزترە:

سەد قوببەیی خەوەرنەق و سەددی سکەندەری
ناگاتە بەیتە کاولی (نالی) و مەتانەتی

وێنە خەیاڵەکەشی ورد نەخشاندووە، تەنانەت لە هێڵی وردیش دەستی هەڵنەگرتووە، وە جۆرێک لە بیری نیشتمانپەروەری و تاقیکردنەوەی ژیانی خۆشی تێکەڵ بەوێنەکەی کردووە. ئەوەتا لە تەورییەی «بەیت»دا کە ماڵیش و دێڕە شیعریش هەڵدەگرێ، سیفەتی کاولی بەپاڵ داوە، ئەم جۆرە سیفەت و مەوسووفەش لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی لە بەشی فۆلکلۆریدا زۆر باوە و لە حەیراندا دەگوترێ «کاولە مەفتەن و کاولە وڵات» مەبەستیش داد و گلەییە لە دەست باری ناهەمواری وڵاتەکە، لەگەڵ ئەوەش کە (بەیت)ێکی کاولە و لە ڕووی بێ خاوەنییەوە وێران و بێ ڕەواجە بەڵام لە سەددی سکەندەر پتەوترە.

ئەمانە وێنەی هونەرین و زادەی خەیاڵی داهێنانن کە خەیاڵی (ابتکاری)ش بەرزترین جۆر و شێوەکانی خەیاڵە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە خەیاڵی حاجی خەیاڵێکی تەڕ و پاراو و ورد و هونەر و وردەکارییەکی تەواوی پیشان داوە.

بەم بۆنەیەوە وا چاکە دەست بۆ ئەوەش نیشان بکەم کە ڕەخنەگران و شارەزایانی ئەدەب خەیاڵ بەچەند جۆرێک جیا دەکەنەوە وەکو: خەیاڵی لێکدانەوە (تەفسیری)، خەیاڵی کۆکردنەوە (تألیفی) و خەیاڵی داهێنان (إبتکاری). بۆ جۆری یەکەم «پیاڵەی زێڕی نێرگز و ژێر پیاڵەی زیو و پڕ لە مرواریی شەونم، هەروەها گوڵ بەپەنجەی فەیرۆزی (ڕەنگ پیرۆزەیی) بادەیەکی ڕەنگ سووری هەڵگرتووە و زێڕ پەخشان دەکات، یان کە دار



بەپشکۆژەکانی دراو دەکاتە شاباشی بای بەهار و داروبەردی چیا لە شاگەشکەیی و تاسەی گەیشتنی بار و بارگەی مزگێنی بەهار خۆیان ڕازاندۆتەوە» ئەمانە نموونەی خەیاڵی لێکدانەوەی دیاردەکانی سروشتن و شیکردنەوەی مایەی ڕەنگ و بۆیەکانیانن.

بۆ جۆری دووەمیش شیعری (ئەم خەیمە کە شەمسییەیی شاهەنشەهی ئەرزە) و (کە هەستا قامەتی بەرزی) دوو تەختە نیگارن هەریەکەیان بابەتێکی سەربەخۆن، خەیاڵی وردی (حاجی) کەرەستە ڕەنگاوڕەنگەکانیانی کۆکردۆتەوە.

# پێنج خشتەکی

هونەرێک لە هونەرەکانی هەڵبەستی کۆنی نەک هەر کورد بەڵکو گەلانی دراوسێش پێنج خشتەکییە کە بەزاراوەی ئەدەبیاتی جاران (تەخمیس)ی پێ دەگوترێ. ئەم تەخمیسەش بریتییە لە بەرهەمی دوو شاعیر؛ یەکەمیان شیعری خۆی داناوە و دووەم هاتووە سێ نیوە دێڕی خستووەتە سەر هەر بەیتێکی شیعرەکە و کردوویە بەپێنج نیوە دێڕە هەڵبەست.

ئەم هونەرەش لە سەدەکانی ئەم دواییەدا داکەوتووە کاتێک کە هەندێک هەڵبەستی نایابی شاعیرانی ناودار ناوبانگیان پەیدا کردووە و شاعیرانی سەردەمی (تقلیدی) بەشاگەشکەییەوە سەیریان کردووە، وەکو بڵێی ویستوویانە قەرە لە قەرەی شاعیرەکە بدەن و لەم بابەتە نایابەیدا بەهرەی شاعیرێتی خۆیان بەدەربخەن. وەکو هەندێک هەڵبەستی حافزی شیرازی بەنموونە. هەندێک جاریش بۆ پیرۆزی لایەنی فڕ و پاداشتی خوایی هەڵبەستی شێخێکی وەکو (عەبدولقادری گەیلانی) یان ئیمامی شافیعی... یان بۆ تەواو کردنی ستایش و پێشاندانی خۆشەویستی و ڕێزگرتنی پێغەمبەر و هەڤاڵەکانی وەکو قەسیدەی (بوردییە)... یان بۆ دەستیاو و ئاشنایەتیی دوو شاعیر کەوا هەڵبەستی یەکتریان تەخمیس کردووە.

بەڕای خۆم و ئەوەی لە شارەزا و بەهرەدارانم زانیوە. ئەم تەخمیس کردنە کردارێکی نا پێویستە و شێوەیەکی لاسایی و لەچاوکردنەوە و خۆ بەستنەوەیە بەپەیڕەو کردنی ڕێ و شوێن و شێواز و جۆری دارشتنی شیعری پێشینان و ڕێگایەکە لە ڕێگەکانی بەهرە خەواندن و ئاسان دەست خستنی بێ ڕەنجیی شاعیرایەتی! چونکە شاعیری دووەم ناچارە هەمان بابەتی



شاعیری یەکەم دووبارە بکاتەوە، بەهەمان کێش و پاشبەندی نیوە دێڕەکانی هەڵبەستەکە دەست بەهۆنینەوە بکات... زۆر لە خۆی بکات و خۆی بگەیەنێتە ئەو بارە دەروونی و کەشە شیعرییەی کە شاعیری یەکەم تێیدا بووە هەوڵ بدات سێ نیوە دێڕەکانی خۆی بەجۆرێک لە دێڕەکانی شیعری شاعیر تێهەڵکێش بکات و نەهێڵێ شوێنەواری پینەکردن و خستنە سەری پێوە دیار بێت.

زۆر جار شاعیری (دووەم) تەخمیسکەر تووشی ئاستەنگی پڕ لە دژوار دەبێت کاتێک کە پاشبەندی هەندێک نیوە دێڕ دەگمەن یان دووبارە کراوە بن. یان دێڕە هەڵبەستەکە لەوانە بێت کە بەهەر دوو نیوە دێڕ بەسەریەکەوە مانایەک تەواو بکەن، نیوە دێڕەکەش لە مانا دەربڕیندا سەربەخۆ نەبێت تا شاعیری دووەم بتوانێت بەئاسانی سێ پاشبەندی نیوە دێڕەکە سەربار بکات. هەروەها ئەگەر دێڕێک لە دێڕەکان تایبەتیی شاعیری یەکەم و لە نزیکەوە پێوەندیی بەشاعیری دووەمەوە نەبێت. ئەوسا گرێ دەکەوێتە کاری تەخمیسکەر و ناچار دەبێ لە بازنەکەی بابەتەکە دەربچێت.

ئیتر هەر چۆنێک بێت (تەخمیس) بەهرە هەڵقوڵێن و نواندنی لە نۆژەنی هەست و سۆز و جۆشی دڵی شاعیر نییە و هەتا ئەگەر شاعیر لە سەدا سەدیش لێی سەرکەوتوو بوو...

ئەوە دیسان بەهرە و خورپەی دڵ و سروشتی نادیاری هەڵبەست نییە. بەڵکو وەستایی و شارەزایی سنعەتکارانەیە لە هونەری هۆندنەوە و دارشتنی هەڵبەستدا. بەڕای من ئەم جۆرە هەڵبەستە کارێکی ڕەسەن دەرناچێت.

بەپێی ئاگاداریی خۆم لە ئەدەبی عەرەبیدا ئەم جۆرە کردارە لە سەرەتا و لە سەردەمی گەشانەوەی شیعری عەرەبی هەتا دوایی دەوڵەتی عەباسی نەبووە و شاعیرە گەورەکان ئەمەیان پەیڕەو نەکردووە. لە ئەدەبی فارسیشدا

نەمبیستووە شاعیرانی وەکو ڕوودەکی و حافز و سەعدی و تەبریزی پێنج خشتەکییان کردبێت. ئەم کردارە وەکو بۆی دەچم بەرهەمی سەردەمی تاریکیی سەدەکانی ئەم دواییەی پێش چەرخی ڕاپەڕینی تازەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، واتا لە سەردەمی عوسمانیدا.

لە ئەدەبی عەرەبی جگە لە (تەخمیس) هونەرێکی تری قوتابخانەی (تقلیدی) باو بوو کە (تەشطیر)ی ناوبوو، ئەمەش ئەوەیە شاعیر هەڵبەستی شاعیرێکی تر بهێنێ بۆ هەر نیوە دێڕێک چ یەکەمەکەمان و چ پاشبەند دارەکان نیوە دێڕێکی خۆی زیاد بکات. جا دەبێ نیوە دێڕەکانی خۆی بخاتە ناو کەوانەوە یان بەجۆرێکی تایبەتی نیشانەیان بکات... بۆ ئەوەی هونەری خۆیشی بناسرێتەوە.

وا پێ ناچێ ئەم تەشطیرە لە دیوانی هەڵبەستی کوریدا باو بوو بێت، یان ئەگەر هەشبوو بێت بەناوبانگ نییە نموونەیم بەرچاو نەکەوتووە.

نارەسەنیی ئەم جۆرە هونەرەش لەوەدایە شاعیرێک دێتە سەر خوانی ئامادەی شاعیرێکی دی و بۆی تەواو دەکات.

لە جیاتی ئەوەی خۆی لە خۆیەوە خۆراکی شیعر وەکو هەنگ لە بیری خۆی و خەیاڵی خۆی و بۆچوونی خۆی لە گوڵی جۆراوجۆری باغی بیر و خەیاڵ بچنێتەوە و ئامادەی بکات.

دەربارەی پێنج خشتەکی د. مارف خەزنەدار باسێکی نووسیوە و چەند نموونەیەکی لەم پێنج خشتەکییانە هێناوەتەوە و جیاوازیشی لە نێوان پێنج خشتەکی (مخمس) لەگەڵ پێنجین پێشان داوە.

کەوا ئەگەرچی لە شێوەدا وەکو یەکن بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە پێنج خشتەکی بەرهەمی دوو شاعیرە و پێنجین بەرهەمی یەک شاعیرە.

پێنجین و چوارین (رباعیە) بەپێچەوانەی پێنج خشتەکی و چوار خشتەکی ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی خۆ ڕزگار کردن لە یەک قافیەیی (یەکانە



پاشبەندی) کە بۆ زمانی کوردی ڕیز کردنی دەیان پاشبەند بۆ یەک هەڵبەست کارێکی سەختە.

ئەم ڕێگەیەش لە ئەدەبیاتی تازەی عەرەبی و دراوسێشدا بەدی دەکرێت و تا ڕادەیەک کار ئاسانی لە دەربڕیندا پیشان دەدا.

لە ئەدەبی کۆنماندا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاوم شیعری حافزی شیرازی لەلایەن زۆر شاعیری کوردەوە کراوە بەپێنج خشتەکی. زۆرترین هەڵبەستی کوردیش کە بەر تەخمیس کەوتبێت هەڵبەستێکی مستەفا بەگی کوردییە: (ئەمان مردم عیلاجم سا لە ڕێی پێغەمبەران چارێ)یە کەوا چەند شاعیرێک کردوویانە بەپێنج خشتەکی لەوانە بەناوبانگترینیان هینەکەی شێخ ڕەزا و فاییق بێکەسە.

دەبێ ئەوەش بڵێم پێنج خشتەکی هەر بەشیعری شێوە عەرووزی و یەکانە پاشبەند نەوەستاوە. بەڵکو هەڵبەستی کێشی خۆماڵیی دە بڕگەیی و جووت پاشبەندیشی گرتوەتەوە و گونجاوترین پێنج خشتەکیش ئەوەیە کە (بێکەس) لەسەر شیعرێکی پیرەمێرد کردوویەتی: (وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان- هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان). کەوا بێکەس توانیویەتی بەجوانی کەلێن و شاشیی نیوە دێڕە هەڵبەستەکانی شیعرەکەی پیرەمێرد پڕ بکاتەوە و هەمووی بکا بەیەک پارچەی داڕژاو. لەم ڕووەوە سوودی لە سروشتی هەڵبەستی پیرەمێرد وەرگرتووە کە لە نێوان دێڕەکاندا کەلێن و دابڕاوی هەیە و هەر دێڕێک سەربەخۆ خۆی دەنوێنێ.

هۆیەک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی پێنج خشتەکی دەبێ هاوبیری و هاوبابەتی و هاومەیدانیی هەردوو شاعیرەکە -تا ڕادەیەکی زۆر- ئاشکرا و دیار لە کارەکەدا خۆ بنوێنێ. زۆر زەحمەتە شاعیری (بنچینە) بابەتێکی سۆفییانەی کردبێتە تانوپۆی شیعرەکەی و شاعیری دووەم لە کەشوهەوای (تەسەووف) شارەزا نەبێت و لە بابەتە سۆفییانەکە نەگەیشتبێت و بەپێچەوانەی ئامانجی ئەو ئەسپی خۆی تاو بدات پێنج خشتەکییەکە

سەرکەوتن وەدەست بهێنێ بەڵکو جیاوازیی بۆچوون و بابەت دەبێتە مایەی گاڵتەجاری. بۆ نموونە پێنج خشتەکییەکەی (قانیع) لەسەر شیعرێکی حەمدی ساحبقران جێی ڕەخنە و سەرسامییە. چونکە (قانیع) لە بازنەی گشتییەوە نەچووەتە ناوەڕۆکی مەبەستی تایبەتی شیعرەکەی حەمدی، بۆیە هەندێک جار تووشی ناکۆکی دەبێت و ڕای هاودژ پەیدا دەکات. (حەمدی) باسی گرتن و دوور خستنەوەی شێخ مەحموود دەکات...

قانیع لەم تایبەتییەوە زۆر لایەنی گشتی بەپەلوپۆیەکی زۆرەوە بەدەستەوە دەگرێت و لە ئەسڵی مەبەست دوور دەکەوێتەوە، تا وای لێ دێ خوێنەر نازانێ مەبەستی ناوەڕۆکی شیعرەکەی چییە؟

حەمدی دەڵێ:

وەک هەوا کەوتوومە گێژی گونبەدی ئەفلاکەوە
ڕەببی بیبینم وەکو کیسرا بەسینەی چاکەوە

دیارە خەم و پەریشانی خۆی بەبۆنەی گرتنی شێخەوە باس دەکات. کەچی قانیع ئەو پەریشانی و خەمبارییە شی و خاو دەکاتەوە و پەلوپۆیەکی زۆری وای لێ پەیدا دەکات کە لە ئەسڵی مەبەست دوور دەکەوێتەوە، لە جیاتی باسی (خەمباری) باسی ڕاڕایی و بێ هوودەیی ژیان و خۆ گۆڕین و گێژیی خۆی دەکات:

تاوێ وەک سۆفی بەڕیش و شانەوو سیواکەوە
لەحزەیێ مەستم بەقەندە و ماشەوو تریاکەوە
ڕۆژێ بێ هۆشم چ حەقمە من بەپیس و پاکەوە؟

کە قانیع دەڵێ (چ حەقمە بەپیس و پاکەوە) حەمدی لە شوێنێکی تری هەڵبەستەکەیدا دەڵێ: (چاکە دایم هەر لە پێناوی خراپا ون بووە) و هەڵوێستی ناڕەزایی بەرامبەر بەباری ڕۆژگار و مەسەلەی سیاسی دەردەبڕێ و لەسەر بەرەی (چاکە) دەکاتەوە.



با زیاتر لە پێنج خشتەکییەکەی قانیع بچینە پێشەوە و بڕوانین تا چ ڕادەیەک قانیع لە شیعرەکەی حەمدی گەیشتووە و چی لێ بەپەند گرتووە؟ حەمدی کە دەڵێ:

بۆ نەمانی دین و غیرەت هیممەتی کورد و عەرەب
وا بەسەر لەوحەی کیتابی حەسرەتی ئەتراکەوە

(قانیع) سێ نیوە دێڕی بۆ سەرباركردووە کە تەنیا پڕکردنەوەی قالبە... نە لێکدانەوە و ڕوون کردنەوەی مەبەستی حەمدییە و نەگونجاندنی بیر و بۆچوونەکەیەتی... واتا خوێنەر شتێکی وا لەو پێنج خشتەکییە دەستگیر ناکات... ئایا مەبەست لە هیممەتی کورد و عەرەب و حەسرەتی تورک چییە؟ کە دەبوو چاوەڕوان بین قانیع مەسەلەکەمان بۆ ڕوون بکاتەوە بەڵام ئەو دەڵێ:

بۆ نەما مەیدانی شۆڕش؟ بۆ نەما بەزمی غەزەب؟
بۆ شکا و بەسرایە ئەستۆ سەربەسەر دەستی طەرەب؟
کوا ئەمیری دەنگ دلێر و حاکمی عالی نەسەب؟
بۆ نەمانی دین و غیرەت هیممەتی کورد و عەرەب
وا بەسەر لەوحەی کیتابی حەسرەتی ئەتراکەوە

بەکورتی پێنج خشتەکی هونەرێکی یاری و سەنعەتکاریی سەردەمی مەیین و سستی ئەدەبی ڕۆژهەڵات بوو، نموونەی زۆر لە خۆ کردن و ڕەنج بەباداچوون و دوورکەوتنەوەیە لە کانیی بەهرەداری و هونەر داهێنان.

جارێک (هێمن)ی مەهابادی دەرحەق بەپێنج خشتەکی وتەیەکی قوڵە و پوختەی لە ژمارەیەک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری- وابزانم ساڵی ١٩٧٦) بوو نووسیی کە لای وایە پێنج خشتەکی کارێکی نەشیاو و بێ جێیە و دەڵێ: (گرانترین و بێ سوودترین جۆری شیعر واتا تەخمیس).

هەرچی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە ئەوا لە مەیدانی پێنج خشتەکیدا باوێکی

سەیری داهێناوە. کەوا هاتووە هەڵبەستێکی بەڕێز و ناسک و بابەت دڵداری و (تەسەووف)ی شاعیرێکی بەنوور و نەزەر و پایە بڵندی وەکو (حافزی شیرازی) هێناوە بۆ هەجوو و جنێودانی ئاشکرا پێنج خشتەکی لێ دروست کردووە.

سەیر و هونەر لەوەدایە چۆن دەبێ شاعیر بتوانێ نێوان ئەم دوو بابەتە بگەیەنێتەوە یەک و پردێکیان لە نێوان هەڵبەستێ؟ بڕوانە تەخمیسی (مەعرووفی بێ دیرایەت)ی لاپەڕە (١١)ی دیوانی شێخ ڕەزا- چاپی بەغدا. ئەوە هەر شێخ ڕەزا خۆی دەزانێ چۆنی دەکات... وەکو بڵێی شێخ لە بنچینەی فەلسەفەی (پێکەنین) گەیشتووە کە لەسەر بناغەی ناکۆکی یان بەرامبەری دروست دەبێت.

دەمەوێ لەم وتارەدا پێنج خشتییەک بەنموونە بهێنمەوە و پێشکەشی خوێنەرانی بکەم. بەتایبەتی وا چاکترە ئەگەر نموونەکە بڵاونەکراوە بێت، بەڵام نموونەیەکی سەیر کە لە کەشکۆڵێکی دەسنووسدا کەساڵی **١٩٥٧** لە مزگەوتی خادم السجادە لای مامۆستا مەلا فەتحوڵلا شوان بوو وەرگیراوە... ڕەنگە لە ساڵانی دوای ساڵی **١٣٢٥**ی کۆچیدا نووسرابێتەوە.

سەیریی پێنج خشتەکییەکەش لەوەدایە کە شاعیرێکی کۆیی هاتووە شیعرێکی شێخ ڕەزای کردوەتە پێنج خشتەکی... بەڵام نەبابەتی شیعرەکە ئەوەندە گرنگە و سەرنج ڕاکێشە و نەماوەی ئەوەی هەیە کە لەلاوە تێوەریخی بۆ زیاد بکرێت. بابەتەکە هی ئەوە نییە شاعیر بیەوێ بەهۆیەوە کوڵی دڵی خۆی هەڵڕێژێ.

یان ئەوەی دەیەوێ بیڵێ و لەگەڵ دێڕەکانی هەڵبەستی شێخ ڕەزادا تێهەڵکێش و قالبڕێژی بکات.

شیعرەکە بابەتی تایبەتیی شەخسی شێخ ڕەزایە و بریتییە لە نامەیەک بۆ نەقیب زادەی سلێمانی ناردووە داوای لێ کردووە کەڵەشێرێکی بۆ بنێرێ. ئیتر هیچ پێوەندییەک لە نێوان ئەم داخوازییە و پارچە هەڵبەستەکە



و نێوان خۆ تێهەڵقورتانی شاعیری کۆیی و پێنج خشتەکییەکەیدا نابینم مەگەر هەر سەیر و سەیران نەبێت. داخەکەم شاعیرەکەش ناوی خۆی لە شیعرەکەدا نەبردووە تا بزانین کێیە؟ هەر چۆنێک بێت ئەویش وادیارە بەزمساز و گاڵتەجاڕ بووە و لە بابەتی کەڵەشێر ناسی و جۆرو ڕەنگ و سروشتەکانیدا ئاگادار بووە.

## پێنج خشتەکیی کەڵەشێر

دایە پیری هەوەسی لەعبی هەمە طیفلانی
میل بازی و کەللە شێرو بەچە کوڕانی
ئەی نەقیب زادەیی عەللامەی سلێمانی
(کەڵەشێرێ بۆ ڕەزا لازمە کرماشانی
زیرەک و چاپک و دەم گەرم و دڕ و شەڕانی)

***

دوو ڕدێنی هەبێ وەک ڕیشی مەلای سوورە قەڵات
دندووکی خوار و بڕندە وەکو تەوشوویی خەڕات
بێ کەم و کورتی لە ئەم نوسخە کەوا ناردمە لات
(بەدرێژیی وەکو مەولان بەگەکەی میری بەیات
بە جەسامەت وەکو کوخا زلەکەی بیبانی)

***

کە خروسێکی بەدەست کەوت وەکو مەردانی دلێر
بەسەریدا بفسێ تۆ نەڵێی مێیە یا نێر
شەق زەن و پۆپتەگر بێ چ لەسەردا چ لە ژێر
(کەڵەشێرێ کە قەپی گرت و بنا گوێی کەڵەشێر
پڕ بەدەم بچڕێ وەک سەگی هەورەمانی)

***

نووکی نینۆکی وەکو ڕمی حەسەن زادەیی جاف
بن خڕ و کنگ دڕ و جەرگ بڕ و سینە شکاف
شەو و ڕۆژ جەنگی ئامادە بێ بێ کیندب و خیلاف
(کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێرێ نەڕی بێتە مەصاف
ڕایڕفێنێ بەشەقێ میسلی کەری تالانی)

***

تۆ کە مەردی و منیش خاکی دەری مەردانم
سورمەیی چەشمی جەلای شاعیری کوردستانم
خاری بەرچاوم و سوفاری دڵی خەصمانم
(بۆ حەوالەی دوبوری ئەو کەسە خۆم دەیزانم
دوو گونی پێوە هەبێ وەک دوو جەڕەی لەیلانی)

***

هەرچی وا جنجڕ و شامیانی و وپۆپتە خڕن
ڕۆژی مەیدانی نەبەرد هیچ بەری تەعنەی نەگرن
تا مریشکی ئێرە کوللەن لە سووانی بمرن
(جنسی خۆی جووتە مریشکێ بەری حەملەی بگرن
نەکو سوێی بێتەوە بێچارە لەبەر بێ گانی)

***

فەرقی وابێ لەگەڵ ئی تر لە شەس تا بەسوها
نابێ تێ فکری لە قەدر و لە گرانی لە بەها
هەرچی نووسیومە دەبێ شیرن و چاتر بێ دەها
(ئەی نەقیب زادە بنێرە کەڵەشێرێکی وەها
بۆ ڕەزاکەی سەگەکەی قاپیەکەی گەیلانی)

# ناوەڕۆک


پێشەکی .......... 5
هەڵبەستی کوردانە لە کەلەپووری سەدەی نۆزدەمیندا .......... 7
مستەفا بەگی کوردی .......... 19
تاهیر بەگ و هەڵبەستی کوردانە .......... 33
خوێندنەوەیەکی تازەی دیوانی حەریق .......... 43
عەبدوڵڵا بەگ ئەدەب .......... 71
سافیی هیرانی- دیوانی هەڵبەستی دەروێشان .......... 97
بێخود: وێنەیەکی دەروون و هەڵبەستەکانی .......... 141
ڕەنجووری .......... 171
شایییەکەی مەولەوی و چەند سەرنجێکی بەراوردکاری .......... 185
وێنەی هونەری لە شیعری حاجی قادری کۆییدا .......... 201
پێنج خشتەکی .......... 219